# کۆمەڵێک تویێژینەوە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا



پ. د. سالاّر باسیرە

## ناوەڕۆکی بابەتەکان

بابەتی یەکەم / جەنگ وەک ئامرازێک بۆ سیاسەت، (چەند جەنگێک وەک نمونە)
بابەتی دوەم /جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ( کورد وەک نمونە)
بابەتی سێیەم / بایەخ و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی، ( ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک نمونە )
بابەتی چوارەم / پێگەی ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمی سیاسیدا
بابەتی پێنجەم / کاریگەری ڕۆلی حیزب لەسەر سیستەمی سیاسی
بابەتی شەشەم / فیدرالیزم و پێگەی هەرێمەکان لە سیستەمی سیاسی فیدرالیدا، (هەرێمی نۆردڕاین / ڤێستفالن / ئەلمانیای فیدرال بەنمونە )
بابەتی حەوتەم / دە مۆدێلی سیاسی بۆ عێراقی ئایندەو هەرێمی کوردستان
بابەتی هەشتەم / کۆمەڵناسی سیاسی لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵ دا
بابەتی نۆیەم / تۆتالیتاریزم لە سیستەمی سیاسی دا
بابەتی دەیەم / دەسەڵات Authority
بابەتی یازدەهەم / سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیاو ئایندەی بەرەو کوێ
بابەتی دوازدەهەم / بەهەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لەناو یەکێتیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا
بابەتی سیازدەهەم / سیستەمی سیاسی و شێوەکانی
**بابەتی چواردەهەم / سیستەمی سیاسی تەقلیدی و کۆمەڵگای دواکەوتو ، هەرێمی کوردستان وەك نمونە.**

پێشەکی

ئەم کتێبەی بەردەستت بریتیە لە کۆمەڵە بابەت و تویژینەوەیەکی نووسەر کە لە کاتی جیاوازدا نوسیویەتی، بە هیوای گەیاندنی سوودێک بە خوێنەران بە تایبەت کە بابەتەکان گرنگیی خۆیان هەیە بۆ بواری سیاسی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە بوونی سەنتەری توێژینەوەی زانستی لەسەر بابەتەکانی ناو کتێبەکە گرنگ و پێویستن بۆ ئێمەی کورد بۆنمونە سەبارەت بە بەعسیزم و تۆتالیتاریزم، فیدرالیزم... ئەلمانیا هەتا ئێستەش باس لە فاشیزم و تۆتالیتاریزم دەکات هەروەک دوێنێ رویدابێت. ئەم بابەتە نەک بەتەنیا گرنگی خۆی هەیە بۆ مرۆڤایەتی بەڵکو لەسەر ئاستی نیشتمانیش پێویستە، وانە لە مێژووی سیاسی وەربگیرێت بۆ بنیادنانی سیستەمی دیموکراسی. ئەمانەو هەروەک بابەتی جینۆساید نەبوونەتە

بەرنامەی خوێندن لە قوتابخانەو زانکۆکاندا. جولەکەکان لەسەر تراژیدیای جینۆساید ژیان و توانییان وەک چەکێکی سیاسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و دروست کردنی دەوڵەت بەکار بهێنن.

بابەتی یەکەم
جەنگ وەک ئامرازێک بۆ سیاسەت، (چەند جەنگێک وەک نمونە)

پێشەکی
بەشی یەکەم / جەنگ و سیاسەت، جەنگەکان لە مێژوداو شێوەکانی
باسی یەکەم / جەنگ وەک دیاردەی دروستبونی موڵکداری
باسی دوەم / جەنگ ئامرازی درێژەپێدانی سیاسەت
باسی سێیەم / جەنگەکان لە مێژوودا
باسی چوارەم / جەنگ و شێوەکانی
باسی پێنجەم / جەنگ و گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی سیاسی

بەشی دوەم / دوو جەنگە جیهانیەکەی سەدەی بیستەم
بەشی سێیەم / جەنگ لە مێژووی گەلی کوردا
بەشی چوارەم / گرنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پەیوەندی بە جەنگەوە
دەرئەنجام
سەرچاوەکان

پێشەکی
ئەم توێژینەوەیە بەشێکی کەم لە مێژوی مرۆڤایەتی دەخاتە بەرچاو لە دیدی جەنگ و پەیوەندی جەنگ بە سیاسەتەوە. هەرچەند باس لە جەنگ بکرێت وەک درێژکەرەوەی سیاسەت بەڵام لە بنەڕەتدا فاکتەرێکی گرنگ کۆڵەکەکەیەتی کە بریتیە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، لەوەی مێژوی مرۆڤایەتی بریتی بووە لە هەوڵدان لە پێناوی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سیاسی و جەنگیش ڕێگەیەک بووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. باکگراوندەکانی جەنگ بە تەنیا هۆکاری ناوچەیی نیە بەڵکو سیاسەت و پلانی نێودەوڵەتیشی تێدایە وەک یەکێک لە جەمسەرە نێودەوڵەتیەکانی جەنگ و سیاسەت. جەنگ بە خواست و هەوەس کۆتایی نایەت، ئاشتیش بە تەنها لایەک نایەتە دی. هەندێک جار جەنگ بازرگانیەو کەسان و دەوڵەتانێکی پێدەوڵەمەند دەبن. لانی کەم 1/3ی دەوڵەتەکانی جیهان لە بارودۆخی جەنگدان ئیتر بەهەر شێوەیەک لەشێوەکان

بێت. لەم توێژینەوەیەدا بەشێک لە مێژووی جەنگ و هۆکارو باکگراوندەکانی جەنگ دەخرێتە ڕوو.

توێژینەوەکە بریتیە لە چوار بەشی سەرەکی. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر پێنج باسدا. باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ تێگەیشتن لەو بۆچوونەی جەنگ دیاردەیەکە لە ئەنجامی هاتنەکایەی دیاردەی موڵکداری دروستبووە. باسی دووەم تەرخان کراوە بۆ ئەو تێزەیەی کە جەنگ هەمیشە بەشێک بووە لە سیاسەت و درێژکەرەوەی سیاسەت بووە چونکە جەنگ تەنیا پێکدادانێکی سادەی ڕۆژانە نیە بەڵکو چەندین هۆکاری تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی لە خۆگرتوە. بۆخستنە ڕووی دیدێکی فراوانتر لەسەر جەنگ توێژەر بە پێویستی زانی ئاماژەیەکی گشتی بە جەنگەکان بدات لە مێژوداو بۆ ئەوەش باسی سێیەمی بۆ تەرخانکراوە. ئەوەی پەیوەندی بە باسی چوارەمەوە هەیە بریتیە لە شێوەکانی جەنگ لە مێژوودا. سەبارەت بە باسی پێنجەم ئەوەیە کە جەنگ هەرچەندە دیاردەیەکی خراپە بەڵام لە مێژودا ڕێرەوی زۆرێک لە مێژووی سیاسی و سنورە جوگرافیەکانی گۆڕیوە کە ئەوروپا نمونەیەکی بەرچاوە.
ئەوەی پەیوەندی بە بەشی دوەمەوە هەیەو بەشێکی تایبەتە بە خۆی باس لە دوو جەنگە جیهانیەکەی سەدەی بیستەم ئەکات وەک نمونەیەکی بەرچاو بۆ تێگەیشتن لە ناونیشانی توێژینەوەکە. نمونەیەکی تر کە لە بەشی سێیەم خراوەتە ڕوو بریتیە لە جەنگەکان لە مێژووی گەلی کوردا. مێژوویەک کە باکگراوندو ئامانجە هەمە لایەنەکانی جەنگ لەسەر ئەم نمونەیەش خراوەتە ڕوو. یەکێک لەو ناوچانەی لەبەر زۆرێک فاکتەری سیاسی و ئابووری و ستراتیژی زۆرترین جەنگی تێدا بەرپا بووەو سەرنجی نێودەوڵەتیی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە بریتیە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەربۆیە توێژەر بە گرنگی زانی بەشی چوارەمی بۆ تەرخان بکات.

## باسی یەکەم
## جەنگ وەک دیاردەیەکی مێژویی و دروستبونی موڵکداری

خوێندنەوەو شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی جەنگ لە مێژوودا هاوشێوە نیە بۆنمونە هەردوو نوسەرو لێکۆلەری جەنگDietrich Jung und Klaus Schlichte لەو باوەڕەدان کە تەنیا لە خوێندنەوە مێژوە کۆمەڵایەتیەکەدا دەکرێ لە دیاردەی جەنگ تێبگەین[1].

[1] Dietrich Jung und Klaus Schlichte, Kriege in der Weltgesellschaft, Wiesbaden, 2003, Erster Auflage April 2003, S.7, 17.

سیاسەتزانی ئەڵمانی Reinhard Kühnl لە کتێبەکەیدا "جیهان و مێژووی کەلتورەکان" دەنوسێت": شتێکی ئاشکرایە گۆڕانکاریە ئابووریەکان بێکاریگەر نەبوە لەسەر پێکهاتەی ناوخۆی کۆمەڵگەی ڕاوکەری سەردەمی کۆن کە پەیوەندی گروپەکانی مرۆڤی بەرامبەر یەکتریش دیاری کردوە". نیشتەجێ بوونی خەلکی جوتیار وەک دیاردەیەکی دلخۆشکەر تووشی هێرشی ئەو کۆمەڵانە بوونەوە کە نیشتەجێ نەبوون و شەڕی مانەوەی ژیانیان کردوە. ئەم خەڵکە نیشتەجێبوانە ئامانجێکی سەرنج ڕاکێش بووە بۆیان. لە مێژودا کۆچەریەکان ڕاوڕوتی هاوسێ جێنشینەکانیان کردوە. دواتر کۆچەریەکان خۆشیان تێکەلاوی کۆمەڵە نیشتەجێبوەکان بوون و ئەمانیش لەلایەن هۆزەکانی تری دوای ئەمان کەوتونەتە بەر هێرشیان و توشی شکستی نیشتەجێ نەبوەکان بوون. جەنگێکی بەردەوام بووە هی نیشتەجی نەبوەکان دژ بە نیشتەجی بووەکان، دیاردەیەک بە تایبەت لە کیشوەری ئەفریقاو ئاسیا هەبووە. بەم شێوەیەو هۆ ئابووریە نوێیەو باشبوونی باری گوزەران لە ئەنجامی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و برەودان بە بواری کشتوکاڵ و دیاردەی مولکداری ژمارەی دانیشتوان زوو ڕووی لە زیادی کردوە. ئەم دیاردەیە وای لە هۆزەکان دەکرد، دەبوایە زەوی و زارەکەی فراوانتر بکردایە یان بەشێکی دانیشتوانەکەی بۆ ناوچەیەکی نزیکی خۆی بۆ داگیر کردنی زەوی بناردایەو بەم هۆیەوە جەنگی داگیرکردنیش هاتە کایەوە. لەم چرکەیەوە جەنگ بووە توخمێکی سەرەکی لە پەیوەندی گروپە جیاجیاکاندا. بەڵام لەسەرجەم کەلتوری سەردەمی سەهۆل بەنددا هیچ ئاماژەیەک نیە بۆ ئەوە کە جەنگ لێرەدا ڕۆڵی حوکمداریی بینیبێت. تەنانەت لە وێنە دەستکردە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە دافعی جەنگ نادیارە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە لێرەو لەوێ زەبروزەنگ ڕووی نەدابێت[1].

باسی دوەم

جەنگ ئامرازی درێژەپێدانی سیاسەت

لە پێناسەکەی جەنەڕالClausewitz[2] جەنگ بەواتای درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی تر. هەوڵ ئەدات جەنگ وەک ڕوداوێک تێبگات کە تێیدا لایەنێکی بەشداری جەنگ ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنێکی تری بەشداربووی جەنگەکە بسەپێنێ. جەنگ شێوازێک لە کردارە بەئامانجی

[1] Reinhard Kühnl, Welt und Geschichte der Kulturen, Frankfurt, 1970, S. 37.

[2] جەنەرال کارل فۆن کلاوزڤیتس (Carl Philipp Gottlieb von Clausewitz) لە دایکبووی 1.7.1780 ، لە 16.11.1831 لە برێسلاو کۆچی دوایی دەکات. جەنەراڵێکی پرۆیسەکان بوو ، ریفۆرمکەرو تیۆریزەکەری سوپا بوو. Clausewitz بەهۆی کتێبە تەواونەکراوەکەی کە 12 سالی خایاند دەربارەی جەنگ ، بەناوبانگ بوو کە باس لە تیۆری جەنگ دەکات. تیۆریەکەی دەربارەی ستراتیجی و تەکتیک و فەلسەفە ، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر گەشەکردنی جەوهەری جەنگ لە سەرجەم ولاتە ڕۆژئاواییەکان و هەتا ئەمڕۆکەش لە ئەکادیمیاکانی سوپا دەخوێندرێت (بۆ زانیاری زیاتر بروانە : الجنرال کارل فۆن کلاوزڤیتس ، فی الحرب ، ترجمە: اکرم دیری و الهیپم الابوپ ، الگبعە 2 ، المؤسسە العربیە للدراسات و النشر ، بیروت ، 1980).

ئەوەی بەرامبەرەکەی گێڕ بکات یان سنوری بۆ دابنێت یان بیخاتە ژێر خواستی خۆی[1]. جەنگیش هەروەک ئاشتی سیاسەتە. ئاشتی سیاسەتە بێ توندوتیژی، جەنگیش سیاسەتە بەڕێگەی توندوتیژیەوە. سیاسەتیش بریتیە لە ئامرازی کەڵک وەرگرتن لەبارودۆخێک بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەت.

"کاتێک دەتوانین لە ناوەڕۆکی جەنگ بگەین ئەگەر دەربارەی سیاسەتی دووفاقیی جەنگەکە بکۆڵینەوە بەر لە هەڵگیرسانی. جەنگ بەتەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە بەڵکو ململانێی توندوتیژە لە نێوان ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای لایەنەکان. بە دەستپێکردنی جەنگ هەموو ئەم لایەنانەی ئاماژەیان پێدرا ئاراستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن. جەنگ ڕووبەڕووبونەوەیەکی بەرفراوانی دوو لایەنە. ئامانجی ئەم چالاکیە ئەوەیە دوژمنەکە بخرێتە ژێر ڕکێفەوەو لە چالاکی بخرێت بۆئەوەی بەم ڕێگەیەوە بگاتە ئامانجی سیاسی. بەم تێڕوانینە دژەکە بە ڕێگەی زەبروزەنگی فیزیکیەوە، لایەنێک ئیرادەی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت. دەسپێکی جەنگ پێشتر بە ناکۆکی سیاسی دەستپێدەکات. بەم شێوەیە دەکرێ جەنگ وەک درێژکەرەوەی سیاسەت ببینرێت و جەنگ دەبێتە ئامرازی بە دەستهینانی ئامانجی سیاسی. قەوارەی جەنگ هەمیشە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئامانجە سیاسیەکەی هەر دوو لایەنەکە[2]".

"لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە جەنگ بەسەر دوو جۆری دادپەروەرانەو زاڵمانە دابەش دەکرێت. جەنگی دادپەروەرانە جەنگێکە دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆیلایەتی و بۆ بەرگری لە نیشتیمان ئەنجام ئەدرێ و دەبێتە هۆی لاوازی دەستدرێژکاران. جەنگی زاڵمانەش جەنگێکە بۆ کۆیلە کردنی خەڵک و زێدەخوازی و لەناوبردنی ئازادیەکان ئەنجام ئەدرێ[3]". بەڵام جەنگ هەرچیەک بێت هەمیشە شێوازێکی توندوتیژە لە نێوان لایەنەکان.

باسی سێیەم
جەنگەکان لە مێژوودا

وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لە مێژووی کۆن و نوێدا بەدەیان جەنگی خوێناوی دورودرێژیان لە نێوان خۆشیاندا تۆمار کردوە. دواتر وەک زلهێزی کۆلۆنیالیست ڕویانکردە ناوچەکانی دونیا بە مەبەستی داگیرکردن و ڕوتاندنەوە. وڵاتەکانی وەک بەریتانیاو فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هۆلەندی و پورتوغالی بەتایبەت ئیسپانیەکان گەورەترین داگیرکردنیان لە مێژووی

[1] Alexander Kluge und Oskar Negt, Was ist Krieg? in: Blätter für deutsche und internationale Politik, Bonn, 4/2002, S. 491.

[2] Alexander Kluge und Oskar Negt, Was ist Krieg? S. 278.

[3]) فەرهەنگی ڕامیاری ، وەرگێڕانی: ئازاد وەلەد بەگی ، هەولێر ، 2005 ، ل. 153

ئەمریکای لاتین بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە ئەنجامداوە بەتایبەت لە وێرانکردنی هندە سورەکان وەکە دانیشتوانی بەڕەچەڵەکی ئەمریکا گە جەنگی ئەم لایەنەشی لێکەوتەوە. ئەو کاتە بەشێوە کۆلۆنیالیزمە کلاسیکیەکە ئەمڕۆ بەشێوە مۆدێرنەکە. دوای پەل هاویشتن بۆ کیشوەری ئەفەریقاو هێرشی داگیرکردن ئیتر بازرگانی کۆیلەش[1] دەستی پێکرد لەم کیشوەرەوە بۆ ئەمریکای لاتین بەتایبەت بۆ ناوچەکانی بەرازیل و دەوروبەر چونکە ڕەش پێستەکان بەرگەی زیاتری گەرماو کاریان دەگرت وەک لە هندە سورەکان. بە دەیان هەزار کۆیلە لە پاپۆرەکانی ناو ئۆقیانوسدا لە گواستنەوەیاندا لەڕێگە لەژێر بارودۆخی قورسی ژیاندا گیانیان لە دەستداوە. بە دەیان جەنگ لە ناوچەکانی کیشوەری ئەمریکای لاتین و ئەفەریقاو خوارو و خوارووی ڕۆژهەلاتی ئاسیاو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەلایەن ئەم هێزانەوە بەرپاکراوە. یەکێک لە باڵادەستیی کۆلۆنیالیزمی نوێ لە ئابووری و سیاسەتدا لەو ناوچانە دەگەرێتەوە بۆ ئەو مێژوەی ئاماژەم پێدا.

لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەستکرد لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسیەوە دروستکران بێگوێدانە بەرژەوەندی نەتەوەکان و کەمینەکان و کۆمەڵە ڕژێمێک خرانە سەر دەسەڵات کە هەتا ئەمڕۆکە گەلانی ناوچەکە پێوەی دەتلێنەوەو ئەمەش بووە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان جەنگی خوێناوی ناخۆ و هەرێمیی. لەم سەدساڵەی دوایشدا بەدەگمەن ناوچەیەک هەیە لە جیهاندا کەم یان زۆر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بەر شالاوی جەنگ نەکەوتبێت. ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گواستراونەتەوە[2].

---

[1])کۆیلایەتی واتە فەرمانرەوایی مرۆڤێک بەسەر ئەوی تردا لەوەی کە کۆیلەکە دەبێتە شمەک. شمەکەکە وەک رۆح لەبەرێک دەرفەتێکی ئازادیی تێدا هەیە بەڵام سنوردار دەکرێتو وەک شمەکێک چاودێری دەکرێ ، وەک ئەوە وایە ببەسترێتەوەو شتێکی قورسی پێوە ببەسترێت. کۆیلایەتی دەتوانرێ لەشتێکی رۆح لەبەرەوە بکرێتە بتێکی نەجوڵاو ، کۆتاییەکەی دەبێتە کۆیلەیەکی مردوو. بەمە کۆیلەکە دەگاتە سنورێک کەخۆی خۆی وێران دەکات. خاوەنی کۆیلەکە خاوەنە بەرامبەر بە بریاری ژیان و مردن. کۆیلەکە زۆرجار بەندی جەنگ بوو. ژیانی دیاری دەکراو بەمەش دەکرایە کۆیلە. بۆ ئەم دیاری ژیانە کۆیلەکە دەبوایە کار بکات. ئەم دیاریەی کە ئەیدرایە دەتوانرا لێشی بسەندرێتەوە. ئەم کۆیلانە وەک دەسکەوتێکی سروشت سەیردەکران ، وەک کەرەسەیەکی خاوی سروشت. جگە لە رۆماو یۆنانیەکان ئەوروپیەکان ( هۆلەندی و بەریتانی و ئیسپانی و پورتوغالیەکان ...) بازرگانیکەری سەرەکی کۆیلە بوون لە ولاتە ئەفەریقیە جیاوازەکانەوە. ئەم هێزانە سروشت و میلەتانی زۆربەی "جیهانی سێ"یان وێرانکردو بەشێکی بەرچاوی دەوڵەمەندی ئەمرۆیان لەسەر حیسابی کوێرەوەری ئەمانە دروستبوو. ئەو جیاوازیانەش کە ئەمرۆ لە ئابوری و هەژاری و دەوڵەمەندیدا ، لە بەرهەمهێنان و بازرگانی و نایەکسانیدا ماوەتەوە بەرهەمی ئەو کاتەیە هەتا ئەمرۆش درێژەی هەیە. بە دەیان جەنگ لە مێژوودا بەرپاکراوە بۆ مەبەستی بەدیل گرتنی پیاو و ژن و مندال و کردنیان بە کۆیلە. مێژووی کۆیلایەتی دورودرێژە. چ رۆمای کۆن و یۆنانی گرتبۆوە ، و چ دواتر ئەوروپاش بەگشتی و هەروەها رۆژهەلاتی ناوەراستی ئیسلامیش. میسریەکان بە درێژایی سەدان سال کۆیلە رەش پێستەکانیان ئەکڕی و ئەیانفرۆشتنەوە. بەڵام بازرگانی کۆیلە لەدوای ساڵی 1600 وە لەڕێگەی ئەوروپییەکانەوە برەوی پەیداکرد. شۆڕشی سپارتاکۆس ڕوداوێکی مێژوویی گرنگە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. (بەشێکی لە نامیلکەیەکی بورهان قانع وەرگیراوە)   سەرچاوە (بورهان قانع ، شۆرشی کۆیلەکان، سلیمانی ، 1984 ، ل. 18.17.

[2] Der Spiegel, 16.01.1989.

لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات بەڵام بە شێوەیەکی تری مۆدێرنانەو بە تەکنیکی تری سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە. ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لەسەرجەم کاتی مێژووی نوسراوەوە هەر ساڵەو نزیکەی 3 جەنگی تێدا بەرپاکراوە. لە کاتێکدا لە پەنجا ساڵی نێوان 1898 هەتا 1947 (55) جەنگ ڕویداوە. لە بیست ساڵی پەنجاکان و شەستەکاندا نزیکەی 80 جەنگ و پێکدادانی تری چەکداری ڕویداوە. مێژونوسێک هەژماری کردوە کە لەماوەی 3400 ساڵی بینراوی مێژوی مرۆڤایەتیدا تەنیا 243 ساڵ بێ جەنگێکی دیارو نەزانراو بوە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ ڕوداوەکانی سەرگۆی زەوی لە سەردەمی زوودا زۆر بەکەم و کورتی تۆمارکردوە بۆچوونی ئەوە هەیە کە لە ڕاستیدا لە هەموو سەردەمێکی مێژوی هەزاران ساڵی دوایدا لە یەکێک یان لە چەند شوێنێکی سەر زەوی جەنگ و پێکدادانی قورس ڕوویدابێت. لە ساڵی 1945- 1970 زیاتر لە 40 جەنگی گەورەو بچووک تۆمارکراوە. شتێکی سەیر نیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوداو و ئەزمونانە ئەو قەناعەتە حوکم بکات کە جەنگ بەشێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتیە[1].

دوای کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی جەنگە بچووکەکان دەرکەوتن وەک جەنگە ڕزگارکەرەکان دژ بە هێزە کۆلۆنیالیست و داگیرگەرەکان. بەشێکی بەرچاوی جەنگەکان لە 1945 ی دوای جەنگی دوەمەوە لە نێوان دەوڵەتاندا نەبوە بەڵکو لە نێوان دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدراون. جەنگە دەوڵەتیە گەورەکان لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی سەدەی 21 وون نابن، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکیە زۆر و هەمەجۆرەکان بە تایبەت لەبەر پەرەسەندنی جەنگە بچووکەکان ڕۆڵی کەمتر دەبینن[2].

لە ساڵی 1956 - 1970 کۆمەڵە جەنگێک تۆمار کراون، ئەمانە جگە لەو سەدان پێکدادانە خوێناویە بچووک و ناوچەییانەی لەناو هۆزو بنەماڵەو عەشیرەتە جۆربەجۆرەکان و ئەمیرو دەرەبەگە گەورەکاندا ڕۆژانە لەناوچە جیاجیاکانی دونیا ڕوو دەدەن دوور لە فیکری سیاسی و ئایدۆلۆژیا بۆنمونە شەڕە خوێناویە نێوخۆییەکانی کورد لە باشوری کوردستان. لە ساڵەکانی شەستەکان هەتا هەشتاکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست 15، ئاسیا 22، ئەفەریقا 18، ئەمریکای لاتین 5 جەنگ تۆمار کراوون. لەناو ئەمانەدا جەنگی کۆریا، هیندوچین، ڤێتنام، جەزائیر. ژمارەی جەنگەکانی 50 ساڵی تری ئەم دواییە لە زیادبوندا بووە. ژمارەکان و هێڵی بەرەو جەنگ ڕۆیشتن لەبەرەو سەرەوە ڕۆیشتندایە. ئەو جەنگانە بۆ وڵاتە ئەوروپاییە ڕۆژئاواییەکان وەک هەڕەشەیەکی گەورە نایەتە بەرچاو. یەکێتی سۆڤیەت و ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە جەنگی

[1] Saul David, Die Geschichte des Krieges: Vom Altertum bis heute, Berlin, 29. September 2010, S. 71-85

[2]) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ل. 107.

دوەمی جیهانیەوە وەک پرەنسیب ئاشتیخوازتر نەبوون بەڵکو بەهۆی هەڕەشەی چەکی ئەتۆم و ڕۆکێتی دوورهاوێژ و بەهۆی ڕاگرتنی تەرازوی چەکی ئەتۆم نەیانوێراوە ڕاستەوخۆ جەنگ دژ بەیەکتر بەرپا بکەن. بەڵام هەروەک ئاماژەم پێدا جەنگەکانی دژ بە یەکتریان بە وەکالەت لەسەر گۆڕەپانی وڵاتانی "جیهانی سێ" دا ئەنجامداوە. ڕۆناڵد ڕیگن بە پێشبرکێی چەکی ئەتۆمی و چەکی قورس جەنگێکی ئابووری دژ بە یەکێتی سۆڤیەت بەرپا کرد کە بە جەنگی ئەستیرەکان ناسرا. مۆسکۆ و پەکین گەشەکردنی سۆسیالیزمیان لە جیهاندا بە پرۆسەو یاسایەکی نەوەستاو دادەناو هەروەک جەنگی ڤێتنامیش نیشانیدا ئەمریکاش لە دیدی خۆیەوە خۆی بەناچار دەبینی بە فراوانکردنی بەردەوامی ناکۆکی وەلام بداتەوە. ئەم وڵاتانەی "جیهانی سێ" بوونە جێگەی تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و چەکی مۆدێرنی زەمینی بەسەر مرۆڤ و بەسەر سروشتداو لە دورەوە چاودێری ئەنجامەکانیان کردوە هەروەک ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و عێراقی بەعس لە کوردستاندا ئەنجامیدا[1].

باسی چوارەم
جەنگ و شێوەکانی

جەنگ بەتەنیا پێکدادانی ڕاستەوخۆی چەکداری و سەربازی نیە بەڵکو لە چەندین شێوەو جۆردا بەرگ دەپۆشێت، بەڵام ستراتیجیەتەکەی لە کۆتایدا بۆ دەستکەوت و ئامانجێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە. جەنگ شێوەی زۆرە: جەنگی ئابووری (سەرمایەو نەوت و کەرەسەی خاو، دەستگرتن بەسەر بازاری ئابووریداو بەم شێوەیە دروستکردن و بەهێزکردنی دەسەلاتی سیاسیش)، جەنگی گەریلایی، جەنگی ئاین و مەزهەب (بۆنمونە لە نێوان هندوکی و ئیسلامەکانی هندستاندا، لە نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتەکان لە ئیرلەندە)، جەنگ لەپاڵ بەکارهێنانی ئاین و بەناوی ئاینەوە وەک ئایدۆلۆژیا لە پێناوی ئابووری و ناسیۆنالیزم و داگیرکردندا وەک ئەوەی ڕژێمی بەعس، ئێران، و داعش و تورکیا. هەروەها جەنگی سارد، جەنگی سایکۆلۆژی، جەنگی دژ بە ژینگەش یەکێکە لە شێوەکانی جەنگ[2].

"حکومەتی ئەمریکی لە جەنگی ڤێتنام و کەمبۆجا چەند جۆرە مەوادێکی گوایە دژ بە حەشەرات بەکارهێنا، هەمان ئەوەی عێراقی بەعسیش لە کوردستان ئەنجامیدا. ئەنجامەکانی لە ڕاپۆرتێکی زانستیی ئەمریکی لە ساڵی 1974 خرایە بەردەم. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: بۆ دەیان و بگرە بۆ سەد ساڵ دەخایەنێت هەتا شوێنەوارو ئەنجامی خراپی ئەم مادە کیمیاویانە نامێنن. جەنگی

---

[1]) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. 138139.-

[2]) گۆڤاری یەکگرتن، جەنگی عێراق/ ئێران، کۆپنهاگن، 1984، ل. 6-7.

ڤێتنام دوورودرێژترین و گرانترین جەنگ بوو لە مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بۆ یەکەمجار لە مێژوی جەنگدا بە هۆی ئەمریکاوە ڕێژەیەکی زۆر لە (هێربیتسید) چەکێکی کیمیاوی دژ بە ڕوەک بەکارهێنرا. ئەنجامەکانی بریتین لە وێرانکردنێکی مەدای دوور لە زەوی کشتوکاڵی و ناوچەی سەوزایی و گوڵ وگوڵزار. لە 90% ی بەرنامەی وێرانکردنەکە بە ئامانجی وشک کردن و وێرانکردنی دارستانەکانی ڤێتنام بوو. ئامانجەکەی تری بۆ وێرانکردنی بەروبومە کشتوکاڵیەکانیان بوو. کۆچی دانیشتوان لە ناوچە کشتوکاڵیەکانەوە بۆ شارەکانی ژێر کۆنترۆڵ کراوی ئەمریکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی هێرشی ماددەی (هێربیتسیت)، و دیارە ئەمریکیەکان ئەم دیاردەیەیان مەبەست بووە. لە نێوان 1961 – 1971 ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە تایبەت لە خواروی ڤێتنام (91) تەن هێربیتسیتی بەکارهێناوە کە بریتین لە چەند مادەیەکی کیمیاوی جۆراوجۆر. هەندێکیان وەک (ARGNTE ORANGE) کە زەهری (SEVESO DIOXIN-TCDD)ە، کە تەنیا ڕوەک وێران ناکات بەڵکو مرۆڤ و ئاژەڵیش. لە دارستانەکانەوە ئەم (دیۆکسین)ە چۆتە ناو چەم و ڕوبارە نزیکەکانەوە کە کاری لە پێکهاتەی کیمیاوی ماسی و چەند زیندەوەرێکی تری ئاویی کردوە کە دیارە لە خواردنیاندا دەتوانێت ئەنجام و شوێنەواری خراپی خۆی لە مرۆڤدا بە مەودای دوور جێبهێڵێت. شوێنەواری خراپی ئەم هێرشی چەکی کیمیاویە هەتا ئەمڕۆکە هێشتا دیارە. هەتا گەڕانەوەی بۆ بارودۆخە ئاساییەکەی خۆی ئەو ناوچانەی لە 1 – 3 جار ئەم مەوادانەی پێداکراوە بە مەزەندە 80 – 100 ساڵی دەوێت. لەو دارستانانەی ڤێتنام کە ئەم چەکە کیمیاویانەی تێدا بەکارنەهێنراوە 145 – 170 جۆر لە مەلی تێدا دەژی بەڵام لە ناوچە وێران و بەر ژەهر کەوتوەکان تەنیا 24 جۆر مەلی تێدا دەژی. جگە لەوە منداڵی سەقەت لە دایکبوو[1]".

باسی پێنجەم

جەنگ و گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی سیاسی

جەنگ هەمیشە ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕێ. سیستەمەکانی ئەوروپا خۆیان لە ئەنجامی جەنگ هاتونەتە کایەوە. سیستەمی دەوڵەتیی ئەوروپا بە ئامرازی هێز بەواتا بە ڕێگەی کۆلۆنیزەکردن گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی دونیای ئەوروپا، هەروەها لە خەباتی دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی بە واتا بۆ ڕزگاربوون لە کۆلۆنی بوون دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئاسیاو ئەفەریقا

[1]لە کتێبی (نەهێشتنی چەکی ژەهراوی) ، زانای سروشتی و شارەزا پزیشکیەکان ئاماژەی جدی ئەدەن بە مەترسی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی. لە لایەن هەردوو پرۆفیسۆر (WERNER DOSCH + PETER HERRLICH) ئامادەکراوەو لە چاپخانەی (FISCHER) لە فرانکفۆرت/ ئەلمانیا ، 1992 لە چاپدراوە WERNER DOSCH + PETER HERRLICH, Vernichtung von C und B. Waffen, Frankfurt, Fischer Verlag, 1992, S. 37 ..

سەریانهەڵدا[1]. دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرجەم ئەو جەنگانەی لە مێژودا ڕویانداوە چارەنوسێکی ڕێکەوتی مرۆڤایەتی نین.

بەشی دوەم
دوو جەنگە جیهانیەکەی سەدەی بیستەم

جەنگی یەکەمی جیهانیی (1914-1918) لە ئەوروپا، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەفەریقا، ڕۆژهەلاتی ئاسیاو هەروەها لە دەریا جیهانیەکان ئەنجامدرا. نزیکەی 40 دەوڵەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون تێیدا. جەنگی یەکەمی جیهانی یەکێکە لە ڕوداوە گەورەکانی جیهان لە مێژوی مرۆڤایەتیدا کە کوێرەوەری ئەم جەنگە وڵاتانێکی زۆری گرتەوەو ڕوداوەکانی گۆڕانکاریەکی گەورەی خراپی بەسەر ژیانی زۆرێک لە گەلاندا هێنا. 70 ملیۆن سەرباز بەشداری ئەم جەنگە بوون کە بۆ ژمارەی دانیشتوانی ئەو سەردەمە ڕێژەیەکی زۆربوە. لەم ژمارەیە نزیکەی 17 ملیۆنی لێکوژراو 20 ملیۆنی لێ بریندارو کەمئەندام بوو. هەروەها 7 ملیۆن خەڵکی مەدەنی تێدا کوژرا. 33 دەوڵەت بەشداری ئەم جەنگە بوو. 74 ملیۆن چەکدار تێیدا بەشداربوو. هەروەها لەو ساڵانەدا نزیکەی شەش هەزار پاپۆڕی بازرگانی بە بارەکانیانەوە کەوتنە ژێر دەریاوە کە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر هێزو وزەی بەرهەم و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی گشت وڵاتە ئەوروپیە گەورەکان. ئەمانە جگە لە 208 ملیار دۆلار خەرجی جەنگ. ئەنجامەکەی بۆ سەردەمێکی مێژویی کە ئابووری و تەکنەلۆژیا هێشتا دواکەوتو بوو، زۆربوو. بەتەنیا فەرەنسا زیاتر لە ملیۆنێک و سێ سەد هەزار کوژراوی هەبوو. هەروەها زیاتر لە سێ ملیۆن و حەوت سەد هەزار بریندار. لە 50%ی گەنجی فەرەنسی کە هێشتا تەمەنی سی ساڵییان تێپەر نەکردبوو لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا نەگەڕانەوە. هەشت ملیار دۆلار زیانی جەنگی هەبوو کە بۆ ئەو سەردەمە بریتی بووە لە ڕێژەیەکی ئابووری گەورە. زیاتر لە 4 هەزار گوندی فەرەنسی و نزیکەی 20 هەزار کارگە لە ئەنجامی جەنگەکەدا لەگەڵ زەویدا تەختکران کە ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵاتەکەی گرتەوە. ژمارەی کوژراوانی ڕوسیا نزیکەی دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار مرۆڤ بوو هەرچەندە ڕوسیا بەساڵێک پێش کۆتایی هاتنی جەنگەکە کشایە دواوە[2].

[1] Bassam Tibi, Konfliktregion Naher Osten, München, 1989, S. 19.

[2] د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ کوردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی ، بغداد ، 1977، ل. 31. (هەرچەندە ناونیشانی کتێبەکە شتێکی ترە ، بەڵام لە بەشێکدا باس لە جەنگی یەکەمی جیهانیش دەکات) ، هەروەها بروانە.www.welt.de › Geschichte › Themen



جەنگی یەکەمی جیهانی / مەدفەعی بەریتانی لە1915) Kap Helles, Gallipoli )[1]

هۆی سەرەکی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ ڕاگرتنی تەرازوی هێزەکان بوو لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە ڕۆژئاواییە گەورەکان. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیای ئەوکاتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دوو شوێنەواری گرنگیان گرتبوو لە بواری بەرهەمهێنانی شمەکی پیشەسازی و بەم شێوەیە پێشبرکێی بەریتانیاو فەرەنسایان دەکرد لە بازاڕەکانی جیهاندا کە زۆربەیان کەوتبونە چنگی بەریتانی و فەرەنسیەکانەوە کە ناوچەی کۆلۆنی سەر بەم دوو دەوڵەتە بوون. ئەم شتە ئەڵمانیای زیاتر لە دەوڵەتەکانی تر هەژاند چونکە بەرهەمە پیشەسازیەکانی زۆر زیاتر بوو وەک لە پێویستی بازاڕی ناوخۆی خۆی و بۆ ئەوانەی وڵاتەکانی دەوروپشتی. لەبەر ئەم هۆیە ئەڵمانیا کەوتە گەڕان بۆ پەیداکردنی نفوزو بازار بەڵام لەگشت شوێنێک توشی بەرهەڵستکاریەکی توندوتیژ دەبۆوە لەلایەن بەریتانیاو فەرەنساوە بەتایبەت لەلایەن بەریتانیەکانەوە کە دەترسا لەوەی بازاڕە فراوانەکانی لەدەستبدات. لە پێناوی هێشتنەوەیان دەبوایە بەهەموو نرخێک بیانپارێزێت. ئەم ناکۆکی و پێکدادانە کە وڵاتە گەورەکانی وەک بەریتانیاو فەرەنساو ئەلمانیاو ڕوسیا لایەن بوون تێیدا ناوچەی ڕۆژهەلاتیشی گرتەوە کە کوردستانیش بێبەش نەبوو لێی بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی دەوڵەمەندو گرنگبوو لەڕووی ستراتیجی بۆ ناوچەکەو هەروەها شوێنەوارێکی گرنگی هەیە بۆ نەخشەکانی وڵاتە زلهێزەکان چ بۆ ساڵانی پێش جەنگەکەو چ لە کاتی جەنگەکە. بەریتانیاو روسیاو فەرەنساو ئەڵمانیا ساڵانێکی دورودرێژ بەگشت ئامرازێک لە هەوڵی شوێن پێکردنەوەی خۆیانبوون لە کوردستان بۆ دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانەکەی و بەستنی بە بازاڕەکانی خۆیانەوە. نەوت یەکێک بوو لە فاکتەرە شاراوە سەرەکیەکانی ئەم سیاسەتە. جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی دابەشکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش و

[1] https://de.wikipedia.org/wiki/Datei:60_pounder_Cape_Helles_June_1915.jpg

دروستکردنی کۆمەڵێک لە دەوڵەتی دەستکرد نەک دەوڵەتی نەتەوەیی و کێشەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا کە هەتا ئێستەش ناوچەکە پێوەی دەناڵێنێت[1].

جەنگی دوەمی جیهانی گەورەترین کارەساتە هەتا ئەم قۆناغە توشی جیهان و مرۆڤایەتی هاتبێت. 72 دەوڵەت بەشداری ئەم جەنگە بوون بە 110 ملیۆن چەکدارەوە. لە جەنگی دوەمی جیهانیدا زیاتر لە 30 ملیۆن سەرباز و 25 ملیۆن خەڵکی مەدەنی تێدا لەناوچوون. ژمارەی کوژراوانی ئەم جەنگە جیهانیە لە نێوان 60 ـ 70 ملیۆن مرۆڤ مەزەندە دەکرێت، کە 7.3 ملیۆنی ئەڵمان بوو. نزیکەی 30 ملیۆن مرۆڤ تێیدا کەمئەندام بوو. جەنگێکی جیهانی سێیەم جێگەی ژمارەو بیرکردنەوە نابێت[2].

جەنگی دوەمی جیهانیی شەش ساڵی خایاند لە ساڵی 1939 ـ 1945 کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانی گۆڕی. دوای جەنگی دوەمی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دروستبوو کە ئەندامە هەمیشەییەکانی بریتین لە دەوڵەتە براوەکانی جەنگی دوەمی جیهانی (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت، چین، بەریتانیا و فەرەنسا). ئەمریکا و سۆڤیەت بوونە زلهێزی نێودەوڵەتی. دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ئەوروپییەکان بەریتانیاو فەرەنسا زلهێزبوونی نێودەوڵەتییان لە دەستداو هەروەها زۆربەی کۆلۆنیەکانی ئەفەریقاو ئاسیای ئەم دوو دەوڵەتە بوونە دەوڵەتانی سەربەخۆ[3].
لێرەدا بە ڕوونی دەبینرێت کە جەنگ پەیوەندیەکی نەبچڕاوی بە سیاسەتیشەوە هەیە و گۆڕینی سنورە جوگرافیەکانیشی لێدەکەوێتەوە.

[1] د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ کوردستان فی سنوات الحرب العالمیه الاولی ، بغداد ، 1977، ل. 31 .

[2] Lothar Gruchmann: Der Zweite Weltkrieg. Kriegführung und Politik. 8. Aufl., dtv, München 1985, S. 95–96.

[3] Gabriel Kolko: Das Jahrhundert der Kriege. S. Fischer, Frankfurt am Main, 1999, S. 183.



1

سەربازی یابانی لە جەنگی دوەمی جیهانیدا[2]



## بەشی سێیەم
## جەنگ لە مێژووی گەلی کوردا

کە پاشای یۆنانی ئەلێکسەندەری مەکەدۆنی هێرش و داگیرکردنەکانی بەرەو ڕۆژهەلات برد دەبوایە بە کوردستاندا بگەرێتەوەو دوچاری شەڕی گەلی کوردی ئەو ناوچەیە هات. مێژونوسی یۆنانی زەینەفۆن لە کتێبەکەیدا (ئەناباسیس) بەتێروتەسەلی باسی لە زیانەکانی سوپای ئەلێکسەندەری گەورە دەکات لەکاتی گەڕانەوە بەناوبانگەکەیدا بە وڵاتی کارداکاندا کە لێرە تووشی راپەڕین دەبێت لەلایەن گەلی کاردۆخیەکانەوە (کوردەکانەوە). ئەم ڕوداوە 400 ساڵ

[1] (dpa picture-alliance/United Archives/TopFoto)
[2] (dpa picture-alliance/United Archives/TopFoto)

پێش مەسیح بوە[1]. کوردستان هەروەها گۆڕەپانی شەڕە خوێناویەکانی نێوان بێزەنتیەکان و ئیمپراتۆریەتی فارسی بوو. خەلیفەی دوەم (عومەر) حەملەیەکی دژ بە فارسەکان دەستپێکرد. عەرەبەکان لە چوارچێوەی ئەم داگیرکردنانە ڕوویان کەوتە کوردستان و ئەرمینیای مەسیحی. عەرەبە ئیسلامەکان کەوتنە داگیرکردنی شارەکان و سوتاندنی کەنیسەکان و وێرانکردنی شارە کەلتوریەکانی ئاینی سەردەشتیی کە دینی بەشێک لە کورد بووە.[2]

ئەوانەی نەدەبوون بە ئیسلام دەبوایە باجی زۆر زیاتریان بدایە وەک لەوانەی کە ددانیان بە ئیسلامدا دەناو ئاینەکەیان قبوڵ دەکرد. لە سەدەی دەیەمدا گەلە سوارئەسپە تورکومێنەکان لە ڕۆژهەلاتی دورەوە هاتن و دواتر ئیمپراتۆریەتی سەلجوقیان دروستکرد. کوردەکان و ئەرمەنەکان لە دژی ئەم تورکە سەلجوقیانە بەتوندی ناچاری بەرگری کردن بوون لەخۆیان. بەڵام گەورەترین بەسەرهات هی سەردەمی هێرشی داگیرکردنەکانی مەغۆلەکان بوو لە نێوان سەدەکانی 12 و 14 کە سەرجەم ناوچەکەی گرتەوەو ڕوتاندنەوەو وێرانیەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەغدا لە ساڵی 1258 م وەک ناوەندێکی سیاسی و کەلتوریی دەسەڵاتی ئیسلامی تێدا وێرانکرا. لە کتێبی مێژودا چیرۆکی دڕندایەتی هۆلاکۆ بەناوبانگە. بە سەدان قوتابخانە داخران و بە ملیۆنان پەڕتوک سوتێندران. خەلیفەی بەغدا بەگشت سەروەت و سامانەکەیەوە کەوتە دەستی مەغۆلەکان. مەغۆلەکان لە ئیمپراتۆریەتی سەلجوقیان داو قەسابخانەشیان لەناو کوردەکان کردو ناوچە ئەرمەنەکانیشیان تالانکرد. دواتر مەسیحیەکان دایانە بەرەی مەغۆلەکان دژ بە ئیسلامەکان. لەسەدەی (15) دا ناوچەکە وردە وردە هەناسەیەکی پێدا هاتەوە. دوای ئەو وێرانکاریانە لەژێر بارودۆخی گۆڕاوی دەسەڵاتدا پێکهاتەی سیاسی نوێ هاتە کایەوە. تورکیاو وڵاتی پارسەکان کە لەژێر داگیرکردنەکانی مەغۆلەکان کەمتر تووشی ناهەمواری بوون، بوونە ناوەندی دەسەڵاتی نوێ. عێراقی ئەمڕۆ کە لەئەنجامی وێرانکاریەکان گرنگیی خۆی لەدەستدا کەوتە چنگی هێزە نوێکانەوە[3].

هاوتەریب بە دەرکەوتنی مەغۆلەکان عەشیرەیەکی تورکی بچووک کە بە ڕێگەی باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا هاتنە ئاسیای بچووک لە سەرەتادا چوونە خزمەتی سەلجوقیەکان. سەرکردایەتیەکەی لەسەرەتادا لای سولەیمان بوو. دواتر کەوتە دەست کوڕەکەی سولەیمان کە ناوی ئۆرتۆغرول بوو (1231– 1288). لە دوای کشانەوەی مەغۆلەکان ئەم تورکانە ئەو تروسکاییە تەسکەیان بەکارهێنا کە دواتر ئیمارەتێکی سەربەخۆی بچووکی دانێ. کە عوسمانی کوڕی ئۆرتۆغرۆل لە 1301 پلەی سولتانی وەرگرت بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

---

[1] www.alexanderdergrosse.de/manfred_horndasch.php, 14.11.2014.

[2] بروانە : د. کمال مەزهەر ئەحمەد ، کوردستان فی سنوات الحرب العالمیه الاولی، ل. 75.

[3] Strohmeier/Yalcin-Heckmann, Die Kurden, Stuttgart, 2010, S. 43.

دروستکرد. هەر ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی مەغۆلەکان حەملەی داگیرکردنە بێکۆتاییەکانی عوسمانیەکان دەستیپێکردو بەم شێوەیە کوردستان بووە گۆڕەپانی وێرانیی شەڕو شۆڕەکانی نێوان تورک و فارسەکان. بەهۆی داگیرکردنی مەغۆلەکان و هەوڵی دگیرکردنەکانی دواتری عوسمانی و فارسەکان بوونی کۆمەڵایەتی کوردستان زۆر توشی وێرانی هات و بوە ڕێگر لە گەشەکردنی ئازادی خۆیدا. ئەم دۆخە مێژوییانە کوردستانی لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابووری خۆیدا زۆر بەتوندی فرێدایە دواوە[1].

بەشی چوارەم
گرنگیی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پەیوەندی بە جەنگەوە

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە خاوەن فرە نەتەوەو ئێتنیک و ئاین و مەزهەب و کەلتوری جیاوازە سەرچاوەی ژمارەیەکی زۆری جەنگ و ناکۆکی و پێکدادانە کە بەشێکی دەگەڕێنەوە بۆ قولایی مێژوو. ئەم ناوچەیە دەوڵەتەکانی بەشی ڕۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوە کە بریتین لە: تورکیا، میسر، سوریا، لبنان، ئیسرائیل، ئوردون و قوبرس، هەروەها دەوڵەتەکانی کەنداو، و دەریای سوور وەک ئێران، عێراق، یەکێتی ئیماراتی عەرەبی، بەحرەین، قەتەر، عومان و شارقە، یەمەن و سعودی عەرەبی[2].

دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

سەرچاوە[3]




[1] Awat Asadi, Dissertation, Der Kurdistan-Irak-Konflikt, Universität Berlin, 2007, Verlag Schiler, 2007, S. 22-34.

[2] Vgl. Kollektiv Autoren, Konfliktherd Naher und Mittlerer Osten, Berlin, 2001, S. 8-19

) Vgl. Ehrenberg, E., Pulverfaß Nahost, in: Nirumand, Bahman (Hrsg.), Sturm im Golf, Hamburg, 1990, S. 136

[3] / Klaus Hornung, Krisenherd Naher Osten, München, 1993, S. 11

ئەم ناوچەیە سەدان ساڵە شوێن و پردی پێکەوە گرێدانی نێوان سێ کیشوەری جیهانە کۆنەکەی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەوروپایەو خالێکی گرنگی گرێدەری پەیوەندی دەریایە. کردنەوەی کەنالی سوێس لە ساڵی 1869 پەیوەندیەکی نزیکی دەریاییە لە نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای سوور، جگە لەوەش بەئۆقیانوسی هندیەوە. بەواتا گرنگیەکی ئابووریشی هەیە. کەنالی سوێس لە جەنگی دوەمی کەنداودا لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بۆ مەبەستی جەنگی دژ بە عێراق بەکارهێنرا[1].

بۆ لێدانی ئەفغانستان ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانیەتی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو نەبوو. بۆ لێدانی عێراقیش ئەمریکا هاوپەیمانەکانی خۆی لێرەدا لە تورکیاو ئیسرائیلدا بینیەوە بە تایبەت گرنگیی تورکیا لەوەدایە کە وڵاتێکی ئیسلامیەو عەرەبییش نیە.

ئەو 3 خاڵەی خوارەوە ئاماژەیە بەوەی کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە جەنگ و قەیرانی بەردەوام و قوڵدا گوزەر دەکات.
(*هیچ ناوچەیەک نیە لە جیهاندا ئەوەندە بڕیاری UNی لەسەر دەرکرابێت وەک ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.
(*هیچ ناوچەیەک ئەوەندە نەکەوتۆتە ژێر باری جەنگ و قەیران ویرانکردنی ژینگە وەک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.
(*لە هیچ ناوچەیەکی "جیهانی سێ" ئەوەندەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەرباز نیەو لەو دەیان ساڵی دوایدا ئەوەندە چەک و کەرەسەی جەنگ کۆنەبۆتەوەو بەکار نەهێنراوەو ئەوەندە پارە بۆ سوپا خەرج نەکراوە وەک لەم ناوچەیە کراوە. ئەم ناوچەیە دەیان ساڵە بۆتە گۆڕەپانی ژمارەیەکی زۆر لە جەنگ و پێکدادان. شتێکی ڕێکەوت نیە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە سندوقی باروت نێودەبرێت چونکە هەمیشە لە تەقینەوەدایە[2].

ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکانی ئەم دەیان ساڵەی دوایی کەوتونەتە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەم ناوچەیە لە ڕووی سیاسی و جوگرافیەوە ناوچەیەکی ئاڵۆزەو جیاوازی پێکهاتە ئابووریەکەیشی بە ڕوونی دەبینرێت کە بەهۆی فرە نەتەوەو ئێتنیک و ئاینی و مەزهەبیەوە ناکۆکیەکانی زیاتر بەرەو کولانبوون بردوەو لەبەر زۆرێک فاکتەر بەراورد کردنی بەناوچەکانی تری جیهان ئاڵۆزترە بۆنمونە ئەمریکای لاتین کە خاوەنی یەک زمان (جگە لە بەرازیل)، یەک کەلتور، یەک ئاین و یەک مێژووی هاوبەشە. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گشتێکی تەواوە کە هەر

[1] Klaus Hornung, Krisenherd Naher Osten, München, 1993, S. 11.
[2] Vgl. Ehrenberg, E., Pulverfaß Nahost, in: Nirumand, Bahman (Hrsg.), Sturm im Golf, Hamburg, 1990, S. 136.

گیروگرفتێکی کەم یان زۆر کار دەکاتە سەر تێکرای ناوچەکە. کۆمەڵێک فاکتر هەن بونەتە هۆی دروستکردنی نائارامی و هەڵگیرسانی جەنگ و شەڕو پێکدادان لە ناوچەکە کە ئەمانە هەندێکیانن[1]:

(*لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چەند ڕژێمێکی ناکۆک و ناتەبا هەن کەبەگژ یەکتردا دەچن و ململانێی یەکتر دەکەن و ئەوەندەی بۆیان دەلویَ هەوڵ ئەدەن خۆ بسەپێنن و سەر بە یەکتر دانەوێنن. ئەم پێکەوە نەسازانەش کەشوهەوایەکی گرژیی پەیداکردوەو لە ڕابوردوداو ئێستاش بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەکە بەرەو بۆڕبۆڕێنی خۆچەکدار کردن و پەیداکردنی جبەخانەو پێشکەوتوترین چەکی کۆکوژ بڕوات. ئایدۆلۆژیا ناتەباو ستراتیجە ناکۆک و پێکەوە نەگونجاوەکان و پێداویستیەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییش دەستیان لەجێگیر کردنی نائارامیدا هەبووە.

(*پەرەسەندنی سیاسی / ئابووری و کۆمەڵایەتی نارێکی وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆتە هۆی داواکردنی دەلاقەی نێوانیان و قولکردنی ئەو ناکۆکیانەی هەر لەبنەرەتدا هەبوون.

(*دانیشتوانی ناوچەکە بەدەم چەوساندنەوەو نایەکسانیەوە تلاونەتەوەو گیروگرفتی دێرینیان هەیە. حەساسیەتی لە ڕادەبەدەری دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەرامبەر بە داخوازیە ئیقلیمیەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی ناوەندو زیادکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە هەیە بۆتە هۆی پێک هەڵپژانی سیاسی و بەکارهێنانی زەبروزەنگ. تا ئێستا نەویستی ئەو ڕژێمانە لە گەڕانەوە بۆ گەل لە مەسەلەی بڕیارداندا چەند جارێک ناوچەکەی بەرەو جەنگ بردوە.

(*دیموکراسی لە ناوچەکەدا هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژویی و کۆمەڵایەتی نیە. مێژووی سیاسی ناوچەکەش بۆتە مێژووی چەند ڕژێمێکی سیاسی یەک لەدوای یەکی نادیموکرات. تائێستاش زۆربەی هەرە زۆری ڕژێمەکانی ناوچەکە بڕوایان بەبەشداری سیاسی گەل و فرەحیزبی نیەو ئەو مافە بەڕیشی گەل ڕەوا نابینن کە ئەو لایەنە بگەیەنێتە دەسەڵات کەخۆی دەیەوێ. ئەو ڕژێمانە ساغیان کردۆتەوە کە بەشێوەیەکی ترسناک و سەرسوڕهێنەر توانای مانەوەو بەردەوامبونیان هەیە. مێژوی نزیکیش ڕونیکردۆتەوە کە زۆربەی جار پڕۆسەی گۆڕینی سیاسی بە بەکارهێنانی زەبروزەنگێکی توندڕەو ئەنجام دراوە. لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆشدا پێدەچێت پڕۆسەی گۆڕینی سیاسی بە دوو شێوە بێتەدی[2]:

[1] Vgl. Kollektiv Autoren, Konfliktherd Naher und Mittlerer Osten, Berlin, 2001, S. 8-19.

[2] Dr. Salar Basira, Dissertation , Das politische System im Irak unter der Baath Partai,Wuppertal, 2004, S. 194.

(1 بە شۆڕشی ناوخۆ، کودەتای سوپا، یان بەکارهێنانی ڕوخسارەکانی تری زەبروزەنگ وەک تیرۆر و بەزۆر دەست لە دەسەڵات پێهەڵگرتن.
(2بەدەستێوەردانی دەرەکی (سوپایی، یان ئابووری).

دەرئەنجام

- جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی توندوتیژیی. لایەنێکی بەشداری جەنگ ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنێکی تری بەشداربووی جەنگەکە دەسەپێنێ. جەنگ شێوازێک لە کردارە بە ئامانجی ئەوەی بەرامبەرەکەی گێر بکات یان سنوری بۆ دابنێت یان بیخاتە ژێر خواستی خۆی. جەنگیش هەروەک ئاشتی سیاسەتە. ئاشتی سیاسەتە بێ شەڕ، جەنگیش سیاسەتە بەڕێگەی جەنگ و توندوتیژی فیزیکیەوە. جەنگ بە تەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە بەڵکو ململانێی توندوتیژە لەنێوان ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای لایەنەکان. بە دەستپێکردنی جەنگ هەموو ئەم لایەنانە ئاڕاستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن.
- لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەستکرد لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسیەوە دروستکران بێگوێدانە بەرژەوەندی نەتەوەکان و کەمینەکان و کۆمەڵە رژێمێک خرانە سەر دەسەڵات کە هەتا ئەمڕۆکە گەلانی ناوچەکە پێوەی دەتلێنەوەو ئەمەش بووە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان جەنگی خوێناوی نێوخۆو هەرێمیی. لەم سەد ساڵەی دوایشدا بەدەگمەن ناوچەیەک هەیە لە جیهاندا کەم یان زۆر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بەر شالاوی جەنگ نەکەوتبێت. بە دەیان جەنگ لە "جیهانی سێ" بەرپا کراوون بە وەکالەت بۆ زلێهزەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات. لەبەر چەند فاکتەرێک ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گواستراونەتەوە.
- لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی تری مۆدێرنانەو بە تەکنیکی تری سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە.
- دوای کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی جەنگە بچووکەکان دەرکەوتن وەک جەنگە ڕزگارکەرەکان دژ بە هیزە کۆلۆنیالیست و داگیرگەرەکان. زۆربەی جەنگەکان لە 1945ی دوای جەنگی دوەمەوە لە نێوان دەوڵەتاندا نەبوە بەڵکو لە نێوان دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدراون و وەک شێوەیەکیجەنگ وێنای سەدەی 20 و 21 یان کردوە. جەنگە دەوڵەتیە گەورەکان لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی سەدەی 21 وون نابن بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکیە زۆر و هەمەجۆرەکان بە تایبەت لەبەر پەرەسەندنی جەنگە بچووکەکان ڕۆڵی کەمتر دەبینن.

- جەنگ هەمیشە ڕێرەوی مێژوو دەگۆڕێ. سیستەمەکانی ئەوروپا خۆیان لە ئەنجامی جەنگ هاتونەتە کایەوە. سیستەمی دەوڵەتیی ئەوروپا بە ئامرازی هێز بەواتا بەڕێگەی کۆلۆنیزەکردن گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی دونیای ئەوروپا، هەروەها لە خەباتی دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بە واتا بۆ ڕزگاربوون لە کۆلۆنی بوون دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئاسیاو ئەفەریقا سەریان هەڵدا.
- دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرجەم ئەو جەنگانەی لە مێژودا ڕویانداوە چارەنوسێکی ڕێکەوتی مرۆڤایەتی نین.

## سەرچاوەکان


سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

- فەرهەنگی رامیاری، وەرگێڕانی: ئازاد وەلەد بەگی، 2005.
- بورهان قانع، شۆڕشی کۆیلەکان، سلێمانی، 1984.
- گۆڤاری یەکگرتن، جەنگی عێراق/ ئێران، کۆپنهاگن، 1984.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

- د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی، 1977.

سەرچاوەکان بە زمانی ئەڵمانی

- Alexander Kluge und Oskar Negt, Was ist Krieg? in: Blätter für deutsche und internationale Politik, 4/2002.
- Alexander Kluge und Oskar Negt, Was ist Krieg? in: Blätter für deutsche und internationale Politik, Bonn, 4/2002, S. 491 .
- Bassam Tibi, Konfliktregion Naher Osten, 1989.
- Dietrich Jung und Klaus Schlichte, Kriege in der Weltgesellschaft, Wiesbaden, 2003, Erster Auflage April 2003, S.7, 17, übernommen aus https://books.google.iq/books?isbn=3322903737.
- Ehrenberg, E., Pulverfaß Nahost, in: Nirumand, B (Hrsg.), Sturm im Golf. Hamburg, 1990.
- Gabriel Kolko: Das Jahrhundert der Kriege. S. Fischer, Frankfurt am Main, 1999.
- Kollektiv Autoren, Konfliktherd Naher und Mittlerer Osten, Berlin, 2001.
- Klaus Hornung, Krisenherd Naher Osten, München, 1993
- Lothar Gruchmann: Der Zweite Weltkrieg. Kriegführung und Politik. 8. Aufl., dtv, München 1985.
- Reinhard Kühnl, Welt und Geschichte der Kultur, Frankfurt, 1970
- Saul David, Die Geschichte des Krieges: Vom Altertum bis heute, Berlin, 29. September 2010

- Strohmeier/Yalcin-Heckmann, die Kurden, Stutgart, 2010.
- Salar Basireh, Das politischeِ System im Irak unter der der Baath Partei2012 .
- Werner Ruf, Vom Kalten Krieg zur heissen Ordnung.
- WERNER DOSCH + PETER HERRLICH, Vernichtung von C und B. Waffen, Frankfurt, 1992.

نامەی دوکتۆرا
- Dr. Salar Basira, Dissertation , das politische System im Irak unter der Baath Partai, 2014.
- Dr. Awat Asadi, Dissertation, Der Kurdistan-Irak-Konflikt, Berlin, 2007 .

گۆڤار
- Der Spiegel, 16.01.1989.

ئینتەرنێت
- www.sueddeutsche.de/.../kriege-im-jahrhundert-schlachtfelder-der-zuku, 13.12.2014.
- www.sueddeutsche.de/.../kriege-im-jahrhundert-schlachtfelder-der-zuku.
- de.wikipedia.org/wiki/Krieg, 13.12.2014 .
- www.alexander der grosse.de/manfred_horndasch.php, 14.11.2014.
- www.welt.de › Geschichte › Themen

لینکی وێنەکان
- https://de.wikipedia.org/wiki/Datei:60_pounder_Cape_Helles_June_1915.jpg
- (dpa picture-alliance/United Archives/TopFoto(

## بابەتی دوەم

## جینۆساید لەیاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

## )کورد وەک نمونە )

پێشەکی

بەشی یەکەم / جینۆساید

باسی یەکەم: زاراوەی جینۆساید

باسی دوەم: جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

باسی سێیەم: پێناسەکردنی جینۆساید لە خاڵەکانیدا

باسی چوارم: جینۆساید بە ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ

باسی پێنجەم: جینۆسایدو کۆمەڵکوژیەکان لە مێژودا

بەشی دووەم / جینۆسایدو چەند بوارێکی هەمە لایەنە
باسی یەکەم: جینۆساید کردنی کورد لەپرۆسە جیاوازەکانیدا
باسی دوەم: کەرەسەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی جینۆساید (بریارەکانی دەوڵەتی عێراق)
باسی سێیەم: ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی
باسی چوارەم: یەهودیەکان لەجیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەران
باسی پێنجەم: جینۆساید کردنی هندە سورەکانی ئەمریکا
باسی شەشەم: ڕۆلی شوێن و زەمەن لە چارەنوسی جینۆسایدکردنی کورد دا
دەرئەنجام
سەرچاوەکان

پێشەکی

جینۆساید تاوانیکی نیودەوڵەتیەو لە یاساکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە خالەکانیدا تۆمار کراوە. مێژوی مرۆڤایەتی ژمارەیەکی بەرچاو کۆمەڵکوژی بە خۆیەوە بینیوە. قورسترینیان کە مێژووی نزیک تۆماری کردوە بریتین لە کۆمەڵکوژی هندە سورەکان و ئەوەی جولەکەکان کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە. سیاسەتی جینۆساید کردن لە کوردستانیشدا ئەنجام دراوە بە تایبەت لەلایەن رژێمی بەعسەوە. توێژەر لە توێژینەوەکەدا بەشی یەکەمی تەرخان کردوە بۆ باسێکی تیۆری دەربارەی جینۆسایدو لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە چەند بابەتێکی هەمە چەشنە دراوە وەک کەرەسەکانی جینۆسایدو ڕۆل زەمەن لە جینۆساید کردنی کوردا.

)بەشی یەکەم)
باسی یەکەم / زاراوەی جینۆساید

جینۆساید زاراوەیەکی لاتینیەو لە زمانی یاساو سیاسەتدا بەکاردەهێنرێ. تاوانێکی نێودەوڵەتیەو بەواتای گەل کوژی، یان رەگەز کوژی دێت. "ئەم زاراوەیە لە دوو برگە پێک هاتوە، (جینۆ) بە مانای بنەچەو (ساید) بەمانای لەناوبردن و قرکردن دێت. هە ردوو برگەکە پێکەوە بە مانای قرکردنی بنەچە دێت[1]".

باسی دوەم
جینۆساید لە یاساکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

[1])خەلیل عەبدوالا ، بەجینۆسایدناسینی ئەنفال ، سلێمانی ، 2011 ، ل. 20 .

جینۆساید لەم روانگە نێودەوڵەتیەوە بۆی بروانین دەستدرێژیە بۆسەر ئاسایش و ئاشتی. هەربۆیە دەبێت لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی مامەلەی لەگەلدا بکرێت. جینۆساید بەتەنیا کێشەیەکی سیاسی نیە بەڵکو یاساییشە. لەبەر رۆشنایی ئەو تراژیدیاو راپۆرتانەی سەبارەت بە جینۆساید لەلایەن رژێمی نازیەوە بەتایبەت بەرامبەر بە یەهودیەکان کە بەهۆلۆکۆست ناسراوەو ئەنجامدراون، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی 1948 بریارێکی دەرکرد سەبارەت بە رێگەنەدان و سزادانی ئەنجامدانی کۆمەڵ کوژی (جینۆساید). ئەم بریارە لە یاساکانی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لە 1948/12/9 تۆمارکراوەو لە بریاری 260 پەسەندکراوەو لە 1951/1/12 بوە بە یاساو شتێک نیە کە بە رۆیشتنی کات بەسەریدا لە رووی یاساییەوە تێبپەرێنرێت[1].

کۆمەڵێک لە دەوڵەتان درەنگ واژۆی ئەم بریارە یاساییەیان کرد. ئەلمانیا لە 1955/2، نەمسا لە 1958/3/19، سویسرا لە 2000/9/7. لە یاسا نیشتیمانیەکانی ئەلمانیاو سویسرا هەمان ئەو پێناسەیە دراوە بە جینۆساید وەک ئەوەی لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە. بەڵام زۆرێک لە دەوڵەتان پابەندی ئەو رێکەوتنامەیە نەبوون هەرچەندە مۆریشیان کردوە. دەوڵەتی عێراق لە 20ی کانونی ساڵی 1959 رێکەوتنامەی جینۆسایدی مۆرکردوە ئەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی 1948 بریاری لەسەرداوە بەڵام حکومەتی عێراق بابەندی بریارەکە نەبووەو سیاسەتی جینۆسایدکردنی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدا. هەرچەندە تاوانەکانی هۆلۆکۆست لەسەردەمێکدا رویدا کە یاسای جینۆساید دانەنرابوو، واتا جینۆساید تەنها زاراوەیەک بوو نەک یاسایەک بەڵام کۆدەنگیەک هەیە لە نێوان پسپۆرانی بواری یاسای تاوانی نێودەوڵەتی کە هۆلۆکۆست بە بێ هیچ دودلیەک سەرجەم بنەماکانی جینۆسایدی تێدایە[2].

لێرەدا چوار شێوە بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکان دیاریکراوە :

- تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی : (بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەلەبجە، 1988. هەروەها لە ڤێتنام لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، 1962- 1975. بێگومان جینۆسایدیش هەر تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی بەڵام پێناسەو میتۆدەکانی جیاوازە. تاوانی پێشیل کردنەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن رژێمی تالیبان لە ئەفغانستان).
- تاوانەکانی جەنگ : (رژێمی نازی لە جەنگی دوەمی جیهانیدا. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دژ بە گەلی کورد).

---

[1] د. سالار باسیرە ، گۆفارێکی زانستی ئەکادیمی ، زانکۆی گەرمیان ، 2013 ، ل. 1.

[2] Konvention über die Verhütung und Bestrafung des Völkermords. Vom 9. Dezember 1948. United Nations Treaty Series Bd. 78, S. 277. Deutsche Übersetzung (nach BGB1. 1954 II S. 730).

- تاوانەکانی دوژمنکاری : (هێزی چەکداری دەوڵەتێک دژ بە یەکپارچەیی و سەروەری دەوڵەتێکی دیکە (رژیمی عێراقی بەعس دژ بە دەوڵەتی کویت / ئێران / کورد).
- تاوانەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ : (بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەلەبجە / کۆمەڵ کوژی لەلایەن پۆل پۆت لە کەمبۆدچا، 1975- 1979)[1].

باسی سێیەم
پێناسەکردنی جینۆساید لە خالەکانیدا

جینۆساید لە یاساکانی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوکاندا لەگشت خالەکانیدا پێناسەکراوە بە ئامانجی وێرانکردن و لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەک، کەمایەتیەک، رەگەزێک یان گروپێکی کۆمەڵایەتی وئاینی ئەنجام بدرێت بە شێوەیەکی عەمدی و نەخشەکێشراو، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. لەبەندی دووی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە:
(1) ئەنجامدانی زیانی گیانی و رۆحی.
(2) کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگە.
(3) بەعەمدەن شێوەیەکی تری ژیان بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بسەپێنرێت کە پێشتر دەزانرێت دەبێتە
هۆی لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی کۆمەڵگەکە.
(4) فەرمان دەرکردن بۆ گرتنەبەری رێگەوشوێن بۆ رێگەگرتن لە دایکبوونی مندال.
(5) گواستنەوەی بە زۆری مندالان لە گروپێکەوە بۆ یەکێکی تر[2].

لە ئامانجی نەخشەی جینۆساید کردن وێرانکردنی دامودەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە، کەلتور و زمان، هەستی نەتەوەیی، ئاین، ژیانی ئابووری گەلێک. هەروەها وێرانکردنی ئاسایشی کەسیی، ئازادی، باری تەندروستی و کەرامەتی تاک. .. جینۆساید لە دوو قۆناغدا دەردەکەوێ : یەکێکیان بریتیە لە وێرانکردنی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی گروپ و گەلە چەوسێنراوەکە. خەسڵەتەکانی نەتەوەی چەوسێنەر بەسەر نەتەوەی چەوساوەدا بسەپێنرێ. دەستبەسەرکراوەکان بۆیان نیە ولات جێبهێلن بەلام لەلایەن داگیرکەرەوە دەردەکرێن و ناوچەکەیان لەلایەن خەلکانی چەوسێنەرەوە کۆلۆنیزە دەکرێ. کۆمەڵ کوژیی تەنیا کێشەی کاتی جەنگ نیە بەڵکو هی کاتی ئاشتیشە. بەپێی رەشنووسی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (of Progressive Development of International Law Council)کە لە 1947/7

[1] Barth, Boris, Genozid. Völkermord im 20. Jahrhundert. Geschichte, Theorien, Kontroversen. München 2006, S. 17.

[2] خەلیل عبدوالا ، ل. 24.

پێشکەش کراوە تێیدا هاتوە: کۆمەڵ کوژیی تاوانە کە بە سێ شێوە ئەنجام ئەدرێ (فیزیکی، بایۆلۆژی و کەلتوریی) کە زۆربەی جار پەیوەندییان پێکەوە هەیە. وێرانکردنی بە ئەنقەستی کەلتورێک بە هەمان جدیەتی یاسایی مامەلەی لەگەلدا دەکرێ هەروەک ئەوەی وێرانکردنی تەواوی لایەنی فیزیکی. کۆمەڵ کوژیی کەلتوریی بەو شێوەیەی لە یاساکاندا هاتوە بریتیە لە وێرانکردنی کاراکتەرە تایبەتەکانی گەلێک یان گروپێکی کۆمەلایەتی کە چەند ئیجرائاتێکی بۆ دەگیرێتە بەر: گواستنەوەی مندالانی گروپێک بۆ گروپێکی تر. زۆردارانە دورخستنەوەی مرۆڤ کە سەر بە کەلتوری گروپێکن. قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی نیشتیمانی، پراکتیزە کردنی ئاینەکەیان، قەدەغەکردنی فیکرو نوسین و بلاوکراوە، وێرانکردنی سیستێماتیکانەی پەیکەرە مێژویی و ئاینی و هونەریەکان، یان خراپ بەکارهێنانیان. بەئەنقەست وێرانکردنی پێکهاتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکانی گروپێک، گەلێک یان نەتەوەیەک، ئەمانە بە روونیی وەک رەفتاری تاوانی کۆمەڵ کوژی دەناسرێتەوە. ئەنجامەکەی بریتیە لە کۆمەڵ کوژیی کە تەواوی گەلێک بە زۆرو ناچارکردن بوونیان نەهێڵدرێ ئیتر ئایا ئەو وێرانکردن و نەهێشتنە بە نێوی رەگەزی / کەلتوریەوە بکرێ یان بە رێگەی گەشەکردنی تەکنەلۆژیا / ئابووری. .. جەوهەری کۆمەڵ کوژیی لە نەهێشتن و وێرانکردنی کۆمەڵدا دەبینرێ ئیتر بە هەرکام لە میتۆدو بە هەر نێویکەوە بکرێ[1].

ناتوانرێ بەراوردی جینۆسایدێک لەگەل یەکێکی تردا بکرێت. یەهودیەکان کارەساتی گەلەکەیان بە هۆلۆکۆست نێودەبەن و بەگەورەتر لە جینۆساید دایدەنێن، بەلام هۆلۆکۆستیش هەر بریتیە لە جینۆساید کردن و هەموو جینۆسایدێکیش دیاردەیەکی پرتراژیدیایە. گرنگ نیە تەنیا ملیۆنێکی نەتەوەیەک، یان دوو ملیۆن ئەرمەنی بێت، 6 ملیۆن یەهودی، سەد ملیۆن هنودە سنورەکان بێت، یان 300 هەزار کورد بێت. هەموو مرۆڤێک کە لەلایەن ئەوی ترەوە وێران و ئیبادە بکرێ، مرۆڤە، ئەوەش تاوانە بەرامبەر مرۆڤ چونکە هەموو مرۆڤێک وەک یەک وایە. مرۆڤ لە دایک نەبووە بۆ ئەوەی بکوژرێت یان جینۆساید بکرێت. تاوانی جینۆساید گەورەترە وەک تەنیا لە داگیرکردنی یان ژێردەستە کردنی ولاتێک لە لایەن هێزێکی ترەوە، چونکە سرینەوەی دەرئەنجامی تاوانی جینۆساید مەحالە یان زۆر سەختە[2].

[1] Desmond F ernandez ; Ronald Ofteringer , Verfolgung, Krieg und Zerstörung der ethnischen Identität: Genozid an den Kurden in der Türkei , [Hrsg.: von medico international e.V.] , Frankfurt am Main , 2001.

[2] د. سالار باسیرە ، جینۆساید لە یاساکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، سلێمانی ، 2013 ، ل. 25 ـ 26.

باسی چوارەم
جینۆساید بە ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ

جینۆساید بە زۆروکەمی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ کە ئەو بکەرەی پێگوناهبار بکرێ بەوەی کرداری کۆمەڵ کوژی ئەنجامداوە. جینۆساید دەکرێ ئەنجام بدرێ بێئەوەی تەنیا یەک مرۆڤیش تێیدا بکوژرێت. ئەوە بە جینۆساید (گەل کوژی) دانانرێت ئەگەر ئامانجەکە لەوەدا نەبێت گروپێکی کۆمەلایەتی یان بەشێکی گەل و کۆمەڵەکە وێران نەکرێ بەمەرجەکانی جینۆساید کردن (بروانە چوار مەرجە ئاماژەپێکراوەکانی جینۆساید کردن) ئیتر ژمارەی ئەوانە هەرچەندێک بن کە دەکوژرێن. لێرەدا ئاماژە بە چەند بەندێک ئەدەم سەبارەت بە گرنگیی یاسای جینۆسایدی ساڵی 1948: لە بەندی یەکەمی ئەم پەیماننامەیەی ساڵی 1948 مەبەستە سەرەکیەکەی جینۆساید دەخاتەروو کە دەوڵەتانی ئەندام جەخت دەکەنەوە کە جینۆساید چ لە کاتی ئاشتی و چ لەکاتی جەنگدا بەتاوانێکی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت. ئەوان بەڵێن دەدەن بەر بەجینۆساید بگرن و ئەنجامدەرانی سزا بدەن.

ئەوەی پەیوەندی بە بەندی سێیەمی پەیماننامەکەوە هەیەو شیاوی سزادانە بریتیە لە:
1- جینۆساید.
2- هەوڵدان و پلان دانان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.
3- بزواندنی راستەوخۆو ئاشکرایانە بۆ ئەنجامدانی کوشتن.
4- بەشداری لەکاری جینۆساید.

باسی پێنجەم
جینۆسایدو کۆمەڵکوژیەکان لە مێژودا

کەم نین ئەو کۆمەڵ کوژیانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدراوە بەرامبەر بە کوردیش بەلام لەبەر ئەوەی نەنوسراونەتەوەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتو نەبووە بۆ تۆمارکردنیان هەربۆیە بەئاسانی ونبوون.

- یەکێک لە گەورەترین کۆمەڵکوژی لە مێژودا لە لایەن Leopold ی دوەم، مەلیکی بەلجیکا

1885–1908 ئەنجامدراوە کە لەلایەن ئەمەوە لە پێکهێنانی کۆلۆنی کۆنغۆدا دانیشتوانەکەی نیوەکرد. لەم پرۆسەی وێرانکردنەیدا نزیکەی (10) ملیۆن مرۆڤی لەناوبردوە.

- وێرانکردنی یەهودیەکان بە فەرمانی ئەدۆلف هیتلەر کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە کۆتایی بە ژیانی (حەوت) ملیۆن مرۆڤ هێنرا. سەرەتا نەخشەی لەناوبردنی (یانزە) ملیۆن یەهودی کرابوو لە ئەوروپا بەڵام هاوپەیمانەکان کۆتاییان بەم پلانە هێنا.
- کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەکانەوە لە ساڵی1916/1915. کوژرانی (ملیۆن و نیوێک) مرۆڤ.
- کۆمەڵکوژی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بە کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانیی، 1917/1916.

- کوژرانی (سێ سەد هەزار) لە مەسیحیە ئەرەمیەکان و ئاسوریەکان لە ساڵانی 51914–191، لە نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەن سوپای تورکەوە.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر چینیە ئیندۆنیزیەکان لە ساڵی 1965 (یەک ملیۆن).
- کۆمەڵکوژی هیندۆسەکان لە دوای سەربەخۆیی بەنگلادیش لە ساڵی 1971 نزیکەی (سێ ملیۆن) قوربانی.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر مەسیحیەکانی تەیموری رۆژهەلات لە ساڵانی 1975 تا 1999، (180 هەزار) قوربانی، نزیکەی 20%ی سەرجەم دانیشتوان.
- کۆمەڵکوژی لە دارفور (سۆدان) (شەش سەد هەزار) کوژراو، لە ساڵی 2003 وە.
- لە مێژووی ئیسلامدا هەروەک لە مێژووی مەسیحیەکان کۆمەڵکوژی هەبووە بەڵام هەمووی لە یادکراوون چونکە مێژوو لەلایەن سەرکەوتوەکانەوە نوسراوەتەوە. کۆمەڵکوژی دژی بەنی

القریش لە ساڵی 627.
- کۆمەڵکوژی دژی دانیشتوانی ئەسلی ئوستورالیا.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر چیرکیسەکان 1864 بەدواوە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی قەیسەرەوە.
- کۆمەڵکوژی سوپای ئەلمانەکان لە خوارووی رۆژئاوی ئەفەریقا بەرامبەر بە هیریرۆکان لە 1904.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر ئۆکرانیەکان لە یەکێتی سۆڤیەت (1933/1932).
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر هندۆسەکان لە پاکستان و موسلمانەکان لە هند هەر یەکەو نزیکەی (یەک ملیۆن کوژراو).
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر تیبیتەکان لە سەردەمی ماوتسی تۆنگ.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر ئیبۆسەکان لە نیجیریا 1966- 1970 (یەک ملیۆن) کوژراو.
- کۆمەڵکوژی لە کەمبۆدیا (1971–1979).
- کۆمەڵکوژی لە تەیموری رۆژهەلات (1975–1999).

- کۆمەڵکوژی هوتوەکان دژ بە توتسیەکان (1994). نزیکەی (یەک ملیۆن) کەس لە تەنیا 100 رۆژدا کوژران کە نزیکەی 75%ی توتسیەکان دەکات لە رواندا.
- قەسابخانەکەی سریبرینسا / یۆغۆسلاڤیا 1995.
- کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە هەزارەکان و ئەوانەی کە پەشتوو نەبوون لە ئەفغانستان لە لایەن تالیبانەکان (1996–2001)[1].

سەرەرای ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵکوژیەکانی دونیا بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەم تاوانانە لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتیەوە بە جینۆساید ناسراوە. ئەو تاوانانەی لێرەدا ئاماژەم پێداوون تەنیا دلۆپێکە لە دەریایەک. ئایا ئەوانە کۆمەڵ کوژیە یان دەچنە قالبی تری تاوانەوە وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، یان تاوانی جەنگ، ئەمانە لە زۆر حالەتدا کێشمەکێشی لەسەرە. کەواتە تاوانەکان هەریەکەو دەچنە نێو یەکێک لە لیستی تاوانەکان کە پێشتر ئاماژەم پێداوە. تەنانەت ئەگەر بڕوانینە تاوانەکانی جەنگ لە مێژودا دەبینین بە سەدان ملیۆن گیان بەم ڕێگەیە لەنێوبراوە. لەم پێنج هەزار ساڵەی دوایدا بەپێی لێکۆلینەوەی شارەزایانی مێژوو زیاتر لە 14 هەزار جەنگ تۆمار کراوە. زیاتر لە چوار ملیارد مرۆڤ بەهۆی جەنگەوە کوژراوە کە دەکاتە نزیکەی 2/3 ی کۆی سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی ئەمرۆی سەر زەوی. بەتەنیا لەسەدەی بیستەمدا دوو جەنگی جیهانی رویداوە. لە جەنگی دوەمی جیهانیەوە هەتا ئێستە زیاتر مرۆڤ بەهۆی جەنگەوە گیانیان لەدەستداوە بەقەد ژمارەی ئەوانەی لەجەنگی دوەمدا کوژراون یان بەهۆی جەنگەوە ویرانبوون. لە راستیدا کاتی ئەوە بۆ مرۆڤ هاتووە لە نوێوە خۆی هەلبسەنگێنێت کە ئەم چیە؟

بەشی دووەم

باسی یەکەم

جینۆساید کردنی کورد لەپڕۆسە جیاوازەکانیدا

لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دیاریکراو، بەنەخشە تاوانەکان بەشێوەیەکی سیستێماتیک لەلایەن رژێمی بەعسەوە دژ بە خەلکی مەدەنی کورد لە کوردستان / عێراق ئەنجامدراون کە بریتین لە :

(1)ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال.

(2)بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، فسفۆری و بایۆلۆژی. ئەو چەکانەی دەبنە هۆی کۆمەڵکوژی مرۆڤ و قڕکردنی ئاژەڵ و باڵندەو ژەهراوی کردنی سروشت و کەرەستەکانی ژیان.

(3)سەپاندنی مەرگ بە شێوە جیاوازەکان.

(4)وێرانکردنی دێهات و شارۆچکەو سەرچاوەکانی ژیان وەک کشتوکال، کانیاو، باغ و بێستانەکان.

[1] http://www.pi-news.net/2013/05/die-100-g...-mordereien-der-geschichte

(5)راگواستنی بەزۆرەملەیی دانیشتوان. راگواستن دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بنەما ئابووریەکان و تێکدانی ئاسایش و باری دەرونیی.
(6) شێواندنی باری رۆحی و دەرونیی کۆمەڵ لە ئەنجامی ئەو کارە عەمدی و نەخشەکێشراوەکان.
(7) سیاسەتی بەعەرەب کردن و بەم هۆیەوە هەولی تێکدانی کەلتورو ومان و ناسنامەو بەها کۆمەڵایەتیەکان (تعریب، ترحیل و التهجیر).
(8) راگواستن و دەرکردنی کوردە فەیلیەکان لە ناوچەکانی خۆیان، زۆرێکیان بۆ ئێران و پێنەدانی
ڕەگەزنامەی عێراقی پێیان.
(9) لە 1961 وە جەنگی سەپێنراو بەسەر کوردستاندا لە لایەن رژیمەکانی بەغداوە، بوونی ئەو مەترسیە لە ئێستاشدا[1].
ئەم بەڵگەنامانە دەیسەلمێنێت کە گەلێک دوچاری جینۆساید بۆتەوە.

تەنیا لە تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتی حیزبی بەعس و سەدام حسێن دەکرێ لە جینۆساید کردنی کورد تێبگەین. بەڵام لەبەرئەوەی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پارێزراو نەبوە گەلی کورد ناچاربوە لە دژی درندەیی و چەوساندنەوە راپەریت، بەرگری لەخۆی بکات و وەک دوائامراز ڕێگەی وەلإمدانەوەی گونجاو بۆ خۆی هەلبژێرێت بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی مافەکانی زەوت کردوە. لەمادەی یەکی ئەم بریارەدا هاتوە: هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەی خۆنوسینی هەیە کە لە ئازادیدا گەشە بەمافی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆی بدات.
باسی دوەم
کەرەسەکانی بەنێودەوڵەتی کردنی جینۆساید
)بریارەکانی دەوڵەتی عێراق)
دادگایی کردنی سەرانی بەعس بەپێی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ئەنجامدرا. ئەم یاسایە لە لایەن کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق و ئەنجومەنی سەرۆکایەتیەوە لە ساڵی 2005 پەسەند کرا[2]. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە فەرمی ددانی بە چوار کەیسی گرنگدا ناوە کە جینۆساید و کۆمەڵ کوژییە کە بریتین لە (ئەنفال، هەلەبجە، کوردە فەیلیەکان، بارزانیەکان). ئەوەی پێویستە کورد کاری لەسەر بکات بریتیە لە بەکارهێنانی ئەم دۆسیە یاساییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک ئەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. ژمارەی دۆسیەکانی کەیسی

[1] شادی غازی عبالکریم ، جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەولەتی بەرامبەر بە گەلی کورد ، زانکۆی سلێمانی ، 2009 ، ل. 19ـ 25.
[2] خەلیل عبدوالا ، ل. 32.

ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا بریتیە لە 43 دۆسیەو لە 8500 لاپەرە پێکهاتوەو 60 دانیشتنی دادگای بۆ ئەنجام دراوە. بە هەمان شێوە دەسەڵاتی سیاسی بەغداش بەر رەخنە کەوتوە چونکە ئەمیش هەنگاوی نەناوە بۆ دەستگیرکردن و دادگایی کردنی تاوانبارانی جینۆساید بەپێی بریاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق[1].

باسی سێیەم

ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی

ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی. جیاوازی لە نێوان پرۆسەی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجەو کیمیاباران لەوەدایە کە ئەنفال دەبێت وەک پرۆسەیەک تێیبگەین کە ئامانجی قڕکردنی (جینۆسایدکردنی) گەلێکی مەبەستبووە کە پێشتر پلانکراوبووە (ئەنفال کاریسەیەکی سروشتی نەبوو). هەمان ئەو شتە نەخشەکێشراوەی کە نازیەکان بەرامبەر بە گەلی یەهود ئەنجامیاندا، یان ئەوەی ئەمریکیە سپیەکان بەرامبەر بە هنودە سورەکان. بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال وەک جینۆساید دەبینرێ هەربۆیە دەشبێت لەسەرئاستی نێودەوڵەتی وەک جینۆساید ددانی پێدابنرێت بەتایبەت کە ئێستە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق ئەنفالی وەک جینۆساید ددان پێداناوە. ددانپێدانانی پەرلەمانی سوید، ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنێت سەرکەوتنێکی باشە بۆ ئەم دۆسیەیە. ئەوە چیتر ئەرکی دەسەڵاتی کوردیە کار بەو بریارە باڵا فەرمی و یاساییانە بکات، ئەوەی کە هەتا ئێستە وەک پێویست نەیکردووە.

باسی چوارەم

یەهودیەکان لەجیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەڕان

سەبارەت بەکوشتنی بەکۆمەڵی یەهودیەکان لەلایەن نازیەکانەوە بەدەیان فیلم و ڕاپۆرتی دۆکیومێنتاری و شانۆو ڕۆمان وکۆنفرەنسی نێودەوڵەتی و سەنتەری توێژینەوەی بەخۆوە گرتوە. یەهودیەکان منداڵەکانیان و نەوەی نوێ بەشێوەیەک پەروەردە دەکەن هەروەک ئەم کارەساتە ئەمڕۆکە ڕوویدابێت[2]. بەکۆماندۆی تایبەت لە وڵاتەکانی جیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەڕان و لێیان دۆزینەوەو هێنرانەوە بۆ ئیسرائیل وکردیانن بەعیبرەت بۆ مێژوو. یەکێک لەو گەورە کۆمەڵکوژانە ئەدۆلف ئایشمان بوو. لە 1960/5 دوای دۆزینەوەی لەلایەن سیخورەکانی

[1]) د. سالار باسیرە ، جینۆساید ، ل. 47.

[2] http://de.wikipedia.org/wiki/Holocaust

ئیسرائیلەوە لە ئەرجەنتین رفێندرا بۆ ئیسرائیل. دوو ساڵ دوای دادگا کردنی حوکمی مردنی درابەسەرداو لە سێدارە درا[1].



**ئەدۆلف ئایشمان کاتی دادگایی کردنی**

باسی پێنجەم
جینۆساید کردنی هندە سورەکانی ئەمریکا

لە ساڵی 1492 ئەمریکا لەلایەن کریستۆف کۆلومبوس دۆزرایەوە. بەپێی تەقدیری زانیارانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان کاتی خۆی لە کیشوەری ئەمریکا نزیکەی 110 ملیۆن لە هندە سورەکان ژیاون. لەکاتی گەیشتنی ئەوروپیەکان بۆ ئەوێ لە دورگەکانی ئەنتیل لە کەنداوی مەکسیک 8 ملیۆن هنود، لەمەکسیک خۆی 25 ملیۆن، لەناوچەی ئینکا 30 ملیۆن، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نزیکەی 18 ملیۆن و ئەوانەی تر لە ناوچە گەورەکەی ئەمەزۆنا دەژیان. دواتر کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکان هاتن و کەوتنە قەساب کردنێکی بێوێنەی دانیشتوانی بەرەچەلەکی ناوچەکە کە هندە سورەکانن. بەتەنیا لە سەروی ئەمریکا ژمارەی هندە سورەکان لە 18 ملیۆنەوە لە ساڵی 1500، دوای بەرپاکردنی جەنگ لە دژیان لە ساڵی 1900 نزیکەی 250 هەزار کەسیان لێمایەوە. کەمبونەوەی ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی خێرا لە دورگەکانی ئەنتیلن بەدیدەکرا لەو شوێنەی کە دوچاری کاری کۆیلایەتی کران. بەتەنیا لە 35 ساڵدا ژمارەی دانیشتوانی ئەسلیی لە هایتی کە هندە سورەکان بوون لە ساڵی 1502 بریتی بووە لە 3 ملیۆن هەتا ساڵی 1537 تەنیا 200 هەزاری ماوەتەوە. نرخی ئەسپێکی باش بەقەد 80 کۆیلەی هندیەکی سوور بوو. لە کۆلۆنی ئینگلتەرەی نوێ کۆیلەکان دەفرۆشران. 40 پاوەن بۆ هەر کۆیلەیەک. 100 پاوەن بۆ هەر یەکێکی گەورەی بەتواناو جەنگاوەر. بەڵام خراپترین بارودۆخ

[1] http://de.wikipedia.org/wiki/Eichmann-Prozess

ئەو نەخۆشیانە بوون وەک کولێراو مەلاریاو ئاولەو نەخۆشی ساری تر ڕوبەرووی هندە سورەکان دەبوونەوە. ئەو نەخۆشیانەی هندەکان بەرهەلستی سروشتییان نەبوو لەدژی. تەنانەت بەتانی تووش بوو بە نەخۆشی دابەش دەکران بەسەریاندا ئەمیش هەر بەئامانجی قڕکردنیان بوو. لە سەروی ئەمریکا ڕێگەی تر گیرایەبەر بۆ قڕکردنیان. لەویَ هندەکانیان لە لاگەرە زۆرە ملەیەکاندا تێکترشاندبوو بەسەریەکداو میتۆدی کۆمەڵ کوژی لە دژیان گیرایە بەر. ئەو مرۆڤانەی کەخەلکی بەرەچەلەکی ئەم وڵاتە بوون و ئەم وڵاتە هی ئەمانبووە. لە ساڵی 1990 ژمارەی هندە سورەکان دوبارە گەیشتە دوو ملیۆن کە لە 90% یان بێکار بوون. ئەوەی لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت ئەو راستیەیە کە هندە سورەکانی خەلکی بەڕەچەلەکی ئەم وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە بە میتۆدی هەمەچەشنەو نەخشەکێشراو، و عەمدی ڕێگەی جینۆساید کردنیان گیرایەبەر. هەولی لەناوبردن و کۆمەڵ کوژییان و گۆرینی کەلتورو فەرهەنگ و نەریت و بەهاکانیان درا. لەسەر زەوی و نیشتیمانی خۆیان هەلکەندران و لە شوێنە زۆرە ملەیەکان نیشتەجیَ دەکران و شێوەیەکی تری ژیانیان بەسەردا سەپێندراو ڕێگە لە زاوزێ کردنیان پیادە دەکرا. هەموو ئەمانە جگە لە ئازاری رۆحی و جەستەیی بە مەبەستی گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیشیان بووە. ئەوەی بەرامبەر هندە سورەکان ئەنجامدرا هۆلۆکۆستی ئەمریکی بوو. ئەو هۆلۆکۆستەی لە ساڵی 1492 بە دواوە لەلایەن کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکانەوە بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی 100 ملیۆن ژیان. ژمارەیەکی زۆری هندە سورەکان بە تەورو شمشێر پارچە پارچە کران. بە زیندویی دەسوتێنران، لەژێر قاچی ئەسپدا پان و پلیش دەکرانەوە. بۆ یاریکردن راویان دەکردن، دەکرانە خواردنی سەگ، ئەشکەنجە ئەدران و سەریان لێدەکرانەوەو بەسەر داردا هەلدەواسران. بە زیندوویی بە سنگی قەسابخانەدا هەلدەواسران، لە پاپۆرەوە فریَ ئەدرانە نێو دەریاوە. وەک کۆیلە کاری مردنیان پێدەکردن، بەعەمدەن لە بەندیخانەدا بە سنگی دارەوە برسی دەکران هەتا مردن، یان لەبەر سەرمادا رەق دەکرانەوە، تووشی نەخۆشی سارییان دەکردن. ئەمانە هەمووی مرۆڤ بوون وێرانکران. ئەوانەش ئەم تاوانەیان ئەنجام ئەدا هەر مرۆڤ بوون. ئەگەر بروانینە زەمەنی ئەم کۆمەڵ کوژیانە ئەوا دەبێت بوتریَ کە ئەم ژمارەیە بەبەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتەی جیهان ڕێژەو ژمارەیەکی زۆرە لە مرۆڤ[1].

[1] http://de.wikipedia.org/wiki/Indianerpol...tik_der_Vereinigten_Staate



هندە سورەکانی کیشوەری ئەمریکا



)کەللەسەری کۆکراوەی هندە سورەکان دوای جینۆساید کردن و بەکۆمەڵ کوشتنیان )
ناوەراستی سالآنی 1870[1]

باسی شەشەم
ڕۆلی شوێن و زەمەن لە چارەنوسی جینۆسایدکردنی کورد دا

شوێن و زەمەن دوو فاکتەرن لەمێژودا هەمیشە شوێنەواری تایبەت و گرنگی خۆی داگیرکردوە. سەبارەت بە عێراق شوێنی روداوەکانی جینۆساید کردنی کورد باشوری کوردستان بوو. زەمەنەکەش ساڵی 1988 بوو. زەمەن لە رووی سیاسیشەوە رۆل و کاریگەریی خۆی دەبینێت. ئەم دوو فاکتەرە (شوێن و زەمەن) هەردوکیان شووم بوون بۆ کوردو رودانی کارەساتەکان بەتایبەت لە ڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە. کارەساتەکانی وەک ئەنفال و کیماباران و ویرانکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی لە کۆتایی جەنگی

1 de.wikipedia.org/wiki/Indianer

عێراق / ئێراندا بوو. ئەو قۆناغە زەمەنیە هی سەردەمی جەنگی سارد بوو کە لەبەرژەوەندی عێراقدا بوو سەبارەت بە سیاسەتی هەردوو بەرەی رۆژئاواو رۆژهەلات. جەنگێک کە رۆژئاواو رۆژهەلات پشتگیریکەری رژێمی عێراق بوون دژ بەجمهوری ئیسلامی ئێران لەژێر سەرکردایەتی ئایەتولا خومەینی کە ئیدیعای گواستنەوەی شۆرشی شیعەی دەکرد بۆ ناوچەکانی کەنداو، و هەلگری سیاسەتی دژ بە ئیسرائیل و هەردوو بەرەی رۆژئاواو رۆژهەلات بوو. ئەمانە هەمووی بە سودو قازانجی عێراقی بەعس گەڕایەوە. تەنانەت رژێمی بەعس مەحکوم نەکرا لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، یان پەرلەمانی ئەوروپا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نێودەوڵەتیی قەدەغەکراو لە هەلەبجەو دەوروبەر دژ بە خەلکی سڤیل نەک بەرامبەر سوپایەکی چەکدار وەک ئەوەی عێراق دژ بە سوپای ئێرانی بەکاری هێنا کە زیاتر لە 50 هەزار سەربازو پاسداری تێدا خنکێندراو سوتێنرا. ئەم ڕوداوەش ئەو ڕاستیەی نیشاندا کە UNرێکخراوێکی سەربەخۆ نیە. رژێمی عێراقی پشت ئەستور بەم بارودۆخ و هەلوێست و بێدەنگیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیە کەوتە دارشتنی نەخشەی کیمیابارانی کوردستان و ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و وێران کردنی گوندەکانی کوردستان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی. بەواتا ئەنجامدانی سیاسەتی بە جینۆساید کردن و کۆمەڵ کوژیی. هەربۆیە بەتەنیا رژێمی بەعس بەرپرسیار نیە لەو کۆمەڵ کوژیانە بەڵکو هەموو ئەو دەزگا نێودەوڵەتیانەش بەرپرسن. بەلام هەمان دەوڵەتی بەعس بوو کە داگیرکردنی کوێتی لێقبول نەکرا چونکە زەمەنە سیاسیەکە هەمان ئەو زەمەنەی جینۆساید کردنی کورد نەبوو. هەروەها کوێت دەوڵەت بوو، شوێنەکەی جیۆستراتیژی بوو، خاوەن نەوتە، بەلام رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەمان ئەو دەزگا نێودەوڵەتیە بوو.

دەرئەنجام

- جینۆساید لەروانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە بۆی بروانین دەستدرێژیە بۆسەر ئاسایش و ئاشتی گەلان. هەربۆیە دەبێت لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی مامەلەی لەگەلدا بکرێت. جینۆساید بە تەنیا کێشەیەکی سیاسی نیە بەڵکو یاساییشە.
- جینۆساید بە زۆروکەمی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ کە ئەو بکەرەی پێگوناهبار بکرێ بەوەی کرداری کۆمەڵ کوژیی ئەنجامداوە. ئەوە بە جینۆساید (رەگەز کوژی) دانانرێت ئەگەر ئامانجەکە لەوەدا نەبێت گروپێکی کۆمەلایەتی یان بەشێکی گەل و نەتەوەکە وێران نەکرێ بە مەرجەکانی جینۆساید کردن.
- جیاوازی دەکرێ لە نێوان کۆمەڵ کوژی و جینۆساید. ئەوەی دواییان نەخشەکێشراو، سیستێماتیک پلانکراوە. جینۆساید لە گشت خالەکانیدا پێناسەکراوە بە ئامانجی وێرانکردن و

لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی گەلێک، نەتەوەیەک، کەمایەتیەک، رەگەزێک یان گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی بە شێوەیەکی عەمدی و نەخشەکێشراو.

- جینۆساید دۆسیەیەکی سیاسی ویاسایی گەورەو گرنگە بەدەست کوردەوە لەسەر ئاستی نێوخۆو نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.
- دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەفەرمی ددانی بە چوار کەیسی گرنگدا ناوە کە بریتین لە (ئەنفال، هەلەبجە، کوردە فەیلیەکان، بارزانیەکان). کەواتە ئەوەی پێویستە کورد کاری لەسەر بکات بریتیە لە بەکارهێنانی ئەم دۆسیە یاساییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش. لێرەدا پێویستە کورد ڕێگەکانی بە نێودەوڵەتی کردنی دۆسیەی جینۆساید بگرێتەبەر.
- گرنگیی بە نیودەوڵەتی کردنی دۆسیەی جینۆساید بۆ کورد لە پەیدا کردنی زەمانەتی نیودەوڵەتیە بۆ رونەدان یان دوبارە نەکردنەوەی جینۆساید.
- ماوەی چەند ساڵێکە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە بریارێکیدا ژمارە (رس/83/10) بەرواری 1.8.2010 داوا لە دەسەڵاتی کوردی دەکات 258 کەس دەستبەسەر بکەن کە بەشداربوون لە جینۆسایدکردنی گەلەکەیان. بەڵام ئەوانە بەبەر چاوی قوربانیەکاندا بەئازادی دەسورێنەوە. پێوستە وەزارەتی نێوخۆ فەرمانی دەستگیرکردن بۆ تۆمەتبارەکان دەربکات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی بەغداش بەرپرسە لەدەستگیرنەکردنی ئەو تۆمەتبارە عەرەبانەی دادگای باڵای تاوانەکانی ئیتحادی فەرمانی دەستگیرکردنی داوون.
- گۆرانکاری لە شێوەی ئەو موخاتەبە کردنەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان دەبوایە هەر لەسەرەتاوە بکرایە. ئەنفال بۆخۆی تراژیدیایە، تراژیدیای گەلێکی بەدبەخت و کارەساتێکی مرۆییە. ئەو بەزەیی و سۆزە دەبێت تەحویل بکرێ بۆ پرۆسەیەکی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی.
- کەم نین ئەو کۆمەڵ کوژیانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدراوون بەرامبەر بە کوردیش بەڵام لەبەر ئەوەی نەنوسراونەتەوەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتو نەبووە بۆ تۆمارکردنیان هەربۆیە بەئاسانی وونبوون.
- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆتە ئامرازی زلهێزەکان و بریارەکانی بەپێی خواستی ئەوان دەردەکات. ئەم ڕێکخراوە بەم پێکهاتەیەی ئێستەی ناتوانێت ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی دروشمەکانی خۆی و پارێزگاریکردن لە ئاشتی جیهانی بەتایبەت ئەوانەی گەلە لاوازەکان. جینۆسایدکردنی کورد تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکخراوە بەناو نێودەوڵەتیە بوو.
- شوێن و زەمەن دوو فاکتەری گرنگن لەمێژودا شوێنەواری گرنگی خۆی داگیرکردوە. سەبارەت بە عێراق شوێنی جینۆساید کردنی کورد باشوری کوردستان بوو. زەمەنەکەش ساڵی

1988 بوو. ئەم دوو فاكتەرە (شوێن و زەمەن) هەردوكیان شووم بوون بۆ كوردو رودانی كارەساتەكان بەتایبەت لەرووی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە.

- كاركردن بۆ كۆمەڵگەیەكی ئاشتیخوازو پیادەكردنی سیستەمێكی پەروەردەی تەندروست بۆ دوور ڕاگرتنی كۆمەڵگە لە هزری راسیزم و توندوتیژی و كۆمەڵ كوژی پێویستیەكی ژیانیە.

## سەرچاوەكان

### سەرچاوەكان بە زمانی كوردی


- خەلیل عەبدوالا، بەجینۆسایدناسینی ئەنفال.
- د. سالار باسیره، گۆڤاری زانستی ئەكادیمی، زانكۆی كەرمیان.
- یوسف دزەیی، ئەنفال، كارەسات، ئەنجام و رەهەندەكانی.
- د. سالار باسیره، جینۆساید لە یاساكانی ریكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان.
- شادی غازی عبالكریم، جینۆساید وەک تاوانێكی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە گەلی كورد.
- المحكمه الجنائیه الدولیه / یكیبیدیا، الموسوعه الحره 29.04.2009.


### سەرچاوەكان بە زمانی ئەلمانی


- Konvention über die Verhütung und Bestrafung des Völkermords. Vom 9. Dezember 1948. United Nations Treaty Series Bd. 78, S. 277. Deutsche Übersetzung (nach BGB1. 1954 II S. 730).
- Barth, Boris, Genozid. Völkermord im 20. Jahrhundert. Geschichte, Theorien, Kontroversen. München 2006, S. 17.
- Desmond F ernandez ; Ronald Ofteringer , Verfolgung, Krieg und Zerstörung der ethnischen Identität: Genozid an den Kurden in der Türkei , [Hrsg.: von medico international e.V.] , Frankfurt am Main , 2001.


### ئینتەرنێت


- http://www.pi-news.net/2013/05/die-100-g...-mordereien-der-geschichte
- www.schrefler.net/.../Völkermord.20.Jhdt-Benz-SS.2007-220607.pdf
- http://de.wikipedia.org/wiki/Holocaust
- http://de.wikipedia.org/wiki/Eichmann-Prozess
- http://de.wikipedia.org/wiki/Indianerpol...tik_der_Vereinigten_Staate
- de.wikipedia.org/wiki/Indianer

بابەتی سێیەم

بایەخ و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک نمونە )

پێشەکی
تەوەری یەکەم
باسی یەکەم: چەمک و گرنگی و سەرهەڵدانی ئاسایشی نەتەوەیی
باسی دوەم: واتای ئاسایش لە سیستەمی سیاسیدا
باسی سێیەم: ڕەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئاسایش
باسی چوارەم: دۆخی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەرئەنجامەکانی
باسی پێنجەم: ئاسایشی نێودەوڵەتی لەژێر هەڕەشەدا

تەوەری دوەم
باسی یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
باسی دوەم: یەکەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
باسی سێیەم: ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی سەردەمی دەسەڵاتی بوش وەک وەرچەرخانێک.
دەرئەنجام
سەرچاوەکان

پێشەکی

بواری ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی دیاردەیەکی نویَ نیە لە ژیانی مرۆڤدا بەڵام بوارێکی گرنگ و بایەخدارە. لەم زاراوەیەدا ئاماژە بە چەندین لە بوارەکانی ئاسایش دەکرێت کە ئاسایشی ناوخۆو ئاسایشی نێودەوڵەتییش دەگرێتەوە. ئاسایشی نەتەوەیی بربرەی پشتی کۆمەڵ و دەوڵەت و باری سەقامگیریە لە وڵاتدا. ئاسایشی نەتەوەیی بە تەنیا بواری سەربازی و هەواڵگری ناگرێتەوە بەڵکو ئەمڕۆکە سەرجەم بوارەکانی ژیانی وڵات و کۆمەڵگەی گرتۆتەوە. جگە لە باسی لایەنی تیۆری بابەتەکەو ئاسایشی نێودەوڵەتی و بواری ژینگە وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئاسایشی ناوخۆو نێودەوڵەتییش، ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بۆ قواغێکی دیاریکراو بەنمونە هێنراوەتەوە.

تەوەری یەکەم

باسی یەکەم

چەمک و گرنگی و سەرهەڵدانی ئاسایشی نەتەوەیی

زاراوەی ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی و دەکۆلیەوە لە چۆنیەتی بە دەستهێنانی ئاسایش و دورکەوتنەوە لە جەنگ و لە ئەنجامەکانی بەڵام دواتر بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەی گرتەوەو ئەمڕۆکە دەوڵەتان کاری پێدەکەن و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییان دروستکردوە کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و ستراتیژی و ژینگە، هەروەها سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە، بەواتا هەموو ئەو بوارانەی وڵات و ژیانی کۆمەڵ کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە هەیە[1]. لەسەر ئاستی گشتی وەکو پێناسەو شوناسێکی گشتگیر دەتوانین بڵێین مەبەست لە چەمکی ئاسایش: ئەو توانایەیە کە دەوڵەت لە ڕێگەیەوە دەتوانێت دابینکردنی سەرچاوەکانی بەهێزکردنی دەوڵەت و نەتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بپارێزێت. سیاسەتی ئاسایش وەک بەشێکی بواری سیاسی، سەرجەم بوارەکانی ئاسایش و ئاشتی، ناکۆکیەکان و چارەسەری قەیران و جەنگ لە نێوان یان بەرامبەر دەوڵەت و هێزە نا دەوڵەتیەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها سیاسەتی ئاسایش سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە[2].

هەر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە هەڕەشەو مەترسی و ترسی دەرەکی بۆ سەر مرۆڤ بۆتە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی خۆپاراستن. مرۆڤ هەموو هەوڵێکی سەرەتایی داوە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی و خۆپاراستن و دلنیایی بەرامبەر بە ترس و هەڕەشە هەمەلایەنەکانی سەر ژیان لە هەڕەشەکانی سروشت و گیانلەبەرە درندەکان و تەنانەت زەبروزەنگی مرۆڤ دژ بەیەکتر. لێرەدا لە ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی تاک کاردانەوە غەریزیەکان ڕۆڵی بینیوە. خۆشاردنەوە لە ئەشکەوتەکان و خربونەوەیان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵی بچووک لەو میتۆدانە بوون کە مرۆڤەکان دلنیایی و ئاسایشی پێ بەدەستبهێنن. پێشتر بەشێوازی تاک ژیاون بەڵام دواتر بەم هۆیانەی سەرەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دروستبوون. کەواتە چەمکی ئاسایش لە مێژوی ژیانی مرۆڤایەتیدا چەمکێکی دێرینەو لەگەڵ

---

[1]) د. نجدت صبري ئاكرةيي ، الاطار القانوني للامن القومي ، اربيل ، دوكتؤرا ، 2009 ، ص. 7-6.

[2] Münkler, Herfried: Elemente einer neuen Sicherheitsarchitektur, in: IP – Internationale Politik, Heft 5/2007, S. 6 – 14. Deutsche Gesellschaft für Auswärtige Politik e. V., Berlin, 2007. ISSN 1430-175X.

بوونی مرۆڤدا ئەمیش بوونی هەبووە، بەڵام کۆمەڵگە لە شێوازیکی سادەوە گەشەی کردوە بۆ شێوازێکی ئالۆزتر[1].

ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە بربڕەی پشتی کۆمەڵ و دەوڵەت و باری سەقامگیری. بەکارهێنانی زاراوەی ئاسایش وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی، لە کاتێکدا کە شەپۆلێک لە ئەدەبیات دەرکەوت و دەکۆڵیەوە لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئاسایش و دورکەوتنەوە لە جەنگ و ئەنجامەکانی. لە دیدی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە چەمکی ئاسایش ئەوەی کە وڵاتەکان هەست بە هیچ مەترسیەکی هێرشی سەربازی و گوشاری سیاسی یان ئابووری نەکەن و توانای ئەوەیان هەبێت بە ئازادی بە پیر پێشکەوتن و گەشەکردنەوە بچن[2].

لە خوێندنەوەمان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت کە ئاسایش دیاردەیەکی کۆنەو بیرۆکەیەکی نوێ نیە لە ژیانی سیاسی دەوڵەتان و گەلاندا بەڵام مێژویەکی نوێیە لە زانستە سیاسیەکاندا. ئاسایشی نەتەوەیی بوارێکی گرنگ و بایەخدارە بەزۆری لە لایەن سیستەمە سیاسیەکان و حکومەتەکانەوە بەکار هێنراوە، بەڵام کاریگەرتر لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا بایەخی گرنگتری بەخۆوە گرتوە بەتایبەت دوای جەنگی دوەمی جیهانی بە شێوەیەکی ڕەها. لە بواری ئاسایشی جەنگ و تیرۆرەوە بوارەکانی ئاسایشی ئابووری و ژینگەو کشتوکاڵ و لایەنەکانی کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوە لەناو ئەم سیستەمی ئاسایشەدا. وڵات و نەتەوەو کۆمەلانی وڵاتیک پێویستی بە ئارامی و ئاسایش هەیە بۆ ناوخۆ کە گشت ئاستەکان دەگریتەوە، لە هەڕەشەی دەرەکیش. هەروەها ئازادی سیاسی و ئابووری، مافی مرۆڤ (مافی تاک و کۆمەڵ)، لێبوردەیی ئاینی بەڵام سنوردانان بۆ فەناتیزمی ئاینی و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی. پەیڕەوکردنی ئەو تیۆرەش کە ئازادی سیاسی ئاسایش دروستدەکات بەڵام بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵات و دەوڵەتە. ئاسایشی نەتەوەیی بەواتا ئاسایشی تاکەکانی کۆمەڵیش دەگریتەوە. کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکەکەیەوە دەستپێدەکات[3].

[1]کاروان فارس ئیسماعیل ، ڕۆڵی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییدا ، سلێمانی ، 2007 ، ل. 5.

[2]ژیوار ڕەسوڵی ، کوردستانی نوێ ، پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی ، 30.10.2010.

[3] Claudia Felber , Der Einfluss der Neuen Weltordnung und der Nationalen Sicherheitsstrategie auf die UNO , 2009, S.12.

## باسی دووەم
## ڕەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئاسایش

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ئاسایش گرنگە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە ڕەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئەو بوارە بدرێت کە بریتین لە ڕەهەندی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگە، هەروەها ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی.

یەکەم: ڕەهەندی سیاسی: پارێزگاریی لە کیانی سیاسی دەوڵەت دەکات.

دوەم: ڕەهەندی ئابووری: کەش و هەوای گونجاو بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی گەل و تەوفیر کردنی ڕێگەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆی[1].

سێیەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: مەبەستی ڕەخساندنی ئاسایشی هاوڵاتیان و گەشەپێدانی هەستکرد بەوەی کە سەربوون و پشتیوانیکردن زیاد دەکات و هەستکردن بە ئینتیمابوون.

چوارەم: ڕەهەندی ئایدۆلۆژی: ئازادی هزرو بیروباوەڕەکان زامن دەکات و داب و نەریت و بەهاکان دەپارێزێ.

پێنجەم: ڕەهەندی ژینگە: زامنکردن دژی مەترسیەکانی ژینگەو پاراستنی، بەتایبەتی دەربازبوون لە شتی بێکەلکی بێسوود کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە. بەڵام دارشتنی ئاسایش لەبەر رۆشنایی چوار بنەمای بنچینەیی ساز دەبێت کە بریتین لە :

یەکەم: پەی بردن بە هەڕەشەکان جا دەرەکی بن یان ناوخۆ و ئامادەکردنی سیناریۆ و کار ڕایی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی.

دوەم: وێناکردنی ستراتیژیەتێک بۆ گەشەپێدانی هێزەکانی دەوڵەت و پێویست بوون بەرەو دەرچوونی زامنکراو.

سێیەم: ڕەخساندنی توانای ڕوبەڕوبونەوەی دەرەکی و ناوخۆ بە بنیاتنانی هێزی چەکدارو هێزی پۆلیس کە توانای بەگژداچوون و ڕوبەڕوبونەوەی ئەم هەڕەشانەی هەبێت[2].

## باسی سێیەم
## واتای ئاسایش لە سیستەمی سیاسیدا

لە دیدی وەزیری پێشوی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێنری کیسنجەر ئاسایشی نەتەوەیی بەواتای هەر کردارێکی کۆمەڵ کە بەرێگەیەوە تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی مافی خۆی بۆ مانەوە[3]. یەکێک لەو کەسە ناسراوانەی کە دەربارەی ئاسایش نوسیویەتی بریتیە لە (ڕۆبێرت

---

[1] مسعود حمید اسماعیل ، الامن القومي الكردي و سبل حماية جنائيا ، السليمانية ، 2008 ، ص. 35

[2] http://www.juraforum.de/lexikon/foederalismus

[3] Hippler, Jochen: Unilateralismus der USA als Problem der internationalen Politik, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, b 31-32/2003, S.17.

مکنمارا) وەزیری بەرگری پیشوی ئەمریکی و یەکێکە لە بیریارە مەزنەکانی بواری ستراتیژی. لەکتێبەکەیدا (جەوهەری ئاسایش)، دەنوسێت: "ئاسایش بەواتای گەشەیە کە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرێتەوە لە پاڵ پاراستنی مەزمون[1]".

ئاسایشی ڕاستەقینەی دەوڵەت لە مەعریفە قولەکەیدا بۆ ئەو شتانە هەڵدەقولێت کە هەڕەشە لە توانا جۆراوجۆرەکان دەکات، ئەو شتانەی کە دەیەوێ گەشە بەتواناکان بدات لە سەر ئاستی سەرجەم بوارەکاندا بۆ ئێستەو بۆ ئایندە. ئاسایش دەبێت فاکتەری نەهێشتنی ترس بێت، ترس بە واتا گشتیەکەی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئیتر بۆ سەر ئاستی ناوخۆ بێت یان دەرەکی بۆ ئەوەی مرۆڤ ناچاری ئەوە نەبێت پەنا بەرێتە بەر زەبروزەنگ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. بەپێی توانا دورکەوتنەوە لە فیکری جەنگ و تیرۆر بۆ ناوخۆ و بەرامبەر دراوسێکانیش. ئەمانە هەمووی بابەتی ئاسایشن و کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ئاسایش. نەتەوەیەک ئاسایشی هەیە ئەگەر بەرژەوەندیە شەرعیەکانی خۆی نەکاتە قوربانی. توانای نەتەوەیەک کە بەها ناوخۆیەکانی خۆی لەبەردەم هەرەشەی دەرەکیدا بپارێزێت. بۆ پاراستنی ئازادیە سەرەکیەکان و مافەکانی گەل پێویستە ڕەچاوی زەمان کردنی پێکەوە ژیانێکی ئاسایشانەی هەموو مرۆڤەکان بکرێت. هەروەها زەمان کردنی ئاسایشی دامودەزگاکانی وڵات و بەرەنگاربونەوەی مرۆڤ کوژیی. ئەم ئامانجانە پێویستە بەهۆی نەهێشتنی لاوازی و کەموکورپەکان لە سیستەمی ئاسایشی ناوخۆ بەدەست بهێنرێن. بەواتا ئاشتی لە ئاسایشدا[2].

لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکان لە هەیکەلی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی لە فراوانبوونی بۆ دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەروەها فراوانبوونی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و سەربازی دەوڵەتەکان و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لە گشت بوارەکانی ژیان چیتر بەتەنیا هێزی سەربازی دەوڵەت کاریگەر نەبوو بەڵکو جگە لەوە توانای ئابووری و سیاسیش ڕۆلی کاریگەری بینیوە[3]. فاکتەرە سەرەکیەکانی پشت ئەم ئاڕاستەیە دەرئەنجامی جەنگی دوەمی جیهانی و پێشکەوتنە زانستیەکانی سەردەم بوو کە بووە هۆی دروستبوونی گرفتی ئاسایشی هاوبەش و گۆڕینی ئەرکی دەوڵەت لە دانانی بەرنامە بە ئامانجی پارێزگاری کردن لە کیانی سیاسی و ئابووری ناوخۆ هەروەها میحوەرەکانی جەنگ و ئاشتی و بازرگانی نێودەوڵەتی ئەمەیان وەک میحوەری دەرەوە. سیستەمی دوو جەمسەریی لە ئەنجامی جەنگی دوەمی جیهانی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە پێوەری باڵادەستیی تەکنیکی و پیشەسازی و توانای سەربازی و سەیتەربوونی سیاسی و بەرفراوانبوونی جوگرافی

---

[1] Robert S. McNamara, with Brian VanDeMark: In Retrospect. The Tragedy and Lessons of Vietnam, Random House, Inc., New York 1995; P. 143. ڕۆبێرت مکنمارا لە ساڵی 1961 ـ 1968 وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو

[2] Hippler, Jochen: Die Neue Weltordnung, Hamburg, 1991, S.87.

[3]) د. نوار الخیری ، اتجاهات الامن الاوروبی بعد انتهائ الحرب البارده ، بغداد ، رساله دکتۆرا ، 2001 ، ص. 8 ـ12.

و چڕی دانیشتوان دەناسرایەوە. بواری ئاسایش بەپێی ئەم بۆچوونە ئاسۆیەکی پەرەپێدانی فراوانی گرتەخۆ[1].

یەکێک لەوانەی پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات بریتیە لە رۆبێرت مکنمارا کە باوەری وایە بەتەنیا هێزی سەربازیی نابێتە دەستەبەر کردنی ئاسایشی دەوڵەت. لەناو دەوڵەت ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆ نایەتەدی بەبێ پێشکەوتنی ئابووری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە ئەمانەش دەبنە هۆی بونیاتنانی هێزی سەربازیی بەهێز کە بتوانێت لەکاتی پێویست بەکار بهێنرێت بۆ خۆپاراستن چونکە هێزی سەربازیی بریتی نیە تەنیا لە جبە خستن. ئاسایش بریتیە لە پەرەپێدان و بێ ئەم هیچ مەودایەک نیە بۆ باسکردن لە ئاسایش. بەڵام ئاسایش بە تەنیا بریتی نیە لە پەرەپێدانی سەربازیی بەڵکو ئەوە تێگەیشتنێکی فراوانەو زۆر لایەن دەگرێتە خۆ، لەوانە ناوخۆ، دەرەوە، ئابووری، هەروەها لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سەربازیی. ئاسایشی ڕاستەقینە ئاسایشی مرۆڤەکانە کە بریتیە لە بنەمای ئاسایشی کۆمەڵ و ئەوەش پەیوەستە بە توانای دامودەزگا سیاسیەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری ناوخۆ، هەروەها سەربەخۆیی وەک دیوی دەرەوە. ئەم بۆچونە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگە بریتیە لە ناوەڕۆکی دەوڵەت و سەرچاوەی بوونی. هەربۆیە پاراستنی کۆمەڵگە لە هەر هەڕەشەیەک لە ڕیزی پێشەوەی ئامانجە ستراتیژیەکانە. بۆیە ناتوانرێت باس لە ئاسایشی دەوڵەت بکرێت ئەگەر ئاسایش بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر نەکرێت کە پەیوەستە بە سنوری سیاسی و یاسایی کە بەسترابێتەوە بە پەیوەستبوون (وەلا) بۆ نەتەوە ئەوەش نایەتە دی ئەگەر ئاسایشی تاک نەیەتە دی کە بریتیە لە کۆمەڵگە. کەواتە بۆئەوەی دەوڵەت ئاسایشی هەبێت دەبێت تاکی کۆمەڵگە هەست بە ئاسایش بکات لە ڕێگەی چاکسازی لە بارودۆخی ماددی و مەعنەوی. هەر بەم شێوەیە وەلای تاک بۆ کۆمەڵگەکەی سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەش بەستراوەتەوە بە توانای دامودەزگاکان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی سیاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی هەموو ئەو گرفتانەی تووشی کۆمەڵگە دەبنەوە[2].

باسی چوارەم
دۆخی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەرئەنجامەکانی

لە سەردەمی جەنگی سارداو کێبرکێی چەکی ئەتۆمی نەک بەتەنیا هەردوو بلۆکی رۆژهەلات و رۆژئاوا بەڵکو ئاسایشی جیهان هەمووی لەمەترسیدا بوو. ئاسایشی مرۆڤەکانی جیهان لەبەردەم جەنگی ئەتۆمیداو هەڕەشەی داگیرکردنی وڵاتان و بەرپاکردنی جەنگ و تیرۆر و

[1] د. عبدالقادر محمد فهمی ، فی مفهوم الامن القومی ، مجله الامن القومی ، بغداد ، 1988 ، ص. 69.
[2] ڕوبیرت مکنمارا ، جوهر الامن ، ترجمه یونس شاهین ، القاهره ، 1970 ، ص. 41 ، 105-125.

قەیرانی ئابووری و ژینگەو ئەنجامەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەموو ئەمانە پەیوەندی بە بواری ئاسایشی نێودەوڵەتیشەوە هەیەو چارەسەرکردن و تەشەنە نەکردنی ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بووە بەپێی یاسا نوسراوەکانی و هەروەها دەوڵەتە ئەندامەکان تێیدا[1].
سەبارەت بە ئاسایشی نێودەوڵەتی لێرەدا ئاماژەیەکی کورت ئەدەم بەباری دانیشتوانی سەر گۆی زەوی و قەیرانی ژینگەو ئەنجامەکانی بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی.




خشتەی ژمارە 1

دابەشبوونی زەوی بە پیت بەسەر دانیشتوانی زەوی لە ماوەی 1950 ـ 2050
سەرچاوە: گۆڤاری شپیگل، ژمارە 31، 2009
ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی 1950، 2.5 ملیار مرۆڤ بوە کە هەر مرۆڤێک 5600 مەتردوجا زەوی بەرکەوتوە. لە ساڵی 2000 ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە 6.1 ملیار و هەر مرۆڤێک 2300 مەتردوجا زەوی بەرکەوتوە. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی 2050 ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دەگاتە 9,1 ملیار مرۆڤ، هەر مرۆڤیک 1500 مەتردوجا زەوی بەردەکەوێت. بەواتا لە سی و پێنج ساڵی تردا زەوی دەبێت نزیکەی (3) ملیاد مرۆڤ زیاتر بگرێتە خۆی وەک لەوەی ئەمڕۆکە هەیە. لە 20 ساڵی ئاییندە پێویستی خواردن بۆ جیهان بەرێژەی 50% بەرز دەبێتەوە[2]. لە وڵاتێکی وەک چین کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە یەک ملیار مرۆڤە دەبێت ¾ ی دانیشتوانەکەی لەسەر ¼ ی ڕووبەری چین بژی چونکە تەنیا ئەم ناوچەیە گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و کێلاندن و بەکشتوکال کردنی زەوی. بە باران نەبارینێکی دوو ساڵە دەکرێ برسیەتی لەم دەوڵەتە گەورەیەدا ڕوووبدات. هەموو ئەمانە بۆ ئاسایشی ناوخۆو نێودەوڵەتییش و ئاسایشی

[1] د. نجدت صبری ئاکرەیی ، ص. 170 – 175.
[2] Daase, Christopher, Wandel der Sicherheitskultur, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, APuZ 50/2010, S. 9 - 16.

خۆراک قەیران دروستدەکات و بێئەنجام نابێت. لێرەدا ئاسایشی دانیشتوان و ئاسایشی خۆراک و ژینگەش دەبنە بەشێک لە ئاسایشی نێودەوڵەتییش.

زەوی کشتوکاڵ بەتایبەت لە ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کەمبونەوەدایەو هەروەها نرخیشی گرانترە. لەبەر ئەوە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە وڵاتە هەژارەکان زەویەکی زۆر بە نرخی هەرزان دەکڕن و خواردنی لەسەر بەرهەم دەهێنن و دەینێرنەوە وڵاتەکانی خۆیان و لێرەدا نرخی کەمتر دەکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو وڵاتە هەژارانە خۆیان بەدەست هەژاری و کەم خواردنیەوە دەناڵێنن. "حکومەتی سۆدان بۆ ماوەی 99 ساڵ، ملیۆن و نیوێک دۆنم لە باشترین زەوی کشتوکالی فرۆشتوە بە دەوڵەتەکانی کەنداو بەڵام ئەوەی ناکۆکە بەخۆی لێرەدا ئەوەیە سۆدان گەورەترین وەرگری یارمەتی دەرەکیەو ژیانی 6 ملیۆن مرۆڤ بەندە بەیارمەتی خۆراکی دەرەکیەوە"[1]. لە وڵاتە هەژارەکان وەک هند و بەنگلادش وەک لە زۆرێکی تری هاوشێوەی ئەم وڵاتانە دیاردەی کۆچ و ڕەو هەیە لە گوندەوە بۆ شار. دیاردەیەک کە بێئەنجام نیە بۆ سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەلکی وڵات. هەموو ئەمانە کاریگەریی خراپی خۆی هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراکیش.

باسی پێنجەم
ئاسایشی نێودەوڵەتی لەژێر هەڕەشەدا

لە 200 ساڵی ئەم دواییەی مێژودا مرۆڤایەتی زەوی و ژینگەی بەقەد ئەو چەند ملیۆن ساڵەی پێشووی خۆی وێرانکردوە کە لەسەری ژیاوەو جەنگێکی بێبەزەیی بەرامبەری هەڵگیرساندوە. مرۆڤایەتی بە جۆرێک لەگەڵ زەوی و ژینگە ڕەفتار دەکات هەروەک ئەم دوا نەوەی ئەم سەر زەویە بێت[2]. سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی شەڕو تێکۆشان بووە لە پێناوی ژیان و مانەوەی لەسەر ژیان. چارلس داروین لێکۆلینەوە زانستیەکەی (خەبات لە پێناوی مانەوە) وەک بوونی پرەنسیپێکی سروشت دۆزیەوەو ئەنجامدا. مرۆڤیش لەم پرەنسیپە بەدەر نیە. مرۆڤ هەمیشە لەبارودۆخی جەنگدا بووە. پێشەکی جەنگێک بوە دژ بە مەترسیە سروشتیەکانی بیئە، وەک دوژمنێک بەرامبەر مرۆڤ، بەڵام جەنگێک بووە لە هەلوێستی لاوازیەوە بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام دواتر بۆتە جەنگی مرۆڤ دژ بە یەکتر لە پێناوی زەوی و کەرەسەی خاودا. لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بەتایبەت لە ساڵی 1945 وە جەنگێکی سەرانسەریی مرۆڤ هەیە دژ بە ڕوتاندنەوەی زەوی و ژینگە. ئەم شتە هەناسەیەکی دا بەمرۆڤ، بەڵام هەناسەیەکی گەورەی

[1] گۆڤاری شپیگلی ئەڵمانی ، ژمارە 31 ، ئاسایشی خۆراک ، 2009 ، ل.87.
[2] هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل. 86.

لەزەوی دایک بڕی. ئەمەیان بێدەنگترین جەنگە مرۆڤ دژ بە ژینگە ئەنجامی ئەدات بەڵام کاردانەوەکانی دواتری ژینگە قورس دەبێت لەسەر مرۆڤایەتی. هەربۆیە ئەوە بە مەترسیدارترین جەنگ دەبینرێت چونکە کە زەوی و ژینگە وێران بوو بەواتا بنچینەو سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ خۆیشی و لەگەڵیشیدا ئاسایشی نەتەوەییش وێران دەبێت و مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتیش[1].

تەوەری دوەم

باسی یەکەم

ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

دەرکەوتنی تیۆرەکانی ڕەتکردنەوەو سەقامگیری و دواتر پێکهاتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1974، لەو ڕێکەوتەوە تێگەیشتن لە ئاسایش بە ئاستە جیاوازەکانیەوە بەپێی سروشت و بارودۆخی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەکارهێنراوە. لە دیدی دەسەڵاتی سیاسی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەگشتی. لەلایەکەوە لە دیدی ڕۆژئاواوە ئەم چەکە لە دەستی لایەنێکی ئەمیندا نیەو لەلایەکی ترەوە بەهەڕەشە دادەنرێت بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکا، هەروەها لە لایەن ئێرانەوە وەک کارت و چەکێکی سیاسی بۆ سیاسەتی بەرفراوانکردنی دەسەڵات بەکار دەهێنرێت.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، دوەم گەورەترین بۆری نەوت لەجیهاندا بەدرێژایی 1800 کم ڕۆژانە زیاتر لە ملیۆنێک و سێ سەد هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە ئازەربایجانەوە بە جۆرجیادا دەباتە تورکیا. ئەم بۆری نەوتە بە دەستپێشخەری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دژ بەویستی ڕوسیا دروستکرا. لەوە دەچێت ئەوە لە ناکۆکیەکانی ناوچەی قەفقاسدا ئامانجە ستراتیجیەکە بێت و گوزارشت لە سیاسەتی نوێی داگیرکردن بکات بۆ روسیای ئەمرۆ. ئەمەش (نەوت و ئابووری) دەچێتە بواری ئاسایشی ڕۆژئاواو ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا[2].

[1] د. سالار باسیرە ، گۆڤاری نێوەند ، جەنگی مرۆڤ دژ بە ژینگە ، ژمارە 31 ، 2010 .

[2] Neuneck, Götz: Hypermacht USA: Von der Abschreckung zur Präventiven Kriegsführung?, in: Vierteljahresschrift für Sicherheit und Frieden, 2009, 3, S.141f.

ئەمریکا لە هێرشی دژی تالیبان و قاعیدە، هەروەها لە داگیرکردنی عێراقدا گەڕایەوە بۆ بەڵگەی مافی بەرگری کردن لەخۆو لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەییداو دەکرێ ئەم سیاسەتە بە یاسایی کردنی بکرێت. بەڵام بۆ ئەمریکا ئاسایشی نەتەوەیی بەتەنیا قاعیدەو ئیرهاب نیە بەڵکو ئابووری و سیاسەتی دەرەوەشە. ئەمەیان نەگۆڕەو پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە ئیتر هەر لایەنێکی سیاسی لە ئەمریکا لەسەر دەسەڵات بێت.

نیکاراگوا وڵاتێکی هەژارە بەڵام کاتێک ساندینیستەکان بە شۆڕش هاتنە سەر حوکم و ڕژێمی سۆمۆزایان ڕوخاند، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەو دیاردەیەی بە مەترسی لە قەلەمدا بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی چونکە دەکرا ئەم شۆڕش و ئایدیایە لەپاڵ ئەوانەی سەلفادۆرو کوبا تەشەنە بسێنێت لە ناوچەی ناوەراست و خوارووی ئەمریکاو ناوچەی کاریبی و کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا هەبێت لە ڕووی ئابووری و سیاسی و هاتوچۆی بازرگانی و گواستنەوەی چەک و نەوت و لەدەستدانی کاریگەریی لەسەر ئەو دەوڵەتانە کە لەپاڵ فاکتەرەکانی تردا سەرچاوەی کەرەسەی خاوی گرنگن بۆ مەبەستی سەربازی و تەقەمەنی، ئەوە بێگۆمان لە دیدی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیشەوە هەیە[1].
بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کاریگەری لەسەر بازاری ئەوروپاش هەیە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کالای ئەمریکا لێرەش ساغ دەبێتەوە. هەربۆیە لە جەنگی دوەمی کەنداویشدا پاراستنی ئەورووپاش کرایە ئامانج و نەهێڵدرا عێراق دەوڵەتی کوێت بۆ هەمیشە داگیر بکات و مامەلە بەنرخی نەوت و پاشەکەوتی نەوت بکات لە بازاڕەکانی جیهاندا. ناردنی نەوت بۆ یابان نزیکەی 70% ی بە گەروی هۆرموزدا دەروات. ئێران لە جەنگی یەکەمی کەنداودا هەڕەشەی داخستنی ئەو گەروەی دەکرد بۆ مەبەستی بەنێودەوڵەتی کردنی کێشەکە چونکە ئێران باش دەزانێ ئەوە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش هەیە چونکە 25% ی کالای ئەمریکاش لەیابان ساغ دەبێتەوە[2].

باسی دوەم
یەکەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
یەکەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە 1947/7 لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی ئەوکاتە (هاری ترومان) دروستبوو، جێگرەکەی (ئالبن بارکلی) سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی دەکرد. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە (ئالبن بارکلی) لە یەکەم لێکۆڵینەوەکەی

[1] Krakau, Knud: Die Lateinamerika – Politik der USA. In: Aus Politik und Zeitgeschichte 9/1986, S. 31
[2] Czempiel , Ernst-Otto , Die amerikanische Weltordnung, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, B48/2002, S. 3.

سەبارەت بە بارودۆخی جیهان کاریگەریەکی کاریگەرانەی هەبوو. لە پڕۆژە یاسای ژمارە 68 ی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە 1950/4/14 تەوسیەی سەرۆکی ئەمریکای کرد کە خەرجی سوپا بەتوندی زیاد بکات بۆ تەسک کردنەوەی کاریگەری کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی جیهان بکاتەوە. دوای دواخستنێکی زۆر سەرۆکی ئەمریکا هاری ترومان ڕەزامەندی لەسەر تەوسیەکان، دوای دەستپێکردنی جەنگی کۆریا دەربڕی. لێرەدا دەبینرێت کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتێک زۆربەی کات لە باکگراوندا کاریگەریی خۆی هەیە[1].



بارەگای سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
قەوارەی بیناکەو دەوروبەر گرنگی دەزگاکە نیشان ئەدات)

دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (of USA National Security Agency)گەورەترین و لە ڕووی داراییەوە بەباشترین شێوە ئیدارە دراوە. ئەم دەزگا بەرپرسە ڕۆل دەبینێت لە چاودێری کردنی سەرانسەریی لە جیهاندا بۆ کردنەوەی نهێنیەکانی پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکانیش و بەشێکە لەIntelligence Community کە سەرجەم گەیاندنی هەوال (هەواڵگری) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای تێدا کۆدەبێتەوە. دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڕووی تەکنیکی و دەسەڵاتەوە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی) Department of Defense بەشی بەرگری) بەڵام لە ڕووی ئۆپەڕاسیۆنەوە ڕاستەوخۆ خراوەتە ژێر دەسەڵاتی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (National Security Advisor)کە هاوکاریی دەسەڵات (کاربەدەستان) دەکات بە بریارو زانیاریە هەواڵگریەکانی. ئەنجومەنەکە، کە سەرۆکی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات بۆ کاروپلان و کارپیکردنی سیاسەتی

[1] „http://de.wikipedia.org/wiki/Nationaler_Sicherheitsrat_der_Vereinigten_Staaten".

دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت و بەردەوام لە کۆشکی سپی لە واشنتن دی سی کۆبونەوەکانی خۆی ئەنجام ئەدات[1].

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە باری ئاسابیدا لە سەرۆکی دەوڵەت و جێگرەکەی، وەزیری دەرەوە، وەزیری بەرگری، بەرێوەبەری نوسینگەی پلاندانانی فریاکەوتن Office for Emergency Planning، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها لە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی (CIA ) و بەرپرسی Joint Chiefs of Staff (هیئە الارکان المشترکە) پێکهاتوەو لە دۆخی پێویستدا کارمەندی تری پایەدار دەهێنرێتە ناوی[2].
دەزگای هەواڵگری لێرەدا ڕۆلێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت بۆ سەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی. هەموو زانیاریەکی هەلە دەکریّ ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە بۆ سەر بڕیارەکانی دەسەلاتی سیاسی، بۆنمونە لەسەر ئاستی یاسای دژە تیرۆر و سیاسەتی دەرەوە. ئاماژە بە پلانێکی کۆشکی سپی دەکرێت بۆ سەرلەنویّ ڕێکخستنەوەی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا(CIA) . بەرپرسی دەزگاکە دەتوانێت سیاسەتی تایبەت بەخۆی پێشکەش بە سەرۆکی ئەمریکا بکات و دەبێت خاڵی هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ئەو 16 ئاژانسە هەواڵگریەی کە لە ئەمریکا کاردەکات. بەپێی ئەم ڕێکخستنەوەیە کە نزیکی ساڵێکی پێچوە بەرپرسەکانی هەواڵگری پێکەوە کار دەکەن، بەلام هەریەکەیان مافی ئەوەی دەبێت داوای هاوکاری لە دەزگا هەواڵگریەکانی دەرەوەی ئەمریکا بکات. ئەمەش پێشتر تەنها لەدەسەلاتی (CIA) بوە"[3].
شێوەو پێکهاتەی دامودەزگاو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ولاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆرێت، بەلام لە ناوەڕۆکدا دەبێت بریتی بێت لە پاراستنی ئاسایشی وڵات و نەتەوە بەپێی بۆچوونی دەسەلات. بۆنمونە هەردوو پارتی دەسەلاتدار CDU, CSU ی ئەڵمانیا دەیانەویّ لەسەر شێوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی پێکبهێنن بۆ مەبەستی جەنگی دژە تیرۆر. بەلام بیروبۆچونەکە لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبە ڕوبەرووی ڕەخنەی توند بۆتەوە. سۆشیال دیموکراتەکان حیزبی یەکێتی مەسیحیە دیموکراتەکان (CDU) گوناهبار دەکات بە ئەمریکایی کردنی سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی ئاسایشی ئەڵمانیا. هەروەها ئۆپۆزیسیۆن ئەم پلانە بەتوندی ڕەتدەکاتەوە بە بەڵگەی ئەوەی بارودۆخی ئەڵمانیا ئەوەی ئەمریکا نیە.

[1] Claudia Felber, Der Einfluss der Neuen Weltordnung und der Nationalen Sicherheitsstrategie auf die UNO - ein Vergleich , Frankfurt , 2009 , S. 13.
[2] Krause, Joachim/Irlenkaueuser, Jan/Schreer, Benjamin: Wohin gehen die USA? Die neue Nationale Sicherheitsstrategie der Bush-Administration, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, Wuppertal, B. 48/2002, S.42f..
[3] www.geheimdienste.org/usa.html

## باسی سێیەم
## ( ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی سەردەمی دەسەڵاتی جۆرج بووش وەک وەرچەرخانێک )

لە 17.9.2002 پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن دەسەڵاتی جۆرج بوشی ئەو کاتەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بلاوکرایەوە. لە ساڵی 1986 وە لە ئەرکەکانی سەرۆکی ئەمریکایە بەرنامە ئاسایشە سیاسیەکەی لە دیۆکومێنتێکی لەم جۆرە دابرێژێت و هێڵەکانی سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی سیاسی تێیدا دەست نیشان بکرێت. تایبەتمەندی ئەم پرۆژە ستراتیژیە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە ئامادەکراوەو گرنگی لە کاتەکەیشیدا هەیە چونکە پەیوەندی بە یەکەم ڕەشنوس و پلانی هەردوو سیاسەتی ئاسایش و دەرەوە هەیە دوای روداوەکەی 11 سەبتەمبەری 2001. ئەم پرۆژەیە ئامانجە بنەڕەتیەکانی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەخۆ دەگرێ و هەروەها ئامرازەکانی پراکتیزە کردنی. هەروەک لە ئایدیاکانی سیستەمی نویی جیهانیی، لەمەشدا بۆچوونی ئەمریکی خۆی دەدۆزێتەوە کە دەسەڵاتەکە جگە لە بۆ بە سەلامەت کردنی ئاسایشی خۆی هەمیشە بۆ ئەوەش بەکار بهێنرێت لێپرسینەوەی نێودەوڵەتییش بگرێتە خۆی بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەمریکا تاکە زلهێزە بتوانێ بەم کارە هەستێت. ئەم ڕۆلە لەلایەن ئەمریکاوە وەک داواکاریەک لێی دەبینێت. لە بابەتە سەرەکیەکانی ستراتیژیەتەکە جەنگی دژ بە چەکی کۆکوژی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتیە بەڵام بەرگری کردن لە وڵات لە توخمە سەرەکیەکەی بەرنامەکەیە[1].

جگە لەوە دەسەڵاتی بوش باس لە ئینتەرناسیۆنالیزم دەکات بەڵام دەبێت بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای پێوە لکابێت. هەروەک هەمان بارودۆخی دوای کۆتایی جەنگی سارد حکومەتی ئەمریکی لەدوای 11 سەبتەمبەری 2001 مامەلەیەکی زۆر پربایەخ بە هاوشەریک و هاوپەیمان دەکرد. بەڵام لەناو ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی ئەم جۆرە بۆچونە دەربارەی پێویستیی هەماهەنگی ئەمریکا لەگەل لایەنەکانی تر نەهی لێدەکرێ کە لە مەترسی تەقدیرنەکراوی شەری تیرۆریزم پێویستی بە هاوشەریک و هاوپەیمانی هەمەلایەنە بکرێ[2].

کێشەکە بۆ ئەمریکا کێشەی کاتە، کێشەی ئەنجامدانی بەرنامەی ڕێکەوتن و کرداری خێرایە لەسەر ئاستیUN ، لەبەر ئەم هۆیەو لەم دیدەوە کرداری خێرا لەگەل دەوڵەتەکانی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە بۆ ئەمریکا گونجاو نابێت. ئەمە بەناچاری ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە هاوپەیمانیی دەوڵەتان و هەروەها تاک دەوڵەت دەبێت بریاری خۆی هەلبژێرێت بۆ ئەوەی

---

[1] Claudia Felber , S. 18.

[2] Kamp, Karl-Heinz: Von der Prävention zur Präemption? Die neue amerikanische Sicherheitsstrategie, in: Internationale Politik, 2007 , S. 57.

بتوانێت ئاسایشی خۆی بپارێزێت. کەواتە ئاسایشی ستراتیژی نەتەوەیی دوای تێکەڵەیەک کەوتووە لە ئاسایشی سیاسی کە کردار و چالاکی یەک لایەنەو هەروەها هەمە لایەنەش (هاوشەریک) دەگرێتە خۆی. هەروەها لە 16.3.2006 جۆرج بوش بەهەمان شێوە پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕاگەیاند لە (49) لاپەڕەدا کە سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش پێشەکیەکەی بۆ نوسیوەو بریتیە لە 11 بەش، تێیدا کار لەسەر ئەو بەرەنگاربونەوە سەرەکیانە دەکات کە ئەمریکا لە 11 سەبتەمبەری 2001 وە لەسەرانسەری جیهاندا بەرامبەر خۆی دەیبینێت. تێیدا جۆرج بوش بەوە دەست پێدەکات: "ئەمریکا لە جەنگدایە". بەوە چوارچێوە سیاسی/ مێژوییەکە دەست نیشانکرا بۆ ستراتیژیەتەکە[1]. ئەوە پێش هەموو شت ستراتیجیەتی جەنگە، بەواتا چۆن بە ئامرازی سەربازی بەرەنگاری هەڕەشە واقعیەکان، یان هەڕەشەو هێرشە ناڕاستە ساختەکراوەکان بکرێت. لە دیدە سەربازیەکەوە ئەم ستراتیجیەتە باس لەو تیۆرە ناسراوە دەکات شەڕی دوژمنەکە لە دەرەوەی وڵات بکرێ بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی نەبێت بگاتە ئەمریکا.

بەپێی ئەو بۆچوونە دەکرێ لێرەدا بوترێ ئەم جەنگەی لەسەر گۆڕەپانی عێراق یەکلایی دەکرێتەوە لەگەڵ قاعیدەو هاوشێوەکانی بەئامانجی سەرقاڵکردن و لاوازکردنی و خەرجی پێکردن و بۆ دوور خستنەوەی لە ئەمریکا بەشێکی گرنگی ئەم ستراتیژەیە.

ئەمریکایە دەیەوێت قەوارە بداتە جیهان نەک بەپێچەوانەوە. لێرەدا بۆچونەکانی بوش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوانەی سەرۆکەکانی پێشووی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (ترومان و ڕۆنالد ڕێگن) وەک وێنایەک بۆ دەسەڵاتی ئێستە. ئەو دوو هێڵەی کە ئەمریکا لەسەری باس دەکات بریتین لە "ئازادی و دادپەروەری و بەهای مرۆڤ لەسەرانسەری جیهاندا"، هەروەها باس لە شەڕی دژی زوڵموزۆر و بلاوکردنەوەی دیموکراسی و باش کردنی گوزەران دەکات. لەلایەکی ترەوە پێکەوە کارکردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دیموکراتەکانی جیهان. ئەم گوتاری کۆتاییە مەبەست لە ڕۆڵی سەرکردایەتیە کە بەر ئەمریکا بکەوێت. لە دوا دێڕی پێشەکی پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەییەکەدا سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: ئەمریکا دەبێت بەردەوام سەرکردە بێت. ئاسایشە نەتەوەییەکەی 2006 لەسەر بنەماکانی پێش ئەوەی 2006 دروستبوە. ئەو بارودۆخە گۆڕاوەی دەسەڵاتی ئەمریکا بەرامبەر خۆی دەیبینێت بریتیە لەوەی کە سەرکەوتن لە دژی هەڕەشە گەورەکانی سەدەی بیست لە فاشیزم و کۆمۆنیزم بەدەست هێنرا. لەم دیدەوە ئێستە لە شوێنی ئەوانە ئایدۆلۆژیایەکی تۆتالیتێر هاتۆتە کایەوە کە لەسەر ئاینێکی شانازی پێوەکراو وەستاوە. بەڵام نوسینەکە لە (لاپەرە 6) دا خۆی لە ئاماژە کردن بە ئیسلام، یان ئیسلامیزم لائەدات. لە

[1] Claudia Felber, S. 5.

بەشی یانزەدا باس لەوە دەکرێ کە ئەمریکا هەرچەندە هێزێکی گەورەیە بەڵام لە توانایدا نیە سەرجەم کێشەکان بەتەنیا خۆی چارەسەر بکات. بەم شێوەیە پێویستی بە هاوکار هەیە بەڵام تێیدا دوبارە جەخت لەسەر رۆلی سەرکردایەتی ئەمریکا دەکاتەوە بەوەی: "ئەمریکا دەبێت بەڕێگەی کردەوەو بە ڕێگەی وێنابوون سەرکردەیی بکات". لە بەشی پێنجەمدا لە لاپەرە 20 دا کە باس لە تەشەنە کردنی چەکی کۆکوژی دەکات لەم پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەییەی 2006 دا توندوتیژترین ئاماژە بە ئێران دراوە. دەنوسێت: "ڕژێمی ئێران خەرجی دارایی تیرۆریزم دەکات و هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات، لە هەوڵی ئەوەدایە پرۆسەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تێکبدات، پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا تیک ئەدات دژ بە خواستی گەلەکەی بۆ ئازادی.[1] "
ئامانجە سەرەکیەکانی ستراتیژیەتەکەی ئەمریکا نزیکەی هاوشێوەیە لەگەل ئەوانەی سیستەمی نوێی جیهانی، گەشەکردنی ئابووری جیهان و ئازادی بازرگانی نێودەوڵەتی... تاد. سەر بەم بەرنامەیەی ئەمریکان. بەم بەرنامەیە سیاسەتی ئاسایش و دەرەوەو بە کاریگەریی ئەم ئامرازە ئەمریکا بە دوای سیستەمێکی نوێی کۆمەلایەتی و سیاسیدایە لە جیهاندا. ئەم پرۆژەیە لە دیدی ئەمریکاوە لە ڕێگەی تەنیا ئەم زلهێزەی ماوەتەوەو دەکرێ ئەنجام بدرێ کە ئەویش ئەمریکایە، لەبەر ئەوە دەبێت لەم دیدەوە ئازادی مامەلەکردنی پێ بسپێردرێت و لە دیدی خۆیەوە هەوڵەکانی پۆزەتیفن هەربۆیە وای بۆ دەچێت کە شایستەی پشتگیری لێکردنە[2].

وفقا لأحكام كل تقرير لاستراتيجية الأمن القومي لولايات المتحدة الامريكية ينبغي أن تشمل خمسة مستويات:

1. مصالح وأهداف وطموحات الولايات المتحدة المتعلقة بسياسة الأمن القومي العالمية
2. السياسة الخارجية، وقدرات استخدام والدفاع العالمية، التي تعمل على ردع الهجمات على الولايات المتحدة القارية وتنفيذ الأهداف الخاصة
3. الحكومة الاتحادية في الولايات المتحدة تحوم التدابير السياسية والاقتصادية والعسكرية لتحقيق الأهداف المذكورة أعلاه.
4. مدى كفاية والتوازن بين جميع الإمكانات المتاحة المتضاربة للحكومة الاتحادية.
5. جميع واقفا في هذا الصدد، المزيد من المعلومات

على هذا النحو، يشترط القانون سوى تقرير أمني سنوي إلى الكونغرس، الذي يقدم مع مقترحات الميزانية، فضلا عن تقرير إضافي خلال 150 يوما بعد تنصيب كل رئيس. في الواقع، ومع ذلك، كل الرؤساء لديهم تقارير كل أربع سنوات والتوجيهي سياسة ضمانات لالحيازات الخاصة المزيد من الوزن على النحو أصلا.
اكتسبت أهمية وسمعة سيئة خاصة باسم "عقيدة بوش" ودعا استراتيجية الأمن القومي سبتمبر 2002، لأنها كانت الأولى من نوعها في أعقاب الهجمات الإرهابية في 11 سبتمبر 2001 ومنذ آخر تقرير الدفاع. قبل نشره، اندلعت التنويهات من ثم الرئيس جورج دبليو بوش في الخطب والبيانات المتعلقة

[1] Claudia Felber, S. 5.

[2] Hippler, Jochen: Die Neue Weltordnung, S. 86.

باحتمال مناقشات الحروب الوقائية على حد سواء في القطاعين العام العالمي وكذلك بين المراقبين الأمنية[1].

## دەرئەنجام

چەمکی ئاسایش لە مێژوی ژیانی مرۆڤایەتیدا چەمکێکی دێرینەو لەگەل بوونی مرۆڤدا ئەمیش بوونی هەبووە، بەڵام کۆمەڵگە لە شێوازێکی سادەوە گەشەی کردوە بۆ شێوازێکی ئالۆزترو بەم جۆرە شێوازی ئاسایشیش گۆڕاوە. لە خوێندنەوەمان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت کە ئاسایش دیاردەیەکی کۆنەو بیرۆکەیەکی نوێ نیە لە ژیانی سیاسی دەوڵەتان و گەلاندا بەڵام مێژویەکی نوێیە لە زانستە سیاسیەکاندا. ئاسایشی نەتەوەیی بوارێکی گرنگ و بایەخدارە بەزۆری لە لایەن سیستەمە سیاسیەکان و حکومەتەکانەوە بەکار هێنراوە، بەڵام کاریگەرتر لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا بایەخی گرنگتری بەخۆوە گرتوە بەتایبەت دوای جەنگی دوەمی جیهانی بە شێوەیەکی رەها.

جودا کردنەوەی ئاسایشی حیزب لە ئاسایشی نەتەوە پێویستە. پێشتر نەتەوە دواتر حیزب چونکە ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی حیزبیش لەخۆ دەگرێت. دیموکراسیەت و ئازادی بیروڕا بە خزمەتی ئاسایش دەگەرێتەوە. هەروەک چۆن ئاسایشی کۆمەڵایەتی بایەخی خۆی هەیە، هەر بەم جۆرە ئاسایشی ئابووریش گرنگە، بۆنمونە گەشەی کشتوکاڵ ئاسایشی خۆراکیش لەخۆ دەگرێت کە پایەیەکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە. دەستەبەر کردنی ئاسایشی خۆراک بە دەستەبەر کردنی ئاسایشی ئاو. ئاو چەک و کارتی سیاسیشە. هەروەها گەشەپێدان و پاراستنی ژینگە ڕۆڵ و کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی. شێوەو پێکهاتەی دامودەزگاو ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتێکەوە بۆیەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەبێت بریتی بێت لە پاراستنی ئاسایشی وڵات و نەتەوە.

لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بەتایبەت لە ساڵی 1945 وە جەنگێکی سەرانسەریی مرۆڤ هەیە دژ بە ڕوتاندنەوەی زەوی و ژینگە، دیاردەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتیش.

لە دوای دروستبوونی فرە جەمسەریەوە، دوای کۆتایی جەنگی سارد، حکومەتی ئەمریکی هەرچەندە پێویستی بە هاوپەیمان هەیە، بەڵام سەبارەت بە ئاستی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەیەوێ ئەم رۆڵە بچێتە ژێر سەرکردایەتی ئەمەوە وەک زلهێزێکی نێودەوڵەتی. لە دیدە

[1]) https://de.wikipedia.org/wiki/Nationale_Sicherheitsstrategie_der_Vereinigten_Staatenوەرگێڕانی بۆ عەرەبی لە زمانی ئەڵمانیەوە بە ریگای وەرگێڕی گوگڵەوە.

سەربازیەکەوە ستراتیجیەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا باس لەو تیۆرە ناسراوە دەکات لە دەرەوەی وڵات شەڕی دوژمنەکە بکرێ بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی نەبێت بگاتە ئەمریکا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- کاروان فارس ئیسماعیل، ڕۆڵی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەییدا، 2007.
- کۆمەڵێک پسپۆر، ئاسایشی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی: قادر وریا.


### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


- د. نجدت صبری ئاکرەیی، الاگار القانونی للامن القومی، 2009.
- مسعود حمید اسماعیل، الامن القومی الکردی و سبل حمایتە جنائیا، السلیمانیە، 2008.
- د. نوار الخیری، اتجاهات الامن الاوروبی بعد انتهاو الحرب البارده، ر ساڵە دکتۆرا، 2001.
- د. عبدالقادر محمد فهمی، فی مفهوم الامن القومی، مجلە الامن القومی، 1988.
- روبیرت مکنمارا، جوهر الامن، ترجمە یونس شاهین، 1970.


### سەرچاوەکان بە زمانی ئەڵمانی


- Claudia Felber , Der Einfluss der Neuen Weltordnung und der Nationalen , Sicherheitsstrategie auf die UNO, 2009.
- Czempiel, Ernst-otto, Die amerikanische Weltordnung, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, B48/2002.
- Daase, Christopher (2010): Wandel der Sicherheitskultur, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, 2010.
- Hippler , Jochen , Die Neue Weltordnung,1991.
- Hippler, Jochen: Unilateralismus der USA als Problem der internationalen Politik, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, b 31-32/2003.
- Kamp, Karl-Heinz: Von der Prävention zur Präemption? Die neue amerikanische Sicherheitsstrategie, in: Internationale Politik, 2007.
- Krause, Joachim/Irlenkaueuser, Jan/Schreer, Benjamin: Wohin gehen die USA? Die neue Nationale Sicherheitsstrategie der Bush-Administration, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, Wuppertal, B. 48/2002.

• Krause, Joachim / Irlenkaueuser, Jan/Schreer, Benjamin: Wohin gehen die USA? Die neue Nationale Sicherheitsstrategie der Bush-Administration, in: Aus Politik und Zeitgeschichte, 2002.
• Krakau, Knud: Die Lateinamerika – Politik der USA. In: Aus Politik und Zeitgeschichte 9/1986.
• Münkler, Herfried: Elemente einer neuen Sicherheitsarchitektur, in: IP – Internationale Politik, Heft 5/2007.
• Neuneck, Götz: Hypermacht USA: Von der Abschreckung zur Präventiven Kriegsführung?, in: Vierteljahresschrift für Sicherheit und Frieden, 2009.
• Robert S. McNamara, with Brian Van DeMark: In Retrospect. The Tragedy and Lessons of Vietnam, Random House, Inc.,1995.
• Uni Kassel, AG Friedensforschung, 2001.

گۆڤار

• گۆڤاری شپیگلی ئەڵمانی، ئاسایشی خۆراک، ژمارە 31، 2009.
• د. سالار باسیرە، گۆڤاری نێوەند، جەنگی مرۆڤ دژ بە ژینگە، ژمارە 31، 2010.

ڕۆژنامەکان

• ژیوار ڕەسوڵی، کوردستانی نوێ، پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی، 30.10.2010

ئینتەرنێت

•„http://de.wikipedia.org/wiki/Nationaler_Sicherheitsrat_der_Vereinigten_Staaten".
• www.geheimdienste.org/usa.html.
• http://de.wikipedia.org/wiki/Nationaler_...erater_(Vereinigte_Staaten.
• http://www.juraforum.de/lexikon/foederalismus.
• https://de.wikipedia.org/wiki/Nationale_Sicherheitsstrategie_der_Vereinigten_Staaten

بابەتی چوارەم
پێگەی ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمی سیاسیدا

پێشەکی
بەشی یەکەم
باسی یەکەم / ئۆپۆزیسیۆن وەک چەمک و زاراوە
باسی دووەم / ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمی سیاسیدا
باسی سێیەم / شوێن و زەمەن لە ژیانی ئۆپۆزیسیۆندا
باسی چوارەم / ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست
باسی پێنجەم / کێشەی گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە سایەی پەڕلەمانی ناشەرعی

بەشی دووەم
باسی یەکەم / کوالیسیۆنی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات
باسی دوەم / کاریگەری کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و ئۆپۆزیسیۆن
باسی سێیەم / دارایی بودجەی حیزب و ئۆپۆزیسیۆن
دەرئەنجام
سەرچاوەکان

پێشەکی

ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ حیزبی نێو پەڕلەمان، یان دەرەوەی پەڕلەمان بێت بەڵام ئەوەی نێو پەڕلەمان کاریگەرترە، یان رێکخراوەکانی گروپی فشارو رێکخراوە مەدەنیەکان و شەقام و کۆمەڵانی خەلک بێت. بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە حیزب بە پێچەوانەی گروپی فشارو رێکخراوە مەدەنیەکان دەیەوێ وەک رێکخراوێکی سیاسی بگاتە دەسەڵات و پیادەی دەسەڵاتی سیاسی بکات. دەشبێت جیاوازیەک هەبێت ئۆپۆزیسیۆن لە حیزبی دەسەڵاتدار جودابکاتەوە. ئاسایی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی پۆزەتیف دەبێت چاودێری و کۆنترۆڵی دەسەڵات بکات بۆ هەر لادانێک کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی بگەیەنێت ئیتر ئەوە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان زانست و پەروەردەو ژینگە بێت. هەندێکجار ئۆپۆزیسیۆن بە ڕێگەی ئاشتیانە دەیەوێ دەسەڵات دەستاودەست بکات بۆنمونە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، هەندێکیتر بەڕێگەی چەکو توندوتیژیەوە دەیەوێ بگاتە ئامانج، بۆنمونە تالیبان لە ئەفغانستان، کورد دژ بە ڕژێمی بەعس. هەندێ جاریش ئۆپۆزیسیۆن دەگاتە دەسەڵات بە ڕێگەی فشاری شەقام و بزوتنەوەی جەماوەری وەک ئەوانەی لەم دواییە لە چەند دەوڵەتێکی

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە عەرەبیەکانی سەروی ئەفەریقا ڕویاندا. شێوازی گەیشتنی ئۆپۆزیسیۆن بە دەسەڵات بەندە بەو شوێن و زەمەنەشی وڵات و ئۆپۆزیسیۆن یان ئەو سیستەمە سیاسیەی تێیدا دەژی و هەروەها پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سروشتی سیاسی سیستەمەکە.

بەشی یەکەم

باسی یەکەم

ئۆپۆزیسۆن وەک چەمک و زاراوە

ئۆپۆزیسیۆن مانای دژایەتی کردن یان بەرهەلستکاری دەبەخشێت و لە مانا بەربلاوەکەیدا بریتیە لە هەول و کۆششی سەندیکاو حیزبەکان یان دەستەوگروپ و کەسان بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دژ بە ویست و ئامانجی دەسەڵاتدارانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بە کەلک وەرگرتن لە شێوازی پەرلەمانیی یان هەر شێوازێکی دیکە[1].

وشەی ئۆپۆزیسیۆن لە بنەمادا دەگەرێتەوە بۆ (oposition) ی لاتینی کە بەواتای ڕوبەڕوبونەوەو بەرامبەر وەستان، یان ڕای پێچەوانە دێت کە سەرەتا لە بواری ئەستێرەناسی بەکار دەهات بەڵام دواتر هاتە ناو بوارەکانی دیکە بە تایبەت بواری سیاسەت. هەروەک لە زمانی فەرەنسیشدا بەواتای ڕەخنەگرتن و نارازیبوون یان بەرگری دێت. بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزی بەواتای بەرخۆدان و ڕوبەرووبونەوە یان ناڕازیبوون و ڕێگری دێت. لە زمانی عەرەبیدا ئۆپۆزیسیۆن سێ مانا لەخۆ دەگرێت:

1) پێشبڕکێ و ململانێ (المسابقە و التنافس).
2) نارەزایی و ڕێگرێکردن (المنع و الاعتراچ.(
3) ڕوبەڕوبونەوە لە نێوان دوو شت یان کۆمەڵە شتێک کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێت.

لە مەسەلەی سەرهەلدان و گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن چ لە ناو، و چەمک چ لە کرۆک و ناوەڕۆکدا دەبەستریتەوە بە خۆرئاواوە وەک داهێنراویکی دنیای خۆرئاوا دادەنرێت بە تایبەت خەلکان و نوسەرانی دنیای پاشکەوتو و جیهانی ئیسلامی بە گشتی ڕۆلێکی نێگەتیڤی بۆ دادەتاشن و بە کۆمەڵێک لێکدانەوەو ئەرکەوە دەیبەستنەوە کە دوور و نزیک پەیوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنەوە نیە. تێگەیشتن لە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، هەروەک لە ڕەهەندی زەمەنیشەوە ئەم تێگەیشتنە جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت. هەروەها ئامرازەکان، هۆکارەکان و ئامانجەکانی ئۆپۆزیسیۆن. شانبەشانی جیاوازی کاراکتەرە

[1] ئازاد وەلەد بەگی ، فەرهەنگی رامیاری نیگا ، هەولێر ، 2005 ، ل. 33

بنەڕەتیەکانی، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینەو کاراو تەندروست بێت یان نامۆو داخراو و پەراوێز لە ئەندێشەی تاك و خواستەکانی کۆمەڵ[1].

## باسی دوەم

### ئۆپۆزیسۆن لە سیستەمی سیاسیدا

لە باسی حیزبدا دەکرێت مەبەست لە حیزبی دەسەڵاتدار بەڵام حیزبی ئۆپۆزیسیۆنیش بێت، مەبەست لە دەستەواژەی حیزبە بەگشتی. هەموو ئەمانە وەک حیزب کۆمەڵە خەسڵەتێکی هاوبەش دەیانگرێتەوە. ئاشکرایە بوونی ئۆپۆزیسۆن لە ناو هەر دەسەڵاتێکی سیاسیدا یەکێکە لە پێوەرەکانی دیموکراتی. ئۆپۆزیسیۆن بریتیە لە ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان دوو ئۆبجەکتدا کە جیاوازی هەبێت لە نێوانیانداو هەر ئەمەشە کە ململانێ و پێشبرکێ دروستدەکات.

"ئامانجی هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی جا لە هەر شوێن و ڕۆژگارێکدا بێت گەیشتنە بە دەسەڵات"[2]. لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنی پەڕلەمانیی هەن کە باوەریان بە دەستوری وڵات هەیەو بەپێی یاساو ڕێساکان لەپەڕلەماندا کاری ئۆپۆزیسیۆنیی ڕادەپەڕێنن، بەڵام بەشداریی حکومەت ناکەن بەڵکو چاودێری کاروبارەکانی حکومەت دەکەن و هەوڵ دەدەن ناتەواویەکانی بگەیەننە ڕای گشتی. ئۆپۆزیسیۆنیش هەن کە بەتەواوی سیستەم و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ڕەتدەکەنەوەو داوای گۆرینی دەکەن. ئۆپۆزیسیۆنی شاراوەش هەیە لە نێو سیستەمە شمولیەکاندا کە بەنهێنی کارەکانیان ڕادەپەڕێنن[3]. هەندێکجار واپێویست دەکات کە ئۆپۆزیسیۆن هەر بەتەنیا سەرقاڵی دەسەڵات نەبێت بەڵکو بایەخی زۆریش بە کۆمەڵگە بدات ئەو کاتەی دەسەڵات هەڕەشەیە بەسەر کۆمەڵگەشەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ڕەسمیی نوێنەرایەتی ئەو بەشەی کۆمەڵ دەکات لەنێو پەڕلەمان کە حیزبی براوە نایکات چونکە حیزبێک هەرگیز ناتوانێ بۆ سەرجەم گەل بدوێ و تەنیا دەتوانێ نوێنەرایەتی بەشێکی بکات. ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ حیزبێکی سیاسی بێت، یان باڵی ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزبێک بێت، ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گروپەکانی فشارو شەقام بەگشتی یان کۆمەڵانی خەلک بێت، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە حیزبی سیاسی پێچەوانەی گروپی فشارو ڕێکخراوە مەدەنیەکان دەیەوێ وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بگاتە دەسەڵات و پیادەی دەسەڵاتی سیاسی بکات. هەروەها ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ حیزبی نێو، یان دەرەوەی پەڕلەمان بگرێتەوە بەڵام ئەوەی نێو پەڕلەمان کاریگەرترە[4]. دەبێت جیاوازیەک هەبێت ئۆپۆزیسیۆن لە حیزبی دەسەڵاتدار جودابکاتەوە، بۆنمونە بەرنامەی جیاواز لەوەی دەسەڵات و میتۆدو سیاسەتی

---

[1]) بەختیار جەبار شاوەیس ، ئۆپۆزیسۆن لە چەمکەوە بۆ ئەرک ، سلێمانی، 2011 ، ل. 6.

[2]) عەبدول ئیلاە بەلقزیز ، ئۆپۆزیسۆن و دەسەلات ، و: هەلکەوت عبدالله ، سلێمانی 2004 ، ل. 8.

[3]) بەختیار جەبار شاوەیس ، ل. 20.

[4] Kramm, Lothar: In: Zeitschrift für Politik, 33. Jg., Heft 1, S. 33 - 43

جیاوازو ئایدیۆلۆژیای جیاوازو ئالتەرناتیڤی هەبێت، ئۆپۆزیسیۆن وەک ئۆپۆزیسیۆن ڕەفتار بکات[1]. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی پەڕلەمان ئەتوانێت بەر لەهەموو شت پشت بە بنەما سەرەکیەکانی ئازادی بیروڕاو ئازادی میدیا ببەستێت ئەگەر بوونی هەبێت بۆ ئەوەی داواکاریەکانی بە ئاشکرا بخاتە ڕوو. ڕەوتە سیاسیە نوێکان زۆربەی کات دەست بە کارەکانیان دەکەن لە دەرەوەی پەڕلەمان و لە سیستەمە فیدرالیەکان بە پەڕلەمانەکانی هەرێمدا دەڕۆن و ڕوو ئەدات بگەنە پەڕلەمانی ئیتحادی و بگرە هەتا دەگەنە حکومەتی ئیتحادیش. نمونەیەکی ئەم ڕێگەیە حیزبی سەوزەکانی ئەلمانیایە کە لە ساڵی 1980 دروستبوو، دواتر لە کوالیسیۆنێکدا لەگەل سۆشیال دیموکراتەکان لە ساڵی 1998 – 2005 پێکەوە حکومەتی ئیتحادییان پێکهێنا[2].

باسی سێیەم
شوێن و زەمەن لە ژیانی ئۆپۆزیسیۆندا

تێگەیشتن لە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە هەروەک لە ڕەهەندی شوێن و زەمەنیشەوە ئەم تێگەیشتنە جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت[3]. شوێنی کارو چالاکی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ئاشکراو بێترسەو دەشبێتە هۆی گەشەکردن. بەڵام لە وڵاتی دیکتاتۆردا ئەوا ئۆپۆزیسیۆن دەبێت ڕوو بکاتە خەباتی ژێرزەمینی و قوربانیدان، بۆنمونە کورد لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، یان کورد لە بەشەکانی تری کوردستان. لەو دۆخی سەرکوتکردن و دەستدرێژیکردنەدا ئۆپۆزیسیۆن ناچار دەکات ڕێڕەوی دیکەی نائاشتیخوازانەو ناژیوارانەو توندوتیژی سیاسی بگرێتە بەر[4]. بە پێچەوانەی سیستەمە دیکتاتۆرەکان وسیستەمە تەقلیدی و شمولیەکان ئۆپۆزیسیۆن تەنیا لە سیستەمی دیموکراسیدا بەواتا زانستە سیاسیەکە دەتوانێت بە ئازادی کاربکات و تەندروستانە گەشەبکات. لە ڕەهەندی زەمەنیشەوە بۆی بڕوانین و لەسەر نمونەی کورد دەمێنمەوە لەعێراق لە سەردەمی جەنگی سارددا سیاسەتی هەردوو بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لەبەرژەوەندی حیزب و دەوڵەتی بەعسدا بوو. هەربۆیە سیاسەتی دەرەوەی ئەو دوو بلۆکە دژ بە بەرژەوەندیەکانی کورد لە عێراق گەرایەوە وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی. پەیوەندی ڕاستەقینەی بەتایبەت یەکیەتی سۆڤیەت تەنیا بەدەوڵەتانەوە

[1] Peter Lösche: Opposition und oppositionelles Verhalten in den Vereinigten Staaten. In: ders. (Hrsg.): Göttinger Sozialwissenschaften heute. Göttingen 1990, S. 140.
[2] http://de.wikipedia.org/wiki/Au%C3%9Ferparlamentarische_Opposition.
[3]) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ل. 7.
[4]) عەبدول ئیلاه بەلقزیز ، ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلات ، ل. 19 .

بوو نەک بە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانەوە تەنانەت بە کۆمۆنیستەکانیشەوە. کورد لە نێو ئەم دەوڵەتەی عێراقدا وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن لە شوێن و زەمەنێکی هەلەدا دەژیا.

## باسی چوارەم
## ئۆپۆزیسۆنی تەندروست

ئۆپۆزیسیۆن پێویستە ڕۆلی ڕاستەقینەی هەبێت نەک ڕۆلی ڕەمزی و دروشم. ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست چیە؟ کۆمەڵگە نان و ئازادی دەوێ، چاکسازی دەوێ، هەر لایەنێک ئەم پێویستیەی بۆ دابین بکات دوای ئەو دەکەوێ و ئەو بە تەندروست دەزانێ. ئەم شتە بەگشتی پێشی مەسەلە نەتەوەییەکەشی داوەتەوە. ئەو لایەنەشی ئەم پێویستیە گرنگانەی ژیان بتوانێ بۆ کۆمەڵ دابین بکات ئەوە هێزێکی سیاسی تەندروستە. تەنیا ئۆپۆزیسۆنی تەندروستە خاوەنی بەرنامەی تەندروستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گونجاوە بە بەرنامەو فیکرو سیستەم کار بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ بکات، خەبات دژی گەندەلی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بکات. بەتەنیا هەلگری دروشمیک نەبیت بۆ مۆبیلیزە کردن جۆشدان بی بوونی پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. نیشانیبدات کە شتێک هەیە ئەم و دەسەڵاتدار لەیەکتر جودا دەکاتەوە بەڵام دەشکرێ دەسەڵاتێکی تەندروست فەرمانڕەوایی بکات و ئۆپۆزیسیۆنێکی ناتەندروستیش هەبێت. کۆماری ڤایماری ئەلمانیا سیستەمێکی پەڕلەمانی دیموکراتی بوو، حیزبی نازیش ئۆپۆزیسیۆن بوو. ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست و پۆزەتیف زانستانە بیردەکاتەوەو بەرنامەکانی زانستانە دادەرێژێ و عەلمانی ڕەفتار دەکات. عەلمانی بەتەنیا جوداکردنەوەی دین و دەوڵەت نیە لە یەکتر بەڵکو باڵادەست نەبوونی حیزبیشە، حیزبی بەعس و نازییەت دین و دەوڵەتیان لە یەکتر جوداکردبۆوە لەگەل ئەوەشدا عەلمانی نەبوون چونکە دەوڵەت دەوڵەتی حیزبی و ئایدیۆلۆژی بوو. کارکردن بۆ دەستورو دەوڵەتی یاسا دەبێت خەسەڵەتێکی تری ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست بێت[1]. عێراقی بەعس و ئەلمانیای نازی ئەمانیش دەوڵەتی قانون بوون بەڵام دەوڵەتی تۆتالیتێر بوون. کەواتە تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست دەتوانێت کار بۆ دەستورو یاسای تەندروست بکات دوور لە ئایدیۆلۆژیای دیکتاتۆری و تۆتالیتێر، بەناوی ئازادی و دیموکراسیەوە ئازادی و دیموکراسی لەناو نەبرێت. دیموکراسیترین سیستەمی سیاسی بێبوونی ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست دەبێتە دیکتاتۆر. دیارە تەنیا ئەو کاتە لە سروشتی تەندروستانەو ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن تێدەگەین دوای ئەوەی دەگات بە دەسەڵات[2].

[1]) بەختیار جەبار شاوەیس ، ئۆپۆزیسیۆن لە چەمکەوە بۆ ئەرک.
[2]) ئۆپۆزیسیۆن ، دیدار لەگەل سالار باسیرە ، 6.9.2011.

باسی پێنجەم
کێشەی گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لەسایەی پەرلەمانی ناشەرعی

دەستور پەیمانێکی کۆمەلایەتیە لەنێوان دەسەلات و کۆمەڵدا، هەربۆیە دەسەلات ناکرێ دەسەلاتێکی دەستوری و شەرعی بێت ئەگەر راپرسی گەلی لەسەر نەبێت چونکە ئەو کاتە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنیش دەستوری و شەرعی نابن، هەربۆیە ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی ئۆپۆزیسیۆنی نێو پەرلەمان کار بۆ دەوڵەتێکی، هەرێمێکی دەستوریی و دیموکراسی بکات بۆئەوەی ئۆپۆزیسیۆنیش بتوانێ ئۆپۆزیسیۆنێکی دەستوری بێت[1]. بوونە پەرلەمان بە مەرجەعی دەستوریی و یاسایی و لەیەکتر جودا کردنەوەی سێ دەسەلاتەکە (پەرلەمان و جێبەجێ کردن و دادوەری) پێویستیەکی ژیانیی سیاسیە بۆ حیزب و ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵ بەگشتی. لێرەدا دەبێت ئۆپۆزیسیۆن بزانێت ئەدای کارەکانی چیە لە دەرەوەو لەنێو پەرلەمانداو لە مەهامو ماف و ئەرکەکانی خۆی تێبگات هەروەها راستگۆبێت لەگەل جەماوەرەکەی خۆیدا، ئەو جەماوەرەی کە ئەم نوێنەرایەتی دەکات لەپەرلەمانداو متمانەی پێبەخشیوە.

بەشی دوەم
باسی یەکەم
کوالیسیۆنی نێوان ئۆپۆزیسۆن و دەسەلات

روو ئەدات لەکاتی قەیرانی گەورەدا پرس و ئاسایشی نەتەوەیی بکەوێتە مەترسیەوە وەک قەیرانی ئابووری گەورە یان هێرشی دەرەکی سەربازی بۆ سەر ولات. بۆنمونە جەنگ و تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و هاتنە ژورەوەی هەر سوپایەکی بێگانە کە ئاسایی دەچنە بواری ئاسایشی نەتەوەییەوە، پێویستییان بەهەماهەنگی دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی هەیە. سروشتی ئەم هاوپەیمانێتیەش بەندە بە سروشتی سیاسی نێوان ئەو دوو لایەنەو هەلوێستی گەل لەسەری. لێرەدا هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغەی ئێستەی پێویستی بە دروستکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەیە بەدەر لە دەسەلاتی ئیتحادی دەوڵەتی عێراق. هەروەک چۆن قۆناغ هەیە ئۆپۆزیسیۆنەکان پێکەوە دەبەستێتەوە هەربەم شێوەیە قۆناغیش هەیە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلاتیش پێکەوە دەبەستێتەوە. بەلام هەمیشە جیاوازیەکانی نێوان دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن دەبێت دیاربن. یەکەم کوالیسیۆنی گەورە لە ئەلمانیا لە ساڵی 1966- 1969 بوو. دوەم

[1] de.wikipedia.org/wiki/Opposition_(Politik.

کوالیسیۆنی گەورە لە 22.11.2005 بوو لە کاتی حکومەتەکەی CDU[1] بەواتا لە جەنگی دوەمی جیهانیەوە تەنیا دوو جار کوالیسیۆنی گەورەی نێوانی حیزبی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە ئەلمانیادا هەبووە.[2] (حیزبی یەکێتی مەسیحیە دیموکراتەکان و سۆشیال دیموکراتەکان).

باسی دوەم

کاریگەری کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و ئۆپۆزیسیۆن

یەکێک لە کێشەکانی سیاسەت و کۆمەڵ بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان تەنانەت لەهەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا (جگە لە دەوڵەتی ئیسرائیل) دیموکراسیەت تەنیا ڕوکەش بووەو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش بەواتا هاوچەرخەکەی بەدی ناکرێت. عبدول ئیلاه بەلقیز ئاماژە بە چوار هۆکار ئەدات سەبارەت بە گەشە نەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا کە بریتین لە: شکستی سیاسی، دۆگمای فیکری، نامۆبوون بە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەو داخرانی ڕێکخراوەیی. لەم کۆمەڵگەیانەدا دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکان هەرگیز ئامادە نەبوون دەستبەرداری دەسەڵات بن، ئەوەش بەزیان گەڕاوەتەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش. لەبەر ڕۆشنایی دواکەوتویی کۆمەڵ بەگشتی و کەلتورە سیاسیەکە هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەم وڵاتانە ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوچەرخ نین و هەموو بە دەسەڵاتیشەوە بەرهەمی واقعی کۆمەڵگەکەی خۆیانن هەربۆیە پەرینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنتر کارێکی ئاسان نیەو پڕۆسەیەکی ئالۆزو درێژخایەنە[3].

باسی سێیەم

دارایی بودجەی حیزب و ئۆپۆزیسیۆن

دەستکەوتە ماددیەکانی حیزب (دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن) چوار سەرچاوەی سەرەکی دەگرێتەوە :

- ئابونەی ئەندامان (ئابونەی تایبەتی ئەندام پەڕلەمان و وەزیرەکانیش).
- پیتاک[4].
- بودجەی حیزب لە لایەن دەوڵەت.

[1] de.wikipedia.org/wiki/Koalitionsregierungen_in_Deutschland

[2] Kramm, Lothar: Grundzüge einer Theorie der politischen Opposition. In: Zeitschrift für Politik, 33.Jg., Heft 1, 1986, S. 33 - 43

[3] Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 551.

[4] de.wikipedia.org/wiki/Parteienfinanzierung

- هەروەها ئەو حیزبانەی بەشدارن لە پرۆژەی ئابووری بۆ خەرجی زیاتری خۆیان. بۆنمونە بەپێی ماددەی 21ی یاسای حیزب لە ئەلمانیا دەبێت حیزب سەرچاوەی داراییەکانی ئاشکرا بکات. دەستکەوتەکانی، خەرجیەکانی، سەروەت و سامانەکانی بەئاشکراو بەفەرمی بخاتەڕوو[1]. بەڵام ئەوە ناگەیەنێت حیزب ببێتە خاوەن پرۆژەی گەورەی ئابووری و ببێتە سەرمایەداری گەورە.

سەرجەم حیزبە سیاسیەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا پێویستیان بەدارایی هەیە بەڵام هیچ کام لەمانە ناتوانێت سەرجەم پێویستیە داراییەکەی خۆی و خەرجی پرۆپاگاندەی هەڵبژاردن و کاری حیزبی تەنیا بەڕێگەی ئابونەی ئەندامەکانیەوە دابین بکات. حیزب بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پێویستی بەپارە هەیە. پارە بۆ کاروباری کارگێری (کرێ، پێویستی نوسینگەکانی، خەرجی کارمەندانی، هاتوچۆو چالاکیەکانی، پێگەیاندنی ئەندامەکانی و کارو پێویستی هەڵبژاردن و زۆریتر(. بەڵام هاوکاریی پارەی نامۆ بۆ حیزبێکی سیاسی بەپێی ئەزمون بەندە بە مەرج و بەرژەوەندیەوە. بۆئەوەی هیچ حیزبێکی سیاسی پەنا بۆ دەوڵەتانی دەرەوە نەبات و بەهەر شێوەیەک بێت نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لایەنە، چونکە ئەم دیاردەیە دەبێتە دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی. لێرەدا پێویستە بودجەی حیزب بەپێی یاسایەکی تەندروست ڕێکبخرێت[2].

دارایی و خەرجی مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ڕوناکی خستنە سەر پەیوەندیەکانی حیزب و دەسەڵات. حیزب پێویستە سەرچاوەکانی دارایی و دەستکەوتەکانی دیاربن. سەربەخۆیی حیزب باشتر دەپارێزرێت ئەگەر سەرچاوەی دارایی، مینحەو خەرجی حیزب لەلایەن دەوڵەتی یاساوە بێت وە بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکخرابێت و بەپێی پێویست بدرێ چونکە ئابووری وڵات ئابووری نەتەوەیەو هەربۆیە دەبێت لەلایەن حکومەتەوە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. دەوڵەت بەم شێوەیە دەتوانێ کۆنترۆڵی دارایی حیزبەکان بکات و داوای دۆسیەی دارایی کراوەشیان لێبکات[3].

سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئەلمانیا هێلموت کۆل یاساکانی پێتاک وەرگرتنی حیزبی نایاسایی بەکارهێناو فێڵی لە باج کرد بەڵام نەک بۆ خودی خۆی بەڵکو بۆ خەرجی زیاتری پرۆپاگاندەی هەڵبژاردنەکان بەکاری هێنابوو کە زۆر لەسەر حیزبەکەی کەوت و ماوەیەک دادگا سەرقالی ئەم بابەتە بوو کە سەرۆک وەزیران چەندین جار برایە بەردەم دادگا. سەرۆک کۆماری ئەو

[1] Nils C. Bandelow, Einführung in das politische System der BRD, Berlin, 17.11.2008, S. 112.

[2] Christian Starck, Politische Parteien, Bonn, Nr. 7, 1970, S. 42-43

[3] هەمان سەرچاوە ، ل. 78 .

کاتە یۆهانس ڕاو لەبەر ئەم هۆیە لیژنەیەکی پسپۆریی بێلایەنی پێکهێنا (لیژنەی ڕاو) کە لە مانگی 7.2001 ئامۆژگاریدا بۆ ڕێکخستنەوەی نوێی خەرجی حیزب. حیزبەکان خۆشیان کۆمەڵێک پێشنیازیان خستە بەردەم[1].

دەرئەنجام

- حیزب کار لەسەر دروستبوونی ئیرادەی سیاسی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات و سیستەمی دیموکراسیی پێویستی بە بوونی حیزبی سیاسی هەیە. لێرەدا حیزب و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت.
- حیزب و ئۆپۆزیسیۆن لەژیانی دیموکراسیدا هەڵبژاردن ڕێک دەخات و بەشداری تێدا دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بهێنێت.
- ئۆپۆزیسیۆن پێویستە ڕەخنەگر بێت وکۆنترۆل و چاودێریی دەسەلات بکات و لە هەولی ئەوەدایە هەڵەکانی دەسەلات بۆخۆی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردندا زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت بۆ مەبەستی گەیشتن بە دەسەلات و جێبەجی کردنی بەرنامەکانی خۆی.
- ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ حیزبێکی سیاسی بێت، باڵی ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزبێک بێت، یان ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گروپەکانی فشارو شەقام و بەگشتی کۆمەلانی خەلک بێت، بەلام ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی پێچەوانەی گروپی فشارو ڕێکخراوە مەدەنیەکان لەوەدایە دەیەوێ وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بگاتە دەسەلات و پیادەی دەسەلاتی سیاسی بکات.
- یەکێک لە ئاستەنگەکانی سیاسەت و کۆمەڵ بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان. دیاردەیەک کە بە گشتی لە سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەدی دەکرێت و دیموکراسیەت تەنیا ڕوکەش بووە. دەرئەنجامێک بە زیان گەڕاوەتەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش. لەبەر ڕۆشنایی دواکەوتویی کۆمەڵ بەگشتی و کەلتورە سیاسیەکە هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەم ولاتانە ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوچەرخ نین و هەموو بە دەسەلاتیشەوە بەرهەمی واقعی کۆمەڵگەکەی خۆیانن هەربۆیە پەرینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنتر کارێکی ئاسان نیەو پرۆسەیەکی ئالۆزو درێژخایەنە.
- سەربەخۆیی حیزب و ئۆپۆزیسیۆن باشتر دەپارێزرێت ئەگەر سەرچاوەی دارایی و خەرجی حیزب لەلایەن دەوڵەتی یاساوە بێت و بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکخرابێت و بەپێی پێویست بدرێ چونکە ئابووری ولات ئابووری نەتەوەیە.

سەرچاوەکان

[1] www.transparency.de/Parteienfinanzierung.736.0.html.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- مەنوچێر موحسنی، کۆمەڵناسی گشتی، وەرگێرانی، مسلح ئیروانی.
- زانستی سیاسی، کۆمەڵێک نوسەر، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد.
- بەختیار جەبار شاوەیس، ئۆپۆزیسیۆن لە چەمکەوە بۆ ئەرک.
- ئازاد وەلەد بەگی، فەرهەنگی رامیاری نیگا.
- عەبدول ئیلاه بەلقزیز، ئۆپۆزیسۆن و دەسەلات، و: هەلکەوت عبداللە.


## سەرچاوەکان بە زمانی ئەلمانی


- Peter Lösche: Opposition und oppositionelles Verhalten in den Vereinigten Staaten. In: ders. (Hrsg.): Göttinger Sozialwissenschaften heute. Göttingen 1990, S. 140 .
- Christian Starck, Politische Parteien, Bonn, Nr. 7, 1970.
- Nils C. Bandelow, Einführung in das politische System der BRD
- Kramm, Lothar: Grundzüge einer Theorie der politischen Opposition. In: Zeitschrift für Politik, 33. Jg., 1986, Heft 1, S. 33 - 43
- Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen


## سایت و ڕۆژنامەکان


- سایتی سبەی، د. سالار باسیرە، دیدار، 6.9.2011.
- هەفتەنامەی چاودێر، خەبات عبداللە، دیدار، 2012.


## ئینتەرنێت


- http://de.wikipedia.org/wiki/Au%C3%9Ferparlamentarische_Opposition.
- de.wikipedia.org/wiki/Koalitionsregierungen_in_Deutschland.
- de.wikipedia.org/wiki/Parteienfinanzierung .
- de.wikipedia.org/wiki/Opposition_(Politik.

بابەتی پێنجەم
کاریگەری ڕۆلی حیزب لەسەر سیستەمی سیاسی

ناوەڕۆک

پێشەکی.
بەشی یەکەم
حیزبی سیاسی، زاراوە، سەرهەلدان و پێناسە
بەشی دوەم
باسی یەکەم: حیزب لەسیستەمی سیاسی دیموکراتیدا
باسی دوەم: سیستەمی دوو حیزبی
باسی سێیەم: سیستەمی فرەحیزبی
باسی چوارەم: رۆلی حیزب لەسیستەمی سیاسیدا
باسی پینجەم: حیزبی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت
باسی شەشەم: حیزب و هەڵبژاردن.
بەشی سێیەم / حیزب لە سیستەمی سیاسی دیکتاتۆریدا
باسی یەکەم: تاک حیزب وەک نمونەی سیستەمی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر
بەشی چوارەم / میتۆدەکانی حیزب بۆ گەیشتن بە دەسەڵات
دەرئەنجام
سەرچاوەکان

پێشەکی

حیزبی سیاسی وەک رێکخراوێکی سیاسی/ کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە لەبواری زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسیشدا مامەلەی لەگەلدا دەکرێ. حیزب ڕەهەندی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیەو لەسەر ئەم ئاستانەش مامەلەی لەگەلدا دەکرێ. حیزب لەپێناوی گەیشتن بە دەسەڵات خەبات دەکات و پردی پەیوەندیشە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵ. بەڵام لە هاتنە خوارەوەی ژمارەی ئەندامان و کەمبوونەوەی بەشداریی هەڵبژاردن و لە دەرکەوتنی دیاردە نوێکاندا پرسیاری پێویستبوون بە ریفۆرم کردنی حیزب دێتە گۆڕێ. حیزب هەرگیز ناتوانێ بۆ سەرجەم گەل بدوێ چونکە بەپێی پێناسە تەنیا دەتوانێ نوێنەرایەتی بەشێکی بکات. حیزب پێویستە بەرنامەی هەبێت: سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی. جەماوەری حیزب وەک

جاران نەماوەو سنوری جوگرافی بریوە (بادینان هەمووی پارتی نیەو سۆرانیش هەمووی یەکێتی نیە). حیزب ئەمرۆکە تائیفەیەکی داخراو نەماوە کە ئەندامەکانی نەتوانن جێی نەهێڵن. مرۆڤ ئەو حیزبە هەڵدەبژێرێ کە لەگەڵ فیکرو بەرژەوەندیەکانیدا گونجاون (بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان) چونکە ئەم وای دەبینێ ئەوە بەرژەوەندی گشتی بۆ کۆمەڵگە جێبەجێ دەکات. حیزبی سیاسی بریتیە لەرێکخستنێک، لەکۆمەڵە کەسێک پێک دێت کە پەیوەستیەکی مەعنەوی و فیکری و مادی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێت و کار دەکەن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بەهەر میکانیزمێک بێت هەتا بتوانن بەرژەوەندیە تایبەتیەکان بەجێبهێنن و جێبەجێکردنی ئەوەی کە ئەوان بڕوایان پێیەتی. حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردنی یان پاش خستنی سیستەمی سیاسی. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی تارادەیەک بریتیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەربۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێک لە سیستەمی سیاسیدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە لەم بوارەدا گرنگی بە رۆلی حیزب و رێکخراوی سیاسی پێویستە، بەتایبەت گرنگیدان بەئایدیۆلۆژیای ئەو حیزبە. هەروەها شوێن و زەمەن رۆلی هەیە لە دروستبوون و سروشتی سیاسی و فیکری حیزبدا.

## بەشی یەکەم

## حیزبی سیاسی، زاراوە، سەرهەلدان و پێناسە

هەتا ساڵی 1850 جگە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هیچ وڵاتێک حیزبی سیاسی نەزانیوە بەواتای هاوچەرخی ئەم وشەیە. (لێرەدا مەبەستمان حیزبی سیاسیە بەواتا هاوچەرخەکەی، نەک بەواتای گروپی ئاینی و گروپی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵبوونی مرۆیی کە ئامانجی بنەرەتییان پێشکەش کردنی بەرنامەی بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت نیە، بەڵام هەول دەدەن بە دەسەڵات بگەن[1]. لەکۆندا جیاوازی هەبوە لە بیروڕادا، یانەی میللی هەبوو، گروپە فیکریەکان و پەرلەمانیەکان هەبوون، بەڵام ئەمانە بەواتا راستیەکەی هیچیان حیزبی سیاسی نەبوون"[2]. "ئەسلی وشەی حیزب لە لاتینیەوە هاتوە (pars) کە لەزماندا بەش یان کەرت دەگەیەنێت"[3]. واتا کۆمەڵێک لەخەلک لەخۆ دەگرێت. بەپێی یاسای ئەحزاب لە ئەلمانیا ئەحزاب ئەو گروپانەن کە بەردەوام بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەرییان بۆ سەر ئیتحاد یان هەرێمێک لەسەر دروستبونی ئیرادەی سیاسی هەیەو دەیەوێ نوێنەرایەتی گەل بکات لە پەرلەماندا و حکومەت پێکبهێنێت ئیتر لەسەر ئاستی ئیتحاد بێت یان هەرێم. حیزب بەندە بە بەشێکی گەل کە بەرژەوەندی تایبەتی

[1])کۆمەڵێک نوسەر ، حیزبی سیاسی ، و. ئارام ئەمین شوانی ، هەولێر ، 2011، ل. 32.

[2]) بەهادین ئەحمەد موحەممەد ، پارتە رامیاریەکان ، سلێمانی ، 2007، ل.10.

[3]) د.صادق الگاهر الاسود ،کۆمەلناسی سیاسی ، وەرگێرانی بۆ کوردی لەلایەن کۆلێژی زانستە رامیاریەکان – سلێمانی 2006 /ل.135.

هەیەو بۆ بەدیهێنانی ئەم بەرژەوەندیانە ئۆرگانیزە بوە. بەم شێوەیە حیزبێک هەرگیز ناتوانێ بۆ سەرجەم گەل بدوێ چونکە بەپێی پێناسە تەنیا دەتوانێ نوێنەرایەتی بەشێکی بکات، زۆربەی کات دژ بە بەرژەوەندیەکانی بەشەکانی تری کۆمەڵ. ئەو بۆچونەی حیزبێک نوێنەرایەتی هەموان بکات نیشانەیەکی گرنگی دیکتاتۆریەو بگرە تۆتالیتاریزمە. ئەو حیزبانەی کە نوێنەرایەتی ئەم بۆچوونە دەکەن بەسەر ئایدیۆلۆژیا باز ئەدەن.

حیزبی سیاسی بریتیە لەرێکخستن کە کۆمەڵێک لە تاک دەگرێتە خۆی کە بۆچونێکی فیکری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە کەبروایان بە ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆجی هاوبەش هەیەو کار بۆ سازدانی (تەعبیئەی) رای گشتی دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەدیهێنانی بەرنامەکانی و لەپێناوی گەیشتن بە دەسەڵات کە کردویەتیە ئامانجی سەرەکی خۆی. لەپێناوی ئەم ئامانجەدا حیزب گەورەترین ژمارە لە تاکەکان لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە لە ڕێگەی ئامرازەکانی پرۆپاگاندەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی پشتگیری بۆ پرۆگرامە تایبەتیەکەی دەستەبەر بکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە ئاماژەی پێدرا. حیزب بۆ سەرکردایەتیەک مل کەچ دەکات. سەرکردایەتی حیزب، یان لەلایەن ئەندامەکانی حیزبەوە هەڵبژێردراوە، یان بەسەر حیزبدا سەپێندراوە لەبەر ئیعتباری سیاسی، ئابووری، یان کۆمەڵایەتی. کەواتە حیزبی سیاسی کەخاوەن سەرکردایەتیە هەمیشە هەوڵ دەدات دەست بەسەر هێزی سیاسیدا بگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش پشتگیری میللی پێویستە[1]. شتێکی گرانە کۆمەڵگە بێ حیزب بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکات. تەنیا لە ئەحزابدا کۆمەڵگەیەکی پلورالیستی توانای کرداری سیاسی دەبێت. تەنیا بەڕێگەی ئەحزابەوە هەڵبژێردەران دەتوانن ئیرادەی سیاسی خۆیان لە واقیعدا پراکتیزە بکەن. ئەحزاب ئەو ئامرازانەیە کە گەل بە ڕێگەیەوە پۆستە سەرکردایەتیەکانی پێداگیر دەکەن و بریارو بەرنامە سیاسیەکان ئەنجام ئەدەن.

بەشی دوەم

باسی یەکەم

حیزب لە سیستەمی سیاسی دیموکراتیدا

دیموکراسیەتی هاوچەرخ بێ حیزبی سیاسی مەحالە. "ئەو کۆمەڵگەیانەی لەژێر سایەی سیستەمی دیموکراسی گوزەر دەکەن حیزبی سیاسی تێیدا لەسەرجەم پرۆسە سیاسی و

[1] محمود خیری عیسی ، النچم السیاسیە المقارنە ، مکتبە الانجلو، القاهیرە، 1985، ص، 52.

کۆمەڵایەتیەکاندا ڕۆلی گرنگ و فراوان دەگێڕێ"[1]. هەڵبژاردنی حیزب لە سیستەمی دیموکراتیدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی حیزب نەبێتە دیکتاتۆر. بەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە ناچاربێت چارەنوسە یاسیەکەی بەندبێت بەو دەنگانەوە کە خەلکی وڵاتەکە ئەیدەنێ. هەربۆیە ئەم شتە وادەکات کە حیزبەکان هەمیشە لەژێر ململانێی یەکتردابن بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی باشتر. ئەحزاب دەکرێ سیاسەت بۆکۆمەلانی خەلک پێشنیاز بکەن، بەلام ناتوانن بریاریان بۆبدەن. حیزبێک کەسەرجەم سیاسەت بۆ سەرجەم هاوڵاتیان بریار بدات ئەوا بەتەواوی دژە دیموکراتە. لەگەل ئەوەشدا چەند ڕەخنەیەک هەن لە دیموکراتی مۆدێرندا ڕوبەروی حیزب بونەتەوە کە بریتین لە:

(1) زۆر بەهێز بوون و بوونەتە بیرۆکراتی.

(2) پەیوەندییان بەگەلەوە ونکردوەو لەرووی بەرنامەوە بونەتە حیزبی جەماوەریی بێدەموچاو و ڕەنگ و ڕوو.

(3) لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەت ڕەخنە لە دەسەلاتە زۆرەکەیان دەگیرێت.

(4) بێدەسەلاتی و بێتواناییان سەبارەت بە یەکخستنی کۆمەلایەتی دانیشتوان بەر رەخنەی توند دەکەوێ. توێژینەوەی زانستی سیاسی لێرەدا بەم سەرنجانەوە ناوەستێ، دەبێت هەول بدات حیزبەکان لە کێلگەی کارو چالاکیاندا لێک بکاتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە کام لەم خالی ڕەخنانە ڕەوان[2].

باسی دوەم

سیستەمی دوو حیزبی

سەبارەت بە سیستەمی دوو حیزبی وەک ئەوەی لە بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەیە بەوەی کە دوو حیزبی گەورە هەبن یەکێکیان لە دەسەلاتداو ئەوەی تر لە ئۆپۆزیسیۆندا بێت. سیستەمی دوو حیزبی بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زیاتر لە سەد سالە پیادە دەکرێ کە بریتین تەنیا لە هەردوو حیزبی دیموکراتەکان و کۆماریەکان. کۆمەلێک لە حیزبی تر هەن بەلام تەنیا دووان توانیویانە خۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بنوێنن و بتوانن بە تەنیا حکومەت پێکبهێنن. لە سیستەمی دوو حیزبیداو لە دەولەتی دیموکراتیدا دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەلاتی دوو حیزب هەیە. لە سەدەکانی 18 و 19 لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەحزابی تر هەبوون و هەیە بەلام بەزۆری تەنیا دوو حیزبی گەورە

[1] کۆمەلێک نوسەر، ل.60.

[2] Klaus von Beyme und andere, Parteien in westlichen Demokratien, 2010, S. 120.

هەبووەو هەیە. بەریتانیاش بەهەمان پڕۆسەی سیاسیدا ڕۆیشتوە، بەڵام لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەردوو حیزبی کرێکاران و کۆنزەرڤەتیڤەکان شوێنیان گرتنەوە.
سیاسەتزانی ئیتالی Giovanni Sartori چەند خەسڵەتێکی داوەتە سیستەمی دوو حیزبی:
(1 لە کاتی هەڵبژاردنە گشتیەکاندا هەریەک لە دوو حیزبە گەورەکە لە توانایدایە زۆرایەتی ڕەهای کورسیەکان لە پەرلەمان بەدەست بهێنێت. دەسەڵات لە نێوان دوو حیزبە گەورەکەدا بە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بگۆڕدرێت و بگوازرێتەوە.
(2 ئەم حیزبە ئامادەو توانای هەیە بەتەنیا حوکمڕانی بکات[1].
ئەم شێوەیە لە سیستەمی دوو حیزبی لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە.

باسی سێیەم
سیستەمی فرەحیزبی

فرەحیزبی توخمێکی سەرەکیە لە توخمەکانی بوونی دیموکراسی لە وڵاتێکدا بەڵام گرنگە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بەپێی پێویستیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان دروست ببێت[2]. ئەو بریارە سیاسیانەی لە وڵاتی فرەحیزبیدا دەردەچن بریاری چەندین ئەلیتەو سەرکردەو لایەنی شارەزان، یەک ئەلیتەو یەک لایەن دەریانناکەن. فرەحیزبی بە واتای جیاوازی دێت لە فیکرو بەرژەوەندی هەمەلایەنەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان. پلورالیزمی سیاسی ڕێگەیەکی گرنگ و گونجاوە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتن و دروستبوونی دەوڵەتی مۆدیرن وەک خەسڵەتێکی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی مافێک نیە دەسەڵاتدار بیبەخشێتە کەسی تر، بیبەخشیتە حیزب، بەمیرات بۆ دوای خۆی جێی بهێڵێت، بەڵکو دەسەڵاتی سیاسی بەپێی یاساو دەستوور دەستاودەستی پێدەکرێت (دەستوری دیموکراسیانە). بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێ لە راستیدا پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەیە.

"بەر لە هەموو شت فرەحیزبی واتە دانںان بەبوونی هەمەجۆریی لە کۆمەڵگەدا، بوونی چەندین بازنەی ئینتیما لەناو یەک شوناس. هەروەها ڕێزگرتن لەو هەمەجۆریەی و قبولکردنی دەرئەنجامەکانی لە ناکۆکی و جیاوازی بیروباوەر لەبەرژەوەندی و شێوازی ژیان و گرنگیپێدان.. هەروەها هێنانەئارای دارشتەیەکی گونجاو بۆ دەربرینی ئەو هەمەجۆرییە بە ئازادی و لە چوارچێوەیەکی گونجاودا[3]". بۆ ئەوەی پلورالیزمی سیاسی یا فرەحیزبی لە وڵاتێکدا هەبێ، دەبێ ئەم شتانە فەراهەم بن:

---

[1] Giovanni Sartori - Parteien und Parteiensysteme, Berlin, 2007, S. 37.

[2] دەستور ، ژمارە 38 ، 30.6.2010.

[3] کۆمەڵێک نووسەر ، و. ئارام ئەمین شوانی ، هەولێر ، 2011 ، ل. 71-72.

1) دەبێ سیستەمێکی یاسایی هەبێ و تەواوی مافەکان بۆ دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیەکان دەستەبەر بکات وەک ڕێکخستنی سەربەخۆو گوزارشتکردن لەبیروڕاکانیان، هەروەها پێدانی ماف بە هەموو دەستەو گروپە کۆمەڵایەتیەکان کە هەولبدەن بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە بگەن بە دەسەڵات لەژێر چەتری ڕێکخستنێکی یاساداڕێژانە کە ڕێگە بەو شتانە بداو یاساڕێژیان بکات.

2) دەبێ لە نێوان گەل و حکومەت ڕێکخستنێک هەبێ تا پرۆسەی سیاسی ڕێکبخات وەک ئەو حیزبە سیاسیانەی کە بوون بە دیاردەیەکی گرنگ و ناکرێ لە سیستەمی سیاسی دیموکراسی هاوچەرخ دایانبڕین، چونکە چەندین ئەرک بەجێدەگەیەنن، وەک ڕێکخستن، پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و دەسەڵات...تاد[1]..

باسی چوارەم

ڕۆلی حیزب لەسیستەمی سیاسیدا




(ئامادەکردنی لە لایەن نوسەر )

نەخشەی ژمارە 1

"ڕۆلی حیزبی سیاسی گۆڕاوەو ناجێگیرە. حیزبی سەدەو دەیەکانی ڕابوردوو لە حیزبەکانی ئێستا ناچن. لە ڕابوردودا ڕۆلی حیزب کزو لاواز بوو، ڕۆلی هاوڵاتیانیش لەناو ژیانی سیاسیدا هەر لاواز بوو، ئەوانەی دەسەڵاتیان لەدەستبوو ژمارەیان کەمبوو. ئەمڕۆ شتەکە تەواو پێچەوانە بۆتەوە، بەلام ڕۆڵی حیزب لەکۆمەڵگەدا ڕۆلێکی جەوهەریە"[2].

[1]) هەمان سەرچاوە ، ل. 71.

[2]) کۆمەلێک نوسەر ، ل. 24.

حیزب لە سیستەمی سیاسیدا چوار ڕۆڵ دەبینێت.

(1) رۆلی دۆزینەوەی ئامانج: حیزب ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەی هەیە. هەولی ستراتیجیەتی نیشاندەر ئەدات و خەلکیی لە ئیمکانیەتی ئالتەرناتیڤ تێدەگەیەنێت.
(2) ڕۆلی پێکەوە بەستنی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێت. رێکخراوە مەدەنیەکانیش هەمان بەرژەوەندی و ئامانج گوزارشت دەکەن بەڵام بەتەنیا حیزب لەشێوەیەکدا کۆیان دەکاتەوە کە کاریگەری لەسەر دروستکردنی ئۆرگانی ناوەندی دەوڵەت دروست دەکات.
(3) ڕۆڵی مۆبیلیزەکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵ و بەکۆمەڵایەتی کردنی هاولاتیان. حیزب بەڕێگەی پەروەردەی سیاسی هەوڵی بەگەڕخستن و چالاکی سیاسی و بەشدار بوون ئەدات و هەلوێستە سیاسیە سەرەکیە مەودا دورودرێژەکان دەرەخسێنێت. بەڵام گرنگی ئەم بوارە بەردەوام لەهاتنە خوارەوەدایەو بەشێکی لەلایەن میدیاوە دەگیرێتە دەست.
(4) رۆلی پێکهێنانی حکومەت و نوخبە: ئەم ڕۆلە ئەمڕۆکە گرنگیەکی ناوەندیی هەیە. سیاسەت کە ئێستەش بەگشتی بەڕێگەی کەسەوە دەکرێ زۆربەی جار بەر ڕەخنە کەوتوە.
حیزب دەبێت بەشێوەیەکی بەرپرسانە ڕێگەی کاروچالاکی حکومی بگرێتەبەر. بەڵام هەموو حیزبێک وەک یەک واتوند نەبەسراوە بەسیستەمە سیاسیەکەوە کە خۆی پابەند ببینێت بە هەموو ئەو چوار ڕۆلەی دەبێت بیبینێت[1]. ڕۆلی تری حیزب بریتیە لەوەی کە حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاشخستنی سیستەمی سیاسی. هەربۆیە لەم بوارەدا گرنگی بە ڕۆلی حیزب و رێکخراوی سیاسی پێویستە، بەتایبەت گرنگیدان بەئایدیۆلۆژیای ئەو حیزبە. بە مۆدێرن کردن پێویستی بە هوشیاری کۆمەلایەتی هەیە کەیارمەتی کۆمەڵ ئەدات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی بەمۆدێرن کردن. هەر بەم شێوازە ڕێگە بۆ هاولاتیان خۆش دەکرێت لەزۆر لاوە چاودێری ژیان بکەن لەبواری سیاسی، کۆمەلایەتی، کەسایەتی، ئەخلاقی... تاد. بە مۆدێرن کردن بریتیە لەگواستنەوەی کۆمەڵگە لەقۆناغی تەقلیدیەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن وەک ئەوەی لەئەوروپای سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم ڕویدا لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فیکری. ئەم جۆرە کۆمەلگەیە لەژێر کاریگەریتی سێکۆلاریزم گەشە دەکات. لێرەدا مەبەست لەکۆمەلگەی هاوچەرخی دیموکراتیە کە پرەنسیپی ئیندیڤیدوالیزم (تاک گەرایی) تیایدا پارێزراو بێت وەک یەکێک لە پرەنسیپەکانی کۆمەلگەی مەدەنی. کۆمەلگە بەبێ دەسەلاتی سیاسی رێکخراو مەحالە، بۆیە پێویستی بەدەسەلاتێکی سیاسی، بە سیستەمێکی سیاسی رێکخراو هەیە تاوەکو بنەماکانی ژیان و گوزەران رێک بخات. دەزگاکانی دەوڵەت کە سیستەمە سیاسیەکە پێکدەهێنن وەک پەرلەمان وحکومەت و دادوەری رۆلی گرنگ دەبینن تێیدا. لێرەدا حیزبی سیاسیش گرنگ و پێویستە بۆ سیستەمی سیاسی کەبریتیە لە شێوازێک بۆ بەیەکەوە

[1] Klaus von Beyme und andere, S. 122.

گرێدان وبەستنەوەی گشت پەیوەندیە سیاسی و کۆمەلایەتی وئابووریەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەها ئەرکی رێکخستنی کۆمەڵ و رۆلی بەرێوەبردن لەرێگەی ئەو یاسایانەی کە هەن لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا دەگرێتە ئەستۆ[1]. رِیفۆرم کردنی سیستەمی سیاسی بەر لەهەر شتێک پێویستی بە رِیفۆرم کردنی حیزب هەیە چونکە حیزب رِۆلی گرنگ ئەبینێت بۆ بە مۆدێرن کردنی سیستەمی سیاسی.

باسی پێنجەم

حیزبی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت

حیزبی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت. حیزب لەژیانی دیموکراسیدا هەڵبژاردن رێکدەخات و بەشداری تێدادەکات بۆ ئەوەی دەنگ بهێنێت. حیزب لەکاتێکدا هەولی بەدەستهێنانی دەنگ و دەسەلات ئەدات، هەر بۆیە گرنگیشە کە بیرورِای سیاسی گەلیش بخوێنێتەوەو هەروەها بوارو بنەماکانی ژیانی سیاسی رِوون بکرێنەوەو هەلوێست دەربارەیان وەربگیرێن بەشێوەیەک کە لەکاتی هەڵبژاردنی گشتیدا توانای بریاری سیاسی رِوون و تەواو بۆ گەل بخولقێندرێت. هەربۆیە مرۆڤ دەکریَ حیزب وەک رێکخراوێکی خەبات پێناسە بکات کە بەرِێگەی دەنگ هێنانەوە دەیەویَ ئەوەندە دەسەلاتی بێتە دەست کە بەهۆیەوە بتوانیَ ئامانجەکانی بەدی بهێنێت[2]. بێگومان لێرەدا باس لە حیزب دەکەم لە سیستەمێکی سیاسی کە هەڵبژاردنی ئازادی تێدا هەبێت و بنەما دیموکراسیەکان بوونی هەبێت. حیزب کە لەهەڵبژاردندا دەنگەکانی بردەوە لە نێو پەرلەماندا بەپێی دەستور حکومەت پێکدەهێنێت. لێرەدا چیتر دەبێت یاسای حیزب هەبێت و بودجەی ئەحزاب بەپێی یاسا دیاری بکرێت (یاسای باش)، تەنانەت خەرجی هەڵبژاردنەکانیش بەپێی گەورەیی حیزبەکە دیاری بکرێت. هەموو پارەیەکی نامۆو ناشەرعی ئارِاستەی هەڵبژاردن و ژیانی سیاسی حیزب دەگۆرێت و حیزب پابەند دەکات. هەروەها حیزب و سەرۆکی حیزبیش لەبەردەم یاسادا یاسایی مامەلەی لەگەلدا بکرێت. بەواتا حیزب حوکم دەکات بەرِێگەی حکومەتەوە نەک حیزب خۆی رِاستەوخۆ وەک لە دەولەتی حیزبیدا هەیە.

---

[1] رێبین رەسول ئیسماعیل ، سیستەمی سیاسی ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، شوێن نادیارە ، 2003 ، ل. 55.

[2] Hans Ritscher, Welt der Politik, Berlin,1975 , S. 75.

باسی شەشەم
حیزب و هەڵبژاردن

حیزب دەیەویَ هەڵبژاردن بباتەوە. کاری حیزب لە هەڵبژاردندا لەوە دروستنەبوە تەنیا دروشم بۆخۆی بدۆزیتەوە. شەڕی هەڵبژاردن لانی کەم لە پێنج قۆناغ پێکهاتووە:

1) گەشەدان بە بەرنامە.
2) پێشکەش کردنی کاندید.
3) دیاری کردنی تیِما سیاسیەکان.
4) مۆبیلیزە کردنی دۆست و جەماوەر.
5) بردنەوەی هەلبژێردەر.

ئەم کارە چڕوپڕە کۆنابێتەوە سەر ئەو چەند هەفتەیەی پێش پڕۆسەی هەڵبژاردن. ئەم شەڕە لە دوا شەوی هەڵبژاردنی پێشترەوە دەست پێدەکات[1].

بەشی سێیەم / حیزب لە سیستەمی سیاسی دیکتاتۆریدا
باسی یەکەم
تاک حیزب وەک نمونەی سیستەمی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر

سیستەمی تاک حیزبی شێوەیەکە لە شێوەکانی سیستەمی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر. سیستەمی یەک حیزب بەواتای بوونی تەنیا یەک حیزبی سەرەکی و مۆنۆپۆلی دەسەڵات و جموجۆلی ڕامیاری دەکات و هەموو ئیمتیازات بۆ خۆی قۆرخ دەکات. سیستەمی یەک حیزب لەمێژە هەیە. تاکڕەویی لە دەسەڵاتدا زۆر کۆنە، بەڵام لەشێوازی تاکڕەوی تاکە کەسیدا بووە نەک تاکە حیزب. دیاردەی یەک حیزب لە دەوڵەتدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاتۆتە کایەوە[2]. لەم سیستەمەدا دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی تاکە حیزبێکدا کۆدەبێتەوەو لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی دەوەستێت. لەم سیستەمەدا حیزب و ئۆرگانە کارگێری و سەرکردایەتیەکەی دەبێتە دەسەلات لەدەوڵەتدا، واتا سەنتەرگرتنی هێز لەدەستی حیزبدا. بەو پێیەی سیستەمی تاک حیزبی ڕیگا نادات ڕوبەڕوی کێشەی کێبڕکیٰ بێتەوە لەسەر کورسیەکانی دەسەڵات، لەبەر ئەوە دەبینین ئەندامەکانی کار بۆ خزمەتکردنی گەل ناکەن بەئەندازەی ئەوەی هەوڵدەدەن خۆیان لەسەرکردە نزیک بکەنەوەو متمانەی بەدەست بخەن[3]، بەڵام سیستەمی تاک حیزبیش سیستەمێکی سیاسی

[1] www.bpb.de/.../LIS62C,0,Parteiensystem_der_Bundesrepublik_Deutschland. html -

[2] بەهادین ئەحمەد موحەممەد ، تیۆری دەولەت و سیستەمە رامیاریەکان ، سلێمانی ، 2002، ل. 203.

[3] محمود خیری عیسی ، ص، 68.

نەگۆڕ نیە. ئەو کۆمەڵگەیەی سیستەمی تاک حیزبی بەرێوەی دەبات وەک ئەو کۆمەڵگەیە وایە کە خێڵێک یان تایفەیەک فەرمانڕەوایەتی بکات چونکە حیزب بەرجەستەی ڕوانگەی گروپێک لەخەڵک یان بەرژەوەندی گروپێک لە کۆمەڵ یا بیروباوەرێک یا شوێنێک دەکات. پاشان حیزب بەبەراورد بە گەل هەر کەمایەتیە[1]. تاک حیزب هەموو ئەو هێزو حیزبانەی لەسەر بنەمای دیکتاتۆریەت دامەزراوون بۆنمونە وەک ئەوانەی لەسەر شێوەی سۆڤیەتی سەردەمی کۆمۆنیزم دروستبوون. ئەم شێوە سیستەمە تاک حیزبیە لەسەر پرەنسیپی دیموکراسی مەرکەزی کار دەکات بەوەی کۆبونەوەکانی حیزب لەسەر گشت ئاستەکان، وەفدو سکرتێرەکانیان بۆ دەسەلاتی سەرەوە هەلدەبژێرن، پێش بڕیاردان لەلایەن سەرەوە، خوارەوە ڕێگەی پێدەدرێ وتوویژ دەربارەی بابەتێک ئەنجام بدات، بەلام مەرکەز دەتوانێ ئەم دەستنیشان کردنانە بەکردارەکی هەڵبوەشێنێتەوە چونکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بڕیار دەدرێ کێ هەلدەبژێردرێ. بەرپرسەکان بەڕێگەی سەرەوە دادەنرێن و لادەبرێن و ئەم بڕیارانەی دوایی هەلناوەشێنرێنەوەو ناخرێنە بەر گفتوگۆ[2].

"لەم کۆمەڵگەیانەدا حیزب ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی خەلک و داخوازیەکانیان نیە بەرەو ئازادی، بەڵکو حیزب گەل ناچار دەکات سیاسەتێکی ئامادەکراو قبوڵ بکات کە لەکۆتایدا لەخزمەتی نوخبەیەکی دیاریکراوی دروستکەرانی بڕیارن، تازەمینەیەکی لەبار بۆ لەدایکبوونی دیکتاتۆری برەخسێ، تاوای لێدێت حیزب دەبێتە بەشێک لە دامودەزگاکانی سیستەمی دیکتاتۆری و ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی هاولاتیان و زەوتکردنی ئازادیەکانیان[3]".
ئەم کاریگەریە هەم لەسەر ئاستی ڕێکخستن دەردەکەوێ هەم لەسەر ئاستی سەرکردایەتی. پرەنسیپی ملکەچبونی ڕەهای خوارەوە بۆ سەرەوەو سەپاندنی ناوەندێتی توندوتۆڵ بەسەر ئەندامانداا زادەی خۆبەستنەوەیە بەشێوە سۆڤیەتەکە. تەنگەبەرکردنی پەراوێزی دیموکراسی و ئازادی ڕادەربرین بەشێوەیەک کە ئەندامان تەنها لەچوارچێوەی شانەی حیزبیدا بۆیان هەیە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن. لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، ڕابەری حیزب نەک هەر دەسەلاتی ڕەهاو بێسنوری هەیە بەلکو پیرۆزگەراییەکی تایبەتیشی بۆ دابینکراوە. بەم پێیە هەلوێستی حیزب لە ڕوداوەکان و سیاسەتە گشتیەکانی ئەوەندەی پەیوەندی بەپێکهاتەی سایکۆلۆژی کۆمەلایەتی و کەلتوری ڕابەرەکەیەوە هەیە ئەوەندە پەیوەندی بەپێکهاتەی ئایدیۆلۆژی حیزبەوە نیە. تێهەلکێش بوون و تێکەلاوبونی دەسەلاتەکان لەیەک دەسەلاتدا ئەمەش ڕوخسارێکی دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزمە[4].

---

[1])هەمان سەرچاوە، ل. 19.

[2] Hans Ritscher, S. 42.

[3] ) کؤمةليَك نوسةر ، ل. 61.

[4]) كوردستاني نوي ، **7.12.2003** ، نوسيني فةريد ئةسةسةرد ، ذمارة 3238 ، ل.7 .

یەکەم جار ئەم سیستەمە لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دەرکەوت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. پاشان لە ئەوروپا سیستەمی تاک پارت جڵەوی دەسەڵاتی کەوتە دەست لە هەریەکە لە ئەڵمانیاو لە ئیتالیاو پاشان ئەم سیستەمە بووە سیستەمی سەرەکی لەزۆربەی دەوڵەتەکانی "جیهانی سێ". تائێستاش سیستەمی تاک حیزب لەچین و کوباو کۆریای سەرو و سوریاو ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی دیکەی ئاسیاو ئەفریقا پەیڕەو دەکرێت[1]. هەوڵی بەحیزب کردنی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ واتا گۆشەگیرکردن بەیەک ئایدیۆلۆژیای دیاریکراوی حیزبی و تەسک کردنەوەی بیروفیکری کۆمەڵ بەجیهانبینیەکی داخراو، ڕاهێنانیان لەسەر دەمارگیریی حیزبایەتی دەبەخشێت لەناو بازنەیەکی تەسکدا کە دەرگای کردنەوەی مێشکی مرۆڤ بەرەو دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی دادەخات. 35 ساڵ ئەزمونی فەرمانڕەوایی بەعس لەعێراق بۆ بەحیزبی کردن و بەعسی کردنی کۆمەڵانی عێراق پاڵپشت بە ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتاری داخراو نمونەیەکی بەرچاوە. لە وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکان بەدەیان حیزب لەوڵاتەکانیاندا هەیە، لێرەدا حیزب هەلدەبژێردرێت و پەڕلەمانیش لەگەلیدا کە ئەمەی دواییان باڵاترین دەسەڵاتەو دواتر حیزب لەهەناویدا حکومەت پێک دەهێنێت و حیزبەکانیش دەبێت دواتر ملکەچی یاساکانی بکەن کە هەرچەند ساڵێک دوبارە دەخرێتەوە بەردەم هەڵبژاردنی گەل بۆ دەنگدان و بڕیار وەرگرتن لەسەری.

بەهۆی نەبوونی پارتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ڕاستەقینەو خاوەن ئایدیۆلۆژیا تاک حیزب دەبێتە پارتێکی دیکتاتۆر و بگرە تۆتالیتێر. شێوەیەک لە دەسەڵات بەخۆیەوە دەگرێت کە گەل تێیدا مافی دیموکراسی نیەو دەسەڵاتی دەوڵەت دەسەڵاتی ڕوکەش دەبێت و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی تاک حیزب تێیدا دەسەڵاتێکی سنوردارنەکراو، و ڕەها دەبێت. شێوەیەک دەبێت لە حوکم کردنی سیاسی کە یەک تاک دەیگرێتە دەست کە هیچ کۆت و بەندێکی یاسایی، یان دەستوری، یان عورفی نایبەستێتەوە. بەم شێوەیە دیکتاتۆریەت جۆرێکە لە حوکمی ستەمکاری دیکتاتۆرەکان کە بەشێوەی نادەستوری دەسەڵات دەگرنە دەست کە لەزۆربەی کاتدا لەڕێگەی توندوتیژیەوەیەو میتۆدەکانی هێز دەیپارێزن[2].

دەسەڵاتی کەسێک، گروپێک، حیزبێک، یان چینێکی کۆمەڵایەتی کە مۆنۆپۆلی (ئیحتیکاری) دەسەڵات لە کۆمەڵ و دەوڵەتدا دەکات و ئەم دەسەڵاتەش زۆربەی جار بێسنوور پراکتیزە دەکات[3]. کەواتە سیستەمی دیکتاتۆری سیستەمێکی تاکە کەسیە، یان گروپێکی بچووکە، پەیوەستە بەکەسی دیکتاتۆرەوە، دیکتاتۆر خۆی دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوەیە، خۆی خاوەن

---

[11]) بەهادین ئەحمەد موحەممەد، تیۆری دەولەت و سیستەمە رامیاریەکان ، ل.203.

[2]) بورهان قانع ، فەرهەنگی نوێ ، وەرگێرانی لەفارسیەوە بۆ کوردی ، 1985، ل. 96.

[3] Kleines Lexikon der Politik, Dieter Nohlen, München, 2001, S. 65-66.

بریارەو لەو کارەدا پەنا دەباتە بەر خەلکی لاوازو بێتوانا بۆئەوەی ئامێری دەستی خۆی بن و لەچوارچێوەی ئەو دەرنەچن. هەرچەندە دیکتاتۆر سوود لەخاوەن کەسانی ئەزموون و خەلکی زاناو ئەکادیمیستەکان وەردەگرێ، بەڵام تەکنۆکراتانە بیرناکاتەوەو ڕەفتار ناکات، ئەو کەسانە بە وونی دەمێننەوەو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ولات و دەولەت دەرناکەون و دەسەلات نایەوێ ئەم توێژە بەشداریی دەسەلات بکات. لەوەیە دیکتاتۆر ئەنجومەن و دەزگای جۆراوجۆر پێک بێنێ و وانیشانی بدات کە سیستەمە سیاسیەکە دەزگای یاسادانان و دەزگای ڕاپەراندن و دادوەریی هەیە، بەلام لەڕاستیدا ئەمانە هەموو ئەنجومەن و دەزگای دیکتاتۆرین بۆ چەواشەکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی خۆی کە دیکتاتۆر بەکاریان دەهێنێت. هەندێ جار دیکتاتۆرەکان دەگەنە دەسەلات لەڕێگەی حیزبەکانیانەوە کە زۆرجار چالاکن و لەدەوری سەرۆکی حیزبەکەیان کۆدەبنەوەو قسەی پشت گوێ ناخەن و سەرۆکەکەیان دەگەیەننە دەسەلات و هەیبەت و نمووی بۆ دروست دەکەن و گەورەی دەکەن و خۆیانی پێدا هەلدەواسن و سوود و بەرژەوەندی تاکی خۆیانیشی تێدایە[1].

حیزبی دیکتاتۆر پێچەوانەی سیستەمی دیموکراتی بریتی نیە لەسیستەمێکی ئەقلانی، شەرعی، دیموکرات[2]. لەم سیستەمەدا کۆمەل دەبێت لەلایەن تاک حیزبی جەماوەریی فەرمانڕەوایی بکرێ. ئەم حیزبە لێرەدا لەژێر دەسەلاتی تەنیا یەک سەرکردەدا دەبێت کە بەشێوەیەکی هیراکی و هەرەمی و ئۆلیگارشی ڕێکخراوە. دەسەلات و فەرمانڕەوایەتیەکە ناوەندیەو ڕێگە نادرێ بە شێوازی ئاشتیانە دەسەلات دەستاودەست بکات. ئەم دەسەلاتە کۆنترۆلی هەر سێ دەسەلاتە سەرەکیەکانی دەولەت دەکات کە بریتین لە دەسەلاتی (جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری). بەواتا لێرەدا مۆنۆپۆلی حیزب بوونی هەیەو تەنیا ئەو تاک حیزبە سەرجەم سیاسەتی گرتۆتە چنگی خۆی و بریارەکان بەتەنیا ئەنجام ئەدرێت. نە لەناو، وە نە لەدەرەوەی حیزب ئۆپۆزیسیۆنی پێ پەسەند نیە. لەبەر ڕۆشنایی قەدەغەکردنی تەکەتولات بەتەنیا سەرووی حیزب فەرمان دەردەکات. لێرەدا ڕێکخراو و گروپی ئاوتۆنۆم ڕێگە پێنادرێت. گشت ئەمانە لەژێر کۆنترۆلی حیزبدان. حیزب شێوە ئەدات بە گروپەکان و بەرێوەیان دەبات، بەجۆرێک کە گشت مرۆڤەکان چەند جارێک چاودێری دەکرێن بۆنمونە سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان. بە جۆرێک کە کەسی تاکیش وەک تاک، نەک وەک گروپ هەمیشە ڕووبەڕووی بەرەی داخراوی حیزب و ئایدیۆلۆژیاکەی دەبێتەوە کە ئەم بەرامبەری بێدەسەلاتەو لەم دیدو جیهانبینیەی دەسەلاتەوە دەبێت هەرواش بمێنێتەوە. کەواتە لێرەدا مۆنۆپۆلی ڕێکخراوەییش پەیڕەو دەکرێ[3]. سیستەمی دیکتاتۆرو تاک حیزب وەک تەواوی سیستەمە دیسپۆتیزم و ستەمکارەکان ناتوانێت خۆی

[1] بەهادین ئەحمەد موحەممەد، تیۆری دەولەت و سیستەمە رامیاریەکان ، ل. 163.

[2] Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 551.

[3] Reinhard Kuhn, Welt der Politik, Berlin, 1971, S. 35-36.

رابگرێت بێئەوەی بواری ژیانی گشتی و توانا سیاسیەکانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەی تێک نەشکێنێت. ئینتیمای بۆ ڕژێمێکی وەسفیکراوی نویَ هەیە کەتەنها پشت بە (گۆشەگیرکردن) نابەستیَ، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەشدایە کە ژیانی تایبەتیی مرۆڤەکانیش کۆنترۆل بکات ئەگەر لێرەدا سیستەمی تۆتالیتێر کە بریتیە لە تاک حیزب بە نمونە بهێندرێتەوە[1].

ئەم شێوە دەسەڵاتە بەرگری لە دەسەڵاتەکەی هەندییک جار بەرێگەی ئایدیۆلۆژیاوە دەکات. لێرەدا ئایدیۆلۆژیا بۆ حیزب دوو واتایە: بۆ ئامانجی شەرعیەتدان وە هەروەها وەک ئامرازی دەسەڵات[2]. بەڵام هەموو حیزبێک حیزبی ئایدیۆلۆژی نیە.
سیستەمی تاک حیزب، فەرمانڕەوایی دەوڵەت وەک ئامرازی دەسەڵاتەکەی بەکار دەهێنێت، بۆ هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی هاوتەریب بەو دامەزراوەیەکی حیزبیش هەیە کە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە خاوەن دەسەڵات خۆی. ئەدۆلف هیتلەر دەڵێت: "ئەوە دەوڵەت نیە فەرمان بەئێمە دەکات، بەڵکو ئێمەین فەرمان بەسەر دەوڵەتدا دەکەین". بێگومان لێرەدا دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن کەسەکانی حیزب داگیردەکرێن. هەربۆیە دەوڵەت و حیزب، یان حکومەت و حیزب لەبەرەوە وا بەناو یەکتردا دەتوێنەوە کە لەیەکتر جوداکردنەوەیەکی تەواو نزیکەی ئاستەمە. هاورێیەتی لەنێوان کەسە چالاک و بەرپرسانی ئەم شێوە حیزبە زۆر کزە. هەریەکەو حوکمی ئەوی تر بەوە ئەدات کە، چی بۆ حیزب دەکات. مرۆڤ لەم جۆرە سیستەمەدا کەسی خاوەن ماف نیە بەڵکو کەرەسەیەکی خزمەتە، کە بەپێی ئینجازاتی و باوەڕی پێوانە دەکریَ[3]. هەرچەندە لە سیستەمی یەک حیزبدا بەتایبەت ئەو حیزبانەی باسی ئایدیۆلۆژیا دەکەن وەک ئەوانەی هیتلەرو مۆسۆلینی و سەدام...، بەڵام لەئەنجامدا ئایدیۆلۆژیا لە کەسایەتی یەکەمی حیزبدا کۆدەبێتەوەو سروشت و ئارەزوی خوودی ئەو کەسە دەبێتە هەموو حیزب و حیزب لەودا کۆدەبێتەوە[4]. حیزبی بەعس لە عێراق لەکاتی فەرمانڕەوایی سەدام حوسێندا بەم شێوەیە بوو. هەرچەندە لە پەیڕەوی ئەم دواییەی حیزبی بەعس دا باس لە هەڵبژاردنی ئەندامانی (قیادەی قەومی و قیادەی قوتری) و...تاد. دەکات بەڵام لە کۆتایدا سەدام حسێن حیزبی بەعس و حیزبی بەعسیش سەدام حسین بوو[5].

---

[1]) د. سالار باسیرە ، تۆتالیتاریزم ، توێژینەوەیەکی زانستی ، گۆڤاری زانکۆ بەشی B ، زانستە مرۆڤایەتیەکان ، ژمارە 23، 2008، سلێمانی، ل.4 .

[2] Reinhard Kuhn, S. 42.

[3]) هەمان سەرچاوە، ل. 42.

[4]) هەمان سەرچاوەو، ل. 206 .

[5]) هەمان سەرچاوە، ل. 207-208.

دەوڵەتی حیزبیی بەدەوڵەتێک دەوترێ کە دەسەڵاتی دەوڵەت لەناوەڕۆکدا لەدەستی حیزب و کۆمەڵێکی بەرژەوەندی بێت[1]. چەندین ڕەخنە ڕووبەڕووی سیستەمی تاک حیزبی دەبنەوە کە بریتین لە قۆرخ کردنی دەسەلات، بلاوبونەوەی گەندەڵی و هەروەها بیرۆکراسیەت.

بەشی چوارەم

میتۆدەکانی حیزب بۆ گەیشتن بە دەسەڵات

زۆرن ئەو میتۆدانەی کە حیزب (دەسەڵات / ئۆپۆزیسیۆن) بەکاری دەهێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، مانەوەی دەسەڵات وپارێزگاری کردن لێی.

زەبروزەنگ و ئاشتی وەک میتۆدی دەسەڵات

هەندێکجار حیزب / ئۆپۆزیسیۆن بە ڕێگەی ئاشتیانە دەیەوێ دەسەڵات دەستاودەست بکات، بۆنمونە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، هەندێکی تر بەڕێگەی شۆڕش و چەک و توندوتیژیەوە دەیەوێ بگاتە ئامانج، بۆ نمونە تالیبان لە ئەفغانستان، کورد دژ بە ڕژێمی بەعس و شۆڕشگێرانی لیبیاو سوریا بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی تری جیاواز لەوەی پێشوو. هەندێ جاریش بەڕێگەی فشاری شەقام و بزوتنەوەو ڕاپەرینی جەماوەریی. مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی بریتی بوە لە مێژووی هەوڵدان لەپێناوی دەسەڵات و ئابووریدا. لەم پێناوەشدا مرۆڤایەتی هەموو ڕێگەو ئامرازێکی جۆراوجۆری گرتۆتەبەر. ئەم ڕێگەیانەش بەپێی قۆناغەکانی مێژوو وەک یەک نەبوون. بۆنمونە لەسەردەمی مێژووی ڕۆمیەکاندا، یان تەتەرو مەغۆلەکاندا ئازایەتی شەڕی بەدەنی و شمشێر وەشاندن و پێشڕەوی کردنی سوپا بۆ گۆڕەپانی جەنگ و ئازایەتی نواندن تێیدا چەقی دەرکەوتن بوەو هەیبەتی داوەتە مرۆڤەکەو گەیاندویەتی بە پایەو پلەو دەسەڵات. خۆ ئەگەر ئەم کەسە سەر بەبنەماڵەیەکی ناسراو بوبێت ئەوا ناوبانگی بنەماڵەکەیشی ڕۆلی گرنگ و تایبەتی خۆی بینیوە. ئەم فاکتەرە شانبەشانی دەوڵەمەندی و خاوەن دارایی وایکردوە کەسەکە زووتربگات بە دەسەڵات. ناسراویی بنەماڵەو خەلافە فاکتەرێکە کە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بەتایبەت لە وڵاتە دوا، یان نیمچە دواکەوتوەکان ڕۆلی گرنگی خۆی دەبینێ و ئەم بڕیارەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی چونکە شێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و جۆری بیرکردنەوەکان هەر هێشتا بەم شێوەیە گوزەر دەکات. شێوەکانی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی بەپێی ڕەوتی مێژوو، و بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری وەک یەک نەبوون بەلام لەناوەڕۆکدا بۆ دوو

[1] http://de.wikipedia.org/wiki/Politische_Partei.

مەبەستە سەرەکیەکە بووە کە بریتی بووە لەدەسەڵات و ئابووری، بەڵام پرسیارەکە هەمیشە لەوەدایە دەسەڵات و ئابووری لەدەستی کێداو بۆ کام مەبەست؟

شوێن و زەمەن لە دەسەڵات و ژیانی سیاسیدا

دەسەڵاتداران بۆ گەیشتن، یان بۆ پارێزگاری کردن و بەردەوامیدان بەدەسەڵاتەکەیان ڕەچاوی شوێن، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، باری ئابووری، هوشیاری کۆمەڵ، لایەنی ڕۆشنبیری و باری سیاسی و سایکۆلۆژی ئەو کۆمەڵ و وڵاتە دەبێت بکەن[1]. ئەوەی حیزبی نازی ئەلمانی لەسەردەمی خۆیدا بەکاریهێناوە دەسەڵاتی ئەمڕۆ لە ئەڵمانیا ناتوانێت هەمان سیستەمی سیاسی بەو شێوە ئایدیۆلۆژیایەوە لەبەر چەندین فاکتەر پیادە بکات. لەقۆناغێکی مێژویدا وابوە کە ئەدۆلف هیتلەر فەرمانڕەوایی کردوەو میللەتیش قبوڵی بووە. کەواتە بوونی ئەو حیزب و ڕژێم و کەسانە بەرهەمی واقعی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی دەبەخشن و ئەوەندەش ئەو واقیعە بەهەمان بارودۆخ بمێنێتەوە ئەوا دەسەڵات و سیستەمە سیاسیەکەش ماوەیەکی درێژ لەسەر تەمەن دەمێنێتەوە. دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەڕێگەی کودەتای سەربازی و زەبروزەنگەوە دێتە کایەوە، بەڵام هەندێ جار دیکتاتۆر دەکرێ بەشێوەیەکی ئاسایی و دیموکراسی دەسەڵات بگرێتە دەست و پاشان دیکتاتۆریەتی خۆی بسەپێنێ و دیموکراسی لە وڵاتدا لەنێوببات و کاریگەریی خۆی لەسەر سیستەمە سیاسیە نوێکە پراکتیزە بکات. حیزبی نازی لە ساڵی 1933 لە کەشوهەوای دیموکراسی کۆماری ڤایمار بە هەڵبژاردن گەیشتە دەسەڵات و پاشان هەموو دامودەزگا دەستوریەکانی تێکداو بە ئاگروئاسن فەرمانڕەوایی ئەڵمانیای کردو ئەم دەوڵەتەو بەشێکی جیهانی ڕوبەڕووی جەنگێکی دژوار کردو زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بەئەڵمانیا وجیهان گەیاند[2].

---

[1] بەهادین ئەحمەد محەمەد ، تیۆری دەولەت و سیستەمە رامیاریەکان ، ل. 36،28-37.

[2] ) Faschismus; Ursachen und Politik des deutschen Faschismus, Hamburg, 1979, S. 4

*دەسەلات فەرمانرەوایی کۆمەل دەکات. دەسەلات هەمیشە زەمینە بۆ دەسەلاتدار دروستدەکات بۆ گوێرایەل کردنی بەرامبەرەکەی و سەپاندنی فەرمان و ویستی خۆی بەسەریدا دژ بەهەولی راپەرینیشی. هەروەها دەسەلات ئەو ئیمکانیەتە دروستدەکات دژەکان ناچاری هەنگاوی گونجاو بکات، بەڵام گونجاو لەبەرژەوەندی وخواستی (دەسەلات - داردا)، ئەگەر پێویستیش بوو دەیەوێ بە زەبروزەنگ ناچاری بکات ، ئیتر شێوازی ئەو زەبروزەنگە چیەو چۆنە ئەوە سروشت و پێکهاتەی دەسەلاتە سیاسیەکە دیاری دەکات ئیتر تاک بێت ، یان گروپ ، یان دەزگا بێت خاوەن دەسەلات هەول ئەدات رەفتار بەسەریدا بسەپێنێت. هەرچەندە مەرج نیە دەسەلات هەمیشە بەند بێت بەزەبروزەنگەوە ، بەڵام دەسەلات سەلامەت ترو گەورەترە کەبەند بیت بەرەزامەندیەوەو کەمتر بەڕێگەی ناچارکردنەوە. ئەگەر دەسەلاتدار نەیەوێ دەسەلاتەکەی بکەوێتە ژێر مەترسیەوەو بیەوێ لەدەستی نەدات ئەوا دەبێت رەچاوی بەرژەوەندی حوکمکراوەکانیش (دەسەلات بەسەرەکانیشدا) بکات. ئەو کەسەی سیاسەت پیادە دەکات هەول بۆ دەسەلات ئەدا. دەسەلات وەک ئامراز لەپێناوی ئامانجی تردا ، یان لەپێناوی ئیرادەی خۆیدا بۆ خۆشی وەرگرتن لەو دەسەلاتە. کەسایەتی ناسراوی فەرەنسی چارلس ماوریس پێش زیاتر لە 200 سال لەمەوبەر وتویەتی: "بەقەمەی سەر تفەنگ مرۆڤ دەکرێ هەموو شتێک بکات بەڵام ناکرێ لەسەری دابنیشێت. مەبەست لەوەدا راستە ناچارکردن و هێزو زەبروزەنگ ئامرازە بۆ دەسەلات و مانەوەو بەردەوام بوون لەدەسەلاتدا بەڵام ناشتوانرێت هەتا سەر خاوەن دەسەلات بەکاری بهێنێت.

میتۆدی دین

دین یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی بۆ مەبەستی گەیشتن بەدەسەڵات بەپێی بارودۆخی کۆمەڵ و ڕەوتی مێژویی کۆمەڵ لەلایەن حیزب و سیستەمە جۆراوجۆرەکانەوە بایەخی پێدراوەو کراوەتە ئامرازێک بۆ گەیشتن و مانەوە لەسەر دەسەڵات[1]. بە پێی ئەزمونەکان هیچ سیستەمێکی ئاینیی نەبۆتە سیستەمیکی دیموکراسی و تاک فەرمانڕەواییەکی ئاینی و مەزهەبی ئامانجی ئەو بووە.

میتۆدی ئابووری

فاکتەری ئابووریش جێگەی تایبەتی خۆی هەبوە بۆ ئەم ئامانجە. باشکردنی باری ئابووری و کەمکردنەوەی بێکاری فاکتەرێکی تری گرنگە بۆ ڕاکێشان و نزیک کردنەوەی کۆمەڵ لەدەسەڵاتدار، یان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات. مرۆڤ لە پێناوی نان و ئازادیدا دەجەنگێت بەڵام لە ناو کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا زۆرجار نان پێش ئازادیی کەوتووە، لە ڕاستیشدا مرۆڤ دەکرێ بێ ئازادیی بژی هەرچەندە قورسە بەڵام ناکرێت بێ نان بژی.

وێنای دوژمن

یەکێکی تر لە فاکتەرەکان بۆ گەیشتن و مانەوە لەسەر دەسەڵات بریتی بوە لەدۆزینەوەی وێنای دوژمن و بەم هۆیەوە ئاماژەکردن بە پێویستی بوونی ململانێی توندوتیژ. حیزبی نازی یەهودیەکانیان کردبوە وێنای دوژمن و حکومەتی تورکیاش کورد.... ئەم میتۆدە نوێ نیە لە مێژوودا.

جەنگ

ئەم فاکتەرەش وەک ئامرازی سیاسەت لەخزمەتی دەسەڵاتدا بووە[2]. جەنگ دەکرێ وەک ئامراز بۆ گەیشتن بەدەسەڵات بەکار بهێنرێت و هەروەها بۆ سەرقالکردنی جەماوەر بەشوێنی ترەوە. بەڵام ئەم ئامرازەش ئەمڕۆکە بۆ گەیشتن بە مەبەستی دەسەڵات بە گەڕانەوە بەرەو دواوە سەیر دەکرێ. جەنگ هەمیشە بریتی بووە لە سیاسەت و درێژکەرەوەی سیاسەت بەشێوەی خوێن ڕشتن، هەروەک چۆن ئاشتیش سیاسەتە بەڕێگەی ئاشتیانە. هەردوو جەنگی کەنداو (جەنگی عێراق و ئێران و داگیرکردنی کوەیت لە لایەن حیزبی بەعسەوە نمونەیەکی بەرچاوی بۆچونەکەیە.

[1] Unsere Zeit, Berlin, 26.10.1990, S. 3.
[2] Fadil Rasoul, Irak-Iran, Wien 1987, S. 170, S. 46.

ئایدیۆلۆژیا

ئایدیۆلۆژیاش یەکێکی ترە لەم ئامرازانە. دەمارگیری نەتەوەیی (ناسیۆنالیزم) یەکێکە لەفاکتەرە ئایدیۆلۆژیەکان و کاری پێکراوە بۆ ئەم ئامانجە. بۆنمونە حیزبی بەعس و نازیەکانی ئەڵمان ناسیۆنالیزم و سیاسەتی ڕاسیزم بۆ کارتێکردنە سەر گەلەکانیان وەک ئامراز بەکارهێناوە. حیزبی نازی بەرگریی لە دەسەڵاتەکەی بەوە دەکرد کە ڕەگەزی ئاری ئەڵمانی بەرزەو ڕەگەزێکی تایبەتەو لەسەرو نەتەوەکانی ترەوەیە. ئەگەر کۆمەڵگە ئەم فیکرەیەی بە شەرعی بینی بۆ ئەو ڕژێمەو بەرەزامەندی خۆی دوایکەوت، ئەوکاتە دەسەڵاتەکە دەکرێتە دەسەڵاتێکی شەرعی بەڵام مەرج نیە دەسەڵاتێکی دیموکراسی بێت. بەعس فیکری ناسیۆنالیزمی عەرەبیی (القومیه العربیه)ی کردبوە ئایدیۆلۆژیاو وەک ئامرازی سیاسی بەکار دەهێنرا، لەئێران ئیسلامیزم، لە تورکیا ئیسلامیزم و ناسۆنالیزمی تورکی... تاد. ئەو جۆرە سیستەمە سیاسیانە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ ئەدەن بە ڕێگەو یارمەتی ئایدیۆلۆژیایەک وا تەئسیر لە ژێردەستەکانیان و لەجەماوەر بکەن کە یەکبگرنەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ئەو حیزب و لایەنە دەسەڵاتدارەو بەم جۆرە بتوانن شەرعیەت بدەن بە فەرمانڕەوایەتیەکەیان. بەواتا ئایدیۆلۆژیاش یەکێکە لەو ئامرازانەی کە دەسەڵاتدار بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت و لێرەدا حیزب و دەزگاکانی باشترین ڕێگەیە بۆ شۆڕبونەوەی بیروفیکری دەسەڵاتدار بەناو شادەمارەکانی گەلدا. ئیتر دروشمی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم بێت، سەربەخۆیی، یان دۆزینەوەی وێنای دوژمنی دەرەکی و ناوەکی بێت...تاد. بۆئەوەی بەم ڕێگەیانەوە حیزب و جەماوەر لەدەوری سەرۆک کۆبکاتەوەو خەلکیی ڕووی تێبکەن و شەرعیەت بۆ دەسەڵاتەکەی پەیدا بکرێت و درێژە بەژیانی دەسەڵات بدات. بەڵام هاوکات لە ڕۆژئاوای ئەوروپا حیزب خاوەن ئایدیۆلۆژیایە، بەرنامەکانی گوزارشت لە ئایۆلۆژیاکەیان دەکات، بەواتا حیزبی ئایدیۆلۆژی مەرج نیە دیاردەیەکی نەگەتیڤ بێت. ناکرێت چینی کرێکارو سەرمایەدار هاوکات لە تەنیشت یەکترەوە لەناو یەک حزبدا نوێنەرایەتی بکرێت.

حیزبی بەعس سیستەمی تۆتالیتاری وەک میتۆدێکی تری دیکتاتۆرانە بۆ گەیشتن و پاراستنی دەسەڵات بەکار دەهێنا. هەموو سیستەمێکی لەم جۆرە چەندین ئامرازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن بۆ مانەوەیان لەسەر دەسەڵات. ئەو حیزب و سیستەمە هەرچیەک بێت بۆ بەشەرعیەت کردنی پێوانەیەک لەڕەزامەندی گەل هەمیشەو بەردەوام پێویستە[1]. سمیر الخلیل لەو باوەڕەدایە، کە: "ڕاگرتنی سەقامگیری سیاسی حیزبی بەعس بەر لەهەر شتێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی گۆڕینی دەوڵەت و کۆمەڵ بەڕێگەی ئیرهابی بەردەوام. زەبروزەنگ و ئیرهاب تەنانەت دوای سەقامگیری دەسەڵاتیش بۆ کۆنترۆل کردنی کۆمەڵ بەدەزگا کراوە بەشێوەیەک کۆمەڵگە

[1] Hans Ritscher, Welt der Politik, Berlin, S. 3.

بەدەگمەن ئیمکانیەتی کاردانەوەی بۆ دەمێنێتەوە"[1]. بەڵام سیستەمە تۆتالیتارەکانیش نەگۆڕ نەبوون. تێکچوونی سیستەمی سیاسی ژێر دەسەڵاتی سەدام حسین بە ڕوونی نیشانیدا کە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکانی 35 ساڵی عێراقی بەعس بێئەنجام و بێکاریگەر نەبوو بۆ سەر ڕژێمی بەعس. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانە ئەو پرسیارە دێتە پێش کە سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکاریانە چۆن حیزبی بەعس توانی کۆمەڵ ودەوڵەت بۆ مەودایەکی ئەوەندە دوور کۆنترۆڵ بکات و مانەوەی فەرمانڕەوایی ڕژێمە سیاسیەکەش بتوانێ بپارێزێت. لێرەدا مێژووی سیاسی بەسوودە مرۆڤەکان، حیزب و سیستەمە سیاسیەکان لێوەی فێربن.

دەرئەنجام

- حیزب بەندە بە بەشێکی گەل کە بەرژەوەندی تایبەتی هەیەو بۆ بەدیهێنانی ئەم بەرژەوەندیانە ئۆرگانیزە بوە. بەم شێوەیە حیزبێک هەرگیز ناتوانێ بۆ سەرجەم گەل بدوێ چونکە بەپێی پێناسە تەنیا دەتوانێ نوێنەرایەتی بەشێکی بکات، زۆربەی کات دژ بە بەرژەوەندیەکانی بەشەکانی تری کۆمەڵ. بۆنمونە حیزبێکی کرێکاریی خەبات ناکات لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چینێکی سەرمایەدار بەڵکو بە پێچەوانەوە لە دژی دەوەستێتەوە. ئەو بۆچونەی حیزبێک نوێنەرایەتی هەموان بکات نیشانەیەکی گرنگی دیکتاتۆریەو بگرە تۆتالیتاریزمە. ئەو حیزبانەی کە نوێنەرایەتی ئەم بۆچوونە دەکەن بەسەر ئایدیۆلۆژیا باز ئەدەن.
- بۆ تاکی کۆمەڵ شتێکی گرانە ئایدیاکانی بەتەنیا خۆی پراکتیزە بکات. لەبەر ئەوە بۆ هاوبیرەکانی خۆی دەگەڕێت، ئەوانەی وەک ئەم بەدوای هەمان ئامانجدا دەگەڕێن. مرۆڤ ئەو حیزبە هەڵدەبژێرێ کە لەگەل بەرژەوەندیەکانیدا گونجاون (بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان).
- حیزبی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت.
- دیموکراسیەتی هاوچەرخ بێ حیزبی سیاسی مەحالە. حیزب کار لەسەر دروستبوونی ئیرادەی سیاسی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات.
- حیزب لەژیانی دیموکراسیدا هەڵبژاردن ڕیک دەخات و بەشداری تیدا دەکات بۆ ئەوەی دەنگ بهێنێت. حیزب لەکاتێکدا هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگ و دەسەڵات ئەدات، هەر بۆیە گرنگیشە کە بیروڕای سیاسی گەلیش بخوێنێتەوەو هەروەها بوارو بنەماکانی ژیانی سیاسی

[1] Samir al Khalil, Republic of Fear, Los Angeles, 1989, zitiert nach Ibrahim, Staat und Gesellschaft im Irak unter der Herrschaft der Baath-Partei, in: Zeitschrift für Politik und Ökonomie in der Dritten Welt, Nr. 42, Münster, 1991, S. 20.).

ڕوون بکرێنەوەو هەلوێست دەربارەیان وەربگیرێن بەشێوەیەک کە لەکاتی هەڵبژاردنی گشتیدا توانای بریاری سیاسی ڕوون و تەواو بۆ گەل بخولقێندرێت.

- حیزب ئۆرگانێکی گرنگە بۆ بەمۆدێرن کردن یان پاشخستنی سیستەمی سیاسی. ریفۆرم کردنی سیستەمی سیاسی بەر لەهەر شتێک پێویستی بە ریفۆرم کردنی حیزب هەیە چونکە حیزب ڕۆلی گرنگ دەبینێت بۆ بە مۆدێرن کردنی سیستەمی سیاسی.
- لە کۆندا جیاوازی هەبوە لەبیروڕادا. یانەی میللی هەبوو، گروپە فیکریەکان و پەرلەمانیەکان هەبوون، بەلام ئەمانە بەواتا ڕاستیەکەی هیچیان حیزبی سیاسی نەبوون. تا ساڵی 1850 جگە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هیچ وڵاتێک حیزبی سیاسی نەزانیوە بەواتای هاوچەرخی ئەم وشەیە.
- هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بیروبۆچوونی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی دەربارەی دەسەڵات وحیزب و سیستەمی سیاسی لەگەل ئەویتردا دەگۆڕێ ئەویش بەپێی ڕەوشی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی مێژویی و ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیاو ئاستی هوشیاریەوە کە هوشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکەن. سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو لەوڵات و دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. لەهەر دەوڵەتێکدا ڕادەی هوشیاری سیاسی کۆمەڵ و بیروبۆچوونی مرۆڤەکانی دەبارەی دەسەڵات لەسەر بنچینەی قۆناغە مێژوییە جیاجیاکان بەخۆوە وەردەگرێ کە کۆمەڵ و دەوڵەتی پێدا ڕۆیشتوە.
- بۆ توێژینەوەی زانستیی دەربارەی حیزب ئەوا ژمارەی ئەندامانی حیزب، ژمارەی ڕاستەقینەی دەنگەکانی هەڵبژاردن گرنگن. سەنتەری توێژینەوەی زانستی بێلایەن لەسەر بابەتی حیزب لە هەرێمی کوردستان پێویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستیە. لێرەدا بۆشاییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ تێگەیشتن لە واقعی ئەحزاب و لێکۆلینەوەی زانستی لەسەر ئەحزاب.

سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

- کۆمەڵێک نوسەر، حیزبی سیاسی، و. ئارام ئەمین شوانی.
- کۆمەڵناسی گشتی، مەنوچێر موحسنی، وەرگێرانی، مسلح ئیروانی، هەولێر
- زانستی سیاسی، کۆمەڵێک نوسەر، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد
- بەهادین ئەحمەد موحەممەد، پارتە رامیاریەکان.

- د.شعبان الگاهر الاسود، کۆمەڵناسی سیاسی، وەرگێرانی بۆ کوردی لەلایەن کۆلێژی زانستە رامیاریەکان.
- رێبین رەسول ئیسماعیل، سیستەمی سیاسی.
- دیڤد بینهام/ کوین بویل، و. ئەبوبەکر خۆشناو، ئازادی دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی.
- بەهادین ئەحمەد موحەممەد، تیۆری دەوڵەت و سیستەمە رامیاریەکان.
- بەهادین ئەحمەد موحەممەد، پارتە رامیاریەکان
- بورهان قانع، فەرهەنگی نوێ، وەرگێرانی لەفارسیەوە بۆ کوردی.
- گارق علی الربیعی، الحزب السیاسی.
- د. سالار باسیرە، تۆتالیتاریزم، توێژینەوەیەکی زانستی، گۆڤاری زانکۆ بەشیB ، زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە 23، 2008.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

- محمود خیری عیسی، النچم السیاسیه المقارنه
- محمد السویدی، علم الاجتماع السیاسی.
- د. شعبان الگاهر الاسود، علم الاجتماع السیاسی.

رۆژنامەکان

- کوردستانی نوێ، 7.12.2003، نوسینی فەرید ئەسەسەرد، ژمارە 3238
- هەفتەنامەی ئاوینە، 5.4.2011.
- د. جەعفەر عەلی، تورەبونێکی جوان، ئاوێنە، 11.4.2011.
- دەستور، ژمارە 38، 30.6.2010.

سەرچاوەکان بە زمانی ئەلمانی

- Faschismus; Ursachen und Politik des deutschen Faschismus
- Fadil Rasoul, Irak-Iran.
- Giovanni Sartori - Parteien und Parteiensysteme
- Hana Arendt, Politische Philosophie, Totalitarismus und Revolution
- Hans Ritscher, Welt der Politik .
- Klaus von Beyme und andere, Band 2, Politikwissenschaft.
- Kleines Lexikon der Politik, Dieter Nohlen.
- Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft .
- Reinhard Kuhn, Welt der Politik.
- Samir al Khalil, Republic of Fear, Los Angeles, 1989, zitiert nach Ibrahim, Staat und Gesellschaft im Irak unter der Herrschaft der Baath-Partei, in: Zeitschrift für Politik und Ökonomie in der Dritten Welt, Nr. 42 .

- Unsere Zeit, Berlin, 26.10.1990
- Wolfgang Laskowski, Macht und Herrschaft, Seminararbeit, WS 2001/02, Manuskript.

ئیتەرنێت

http://de.wikipedia.org/wiki/Politische_Partei.
www.bpb.de/.../LIS62C,0,Parteiensystem_der_Bundesrepublik_Deutschland. html –
www.lerntippsammlung.de/Entwicklung-des-deutschen-Parteiensystems-nach-1945.html -
de.wikipedia.org/wiki/Politische_Ideologie

بابەتی شەشەم
فیدرالیزم و پێگەی هەرێمەکان لە سیستەمی سیاسی فیدرالیدا
(هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن / ئەلمانیای فیدرال بە نمونە )

پێشەکی
بەشی یەکەم: چەمک و لایەنە بە سوودو نەرێنیەکانی فیدرالیزم و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان
باسی یەکەم: زاراوەو چەمکی فیدرالیزم
باسی دوەم: فیدرالیزم لە سیستەمی سیاسیدا و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان
باسی سێیەم: دروستبوون و کۆتاهاتنی دەوڵەتی فیدرال
باسی چوارەم: لایەنە بەسوودەکان و نەرێنیەکانی فیدرالیزم

بەشی دووەم: کاریگەری و پێگەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئەڵمانیا
باسی یەکەم: هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن/ ئەڵمانیای فیدرال
باسی دوەم: ژمارەو دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی
باسی سێیەم: پێکهاتەی ئەنجومەنی فیدرالی لە ئەڵمانیا
دەرئەنجام
سەرچاوەکان
پاشکۆ

پێشەکی
ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی سیستەمی سیاسیەوە بەڵام لەڕوانگەی فیدرالیزمەوە. بۆچونێکی یەکگرتووی تەواو نیە بۆ پراکتیزەکردنی سیستەمی فیدرالی چونکە هەر کۆمەڵگەیەک ئالۆزی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو لەژێر کاریگەریی چەندین فاکتەردایەو پڕکردنەوەی ئەو تایبەتمەندیانە ئاسان نیە. هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆی دەبێت شێوازی سیستەمە سیاسیەکەی خۆی دابڕێژێت. مرۆڤایەتی لەگەڵ گەشەکردنی مێژووی ژیانیدا بەکۆمەڵێک لە سیستەمی سیاسیدا ڕۆیشتوە. فیدرالیزم یەکێکە لەو سیستەمە سیاسیە کە لە زۆرێک لە دەوڵەتان بەسەرکەوتویی پراکتیزەکراوەو بۆتە هۆی چارەسەری زۆرێک لە کێشەو جیاوازی ئەتنیکی و ئاینی و ئیداری و کەلتوری و فاکتەرێکی گونجاو بووە بۆ سەقامگیری و دیموکراسی.
فیدرالیزم وەک بەشێک لە سیستەمی سیاسی بۆ دەوڵەتانێک و کۆمەڵگەی پلورالیستی (لە ڕووی فرەیی ئێتنیکی و کەلتوری و فرە ئاین و مەزهەبەوە) سەرەرای کێشەو بەربەستەکان بەڵام بەگونجاو دەبینرێت و بە بۆچوونی توێژەر شیاوترین مۆدێلی حوکمرانیە کە هەرێمەکانی پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە تێیدا وەک لەم توێژینەوەیەدا خراوەتە ڕوو.
لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی فیدرالیزمیش وەک یەکێک لە شێوەکانی سیستەمی دەوڵەت بێکێشە نیە بە تایبەت لەسەر ئاستی دابەشکردنی دەسەڵاتە دەستوریەکانی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی و لە تێپەڕ کردنی دەسەڵاتەکان ئیتر لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەسەڵاتە دەرەکیەکان بێت وەک ڕێکەوتنامەو گرێبەستە نێودەوڵەتیەکان یان لە بواری سامانە سروشتیەکان و بودجەدا بێت و بەشداریی هەرێم و پێکهاتەکان لە حکومەتی ناوەندی و چۆنیەتی پشکی نوێنەرایەتی کردنیان، بەڵام لە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهان پراکتیزە دەکرێ و لە زۆرێکیدا سەرکەوتوو بووە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە. بەشی یەکەم بریتیە لە چوار باس چەمک و لایەنە بە سوودو نەرێنیەکانی فیدرالیزم و دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی تێدا خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە. لە کاتێکدا بۆ تێگەیشتن لە تیمای توێژینەوەکە بەشی دووەمی بۆ تەرخان کراوە کە باس لە کاریگەری و پێگەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئەڵمانیا دەکات لەسەر نمونەی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن/ ئەڵمانیای فیدرال و هەروەها ژمارەو دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی و پێکهاتەکەی. لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەریی سیستەمی فیدرالی و ڕۆڵی هەرێمەکان بە ڕوونی دەردەکەون لەسەر سیستەمی سیاسی.

کورتکراوەکان
CDU : Christ Demokratische Union حیزبی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی
:CSU Christliche-Soziale Union in Bayern حیزبی یەکێتی کۆمەڵایەتی مەسیحی ،
SPD : Sozialdemokratische Partei Deutschlands حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا
BÜNDNIS 90/ DIE GRÜNEN بوندنیس 90 / دی گرونن (هاوپەیمانی 90 / سەوزەکان)
BUNDESTAG بوندستاگ (پەڕلەمانی ئیتحادی ئەڵمانیا)
BUNDESRAT بوندسرات: ئەنجومەنی فیدرالی (هەرێمەکان)
DIE LINKE دی لینکە، چەپەکان

بەشی یەکەم
چەمک و لایەنە بە سوودو نەرێنیەکانی فیدرالیزم و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان
باسی یەکەم
زاراوەو چەمک و پێناسەی فیدرالیزم

فیدرالیزم وشەیەکی لاتینیە لە (foedus) وە هاتوەو بەواتای یەکبوون (الاتحاد) دێت و لە بنەڕەتدا پرەنسیپێکی ڕێکخراوەییە کە یەکەکان بەرپرسیارێتیەکی خۆیان هەیە بەڵام چوونەتە نێو یەکێتیەکەوە[1]. "فیدرالیزم وەک ڕێکخستنێکی ڕامیاری و دەستوریی ناوخۆیی لێکدراوە، بەو پێیە هەرێمەکان ملکەچی دەوڵەتی فیدرالی دەبن"[2]. هەرێمەکان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەیاندا بۆنمونە پەروەردەو هێزی پۆلیس و ئاسایش...تاد. بەواتای پێکەوەگرێدانی چەند دەوڵەتێکیش دێت بۆ دەوڵەتێکی سەرجەم (الاتحاد الفیدرالی). دەوڵەتی الاتحاد بۆ هەموو ئەو شتانە بەرپرسە کە لە بەرژەوەندی گەلدا بە یەکبوون دەبێت ڕێکبخرێن، بەڵام بوارەکانی تر هەرێمەکان ئەنجامی ئەدەن[3].

فیدرالیزم بەواتای بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دێت لە دەسەڵاتدا، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەستێکی ئارەزومەندانەی نێوان نەتەوەو گەل و میللەتان، یان پێکهاتە مرۆییەکانی سەر بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و رەگەزی جیاجیا، یان چەند زمان، چەند ئاین یان چەند کەلتورێکی جیاجیادا. ئەمەش لەنێو سیستەمێکی یەکێتیدا کە قەوارە لەیەکتر جیاکان لەیەک

[1] سەیوان کاکەڕەش ، بەراورد لە نێوان ڕژێمە فیدراڵەکاندا ، سلێمانی، چاپخانەی قەلەم، 2002 ، ل.5.
[2] نیگا ، فەرهەنگی ڕامیاری ، هەولێر ، چاپخانەی میدیا، ل.297 .
[3] www.abipur.de/hausaufgaben/ 666213448.html, dr. Brandscheidt, Föderalismus und die und die Bundeslände, 2008.

دەوڵەتدا یەکبخات لەگەڵ هێشتنەوەی قەوارە یەکگرتوەکان بەناسنامەی تایبەت بەخۆیانەوە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سنوری جوگرافی و زمان و کەلتورو ئاینەوە لەتەک بەشداری کاریگەرییان لە داڕشتن و دروستکردنی سیاسەت و بڕیارەکان و قانونەکانی فیدرالی و خۆجێی لەگەڵ پابەندبوون بە پێڕەوکردنیان بەگوێرەی پرەنسیپی بڕیاردانی ئارەزومەندانەو پرەنسیپی ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دەستڕۆیشتنەکان و ئەرکەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان و بۆ پاراستنی قەوارەی یەکێتیەکە. لە پێناسەیەکی تردا فیدرالیزم سیستەمێکی یاساییە لەسەر بنچینەی چەند ڕێسایەکی دەستوریی ڕوون دامەزراوە کە ژیانی هاوبەش بۆ نەتەوەو ئاین و مەزهەب و لایەنە جیاجیاکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا دابیندەکات، کە دامەزراوە دەستوریەکان لە دەوڵەتی قانوندا بەڕێوەیان دەبەن. کەواتە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکە دەکرێ بوترێت فیدرالیزم وەک بەشێک لە سیستەمی سیاسی دەتوانێ یەکێتیەکی ناوەندی لە نێوان دوو کەرت یان دوو هەرێم، یان کۆمەڵە کەرت و هەرێمێکدا دامەزرێنێ، بەشێوەیەک کە کەسێتی دەوڵەتیی هەر بۆ حکومەتی "ناوەندی"دەبێت لەگەڵ پاراستنی بڕێک لە سەربەخۆیی ناوخۆیی بۆ هەریەک لەیەکە پێکهێنەرەکانی یەکێتی فیدرالی"[1]. "هەرێم یان ویلایەتە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدرالی بە یەکەی دەستوری دادەنرێن، نەک یەکەی کارگێڕی وەک ئەوەی پارێزگاکان لە دەوڵەتی سادە هەیانە[2]".

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پێناسەو چەمکی فیدرالیزم سۆران حسین قادر ئاماژە بەچوار ڕێچکە دەدات کە بریتین لە:

1) "ڕێچکەی ویر(Whera) . بەگوێرەی ئەم ڕێچکەیە فیدرالیەت هۆکارێکە بۆ دابەشکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی گشتی و حکومەتی هەرێمەکان، بەشێوەیەک کە هەم هاوبەش بمێننەوەو هەم سەربەخۆیی خۆشیان بپارێزن.

2) ڕێچکەی فریدریک(Friedrich) . بەپێی ئەم ڕێچکەیەش فیدرالی چەند پێکهاتەیەکی سیاسی سەربەخۆ دەهێنێتە کایەوە کە زۆرجار بەهاوبەش کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبەن و بڕیاری هاوبەش دەدەن. زۆرجاریش سەربەخۆیی خۆیان لە دەست نادەن و کاروبارە تایبەتەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن و بۆ باشترکردنی بارودۆخی خۆیان کار بە پرەنسیپی قوربانیدان ناکەن.

3) ڕێچکەی لیڤینستۆن(Livingstone) . ئەم ڕێچکەیە زیاتر پشت بە واقع دەبەستێت بە شێوەیەک فیدرالی لە ڕوانگەو میانی داڕشتنی دەستوری و دامەزراوەییەوە شرۆڤە ناکات بەڵکو پشت دەبەستێت بە واقعی هەبوونی سیماکانی فیدرالی بەشێوەیەک هەر کاتێک سیماو سیفەت و

---

[1]) عەلی شەمەری ، فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی ، وەگێرانی بۆ کوردی: حەسەن یاسین، سلێمانی،چاپخانە نادیارە، 2004، ل.6-7.

[2]) هەمان سەرچاوە، ل.9.

تایبەتمەندێتیەکانی فیدرالی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەدیکرا، ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی فیدرالی دادەنرێت، ئیتر ئەگەر لە ڕووی ڕێکخستنە دەستوریەکانیشەوە نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە. لە گرنگترینی سیماکانی فیدرالیش کە ئەم ڕێچکەیە باسی لێوەکردوە ئەوەیە کە توانای خودی خۆبەڕێوەبردن هەبێت و شێوازێک لە لامەرکەزی پیادە بکرێت و دەسەڵاتی خۆجێیەتی هەبێت.

4) ڕێچکەی ڕیکەر(Ricker) . ئەم ڕێچکەیە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر جەخت لەسەر پێکهاتنی دەستوری فیدرالی دەکات و پێی وایە فیدرالی پێکهاتن و شێوازە ڕێکخستنێکی ناوخۆیی دەستورییە کە لە ڕێگەی دەستورەوە بنەماکانی دادەڕێژێت. ئەم دەستورەش جیاوازە لەو دەستورەی کە ڕۆحی دەسەڵاتەکان لەدەستی تەنها دەسەڵاتێکدا کۆدەکاتەوە". جیاوازی لە نێوان دوو جۆر فیدرالیدا دەکرێت کە بریتیە لە فیدرالیەتی تەقلیدی ڕۆژئاوایی کە ناودەبرێت بەفیدرالیەتی دەوڵەتەکان. ئەویتر ناودەبرێت بە فیدرالیەتی سۆشیالیستی مارکسی کە پێی دەوترێت فیدرالیەتی نەتەوەکان[1]. پێویستە هەر دەوڵەتە بەپێی خەسڵەت و سروشتی کۆمەڵگەکەی بڕیار لەسەر یەکێک لەو دوو شێوە فیدرالیەتە بدات.

باسی دووەم

فیدرالیزم لە سیستەمی سیاسیدا و دابەشبوونی دەسەڵاتەکان

فیدرالیزم بە تەنیا بنەمایەکی سیاسی نیە بەڵکو ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریشەو دەکرێ بوترێ فیدرالیزم ئەمڕۆکە لە (27) وڵات پیادە دەکرێ کە 40% ی دانیشتوانی سەر ڕووی زەوی تێدا دەژی کە خۆیان بە دەوڵەتی فیدرال پێناسە دەکەن یان بەگشتی بە فیدرال دەبینرێن[2].

[1]) سۆران حوسێن قادر بەرزنجی ، کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا، توێژینەوەیەکی بەراوردکاری، چاپخانەی میدیا ، هەولێر، 2003 ، ل.13.

[2]) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.9.



نەخشەی ژمارە1
ڕەنگە تۆخەکان بریتین لەدەوڵەتە فیدرالیەکان

نزیکەی هەموو ئەو دەوڵەتە دیموکراتیانەی خاوەن ڕووبەری گەورەن یان خاوەن دانیشتوانی گەورەن دەوڵەتی فیدرالین[1]. لەگەڵ پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن دەوڵەتەکانی وەک ئەرجەنتین، بەرازیل و مەکسیک بەرەو فیدرالیزم ملیاندا. هەروەها بەلجیکا، ئەسیوبیا و ئیسپانیا پێشتر دەوڵەتی مەرکەزی بوون و دواتر بوونە فیدرالی. دەوڵەتەکانی وەک بۆسنە، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، عێراق، سۆدان و خواروی ئەفەریقا ڕویانکردە فیدرالی. سریلانکاو نیپال نزیکن لە پەسەند کردنی فیدرالی. یەکێتی ئەوروپا چەندین خەسڵەتی فیدرالی پێوە دیارە[2].

"فیدرالیزم جیاوازە لە پەیوەندیە کۆمەلایەتی و ئابووری و دامەزراوەکانیدا. وڵاتانی زۆر گەورەو وڵاتانی زۆر بچووک، وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژاریش دەگرێتەوە. وڵاتانی یەک جۆرو هەروەها فرەلایەنیش دەگرێتەوە (تاک نەتەوەو فرەنەتەوە). هەندێک لە سیستەمە فیدرالیەکان دەمێکە دیموکراتین بەلام هەندێکی تر ئەزمونێکی کورتترو پڕکێشەیان هەیە. شێوازی داڕشتنی فیدرالیزم وەک یەک نیە لە گشت شوێنێک. لە هەندێک فیدرالیدا تەنیا یەک ،یان زیاتر هەرێم هەیە، بۆنمونە هەریمی کوردستان لە دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا. هەندێک فیدرالی سەقامگیرن و بە پێچەوانەوە هەندێکیتر ناسەقامگیرو دابەشکراوە. هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕۆڵ بینین و سەرکەوتنی فیدرالیەتە جیاوازەکان لەیەکتر. تەنیا یەک مۆدێلی یەکگرتوی گونجاونیە بۆ هەموو بارودۆخەکان. توانای یەکخستنی چەندین شێواز یەکێکە لەخاڵە

[1])ئەو دەولەتە گەورە فیدرالیانە وەک ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، کەنەدا، ئوستورالیا ، هندستان، ڕوسیا، بەرازیل، ئەرجەنتین (بروانە نەخشەی ژمارە 1

[2] Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak, Frankfurt, Verlag rororo, 2008, S.81.

بەهێزەکانی فیدرالیزم، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیانەشدا چەندین خاڵی هاوبەشیش هەن کە فیدرالیەت لە شێوەکانی تری حکومەت جودا دەکاتەوە بۆنمونە دوو ئاستی دەزگای دەوڵەتیان هەیە کە یەکێکیان بۆ سەرجەم دەوڵەتەو ئەوی تریان بۆ هەرێمەکانە. هەر ئاستێک لەم دووانە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە هاوڵاتیەکانیەوە هەیەو هەموو ئەمانە بە یاساو دەستور ڕێکدەخرێن. ئاسایی دەبێت فیدرالیەت دیموکراسی و قانونی بێت چونکە ڕژێمە نادیموکراسیەکان ئاوتۆنۆمی نادەنە یەکەکانی دەوڵەت[1].

هەموو ئەو (27) دەوڵەتانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا، هەموویان خەسڵەتەکانی فیدرالی بەتەواوی جێبەجێ ناکەن. هەندێکیان زۆر بەلای سەنترالیزمدا دەڕۆن و زۆر کەمتر فیدرالین و هەندێکی تریان خەسەڵەتی دەوڵەتی یەکگرتویان هەیە کە ڕێگە بە حکومەتی مەرکەزی ئەدات خۆیان لە ئاوتۆنۆمی یەکەکانی دەوڵەت لابدەن. بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەبەخشێت کە ئەم وڵاتانە فیدرال نین؟ بۆ ئەوە وەڵامێکی یەکلاکەرەوە نیە[2]. لە سەدەی 18 و 19 ئەم مۆدێلە خزمەتی کۆمەڵانی ئەوروپی و ئەمریکایی کرد لە چارەسەری قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا. فیدرالیەت لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا وەک لە ئەڵمانیا و لە سویسرا بووە هۆی سەقامگیری و دیموکراسیەت بەڵام لە گشت شوێنەکان وەک یەک سەرکەوتو نەبووە. لە نیجیریا بەکردەوە شکستی هێناو دوای 10 ساڵ پراکتیزەکردن (1960- 1970) (دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ساڵی 1960) لە ئەنجامی ناکۆکی و پێکدادان و تێکهەڵچوونە نەتەوەییەکان تێکچو، بووە هۆی کوژرانی پتر لە یەک ملیۆن مرۆڤ. لە هندستان دوای 50 ساڵ هەر چەندە سەرکەوتنی ڕێژەیی بەدەستهێناوە بەڵام هەتا ئەمڕۆکە نەیتوانیوە کێشە نەتەوەیی و زمانی و کەلتوری و ئاینیەکان سەرکەوتوانە چارەسەر بکات. لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو دوای مردنی مارشاڵ تیتۆ و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت سیستەمی فیدرالی دوای زیاتر لە 20 ساڵ لەبەر یەک هەڵوەشایەوەو ئەم وڵاتە بەهۆی جەنگ و شەڕی خوێناوی ئاینی و نەتەوەییەوە بەش بەش و وێران بوو. هەروەها لە کەنەداو بەلجیکا کە لە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان دەژمێردرێن مۆدێلی فیدرالیزم تێیاندا توشی قەیران بووەو ڕوەو جیابوونەوەو دابەشبوون هەنگاو دەنێن[3]. فیدرالیەت چ لە نێو دەوڵەتی تاک یان فرەنەتەوەدا بێت بەڵام لەسەر بنەمای ڕونەدانی دیکتاتۆریەت دانراوەو لامەرکەزیی تێیدا بەهای وەرگرتوە.

[1] هەمان سەرچاوە، ل. 15.16-

[2] هەمان سەرچاوە، ل. 17.

[3] ئەسەدوللا ئەلەم ، بنچینەکانی فیدرالیزم، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا، سلێمانی ، شوێنی چاپ نادیارە ، 2004 ، ل.3-5.

دەوڵەت لە سیستەمی فیدرالدا دەتوانێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت بۆنمونە لە بواری سیاسەتی دەرەوەو سنوری دەوڵەتد[1]. بۆنمونە بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی مەرزێک لە هەرێمێکدا پێویستبوون بەڕەزامەندی حکومەتی ناوەند هەیە. ئەم نمونەیە سروشتی کێشەکان و پرەنسیپی فیدرالیزم لە نێوان حکومەتی فیدرال و هەرێمی فیدرالی نیشان ئەدات. فیدرالیەت هەمیشە بەر کاریگەری کێشەو ناکۆکیەکانی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتی سەرجەم و یەکەکانی دەوڵەت (دەوڵەتی فیدرال و هەرێمەکان) دەکەوێت کە دوورنیە بەرەو مەرکەزیەت یان نامەرکەزیەتی زۆرتر بڕوات. لە دەوڵەتی ئیتحادی فیدرالیدا ئەرکەکانی دەوڵەت لە نێوان ئیتحادو هەرێمەکاندا وا دابەشکراوە کە هەردوو لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەرکە گونجاوەکان خۆیان بەرپرسن. ئاوتۆنۆمی هەرێمەکان لە سیستەمێکی فیدرالیدا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەندامەکانی (هەرێمەکانی) ئیتحاد خاوەنی شەرعیەت و ماف و دەسەڵاتی خۆیانن (دیاریکردنی بەپێی دەستور). هەموو هەرێمێک دەستورێکی هەرێمیی خۆی هەیەو بەم شێوەیە دامودەزگای سیاسی سەربەخۆی هەیە بۆ یاسادانان و ڕاپەراندن و دادوەری. هەرێمەکان مافی چارەی خۆنوسینیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەیاندا بۆنمونە پەروەردەو هێزی پۆلیس و ئاسایش و بواری ژینگە. ناوەند کار لە زۆرێک لە یاساکان دەکات و هەرێمەکان جێبەجێیان دەکەن[2]. بەم شێوەیە دەسەڵاتەکان لە نێوان ئیتحاد و هەرێمەکاندا دابەش دەکرێت و جیاوازی دەکرێت لە نێوان ئەرکەکانی هەردولادا.

*بەپێی یاسا فیدرالیەکان دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەکاندا دابەش دەکرێن، بەم پێیە جیاوازیی دەکرێت لە نێوان ئەرکەکانی هەردولادا.

* حکومەتی فیدرالی ناوەند چەند ئەرکێکی سیادی دەگریتە خۆی وەک سیاسەتی دەرەوە، سنوری دەوڵەت، پاسپۆرت و بڕیاری جەنگ...تاد. لە کاتێکدا هەرێمەکان بەرپرسن لە بواری پەروەردەو ئاسایشی نێوخۆ و پۆلیس و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

* ناوەند کار لەسەر زۆرێک لە یاساکان دەکات و هەرێمەکان جێبەجێیان دەکەن[3]

* ئەوەندەی سامانە سروشتیەکان زۆر جیاواز بەسەر هەرێمەکاندا دابەش بووبن، دەبێت ناوەند یەکسانیەک بەدەست بهێنێت بۆ ئەو هەرێمانەی تر کە لە باری داراییەوە کورت دەهێنن[4]، بەڵام دابەشکردن و سەلاحیاتی هەرێمەکان بەپێی ڕێکەوتن دەبێت لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمدا.

---

[1] de.answers.yahoo.com/question/index?qid, Dr. Mannfred, 2011; Frankfurt.

[2] eyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt, rororo Verlag, 2009, S. 29-30.

[3] هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل. 29-30..

[4] هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 2.

لەو چەند خالانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە سیستەمی فیدرالیدا دەسەڵات مەرکەزی نیە بەواتا تەواوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لای یەک لایەن کۆنابنەوە بەڵکو دابەش دەبن بەسەر کانتۆن یان هەرێمەکاندا.

باسی سێیەم

دروستبوون و کۆتاهاتنی دەوڵەتی فیدرال

چەندین بنەما هەن کە دەوڵەتی فیدرال دەتوانرێ لەسەری دروستبێت، لەوانە:

- پێکەوەگرێدانی دەوڵەتانێکی سەربەخۆ بۆ دەوڵەتێکی گەورەتری فیدرال. بۆنمونە سویسرا. لە کۆنفیدرالیەوە گوازرایەوە بۆ فیدرالی. هەرچەندە دەوڵەتە کۆنفیدرالیەکان تەواو سەربەخۆ نین.
- لە ئەنجامی پەڕینەوە لە دەوڵەتێکی ناوەندی بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی ئیتحادی (بۆنمونە ئیسپانیا، بەلجیکا، سۆدان)[1].
- یان لەلایەن دەرەوە بەهۆی فاکتەرە سیاسیە نێودەوڵەتیەکانەوە ناچار بکرێت ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی. بۆنمونە ئەڵمانیا، بۆسنە و هێرتسیگۆڤینا.

"هەروەک چۆن دەوڵەتی فیدرالی دروستدەبێت بەهەمان شێوە تێکچوون و کۆتایشی دێتە ڕێگە وەک ئەوەی لە یۆگۆسلاڤیا ڕویدا. یان گۆڕانی دەوڵەتەکە لە دەوڵەتێکی فیدرالیەوە بۆ دەوڵەتێکی سەنترال و ساکار. ئەمە هەرچەندە کەمتر ڕوو دەدات بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتێکی پێشبینی کراوە.[2]

باسی چوارەم

لایەنە بەسوودەکان و نەرێنیەکانی فیدرالیزم

1) هەر هەرێمە توانای بەسەر ئیدارەکەی خۆیدا باشتر دەشکێت. کاری دانیشتوان خێراتر دەڕوات و کێشەو پێداویستیەکان (ئابووری، کۆمەلایەتی، ئیداری، پەروەردە..) باشتر دەبینرێن.
2) دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەڵات و ڕێگر دەبێت لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستەیەکدا.
3) لەم سیستەمی فرە هەرێمیە مەترسی لایەنێک بۆسەر ئەوەی تر کەمە.

[1] هەمان سەرچاوە ، ل. 41.

[2] هەمان سەرچاوەی سەرەوە ، ل.23.

4) سیستەمی فیدرالی دەبێتە بەهێزکردنی دیموکراسیەت و سەقامگیری بەڵام دیموکراسیەت و سەقامگیریی مەرجی پێشوەختیشن بۆ دروستبوونی فیدرالیەت.

5) حیزبە سیاسیەکانی نێو هەرێمەکان دەتوانن سیاسەت و چۆنایەتی سەرکردەبوون لە هەرێمەکانیاندا تاقیبکەنەوەو بەم هۆیەوە دەتوانن مومارەسەی سیاسەت لەسەر ئاستی "ناوەند" بەرز بکەنەوە.

6) هاوڵاتیان دەتوانن بەهۆی کورتی ڕێگەکان بۆ شوێنە دەوڵەتیەکان لەم سیستەمی هەرێمایەتیەدا کە سەربەخۆن لە فەرمانڕەوایی خۆیاندا زووتر پەیوەندی بە سیاسەتمەدار و دامودەزگاکانەوە بکەن و لە پرۆسەی سیاسی زۆرتردا بەشداربن. هەروەها دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی گرفتەکان لەسەر ئاستی هەرێم.

(7یەکێکی تر لە سودەکانی ئەم سیستەمە دروستبونی کێبرکێیە لە نێوان هەرێمەکان و بوارە جیاوازەکانی ژیان دەبوژێنێتەوەو دەبێتە هۆی ئاسانکردنی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان.

فیدرالیزم بەتەنیا لایەنی بەسوودی نیە بەڵکو نەرێنیشی هەیەو لێرەدا توێژەر ئاماژە بە هەندێکی دەدات :

1) سەربەخۆیی هەرێمەکان ڕوبەڕوی جیاوازی دەبنەوە. بەم هۆیەوە دەکرێ کێشە دروستببێت. لە هەندێک لە بوارەکان. هەرێمەکان دەسەڵاتی دانانی یاسای هەرێمایەتیان هەیە بەپێی بارودۆخ و پێویستی هەرێمەکەیان کەمەرج نیە لە هەرێمێکی تر هاوشێوە بێت. بۆ نمونە ئەگەر خوێندکار بگوێزێتەوە هەرێمێکی تر دەکرێ ڕوبەروی جیاوازی ببێتەوە.

2) پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەکان و ئیدارەی ناوەند دەبێت جاروبار گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرەکان.

3) هەرێمە فیدرالیەکان لە ڕووی داراییەوە گرانتر دەکەون وەک لە هەمان ئەم دامودەزگایانە لە دەوڵەتێکی سەنترالیزمدا[1].

[1] ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر، دەرگایەک بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە بۆ کوردی: ناسر بابامیری، شوێن نادیار، 2004، ل.37-58.

بەشی دووەم / کاریگەری و پێگەی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی ئەڵمانیا

باسی یەکەم

هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن / ئەڵمانیای فیدرال

پێشەکی باسی یەکەم.

بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر لە فیدرالیزمی هەرێمایەتی ئاماژە بە هەرێمێکی فیدرالی ئەدەم لە ئەڵمانیا. هەرێمەکان (یەکەکانی دەوڵەت لە ئەڵمانیا) خاوەن ئۆرگانی سیاسی و دەسەڵاتی خۆیانن بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان. ئەو هەرێمە فیدرالیەی کە بابەتی توێژینەوەکەیە بریتیە لە) Nordrhein-Westfalenنۆردراین ڤێستفالن) / ئەڵمانیا کە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا.

هەرێمی (نۆردراین ڤێستفالن) / ئەڵمانیا

دوای جەنگی دوەمی جیهانی و داگیرکردنی ئەڵمانیا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە لە مانگی 1946/4 بڕیاری پێکهێنانی هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن دراو دروستبوو. دروستبوونەکەی تەنیا لە دەستی بەریتانیەکاندا بوو[1]. بیروڕاو بڕیاری ئەڵمانەکان بۆ ئەم مەبەستە بەهەند وەرنەگیرا هەروەها ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە گەورەیی ئەم هەرێمە. بۆ پێکهێنانی هەرێمی ناوبراو لەسەر سێ ئالتەرناتیڤ دانوستان هەبوو. ئالتەرناتیڤی یەکەم تەنیا ناوچەی RUHRGEBIET (ڕورگەبیت)ی دەگرتەوە، ئەو ناوچەیەی کە لە لایەن فەرەنسیەکانەوە پێشنیازی بە نێودەوڵەتی کردنی کرابوو.

لە کاتێکدا ئالتەرناتیڤی دوەم ئەوە بوو کە مەمەرێکیشی لەسەر بێت لە ڕووی ڕۆژئاوای ڕوباری ڕاین هەتا دەگاتە سنوری هۆڵەندا. ئەم هەرێمە سنوری لەگەڵ هۆلەنداو بەلجیکا هەیە. پێچەوانەی ئەم دوو ئالتەرناتیڤە، ئالتەرناتیڤی سێیەم بریتی بوو لە پێکەوە گرێدانی ناوچەکانی سەروی ڕوباری ڕاین لەگەل ڕۆژئاوای فالن.

[1] Hans Boldt, Hrg , Nordrhein-Westfalen und der Bund, Berlin, 1989, S. 23.



نۆردراین ڤێستفالن لەسەر نەخشەی ئەڵمانیا
نەخشەی ژمارە 2[1]

مەترسی هەندێک لایەن بەرامبەر ڕەتکردنەوەی ئەم ئالتەرناتیڤەی سێیەم لەوەدا بوو کە هەرێمێکی ئەوەندە گەورە بەتوانایەکی گەورەی ئابووریەوە لە توانایدا بێت سیاسەتی خۆسەپاندن پیادە بکات[2]. کاتێک ئەڵمانیای ئیتحادی فیدرالی لە 1949 دروستکرا هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن سێ ساڵ بوو پێکهێنرابوو. بەوە ئەم هەرێمە وەک هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا خاوەن مێژویەکی تەقلیدیی خۆی نەبوە. لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە (هاوپەیمانەکان) بەپێی بەرژەوەندی خۆیان وەک یەکەیەکی ئیداری دروستکرا. دروستبوونی ئەڵمانیای فیدرالی بڕیارێکی ئازادانەی باوکانی دەستور نەبوو بەڵکو یەکسان بوو بەئیرادەو خواستی هاوپەیمانەکان کە لەسەر بنەمای ئەزمونەکانیان لەگەل ئەڵمانیا بەتایبەت دوای ساڵی 1933 بەهۆی سیستەمی سیاسی نازیەوە ئارەزویان لە بێهێزکردنی دەسەڵاتی سەنترالیزمی ئەڵمان هەبوو[3].

لێرەدا دەکرێ بگەینە تیۆریەکی بەراوردکاری لەنێوان واقعی عێراقی بەعس و ئەلمانیای نازی ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەند (سەنترالیزم) لە هەردوو ئەم دوو دەوڵەتەدا جێگەی مەترسی بوون بۆ نێوخۆی وڵات و بۆ دەرەوەش. دوو دەوڵەتی تۆتالیتێر[4] بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمەوە. ئەگەر بڕوانینە خەسڵەتە تایبەتەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ئەوا دەکرێ بگەینە ئەو

[1] de.wikipedia.org/wiki/Nordrhein-Westfalen
[2] Hans Boldt, S. 41-42.

[3] هەمان سەرچاوە، ل، 40.
[4] هەمان سەرچاوە، ل، 51

ئەنجامەی کە سیستەمی سەنترالیزم هەرگیز گونجاو نەبوە سەبارەت بەواقعی ئەم دوو دەوڵەتەو هاوشێوەکانی.

دوای ڕوخانی ڕژێمی نازی لە ساڵی 1945 و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی نازی و داگیرکردنی ئەڵمانیا لە لایەن چوار هاوپەیمانەکەوە (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤیەت) لە مانگی چواری ساڵی 1946 هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانی لە ئەنجامی بارودۆخێکی نێودەوڵەتیدا بریاری دروستبونیدرا. ئەوکاتە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکە 15 ملیۆن کەس بوو. بە ڕوبەری 34.067 هەزار کم دوجا ئەم هەرێمە لە پلەی چوارەمی هەرێمەکانی ئەلمانیا بوو دوای هەرێمی Bayern ،Baden – ürttemberg ،،Hessen وNiedersachsen[1].

هەرێمی ناوبراو بەبەراورد لەگەڵ هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا ئەمڕۆکە خاوەنی زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانەو دلی پیشەسازی دەوڵەتە بەتایبەت لە ناوچەی ڕور(Ruhr) . هەربۆیە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەڵمانیا. دەیان ساڵ سیاسەتی ئەم هەرێمە لەژێر کاریگەری سۆشیال دیموکراتەکان بووە. لە مانگی 5/2005وە حکومەتی هەرێم لەلایەن هەردوو پارتی CDU/FDPلە هاوپەیمانیەتێکدا بەسەرۆکایەتیJürgen Rüttger بەڕێوەدەبرا. دوا هەڵبژاردن لە بەرواری 13.5.2013 بوو. حیزبی براوە سۆشیال دیموکراتەکان و سەوزەکان بوون و پێکەوە حکومەتی ئەم هەرێمەیان پێکهێنا. هەڵبژاردنی ئاییندە بۆ ساڵی 2017 یە[2].

هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن 22%ی سەرجەم دەنگدەرانی ئەڵمانیای پێکهێناوە. پێش ساڵی 1990 ڕێژەی دەنگدەران تێیدا 30% بوە. شاری دوسلدۆرف بەپایتەختی هەرێمەکە هەڵبژێردراوە. دەستوری هەرێمی ناوبراو لە 6.6.1950 لەلایەن پەرلەمانی هەرێم پەسەندکراو لە ڕێکەوتی 18.6.1950 لە ڕاپرسیەکی گشتیدا ڕەزامەندی لەسەردراو دواتر لەبەرواری 11.7.1950 خرایە بواری کارپێکردنەوە[3]. دەستوری هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن بەسەر سێ بەشی سەرەکی دابەشکراوە لە 92 ماددەدا. بەشی یەکەم بریتیە لە کۆمەڵگەو سێ دەسەڵاتەکە. بەشی دووەم باس لە مافە سەرەکیەکانی هاووڵاتیان لە دەستوردا دەکات. خێزان، پەروەردە، کەلتور، ئاین، کارو ئابووری، دادوەری و حکومەتی هەرێم. کارگێڕی و دارایی هەرێم لەبەشی سێیەمی دەستوردا باسکراوە. وەزیرەکان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دیاری دەکرێن و یەکێک لەمانە دەکاتە جێگری خۆی. وەزیرەکان مەرج نیە هەروەک لە هەندێ لە هەرێمەکانی تر هەیە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە پشتگیری بکرێن. دوای دەستنیشان کردنیان، لە پەڕلەماندا سوێندی یاسایی دەخۆن. دەستوری هەرێمی ناوبراو تەنیا کاتێک دەگۆردرێت ئەگەر 2/3ی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم، یان 2/3ی هەڵبژێردەرانی هەرێم بریار بۆ گۆڕینی دەستور بدەن لە

[1] هەمان سەرچاوە، ل. 43.

[2] Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie, 2005, p. 78.

[3] Hans Boldt, S. 23.

ڕاپرسیەکدا. هەموو هەرێمێک بە ڕێگەی حکومەتی هەرێمەکەیەوە لە بوندسرات[1] (ئەنجومەنی فیدرالی) نوێنەری خۆی هەیەو بەم ڕێگەیەوە کاریگەرییان دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتی ئەلمانیا بەڵام جۆرو قەوارەی کاریگەریەکە لە ئەنجومەنی فیدرالی (بوندسرات) وەک یەک نیەو ژمارەی کورسیەکانیش هاوشێوە نیە (بڕوانە خشتەی ژمارە 1).

بە ڕێگەی بوونی نوێنەرانی هەرێم لە نێو ئەنجومەنی فیدرالیدا بەرژەوەندیەکانی هەرێمەکان لە نێو ئیرادەی سیاسی سەرجەم دەوڵەتەکەدا ڕەچاو دەکرێت. بەوە (ئەنجومەنی فیدرالی) بەرگی فیدرالیزم دەپۆشێت لە ئەڵمانیا کە بەپێی ماددەی 79 گۆڕینی ئاسان نیە[2]. هەرێمی ناوبراو لە ئەنجومەنی فیدرالیدا شەش دەنگی هەیە هەرچەندە بە بەراورد بە گەورەیی دانیشتوانەکەی لەژێر ڕێژەی پێویستیەکەی خۆیەتی. لە پەرلەمانی ئەڵمانیا لە ڕێژەی 622 ئەندامی پەرلەمانی ئیتحادی، 135 کورسی بەر ئەم هەرێمە دەکەوێت کە بریتیە لە(22%). بەواتا کورسیەکانی پەرلەمانی Nordrhein-Westfalen بۆ نزیکەی 18 هەژدە ملیۆن کەس لەسەر ڕووبەری34.088,31 کم دوجا بریتیە لە 135 کورسی. لە ماددەی 20، بڕگەی 1ی دەستور، هەرێمی Nordrhein-Westfalenوەک سەرجەم هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا وەک هەرێمێکی فیدرالی دامەزراوە.
نەگۆڕیی ئەم دەستورە لە ماددەی 78، فەقەرەی 3ی دەستوری ئیتحادی ئاماژە پێدراوە. تەنانەت 2/3ی زۆرایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی فیدرالی هەرێمەکان (بوندسرات) ناتوانێت پێکهاتەو ڕێکخراوەیی فیدرالی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنێتەوە. تەنیا ڕێگە پێکهاتەی فیدرالی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنێتەوە بریتیە لە دەستورێکی نوێ بەپێی مادەی 146ی دەستور. ماددەی 30 ئاماژە بەسەربەخۆیی و لێپرسراوێتی هەرێمەکان دەکات. کاریگەریی هەرێمەکان لەسەر یاساکانی ئیتحاد لە ئەنجومەنی فیدرالی لە ماددەکانی 23 و 50 داڕێژراوە. هەروەها دابەشکردنی بەرپرسیارێتیەکان لە نێوان دەسەڵاتی فیدرالی ئیتحادو هەرێمەکان لەماددەکانی 70-75ی دەستوردا چارەسەر کراوون. ئەرکە کارگێریەکانیش لەمادەکانی 83 - 87 ڕێکخراوە[3]. لە 1989 کارکردنی ژن لە خێزاندا یەکسانکرا بەکاری پیشە. ئەم هەرێمە لە 8.12.1966 لە زۆر بواردا بووە پێشخەری گەشەکردن لە ئەلمانیا لەبواری سیاسەتی حکومەتیشدا. حکومەتیCDU بە ڕێگەی لێسەندنەوەی متمانە داڕما و هاوپەیمانیەک لەSPD وFDP بەسەرۆکایەتی Kühn

[1]) بوندسرات ئۆرگانیکی دەستوریە، لە 23.5.1949 پێکهێنرا، بارەگای سەرەکی لە بەرلینی پایتەحتە.
[2]) ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەک بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان ، ل. 37 ـ 48.
[3] Gebhard Ziller, Georg-Berndt Oschatz: Der Bundesrat. 10. Auflage. Droste, Düsseldorf, 1998, S. 21.

پێکهات کە بووە وێنای هاوپەیمانێتیەک دواتر لەحکومەتی ئیتحاددا. سیاسەتی ئیتحاد و سیاسەتی هەرێم لە ئەڵمانیا توند پێکەوە بەستراون. لە دەستوریشدا هەمان شتە[1].

- لەم باسی یەکەمەدا دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە لە دایک بوون و گەشە کردنی هەرێمی نۆردڕاین ڤێستفالن لە ئەنجامی ململانێیەکی زۆری هاوپەیمانەکان دروستبوو. هەرێمێک ئەمڕۆکە سەرەرای 18 ملیۆن دانیشتوان بەڵام سیستەمی فیدرالی و هەرێمایەتی بە شێوەیەکی شیاو پیادە دەکات. خاوەنی هەر سێ ئۆرگانە دەوڵەتیەکەیەو قورسایی خۆی هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالیدا. هەرێمی ناوبراو لە مێژووی خۆیدا چەندین حیزبی دەسەڵاتی بە خۆیەوە بینیوە بەڵام پابەند بوون بە دەستوری دەوڵەت و بەرقەرار بوونی یاسا تێیدا بەرجەستە کراوەو بۆتە هۆی سەقامگیر بوون لە دەوڵەتیکی یاساییدا.

باسی دووەم

ژمارەو دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی

ئەو حیزبانەی هەتا ڕێکەوتی ئەم نوسینە ( 2015) فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا دەکەن{CDU/CSU لەگەڵFDP لە ئەنجومەنی فیدرالی 37 دەنگیان هەیە. حکومەتەکانی CDU-FDP 31))دەنگیان هەیە لەنێو هەرێمەکاندا. حکومەتی CSU-FDP لەهەرێمی باڤاریا (6) دەنگ. بەم شێوەیە حیزبەکانی فەرمانڕەوا زۆرایەتیان هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالی. 17 دەنگ بەر هاوپەیمانی حیزبی فەرمانڕەوا دەکەوێت[2].

قورسایی ئەنجومەنی فیدرالی لە قەوارەی دەسەڵاتدا لە ئەڵمانیا، بەتایبەت لە پەیوەندی ئەمدا بەرامبەر پەرلەمان و حکومەتی ئیتحاددا بەندە بەرێژەی زۆرایەتی حیزبی سیاسیەوە لە ناوەند (ئیتحاد) دا لە لایەکەوە وە لە هەرێمەکان لەلایەکی ترەوەو بەوەش (ئەنجومەنی هەرێمەکان) دەکەوێتە ژێر گۆڕانی بەردەوامەوە چ لە پەرلەماندا وە چ لە ئەنجومەنی فیدرالیداو ئەو سیاسەتمەدارانە تێیدا نوێنەرن کە سەر بە حیزبێکن و نوێنەری ئیدارەی سیاسی ئەو حیزبەن. بەم شێوەیە ڕێژەی زۆرایەتی حیزبی سیاسی لە هەرێمەکاندا کاریگەریان لەسەر دەسەڵات هەیە لە ناوەندا (ئیتحاد). کارە سەرەکیەکانی ئەنجومەنی فیدرالی لە لیژنەکاندا ئەنجام ئەدرێن. ئەم

---

[1] Kringe,Wolfgang, Hrsg, Die Verfassung für das Land Nordrhein-westfalen, von der Landeszentrale für politische Bildung Nordrhein-Westfalen, Düsseldorf,1990; "Verfassung" in: Nordrhein-Westfalen.Landesgeschichte im Lexikon. Veröffentlichungen der staatlichen Archive des Landes Nordrhein-Westfalen, Reihe C: Quellen und Forschungen, Band 3, Düsseldorf 1933, S. 431-436.

[2] )حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن 11) SPD دەنگ)، و 3) Grüne دەنگ) لە هەرێمیHAMBURG ، هەمان حیزبی فەرمانڕەوا لەگەڵ GRÜNE و FDP( پارتی سەوزەکان و لیبەرالەکان) لە هەرێمی 3) SAARLAND دەنگ). بەتەواوی 15 دەنگ بەر ئۆپۆزسیۆن دەکەوێت ، ئەمیش بەم جۆرەی لای خوارەوە SPD :و 8) der Linkeدەنگ) لە هەردوو هەرێمی Berlin و 3 Grünen .Brandenburg دەنگ) لەهەرێمی BREMEN.هەروەها دەنگەکانی SPD لەو هەرێمانەی کە بە تەنیا فەرمانڕەوایی دەکەن ئەویش بریتین لە 4)Rheinland-Pfalz دەنگ.

ئۆرگانە دەستوریەو ئەندامەکانی لەلایەن گەلەوە هەڵنەبژێردراوە وەک ئەندامەکانی پەڕلەمان بەڵکو سەر بە حکومەتی هەرێمەکانن. بۆنمونە ئەگەر هەرێمێک لەلایەن سۆشیال دیموکراتەکان فەرمانڕەوایی بکرێت ئەوا نوێنەری ئەو حیزبە دەنێرێتە (ئەنجومەنی هەرێمەکان). ئەمیش بەشێوەی خۆی بەشداری بریارە لەو یاسایانەی کە حکومەتی ئیتحاد (سەرۆک وەزیران و کابینەکەی) دەری دەکات. ئەنجومەنی فیدرالی / هەرێمەکان دەتوانێت ڕەشنوس ڕەد بکاتەوە یان تێهەڵچونەوە بکات چونکە هەندێ یاسا پێویستییان بەرەزامەندی ئەم ئۆرگانە دەستوریە هەیە. سەرۆکی ئەنجومەنی فیدرالی لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆک کۆمارە[1].

[1] Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und utonomie, Frankfurt, 2005, S. 78.

## دابەشبوونی دەنگی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدالی

| هەرێم | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن | ژمارەی دەنگەکان | سەرۆکی حکومەتی هەرێم | حیزبە حکومیەکانی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| Baden – Württemberg | 10,84 | 6 | Winfried Kretschmann | B90/DIE GRÜNEN / SPD |
| Bayern | 12,66 | 6 | Horst Seehofer | CSU / FDP |
| Berlin | 3,53 | 4 | Klaus Wowereit | SPD / CDU |
| Brandenburg | 2,49 | 4 | Matthias Platzeck | SPD / DIE LINKE. |
| Bremen | 0,66 | 3 | Jens Böhrnsen | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Hamburg | 1,81 | 3 | Olaf Scholz | SPD |
| Hessen | 6,11 | 5 | VolkerBouffier | CDU / FDP |
| Mecklenburg – Vorpommern | 1,63 | 3 | Erwin Sellering | SPD / CDU |
| Niedersachsen | 7,92 | 6 | Stephan Weil | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Nordrhein – Westfalen | 17,84 | 6 | Hannelore Kraft | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Rheinland – Pfalz | 4,00 | 4 | Malu Dreyer | SPD / B90/DIE GRÜNEN |
| Saarland | 1,01 | 3 | Annegret Kramp-Karrenbauer | CDU / SPD |
| Sachsen | 4,13 | 4 | Stanislaw Tillich | CDU / FDP |
| Sachsen – Anhalt | 2,30 | 4 | Dr. Reiner Haseloff | CDU / SPD |
| Schleswig – Holstein | 2,84 | 4 | Torsten Albig | SPD / B90/DIE GRÜNEN / SSW |
| Thüringen | 2,22 | 4 | Christine Lieberknecht | CDU / SPD |

ژمارەی سەرجەم دەنگەکانی هەرێمەکان لە ئەنجومەنی فیدرالی بریتیە لە ٦٩

ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی ئەلمانیا بریتیە لە 82.438.000 (بۆ ریکەوتی ٢٠١٣).

خشتەی ژمارە [1]

خشتەی ژمارە (1) ی سەرەوە گوزارشتە لە دابەشبوونی دەنگەكانی هەرێمەكان لە ئەنجومەنی فیدرالی كە تێیدا زۆرو كەمی دەنگەكان و پێگەو قورسایی هەرێمەكان لە ئەنجومەنی هەرێمەكان نیشان ئەدات هەروەها هێزی سیاسی حیزبەكان لە هەرێمەكانداو هەروەها بۆ بڕیاردان لەسەر پڕۆژە یاساكان. بۆ تێگەیشتنی زیاتر توێژەر ژمارەی دانیشتوان و هەروەها حیزبە فەرمانڕەواكان لە هەرێمەكانی ئەڵمانیا لە خشتەكەدا خستۆتە روو.

باسی سێیەم

پێكهاتەی ئەنجومەنی فیدرالی لە ئەڵمانیا

ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمانی) ئەڵمانیا لە دوو پێكهاتە دروستبوە كە بریتین لە بوندس تاگ (پەرلەمان) لەگەل بوندسرات (ئەنجومەنی فیدرالی / ئەنجومەنی هەرێمەكان). (ماددەی 51ی دەستور). تەنیا ئەوانە دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی فیدرالی كە كورسی و دەنگەكانیان لە حكومەتی هەرێمدا هەیە. ئەوانەش بریتین لە سەرۆكی حكومەتی هەرێم و وەزیری هەرێم و هەروەها پارێزگارو سیناتۆرەكان. هەروەها سكرتێرەكانی دەوڵەتیش دەتوانن بچنە ناو ئەنجومەنی فیدرالیەوە بەڵام ئەوەندەی پلەی كابینەیان هەبێت. هەموو هەرێمێک تەنیا دەتوانێت ئەوەندە ئەندامی لە ئەنجومەنی فیدرالی هەبێت بەپێی ژمارەی دانیشتوانی و دەنگەكانی لەو هەرێمەدا. ئەندامەكانی تری حكومەتی هەرێم دەتوانرێت وەک ئەندامی جێگر دابنرێن. هەر هەرێمێک خۆی بریار ئەدات كێ دەبێتە ئەندام یان جێگر لە ئەنجومەنی فیدرالی. "هەڵبژاردن و مافی لادانی ئەندامان بۆ ئەنجومەنی هەریمەكان لەلایەن حكومەتی هەرێمەكان دەبێت و لە دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمەكانە"[2]. ژمارەی دەنگەكانی هەر هەرێمێک بەپێی ژمارەی دانیشتوانەكەی ڕەچاودەكرێت و بەلایەنی كەمەوە سێ دەنگی هەیە. هەرێمەكانی كە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە دوو ملیۆنە چوار دەنگی هەیە. هەرێمەكانی پتر لە شەش ملیۆن كەس پێنج دەنگی هەیە. پتر لە حەوت ملیۆن شەش دەنگی هەیە لە ئەنجومەنی فیدرالی. بەم سیستەمی پەیڕەیە بۆ ئەم قۆناغەی ئەلمانیا. ژمارەی كورسی و دەنگەكان لە ئەنجومەنی فیدرالیدا بریتیە لە 69 دەنگ. بۆ بڕیارەكان پێویست بە 35 دەنگی ڕەها دەكات. بەپێی ماددەی 79ی دەستور تەنیا بە 2/3ی

[1] www.bundesrat.de/nn_8340/DE/.../stimmenverteilung-node.html?

[2])ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەک بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئالمان، ل. 41ـ 43.

زۆرایەتی ئەندامەکانی ئەنجومەنی فیدرالی دەتوانرێ گۆڕانکاری لە دەستوری ئەڵمانیادا بکرێ. ئەمەش بەلایەنی کەمەوە بریتی دەبێت لە 46 دەنگ. هەرێمە بچوکەکان بە بەراورد، قورسایی لە دەنگدا وەردەگرن بەڵام بێئەوەی بتوانن دەنگی خۆیان بەسەر هەرێمەکانی تردا زال بکەن. ئەندام بوون لە ئەنجومەنی فیدرالی پێگەی هەرێمەکان بەهێز دەکات. هەرێمە گەورەترەکان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانەکانیان بۆ راگرتنی سەقامگیریی قورساییەکی کەمتریان لە ئەنجومەنی فیدرالی هەیە[1]. چوار گەورەترین هەرێم هەریەکەو شەش دەنگی هەیەو بەم پێیە پێکەوە لەتوانایاندا هەیە لەبەردەم گۆڕینی دەستوری بنەرەتی کە2/3 ی زۆرایەتی دەوێت ببنە کەمایەتیەکی بەربەست بەڵام بەتەنیا زۆرایەتی کۆی دەنگەکان پێک ناهێنن بۆ بریارو وەستانەوە دژ، یان بەرامبەر هەرێمەکانی تر. ئەو پڕۆژە یاسایانەی لەلایەن ئەنجومەنی فیدرالی پێشنیار دەکرێت پێویستە لە ڕێگەی حکومەتی فیدرالی لە ماوەی حەوت هەفتە ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت. لەو ماوەیەدا حکومەتی فیدرالی دەبێت ڕاوبۆچوونی خۆی دەربارەی پرۆژە یاساکە دەربرێت. ئەگەر پرۆژە یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی فیدرالی وەسفیکرا بەوەی پرۆژە یاسایەکی بە پەلەیە، ئەوا پێویستە لەسەر حکومەت بیروبۆچوونی خۆی لەسەر پرۆژەکە لە ماوەی سێ هەفتە دەربرێت. پاش بریاردان لەسەری لە ڕێگەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەدرێت بە ئەنجومەنی فیدرالی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆتایی[2].

لە باسی سێیەمدا دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سیستەمی فیدرالی لەسەر ئاستی دەوڵەت لە دوو ئۆرگانی سەرەکی پێکدێت ئەوانەش بریتین لە ئەنجومەنی نوینەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان و هەر یەکەشیان ڕۆل و قورسایی دەستوریی خۆی هەیە لەسەر سیستەمە سیاسیەکە.

دەرئەنجام

فیدرالیزم لە زۆرێک لە دەوڵەتان بەسەرکەوتویی پراکتیزەکراوەو بۆتە هۆی چارەسەری زۆرێک لە کێشەو جیاوازی ئەتنیکی و مەزهەبی و ئیداری و کەلتوری و فاکتەرێکی گونجاو بووە بۆ سەقامگیری و دیموکراسی. بەڵام لە هەندێک لە دەوڵەتانیش فیدرالیەت لێکهەلوەشاوە وەک لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، یۆغۆسلاڤیا و ئەنگۆلا، بەڵام لە هەندێ وڵاتانیشدا ناسەقامگیرە بۆنمونە لە بەلجیکاو کەنەدا. فیدرالیەت لەسەر بنەمای ڕونەدانی دیکتاتۆریەت دامەزراوەو لامەرکەزیی بەهای وەرگرتوە تێیدا. وەک لە توێژینەوەکەدا دەبینرێت فیدرالیزم لایەنی باش و

[1] ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر ، دەرگایەک بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئالمان ، ل. 54.

[2] خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق ، هەولێر، چاپخانەی هەولێر، 2011. ل. 59.

نەرێنیشی هەیە، بەڵام دەرئەنجام لایەنە بەسوودەکان زۆرترو کاریگەرترن. کێشەی فیدرالیزم زۆرتر لە تێنەگەیشتنە لە خودی فیدرالیزم خۆی. دیموکراسی و سەقامگیری و هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و خواستی ئارەزومەدانە فاکتەرو بنەمای گرنگن بۆ گەشە کردن و پراکتیزە کردنی فیدرالیزم. دروستبوونی ئەنجومەنی فیدرالی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ نوێنەرایەتی کردنی هەرێمەکان و بۆ کەمکردنەوەی دیکتاتۆریەتی پەرلەمان. هەرێمەکان پێگەو کاریگەرییان هەیە لە فیدرالیەتداو لەسەر سیاسەتی ئیتحاد. لە فیدرالیەتدا دەسەڵاتە سیادیەکان بۆ حکومەتی ئیتحادەو هەرێمەکانیش دەسەڵاتی هەرێمایەتی خۆیان هەیە. توێژەر دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە فیدرالیەتدا پێویستە پێگەو ڕۆلی هەرێمەکان بە ڕوونی ببینرێن وەک لە توێژینەوەکەدا نیشاندراوە.

)سەرچاوەکان )

سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

- ئەسەدوللا ئەلەم، بنچینەکانی فیدرالیزم، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا، سلێمانی، شوێنی چاپ نادیارە، 2004.
- ئازاد وەلەد بەگی، نیگا، فەرهەنگی ڕامیاری، هەولێر، چاپخانەی میدیا.
- ئۆرسۆلا مۆنخ و هاینز لۆفەر، دەرگایەک بۆ باس لەسەر فیدرالیزم لە ئاڵمان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ناسر بابامیری، شوێن نادیار، 2004.
- سۆران حوسێن قادر بەرزنجی، کێشە یاساییە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدرالیدا، هەولێر، چاپخانەی میدیا، 2003.
- سەیوان کاکەڕەش، بەراورد لە نێوان ڕژێمە فیدرالەکاندا، سلێمانی، چاپخانەی قەڵەم، 2002.
- عەلی شەمەری، فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی، وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەسەن یاسین، سلێمانی، چاپخانە نادیارە، 2004.
- خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، هەولێر، چاپخانەی هەولێر، 2011.

سەرچاوەکان بەزمانی ئەڵمانی

کتێب

- Gebhard Ziller, Georg-Berndt Oschatz: Der Bundesrat. 10. Auflage. Droste, Düsseldorf, 1998.
- Gunnar Vollering, Das föderalistische Prinzip der BRD zwischen Solidarität und Autonomie, Frankfurt, 2005.
- Hans Boldt, Nordrhein-Westfalen und der Bund, Berlin, 1989.
- Kringe,Wolfgang, Hrsg, Die Verfassung für das Land Nordrhein-Westfalen, von der Landeszentrale für politische Bildung Nordrhein-Westfalen , Düsseldorf,1990 .
- Leyla Özden, Der Föderalismus im Irak, Frankfurt, 2009.
- Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak , Frankfurt, 2008.
- Richard Nyrop, Iraq, A Country Stud, Washington, D.C, 1979,.
- "Verfassung", in: Nordrhein-Westfalen. Landesgeschichte im Lexikon . Veröffentlichungen der staatlichen Archive des Landes Nordrhein-Westfalen.

ئینتەرنێت

- de.answers.yahoo.com/question/index?qid, Dr. Mannfred, 2011.
- www.abipur.de/hausaufgaben/.../666213448.html, dr. Brandscheidt, Föderalismus und die und die Bundesländer, 2008.
- de.wikipedia.org/.../Politisches_System_Deutschlands.


## پاشکۆ
## سیستەمی سیاسی ئەڵمانیای فیدراڵ




له

لایەن توێژەرەوە کراوە بە کوردی




نەخشەی ژمارە 3
شازدە هەرێمەکەی ئەڵمانیا
ژمارە (5) ی سەر نەخشەکە بریتیە لە هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن

بابەتی حەوتەم
دە مۆدێلی سیاسی بۆ عێراقی ئایندەو هەرێمی کوردستان

سەبارەت بەو ئالتەرناتیڤانەی سیستەمی سیاسی عێراقی لێ پێکبهێنرێ نوسەر لێرەدا دە مۆدێلی سیاسی خستۆتە بەردەم:

1) سیستەمی سەنترالیزم وکێشە سیاسی و فیکریەکان

لەگەل هاتنی حیزی بەعس لە ساڵی 1968 بۆ سەر دەسەلاّت ئەم حیزبە عەرەبیە ئامادە نەبوو دەسەلاّت لەگەل هیچ لایەنێکی تردا دابەش بکات و ددانی بەهیچ کام لەلایەنە سیاسیەکانی تردا نەدەنا. لەعێراق مێژووی دەسەلاّتێکی تۆتالیتاری ناوەند دەستی پێکرد کەسەرجەم ولاّتی

بەئامرازی زەبروزەنگ خستە ژێر کۆنترۆلی تەنیا یەک حیزب هەتا داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو روخاندنی رژێمی بەعس[1] لە ساڵی 2003.

دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکە عێراقیەکان هەمیشە دەسەڵاتی دەوڵەتی موتلەقی ناوەندیان دروستکردوە کەتەنها لەم بۆچوونە سیاسیەوە هەولی فەرمانرەوایی دەوڵەت وکۆمەڵیان داوە. ئەم شێوازی بیرکردنەوە سیاسیە لە ساڵی 1921ەوە لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەم شێوەیە ماوەتەوە. ناسیۆنالیزم وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی لەخزمەتی شەرعیەتدان بوە بە دەسەڵاتی ناوەند. لەو دەیان ساڵەی دوایدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی گۆرانێکی سیاسی ومێژویی بەخۆیەوە بینی بەڵام ئەم گۆرانە کۆپی کراوە پاسیڤ بووە نەک وەک پرۆسەیەکی چارەی خۆنوسین وەک ئەوەی لەئەوروپا بوو[2]

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەدەی 16 وە هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی فەرمانرەوایی عێراقی کردوە کە ئەو کاتە پێی دەوترا میزۆپۆتامیا. سونە مەزهەب لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مەزهەبی فەرمی دەوڵەت بوو. شێعە مەزهەب لەعێراق دەروازەی بەشداری بوونیان نەبووە بۆ دەزگا ئیداریە باڵاکانی دەوڵەت و بۆ سوپا. ئەگەر مرۆڤ سەرنجێک بداتە مێژووی شێعە[3] لەعێراق ئەوا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەشێعە هەمیشە لەپال سێبەری دەسەڵاتدا ژیاوە تەنانەت دوای دروستبوون وسەربەخۆیی روکەشی دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستکردنی رژێمی مۆنارشی لەعێراق. سەرانی پێشووی سوپاو کاربەدەستانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە سونە مەزهەب بوون دەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەتیان لەدەستی خۆیاندا هێشتەوە.[4] لایەنی سوونە ئامادە نەبوو دەسەڵات لەگەل شێعە بەش بکات لەکاتی وە لەدوای سەردەمی عوسمانیدا. عەرەبە ناسیۆنالیستەکان کەزۆرتر لەنێو سونەکاندان عێراق بەبەشێکی نەبچراوی نیشتمانی عەرەبی دەزانن کە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیەوە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دابەش وکۆلۆنیزە کراوە. لەدەستوری عێراقدا هاتبوو کە عێراق بەشێکە لەنیشتمانی عەرەبی[5]. سروشتی ئەم ناسیۆنالیزمە شمولیە عەرەبیە چۆن بوو لە کاتی فەرمانرەوایی حیزبی بەعسدا بە روونی بینرا. ئەم فاکتەرانەو ئەوەی کەپێکهاتەکانی عێراق نەیتوانیوە بە پرۆسەیەکی لەیەکتر تێگەیشتندا بروات بەتایبەت حەساسیەت وناکۆکیە مێژویی

[1] Naseef Naeem, Die neue bundesstaatliche Ordnung des Irak, Frankfurt,2008,S.81.
[2] Bassam Tibi, Vom Gottesreich zum Nationalstaat, Islam und panarabischer Nationalismus, Frankfurt/M 1987.S.71.
[3] Die religiös-politische Bewegung im Irak, in: iz3,Nr.147,Freiburg,1988,S.28-33.

[4]) هەمان سەرچاوە، ل.74

[5]) د.سالار باسیرە، سیستەمی سیاسی بەعس، ل16..

وئێتنیکی و مەزهەبیەکان هەر هێشتا لەهزری ئەم لایەنانەدا ماون ودەژین. بەشێک لە شێعەکان لەگەڵ بایەخی مەزهەبی شێعەدا هەڵگری بزوتنەوەی قەومی عەرەبیشن وەک موقتەدا سەدر.

دوای دوبارە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی سیاسی و هۆکاری دروستبوونی دەوڵەتێکی مەرکەزی لە عێراق، کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لەماوەی دەسەلآتی کۆلۆنیالیزمدا هەرگیز هەوڵی جدی نەدا بۆ چارەسەرێکی ئەقلانی پێکهاتەکان لەعێراقداو لە رۆژهەلاتی ناوەراستداو دیارە مەبەستیشی نەبووە. بەریتانیا لەکاتی دابەشکردنی عێراقدا بەهیچ شێوەیەک رەچاوی پێکهاتەی ئێتنیکی وئاینی ومەزهەبی وکۆمەلآیەتی ولآتەکەی نەکردوەو دەسەلآتی دایە دەست کەمایەتیەک بێرەچاوکردنی لایەنەکانی تر وەک کوردو شێعە. بریارێکی سیاسی کە بۆ دەیان ساڵ و هەتا ئەمرۆکە بۆتە کەرەسەی ناکۆکی و ململانێی توند. هەردوو بلۆکی رۆژئاواو رۆژهەلاتیش نوێنەرایەتی سیاسەتی راگرتنی پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکەی دەکرد بەعێراقیشەوە، سیاسەتێک کە بە بەرژەوەندی رژێمە عێراقیەکان گەرایەوە. ئەو گەلانەی لەناو ئەم دەوڵەتانەدا ژیاوون دەبێت بەم پێیە لەناو ئەم پێکهاتەیەدا گەشە بەخۆیان بدەن و بەر بەزەیی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ناوەند بکەوون، سیاسەتێکی ناواقیعبینانە ئەگەر بروانینە تراژیدیاکەی هەلەبجەو ئەنفال. ئەگەر بەریتانیا لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1920 هەموو پێکهاتە ئاینی ومەزهەبی وکۆمەلآیەتیەکانی عێراقی بەکوردو شێعەشەوە بەشداری دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق بکردایە ئەوا کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نەدەبوە کێشەیەکی موزمن لەم ولآتەدا کە هەتا ئەمرۆکەش لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا رەنگدانەوەی خۆی هەیەو رەگی قولی خۆی جێهێشتوە[1].

لێرەدا مێژووی سیاسی عێراق بەڕوونی نیشانیداوە کەدەسەلآتی ناوەند (سەنترالیزم) بۆ ولآت و کۆمەڵگەیەکی پلورالیزمی عێراق بەجیاوازی و پێکهاتە ئێتنی و سیاسی و مەزهەبی و کەلتوریەکەیەوە هەرگیز سەرکەوتو نەبووەو نابێتە ئالتەرناتیڤێکی دیموکراسی. سەنترالیزم و دیموکراسیەت دوو شتی نەگونجاوون پێکەوە. هەربۆیە پیادەکردنی سیاسەتی سەنترالیزم ئیتر هەر حیزب و مەزهەبێک بیەوێ پیادەی بکات مێژوو نیشانیداوە سەرکەوتو نابێت.

2) سیستەمی ئیسلامی سیاسی
هەروەها سیستەمێکی ئیسلامی سیاسی کە نەیەوێت دەوڵەت و دین لەیەکتر جودا بکاتەوە ئەوا ئەمیش نابێتە ئالتەرناتیڤێکی واقعبینانە. ئەم لایەنەش بە سروشتی ئایدیۆلۆژیاکەی و تێروانینی بۆ سیستەمی سیاسی ناکرێ هەڵگری فیکری سەنترالیزم نەبێت.

[1] د. سالار باسیرە، سیستەمی سیاسی بەعس لەعێراق، نامەی دوکتۆرا بەزمانی ئەڵمانی، ڤوپەرتال، 2004، ل. 188-189.

3) بەسێ هەرێم کردنی عێراق

دابەشکردنی عێراق وەک پرۆژەکەی جۆزێف بایدن باسی لێوەکردوە (بڕوانە نەخشەی ژمارە 1) بۆ سێ هەرێمی (سونە، شیعەو کورد) بۆ سەرو ناوەڕاست و خواروی عێراق لە ڕووی ڕوکەشەوە سەرنجراکێشە بەڵام بۆ عێراقی ئەمرۆ لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە بێکێشە نابێت و سەرکەوتو نابێت. فیکری بە سێ هەرێم (ویلایەت) کردنی عێراق بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەوانەیە جێگەی بیرکردنەوە بێت بۆ کوردو شیعەو سونە. بارودۆخی نیشتەجێبوون و دیمۆگرافی ئەمرۆی عێراق لە ئەنجامی سیاسەتی ڕژێمی بەعس گۆڕانی سەرەکی بەخۆیەوە بینیوە. بەهۆی باری خراپی ئابووری و دەرکردنی شیعەکان بەپێی نەخشە لە هۆرو شارۆچکەو گوندەکان و هەروەها کۆچ و ڕەوی شیعەکان بۆ بەغداو بۆ شارە سوونە نشینەکان گۆڕانی لە پێکهاتە مەزهەبیەکەش خولقاند (نەخشەی ژمارە 2).




نەخشەی ژمارە 1

نەخشەی جۆزێف بایدن بۆ بە سێ هەرێم کردنی عێراق

ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ژمارە 2 دەگەینە چەندین ئەنجام وەک وەلامێک بۆ ئالتەرناتیڤەکەی جۆزێف بایدن: شارێکی وەک بەغداد کە بەپێی ئامارە گشتیەکان خاوەنی نزیکەی حەوت ملیۆن دانیشتوانە زیاتر لە سێ ملیۆن شیعەی تێدا دەژی، هەروەها نزیکەی نیو ملیۆن کوردی فەیلی کە زۆربەی شیعە مەزهەبن. ئایا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە دەکرێ بوترێ بەغدا بکرێتە هەرێمێکی تەنیا سونە نشین؟ بەلام بەغداش لە ڕووی مێژوییەوە ناوچەیەکی سونە نشینە.

ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەکە دەبینین خواروی ڕۆژئاوای عێراق پێکهاتەیەکی تێکەلە لەعەرەبی سونەو عەرەبی شێعە لەبەر ئەوە ناکرێ بوترێت بکرێتە ناوچەیەکی یان هەرێمێکی تەنیا شێعە یان سونە نشین. بروکسلی پایتەختی بەلجیکا کەوتۆتە نێو ناوچە (فیدراسیۆنە) هۆلەندیەکەوە (فلاندەرن) بەڵام کراوەتە هەرێمێکی (ناوچەیەکی) سێیەم و هەردوو نەتەوەکەی تێدا دەژی و ژمارەی فەرەنسی زمانەکان زۆر زیاترە هۆلەندیەکان تیێدا[1]. هەربۆیە ناکرێ بوتری بروکسل هەرێمێکی تەنیا هۆلەندی نشینە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە ناوچەیەکی هۆلەندیە (فلاندەرەکان).




نەخشەی ژمارە 2[2]

( ناوچەی نەتەوەیی ومەزهەبی وجوگرافی عێراق)

(4) بە پێنج هەرێم کردنی عێراق

"موفق الربیعی ڕاوێژکاری ئاسایشی پێشووی نەتەوەیی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کەپێکهاتەکانی جوگرافی عێراق وادەخوازێت عێراق دابەش بکرێت بەسەر پێنج هەرێمی فیدرالدا. بە وتەی الربیعی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی جوگرافی و

[1] Belgien verstehen, Brüssel, 2009, p. 16.

[2] :Richard Nyrop, Iraq, A Country Study. 1979, Washington,D.C

نەتەوەییەوەو دەشتوانرێت چەند ناوچەیەکی دەوروبەریشی بخرێتە سەر ئەم هەرێمە. هەرێمێکی تریش کەناوچەکانی خۆرئاوای عێراق ناوچەکانی موسل وفورات دەگرێتەوە زۆرینەیان سونە مەزهەبن. هەروەها لەناوچەی کوفە کە ناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست دەگرێتەوەو ناوچەی باشورە دەتوانرێ بکرێت بەهەرێمێکی تر. ناوچەکانی وەک بەسرەو دەوروبەری هەردوو ڕوباری فورات و دجلە بکرێتە هەرێمێکی تر. هاوکات شاری بەغداو چەند ناوچەیەکی پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالە لەخۆ بگرێت بکرێتە هەرێمێکی تر[1]" (نەخشەی ژمارە 3). وەک دەبینین سیناریۆکانی چارەسەریی بۆ ئایندەی عێراق کەم نین.



نەخشەی ژمارە 3[2]

دابەشبونی عێراق بۆ پێنج هەرێم بەپێی بۆچوونەکەی سەرۆکی پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق

5) بە زیاتر لە پێنج هەرێم کردنی عێراق

عێراق دەکرێ دابەش بکرێت بەسەر زیاتر لەپێنج هەرێمە پێشنیازکراوەکەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق. یەکێک لەم فرە هەرێمیە بریتبە لە کردنی عێراق بۆ (18) هەرێم ئەمەش لەئەنجامی بەهەرێم کردنی 18 پارێزگاکە. یان بەپێی دەستوری عێراق چەند پارێزگایەک یەکدەگرێ و دەبێتە هەرێمێک، لەوانەیە عێراق بەم شێوەیە ببێتە 10 - 12 هەرێم. ئەگەر پارێزگاکان هەست بە زەوتکردنی مافەکانیان بکەن لەلایەن مەرکەزەوە ئەوا دەتوانن پەنا بۆ

[1] ڕۆژنامەی سبەی، 12.8.2008، ژمارە 281، سلێمانی،ل.6

[2] سایتی سبەی، 12.8.2008، ژمارە 281، سلێمانی، ل. 6

فیدرالیەت بەرن. ئەم فرە هەرێمیە دەبێتە هۆی بێهێزکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی و بەربەست بێت لەبەردەم گەڕانەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی سەنترالیزم و ترسی کۆمەڵانی عێراق لە دەسەڵاتی مەرکەزی بڕەوێتەوە. هەر هەرێمێک لەم سیستەمی فیدرالیە فرە هەرێمیە ببێتە خاوەن سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمان، حکومەت و دادوەری) و ئیدارەی تایبەتی خۆی گونجاو لەگەل واقعی هەرێمەکەو عێراقێکی پلورالیزمدا پالپشت بە پیادەکردنی دیموکراسی و سیاسەتی تەوافوق لەسەر ئاستی ئیتحاد. ئەم مۆدێلی سیستەمە سیاسیە دەکرێ عێراق لەکۆمەلێک قەیرانی ئیداری و سیاسی و مەزهەبی دووربخاتەوەو ڕێگەچارەیەکی گونجاو بێت بۆ سەقامگیری و دیموکراسیەت.




نەخشەی دەوڵەتی عێراق، پارێزگاکان

6) فیدراسیۆنی کوردستان و فیدراسیۆنی عەرەبستان

عێراق بکرێتە دوو فیدراسیۆن (کوردستان و عەرەبستان) لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدرالی بەلآم بە چارەسەری ماددەی 140 وە (نەخشەی ژمارە 4). لێرەدا کە باس لە فیدراسیۆنی کوردستان دەکەم مەبەست لەسەرجەم باشوری کوردستانە. لەم حالەتەدا سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش ببنە سێ هەرێمی سەربەخۆ. سەبارەت بەناوچە دابڕێنراوەکانیش (داگیرکراوەکان) (نەخشەی ژمارە 4). ئەو ناوچانەی سەر بە سێ پارێزگاکەی هەرێمن

بخرێنەوە سەر سێ پارێزگاکە. کەرکوک ئەمیش لەبەر ڕۆشنایی واقعی کەرکوک خۆی و وەک چارەسەرێک بۆ پێکهاتەکان بکرێتە هەرێمێکی تایبەتی سەربەخۆ بەڵام مانەوەی ماددەی 140 لەگەڵیدا، بەڵام پارێزگای کەرکوکیش بەگشت پێوەرەکان سەر بەباشوری کوردستانە وەک چۆن بەغدا بەپێکهاتە جیاوازەکانیەوە عەرەبستانە. ئەمە لەسەر مۆدێلەکەی بەلجیکایە کە بریتیە لە دوو فیدراسیۆنی هۆڵەندیەکان و فەرەنسیەکان و هەر یەکێک لە پارێزگاکانیان کە ژمارەیان پێنجە هەرێمی فیدرالیە بۆخۆی (بڕوانە نەخشەی ژمارە 5). سەبارەت بە فیدراسیۆنی کوردستان بڕوانە نەخشەی ژمارە 6.




نەخشەی ژمارە 4

هەرێمی کوردستان / ناوچە دابراوەکان (داگیرکراوەکان)




دەوڵەتی بەلجیکا
نەخشەی ژمارە [1]

[1] de.wikipedia.org/wiki/Belgien




**نەخشەی ژمارە 6، فیدراسیۆنی کوردستان**

7) عێراق / سێ فیدراسیۆنی سونەو شیعەو کورد

مۆدێلێکی تر بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق بریتیە لەوەی ئەگەر فیدراسیۆنی کوردستان و عەرەبستان سەرکەوتو نەبوو ئەوا ئەم وڵاتە بکرێتە سێ فیدراسیۆن لە نێو دەوڵەتێکی عێراقی فیدرالیدا بەواتا (فیدراسیۆنی کوردستان، فیدراسیۆنی سونە، فیدراسیۆنی شیعە) لەگەل ئەنجامدانی ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی دەیەوێ لە پارێزگایەکەوە، یان هەرێمێکەوە بچیتە سەر یەکێکی تر، بۆ نمونە دوزخورماتوو بۆ سەر پارێزگای کەرکوک، دوجەیل بۆ سەر هەرێمی بەغدا.

ڕوداوەکانی ئەم دواییەی عێراق نیشانیدا کە بە هەرێم بوونی پارێزگا سونەکان لە لایەنی شیعەوە بەتوندی ڕەد دەکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەم مافی بە هەرێمبوونە لە دەستوردا هاتووە. ڕاستە دوو فیدراسیۆنە عەرەبیەکە دەبنە دوو فیدراسیۆنی زۆرتر مەزهەبیی بەڵام بۆ قۆناغی ئێستە یەکێکە لە مۆدێلی چارەسەرەکان. هەرێمی فیدراسیۆنێکی سونە کە سنوری جوگرافی بە کوردستانەوە هەیە کێشەی مەزهەبی لە نێواندا نیە. لێرەدا ئەگەر مۆدێلی (7) نەبوە چارەسەر ئەوا دەکرێت ڕوو بکەمە مۆدێلێکی تری ژمارە 8.

8) عێراق / سێ دەوڵەتی شیعەو سونەو كورد
لەبەر ڕۆشنایی واقعی عێراق بەتایبەت دوژمنایەتی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعەو سونەی نێوان عەرەبەكانی عێراق و هەروەها مەترسی لایەنە مەترسیدارەكانی عەرەب بۆ سەر كورد و ئەوەش كە عێراق بە سەقەتی دروستبوە هەربۆیە مۆدێلێكی تر بریتیە لەوەی دەوڵەتی عێراق بكرێتە سێ دەوڵەتی كوردو شیعەو سونە. بەڵام لێرەدا ئەم دەوڵەتە سونەیە كێشەی ئابووری دەبێت بە بەراورد
لەگەل ناوچە كوردی و شیعە نشینەكان چونكە سەرچاوە نەوتیەكان كەوتۆتە دوو ناوچەكەی ترەوە.
لێرەدا گرنگە كار بۆ ڕێكەوتنێكی نێودەوڵەتی بكرێت. دوو دەوڵەتەكەی تری كوردو شیعە بۆ مەودایەك هاوكاری ئەم دەوڵەتە سونە نوێیە بكەن هەتادێتە سەرپێی خۆی.

9) دوو دەوڵەتی كۆنفیدرالی كوردستان و دەوڵەتی عێراق
دوا ئالتەرناتیڤی من بۆ عێراق ئەوە دەبێت ئەم دەوڵەتە لەیەكتر دەترازێت و وەك دەوڵەت هەلدەوەشێتەوەو لە ئەنجامی ئەم دیاردەیە باشوری كوردستان ببێتە دەوڵەتێكی سەربەخۆ بەڵام دەوڵەتێكی كوردی فیدرالی فرە هەرێم بەڵام وەك دوو دەوڵەتی كۆنفیدرالی كوردستان و دەوڵەتی عێراق بە گرێدانی چەندین بواری وەك بەرگری و كەلتوری و بازرگانی...تاد. دەكرێ بەم ڕێگەیە كێشەكانی نێوان كورد و عەرەب و عەرەب خۆیشی سەبارەت بە دۆزی كورد چارەسەر بكرێت.

0)) بە سێ هەرێم بوونی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان
ئەو ڕاستیەی كە مەركەزیەت ئەقلی دەسەڵاتی سیاسی كوردیشی تەنیوە هەربۆیە بەپێویستیەكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیداری دەبینم كە سێ پارێزگاكەی هەرێمی كوردستان ببێتە سێ هەرێمی فیدرالی. پارێزگای سلێمانی هەرێمێك بێت، هەولێر، هەروەها پارێزگای دهۆك ببێتە هەرێمێكی سەربەخۆ. (هەمان ئەم مۆدێلە بۆ پارێزگای كەركوكیش لە ناوچە داگیركراوەكان).

یەكێك لە سودەكانی بەم بە سێ هەرێم بوونە بریتی دەبێت لە كێبركێی نێوان هەرێمەكان. هەروەها بەرێوەبردنی هەرێمەكە لەلایەن خەلكی ناوچەكە خۆیەوە. هەر هەرێمە توانای بەسەر ئیدارەكەی خۆیدا باشتر دەشكێت و كاری دانیشتوان خێراتر دەڕوات و كێشەو پێداویستیەكان (ئابووری، كۆمەڵایەتی، ئیداری، پەروەردە..) باشتر دەبینرێن. خەلكی پارێزگای سلێمانی و دهۆك بۆ ڕاپەراندنی كارەكانیان دەبێت زۆربەی كات بچنە هەولێر چونكە كارەكان بەپێی

ئەزمونەکان لە پارێزگاکان وەک پێویست ناڕون بەڕێگەوەو وەزارەتەکان لە هەولێرن و سیستەمەکە سیمای سەنترالیزمی پێوەدیارە. هەروەها دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەڵات و ڕێگر دەبێت لە چڕبوونەوەی دەسەڵات. لەم سیستەمی فرەهەرێمیە مەترسی لایەک بۆسەر ئەوەی تر زۆر کەمە. ئەم فرەهەرێمیە دەبێتە بەهێزکردنی دیموکراسیەت و سەقامگیری. حیزبە سیاسیەکانی نێو هەرێمەکان دەتوانن چۆنایەتی سەرکردەبوون لە هەرێمەکانیاندا تاقیبکەنەوەو بەم هۆیەوە دەتوانن مومارەسەی سیاسەت لەسەر ئاستی "ناوەند" بەرز بکەنەوە وەک ئەو پێکهاتە سیاسیە جیاوازانەی هەرێمی کوردستان لەبەغدا پیادەی دەکەن. بۆ کورد لە باشوری کوردستان پیادەکردنی فەرمانڕەوایی سیاسی و مامەلەکردن لەگەل دەوڵەت و سیستەمی سیاسیدا لەسەر ئاستی هەرێم و بەتایبەت ئیتحاد ئەزمونێکی گرنگە دواتر بۆ مامەلەکردن لەگەل دەوڵەتدا، بۆنمونە لە دەوڵەتێکی کوردیدا. هاوڵاتیان دەتوانن بەهۆی کورتی ڕێگەکان لەم سیستەمی هەرێمایەتیەدا زووتر پەیوەندی بە سیاسەتمەدارو دامودەزگاکانەوە بکەن و لەپڕۆسەی سیاسی زۆرتردا بەشداربن و دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی گرفتەکان لەسەر ئاستی هەرێم. یەکێکی تر لە سودەکانی ئەم سیستەمە دروستبونی کێبرکێیە لەنێوان هەرێمەکان و بوارە جیاوازەکانی ژیان دەبوژێنێتەوەو دەبێتە هۆی ئاسانکردنی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان.

خۆ ئەگەر وەک واقیع بۆی بڕوانین هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە، هەروەک ئەوەی دوو هەرێمی جیاواز بێت لەیەکتر. دوو حیزبی سیاسی حوکم دەکات هەرچەندە بەناوی یەک پەرلەمان و یەک حکومەتی هاوبەشەوە قسە دەکرێ. ناکۆکە بەخۆی ئەگەر هەرێمێک خۆی بەفیدرالی ناوببات و داوای فیدرالیەت بکات بۆ عێراق بەلاَم لەهەرێمەکەی خۆیدا بڕوای بەلامەرکەزی پارێزگاکان نەبێت و ئەنجومەنی پارێزگاکان بێدەسەڵات کرابن.

فیدرالی بۆ عێراق، مەرکەزیەت بۆ کوردستان

"یاسای پارێزگاکان کە لەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێت پێویستیەکی ئیداری گرنگە. ئەگەر سیستەمی لامەرکەزی لەوڵاتێکدا پەیڕەو نەکرێ ئەوا ڕۆلی ئەنجومەنەکان نامێنێت و لادانە لە سیستەمی لامەرکەزی. سیستەمی لامەرکەزی کە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی دیموکراسی و سەقامگیری. ئەم سیستەمە ئێستە لەجیهانی هاوچەرخدا بۆتە مۆدێلێکی گونجاوی فەرمانڕەوایی[1]". "مەرکەزیەت کۆی ئەقلی سیاسی و سیستەمی سیاسی لەعێراق و کوردستاندا تەنیوە. لەهەرێمی کوردستانیشدا هێشتا لە ژیانی سیاسی و حیزبی و حوکمرانیدا ئەقلیەت و سیستەمی مەرکەزی وکەلتوری مەرکەزی

[1]) ڕۆژنامە 18.2.2008.

زاله. ئەمەیش پارادۆکسە (موفارەقەیە) چونکە ئێمە حوکمرانی مەرکەزی لەعێراقدا قبول ناکەین، کەچی دەمانەوێت لەکوردستاندا مەرکەزیەت پەیرەو بکەین[1]". مەرکەزیەت خولیای مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و بریارە، خولیای زەوتکردنی ماف و ئازادی و چارەنوسی ئەوانی ترە. بەڵام فرەیی تەنیا لەسایەی ئازادیدا دەتوانێت بەردەوام بێت و مانای خۆی لە دەست نەدات. بڕوابوون بە مەرکەزیەت بڕوانەبونە بە دیموکراسیەت.

ئەوەی شارەزای سیستمی دیموکراسی بێت دەزانێت کە مەرکەزیەت و دیموکراسی دوانەیەکی دژیەک و پێکەوە نەگونجاون، ناشێ مەرکەزیەتێکی بەهێز بەتەنیشت دیموکراسییەوە بێت، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی بەسەر عیراقدا هات، سەرەڕای ئەوەی عیراق خاوەنی دەستوورێکی نوێیەو لەدەستووردا فیدراڵیەت وەک سیستمی نوێی بەڕێوەبردنی عیراق چەسپاوە، بەڵام هێشتا کەلتووری مەرکەزیەت و کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەمەرکەزیەتدا لەفیکری سیاسی بەشێک لەهێزە عیراقییەکاندا هەر ماوە. هێشتا چەند لایەنێکی عیراقی کار بۆ ئەوە دەکەن لەعیراقدا مەرکەزێکی بەهێز هەبێت و دژی دابەشکردنی دەسەڵات وپێکهێنانی هەرێمن. رەنگ بێت بەدرێژایی مێژووی سیاسی عیراق کورد لەهەموو نەتەوەکانی دیکە زیاتر گیرۆدەی ئەم فیکری مەرکەزیەتە بوویێت و زیانی بەرکەوتبێت، دەرەنجامی ئەمەش لەوەدا دەرکەوتووە کە هەمیشە تا رووخانی رژێمی پێشوو کورد لە مافەکانی بێبەشبووە. ئەو فیکرەی لەپشت سەپاندنی بیری مەرکەزیەتەوە بووە لە عیراقدا تەنیا بۆ بەرژەوەندەی ئەو نوخبەیە بووە ئەو کارەی کردووە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە. دەسەڵاتی مەرکەزی بەهیچ شێوەیەک لەشێوەکان نەک لەبەرژەوەندی کورد نییە بەپێچەوانە کورد دەبێت جەخت لەسەر دوو مەسەلە بکاتەوە، یەکێکیان لامەرکەزیەتە لەعیراقدا، دووەم دەبێت ئەم لامەرکەزیەتە لەچوارچێوەی سیستمیکی دیموکراسی تەوافوقیدا بێت. ئێستا عیراق کە بەپێی دەستوور بووە بەدەوڵەتێکی فیدراڵی هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو سیستمە فیدراڵییە لە دەستوردا هەڵبوەشێندرێتەوەو دەستووری عیراق دەستکاری بکرێت[2].

عێراق دەستورێکی هەیەو لەو دەستورەدا مافی فیدرالیزم بۆ پارێزگاکان چەسپێندراوە. بەپێی ئەو مافە دەستورییە دەشێت لەداهاتودا پارێزگایەک یان چەند پارێزگایەک پێکەوە هەرێمێکی فیدرالی بۆخۆیان پێک بهێنن. چەسپاندنی ئەم مافە لەدەستوردا دەتوانێت رێگرێک بێت لەبەردەم گەرانەوەی سیستەمی حوکمرانی مەرکەزی لەعێراقدا چونکە هەر کاتێک پارێزگاکان هەست بکەن کە ماف و ئیرادەیان لەلایەن ناوەندەوە زەوت دەکرێت، دەتوانن پەنا بۆ فیدرالی بەرن[3].

[1])کوردستانی نوی، 2010/8/14، دیدار لەگەل د.رفیق سابیر.

[2])کوردستانی نوی، 2010/8/14

[3])هەمان سەرچاوە.

بابەتی هەشتەم
کۆمەڵناسی سیاسی لەنێوان دەسەلات و کۆمەڵ دا
بەشی یەکەم
باسی یەکەم / کۆمەڵناسی سیاسی چیە؟
باسی دووەم / دەرکەوتن و فاکتەر ی پالپێوەنەر بۆ بایەخدان بەکۆمەڵناسی سیاسی
باسی سێیەم / پەیوەندی کۆمەڵناسی سیاسی بە کۆمەڵناسی یەوە
باسی چوارەم / پەیوەندی کۆمەڵناسی سیاسی بە زانستی سیاسیەوە
دەرئەنجام

پێشەکی
لێکۆلەران لەسەر ئەوە کۆکن کەدەسەلات بابەتی لێکۆلینەوەی کۆمەڵناسی سیاسیە چونکە گشتگیرترو فراوانترە. لەم توێژینەوەیەدا ئەو ڕاستیە دەخەرێتە ڕوو کە کۆمەڵناسی سیاسی لێکدانێکە لەنێوان کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی کە بوارەکانیان هاوبەشە بەلام میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەکانیان جیاوازن. کۆمەڵناسی لەکێشەو پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان دەکۆلێتەوە لەکاتێکدا کۆمەڵناسی سیاسی لە پەیوەندیەکانی نیوان دەسەلات و کۆمەڵ دەکۆلێتەوە. زانستی سیاسی لە دەسەلاتی سیاسی و دەولەتەوە دەڕوانێتە کۆمەڵ بەلام کۆمەڵناسی سیاسی لە کۆمەلەوە دەڕوانێتە دەسەلاتی سیاسی. لەتوێژینەوەکەدا دەردەکەوێ کە مامەلە کردن لەگەل ئەم زانستە بۆ دەولەتان بۆتە پێویستیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی.

بەشی یەکەم
باسی یەکەم / کۆمەڵناسی سیاسی چیە؟
کومەڵناسی سیاسی بریتیە لە لێکۆلینەوە لە کاریگەریی نێوان دەسەلات و کۆمەڵ، واتا لێکۆڵینەوەیە لە کرداری کۆمەڵ کە دەچێتە چوارچێوەی سیاسیەوە. لەو شوێنەی کەپەیوەندی بەچارەسەری کێشە بنەڕەتیە سیاسیەکانەوە هەیە کۆمەڵناسی سیاسی بە هەمان شێوەی زانستی سیاسی بەرپرسە لێی، هەر هەمان شێوە فەلسەفەی کۆمەلایەتی، دەرونناسی کۆمەلایەتی، ئابووری سیاسی و هەروەها تیۆری دەولەت. ئەو کەسەی سەرقالی یەکێک لەبابەتە سەرەکیەکانی کۆمەڵناسی سیاسی بێت زوو دەگاتە ئەو ئەنجامەی ناکرێ بۆ وەلام و چارەسەر

ئاوڕ لە بەشەکانی تری زانستە هاوسێ و کۆمەڵایەتیەکانی تر نەداتەوە. مادەکانی کۆمەڵناسی[1] سیاسی دەکەونە سێ کوچکەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسە، لەو بەشەدا کە کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵی تێدا دەبینرێنەوە. کۆمەڵناسی سیاسی لەیەکدانێکە لەنێوان هەردوو کۆمەڵناسی گشتی و زانستی سیاسی. کۆمەڵناسی سیاسیش هەروەک زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی ئەمیش پێناسەی خۆی هەیەو بوارەکانی خۆی دەست نیشان کراوە[2].

زۆربەی لێکۆلەران کۆکن لەسەر ئەوەی کۆمەڵناسی سیاسی زانستی دەسەڵاتە چونکە فراوانترو گشتگیرترە لە زانستی دەوڵەت، چونکە تاک لە کۆمەڵگەدا دەژی و وەک کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی پەیوەندی تری هەیە لەگەل کۆمەڵەکانی تردا، چونکە تاک ئەندامە لەخێزاندا، لە عەشیرە و گەڕەک و ناوچەدا، هەروەها لە ناو حیزب و سەندیکادا. هەموو یەکێک لەمانە کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی دامەزرێنەرو رێکخەر پێک دەهێنێت کە دەسەڵاتی تێدایە وەک دەسەڵاتی باوک، سەرۆکی عەشیرەو بنەماڵە، حیزب...تاد. بەم شێوەیە دەسەڵات لە هەموو گروپێکی( ئەوەلی و مرکب) دا، و هەروەها لە دەوڵەتیشدا هەیە کەپێی دەوترێ دەسەڵاتی سیاسی. کۆمەڵناسی سیاسی لە لێکۆلینەوەکانیدا جەخت دەکاتە سەر دەسەڵاتی سیاسی (دەسەڵاتی دەوڵەت) و هەر بەم جۆرە سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی کەش کە پێشتر ئاماژەم پێداوون، بەڵام بە تەنها دەسەڵاتی دەوڵەتە کە ناودەبرێ بەدەسەڵاتی سیاسی، ئەوانەی تر پێی دەوترێ دەسەڵات چونکە سیاسەت لەدەوڵەتدا کۆبۆتەوە[3].

کۆمەڵناسی سیاسی بایەخدانە بەهەندی لەدیاردەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری پابەند بەسیاسەوە. بۆ مەبەستی ئاشنا بوون بە کۆمەڵناسی سیاسی (سۆسیۆلۆژیای سیاسی) پێویستی ئاشنا بوونمان هەیە لە بواری لێکۆلینەوەکەی و دەستنیشان کردنی چالاکی و میتۆدە فیکریەکەی و زانینی ئامانجەکانی. کۆمەڵناسی سیاسی لە ڕووی دروستبوونیەوە زانستیکی کۆنە. ئەرستۆو ئەفلاتون لەسەردەمی مێژوویی خۆیاندا دەربارەی دەوڵەت و کۆمەڵ کۆلیونەتەوە کە بواری کۆمەڵناسی سیاسیە، بەڵام بابەتەکانی لە پرۆسەی مێژویدا هاتۆتە ناو زانستە مرۆییەکانی ترەوە، بەڵام کۆمەڵناسی سیاسی لەدوای جەنگی دوەمی جیهانیەوە بەزانست بوونی بە خۆیەوە گرت. زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسی لە هەمان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆلنەوە بەڵام چوارچێوەی لێکۆلینەوەکانی هەریەک لەم دوو بەشە دەگۆرێت لەگەل ئەوی تردا، بەڵام بابەتە هاوبەشەکەیان بریتیە لە واقیعە سیاسیەکان[4].

---

[1]) زانستی کومەلایەتی (کۆمەلناسی) لەپەیوەندیە کومەلایەتیەکانی نیوان مرۆڤ دەکۆلیتەوە. تیۆریە دەربارەی ژیانی مرۆڤ لەنێو کۆمەل و ژینگەیەکی کومەلایەتیدا.

[2] http://de.wikipedia.org/wiki/Politische_Soziologie - 29k..

[3] http://www.ipw.uni-hannover.de/pol_soziologie.html - 13k

[4]) د. صادق الاسود، علم الاجتماع السياسى، بغداد، 1990، ص. 18.

لەکاتیکدا زانستی سیاسی سەرقالی بواری دەوڵەت و دەسەلات و لیکۆلینەوەی ریکخراوەکان و دامەزراوەکانە، کۆمەڵناسی سیاسی سەرقالی لیکۆلینەوەی لایەنە کۆمەلایەتیەکەی سیاسەتە. کۆمەڵناسی سیاسی بەشیوەیەکی چڕ تیکەل بە سیاسەت بووە.
زانستی سیاسی لە دەوڵەتەوە دەست پیدەکات و لەچۆنیتی کاریگەریی ئەم لایەنە لەناو کۆمەڵدا دەکۆلیتەوە، لەکاتیکدا کۆمەڵناسی سیاسی لە کۆمەڵەوە دەست پیدەکات و لەچۆنیتی کاریگەریی کۆمەڵ لە دەوڵەتدا و لەسەر دەسەلاتی سیاسی دەکۆلیتەوە (هەڵبژاردن، شۆڕش و بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و کۆمەڵی فشار... ) و کاریگەری لەسەر سیاسەت و دەسەلاتی سیاسی[1].

باسی دوەم
دەرکەوتن و فاکتەری پالپێوەنەر بۆ بایەخدان بەکۆمەڵناسی سیاسی

ئەم زانستە لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی لەسەر دەستی زانا ئەمریکیەکان دەرکەوت. فاکتەری پالپێوەنەر بۆ بایەخدان بەم زانستە دەگەریتەوە بۆ زۆریی ئەو کیشە کۆمەلایەتی و ئابووریانەی کە ڕوبەڕوی کۆمەڵگە ئەوروپیەکان بونەوە بەتایبەت ئەوانەی ڕۆژئاوا کە لە ئەنجامی جەنگ بە ورە ڕوخاوی لیی هاتنە دەرەوەو توشی قەیرانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و کەلتوری ببونەوە. لەدوای جەنگی دوەمی جیهانی دیاردەی زۆربوونی کودەتاو شۆڕش و هەروەها دیاردەی سەربەخۆیی و گەشە کردن کە لەم ولاتانە ڕویاندا تیبینی دەکرا کە لیرەدا دیاردەی کۆمەلایەتی پەتی هەبوون بەلام ناوەڕۆکەکەی سیاسی بوو، هەروەها دیاردەی ئابووری پەتی هەبوون کە ناوەڕۆکەکەی دوبارە سیاسی بوو، بۆنمونە هەژاری و بیکاری کە لەهەمان کاتدا دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و کیشەیەکی سیاسیشە. هەموو ئەو دیاردانەی دوای جەنگ کە ئاماژەم پیدان پیویستی بە دەستیوەردانی دەوڵەت هەبوو بۆ سنوردانان لە پاشماوە سلبیەکانی دوای جەنگ لەسەر کۆمەڵ. گوڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان پیویستی و هۆکاریکی سەرەکی بوو بۆ دەرکەوتنی ئەم زانستە[2].
ئەمانە هەمووی شانبەشانی کیشەکانی گەشە کردنی سیاسی و ئابووری لە ولاتە سەربەخۆیە نوییەکانی "جیهانی سێ" کە ئەمانیش دەتلانەوە بە کیشە کۆمەلایەتی و ئابووریە نوییەکانیەوە لەسەر گۆڕەپانی نیودەوڵەتی. ئەم هۆکارانە بوونە پاڵنەریک بۆ دۆزینەوەی ڕیگە چارەی شیاو بۆ کیشەکان، لە هەمان کاتدا پاڵنەریک بوو بۆ دۆزینەوەی زانستیکی نوێ کە بتوانیت کیشە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان لەیەک کاتدا چارەسەر بکات، بۆیە کۆمەڵناسی سیاسی دۆزرایەوە کە خاڵی بەیەک گەیشتنی کۆمەلناسی و زانستی سیاسی بوو. بەواتایەکی تر ئەمانە پاڵی بە

---

[1]) نفس المصدر، ص. 18.
[2]) د. صادق الاسود، ص. 25.

زانایانەوە نا بۆ دۆزینەوەی زانستێکی نوێ کە بکۆڵێتەوەو توێژینەوەو پۆلێنکاری ئەو کێشانە بکات کە لەیەک کاتدا لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. بەم شێوەیە کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا)ی سیاسی دۆزرایەوە کە لەیەکدانێکە لەنێوان هەردوو زانستی کۆمەڵناسی گشتی و زانستی سیاسی.

باسی سێیەم

پەیوەندی کۆمەڵناسی سیاسی بە کۆمەڵناسی یەوە

کۆمەڵناسی باسی تاک و کۆمەل و کۆمەڵگا دەکات بەگشتی و بریتیە لەو زانستەی کە هەمیشە هەوڵ دەدات لە کۆمەڵ و بەشەکانی کۆمەڵ (تاک، کۆمەڵی نوێ و کۆن) بە هەموو وردەکاریەکانیەوە بکوڵێتەوە. زانستیکە بایەخ دەدات بە لێکۆلینەوەو شیکردنەوەی گشت دیاردەو ڕوداوە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگە، بە تاکەکەس کە لە نێو خێزانەوە دەست پێدەکات تا گشت کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ناوەڕۆک و ناوکی ئەم زانستە خێزانە، کە دادەنرێت بە بچوکترین دامودەزگای کۆمەڵایەتی. کۆمەڵناسی دادەنرێت بە زانستیکی وەسفی و بریتیە لە زانستی لێکۆلینەوەی واقعی کۆمەڵایەتی، واتا لێکۆڵینەوەیە لە بەیەک گەیشتنی تاک و کۆمەڵگە. هەردوو زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سەرەڕای تایبەتمەندیان بە کۆمەڵێ بابەتی دیاریکراوەوە هاوکات پێکەوە چارەسەری بابەتێکی هاوبەش دەکەن کە بریتیە لە (کێشەی ڕەفتاری سیاسی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی)[1] دا

باسی چوارەم

پەیوەندی کۆمەڵناسی سیاسی بە زانستی سیاسیەوە

زانستی سیاسی بەردەوام و بە پلەی یەکەم تحکم دەکات بەسەر ڕەهەندو فاکتەرو قەبارەی هەندێ دام ودەزگاو سەنتەری جیاوازو گرنگ وەک ( دەوڵەت و دەسەلاتی یاسادانان و دەسەلاتی دەوڵەت) بەتایبەتی دەسەلاتی دەوڵەت چونکە پایەیەکی گەورەی هەیەو لەهەمان کاتدا مافی بەکار هێنانی هێزی هەیە بەشێوەیەکی شەرعی. بەلام کۆمەڵناسی ناسراوە بە (زانستی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی) واتا چۆنیەتی تحکم کردن بەسەر بەهاو ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان و پتەویی پەیوەندی بە یەکە کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکانەوە کە بریتین لە سیستمی کۆمەڵایەتی گشتگیر.

[1]) نفس المصدر، ص. 7 – 8.

کۆمەڵێک بیروبۆچوون هەیە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستە. لێرەدا زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسی پێکەوە لێکۆڵینەوەی هەمان دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام تەوەری میتۆدو تیۆریەکەیان جیاوازە لە یەکتر. بابەتی لێکۆڵینەوەکانیان هاوشێوەیە کە بریتیە لە ڕوداوە سیاسیەکان کە زانستی سیاسی بە دەوڵەت دەست پێدەکات و کاریگەریی لەسەر ڕوون دەکاتەوە. زانستی سیاسی لە ڕووداوە سیاسیەکان دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتداو لە تیۆری توێژینەوەکانیدا ڕێبازی فەلسەفی و یاسایی بەکار دەهێنێت[1].

ئەم دوو زانستە لەکاتی لێکۆڵینەوەی هەمان دیاردەدا هەوڵی چارەسەریش دەدەن و لە دوو تێڕوانینەوە جیاوازن. کاتێ کۆمەڵناسی سیاسی ڕوداوە سیاسیەکان وەردەگرێت لە مەر کارێکی بابەتیی یان ماددیانەوەو هەلدەستێت بە جیاکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە پێیەوە لە ڕووی کەم و کورتی ڕۆشنبیری، یان کاریگەریەوە. بەڵام زانستی سیاسی بە پێچەوانەوەیە، بابەتەکانی، هزرەکانی و بیرو بۆچونەکانی سیاسیە تایبەتیەکان یان گشتیەکان دەگرێتەوە، و پشت بە بەڵگەی ڕاستەقینەی واقعی دەبەستێت و جەخت دەکاتە سەر ژیانی سیاسی و لێکۆلینەوەی بابەتی زانستیانە. زانستی سیاسی زانستێکی تازەیە لە چاو کۆمەڵناسی. هاوکات زانستی سیاسی تێکەڵاوە لەگەڵ کۆمەڵناسی گشتی و یاساو زانستی فەلسەفە. ڕوداوەکانی سەدەی بیست و گۆڕانکاریەکانی ساڵانی هەشتاکان چەمک و تێڕوانینی زانستی سیاسی وایکرد ببێتە زانستێکی تاک و سەربەخۆ لە ڕووی بابەت و میتۆدو ئامانجەوە، بەڵام خالی هاوبەشی نێوانیان ئەوەیە کە هەردوو زانستەکە باسی پێکهاتەو بونیادی کۆمەلایەتی دەوڵەت دەکەن و گرنگیی پێدەدەن چونکە هەمیشە لە گۆڕاندایە. هەروەها کەرەستەیەکی گرنگە بۆ دیاریکردنی لایەنی باش و خراپ وخاڵی بەهێز و لاوازی دەوڵەتان[2].

دەرئەنجام

- کومەڵناسی سیاسی بریتیە لە لێکۆلینەوە لە کاریگەری نێوان دەسەڵات و کۆمەڵ، واتا لێکۆڵینەوەیە لە کرداری کۆمەڵ کە دەچێتە چوارچێوەی سیاسیەوە. لەو شوێنەی کە پەیوەندی بەچارەسەری کێشە بنەڕەتیە سیاسیەکانەوە هەیە کۆمەڵناسی سیاسی بە هەمان شێوەی زانستی سیاسی بەرپرسە لێی.
- کۆمەڵناسی سیاسی لە یەکدانێکە لەنێوان هەردوو کۆمەڵناسی گشتی و زانستی سیاسی. کۆمەڵناسی سیاسیش هەروەک زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی ئەمیش پێناسەی خۆی هەیەو بوارەکانی خۆی دەست نیشان کراوە.

[1] زانستی سیاسی، وەرگیرانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد، سلیمانی، 2006، ل. 15.
[2] Wolfgang Jung, Grundbegriffe aus Politik Gesellschaft Wirtschaft, Frankfurt, 2005, S. 203- 204

- زۆربەی لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی کۆمەڵناسی سیاسی زانستی دەسەڵاتە چوونکە فراوانتر و گشتگیرترە لە زانستی دەوڵەت، چونکە تاک لەکۆمەڵگەدا دەژی و وەک کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی پەیوەندی تری هەیە لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا.
- زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسی لە هەمان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆلنەوە بەڵام چوارچێوەی لێکۆلینەوەکانی هەریەک لەم دوو بەشە دەگۆرێت لەگەڵ ئەویتردا، بەڵام بابەتە هاوبەشەکەیان بریتیە لە واقیعە سیاسیەکان.
- لەکاتێکدا زانستی سیاسی سەرقالی بواری دەوڵەت و دەسەڵات و لێکۆلینەوەی رێکخراوەکان و دامەزراوەکانە، کۆمەڵناسی سیاسی سەرقالی لێکۆلینەوەی لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی سیاسەتە. کۆمەڵناسی سیاسی بەشێوەیەکی چڕ تێکەڵ بەسیاسەت بووە. زانستی سیاسی لە دەوڵەتەوە دەست پێدەکات و لەچۆنێتی کاریگەریی ئەم لایەنە لەناو کۆمەڵدا دەکۆلێتەوە، لەکاتێکدا کۆمەڵناسی سیاسی لە کۆمەڵەوە دەستپێدەکات و لەچۆنیەتی کاریگەری کۆمەڵ لەدەوڵەتداو لە دەسەڵاتی سیاسی دەکۆلێتەوە. کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا)ی سیاسی لەیەکدانێکە لە نێوان هەردوو زانستی کۆمەڵناسی گشتی و زانستی سیاسی.
- ئەم دوو زانستە لەکاتی لێکۆلینەوەی هەمان دیاردەدا هەوڵی چارەسەریش دەدەن و لە دوو تێروانینی جیاوازەوە کار دەکەن بۆ مەبەستە دیاریکراوەکە.
- سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بەرێکخستنی شێوازو کاری دەسەڵات و کۆمەڵ و تاقمە سیاسیەکان و ڕەفتاری سیاسی. سیستەمی سیاسی چەند دامودەزگایەکە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا کە کاروباری بەرێوەبردن دەگرنە ئەستۆ لە ڕێگەی ئەو یاساو ریاسا مولزیمانەی کە لەئارادان، یان دانراوون لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا.
- سیستەمی سیاسی لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی پەیدا دەبێت و هەموو گۆرانێک لەسیستەمی کۆمەڵایەتی کار لەسیستەمی سیاسی دەکات و ئەوانیش گۆرانیان بەسەردا دێت.لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی تارادەیەک بریتیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێک لە سیستەمی سیاسیشدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی.
- کۆمەڵگە بەبێ دەسەڵاتی سیاسی رێکخراو مەحالە، بۆیە پێویستی بەدەسەڵاتێکی سیاسی، بە سیستەمێکی سیاسی رێکخراو هەیە تاوەکو بنەماکانی ژیان و گوزەران رێک بخات. لێرەدا حیزبی سیاسی گرنگ و پێویستە بۆ سیستەمی سیاسی کە بریتیە لە شێوازێک بۆ بەیەکەوە گرێدان و بەستنەوەی گشت پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی نێو کۆمەڵگە.
- بێگومان هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە. بیروبۆچوونی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی دەربارەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی لەگەڵ ئەویتردا دەگۆرێت ئەویش بەپێی ڕەوشی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەک لەرووی مێژوویی و ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستی

هوشیاری و جیۆپۆلەتیکەوە کەبە هەمویانەوە باری هوشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن.

- پەیرەوکردنی هەر شێوەیەک لە سیستەمی دەسەلآت لە دەوڵەتدا شتێک نیە بە زۆر بسەپێندرێ، یان هەتا سەر بربکات و نەگۆڕ بێت، بەڵکو دەبێت سیستەمی پەیڕەوکراو لە ولآتدا زۆر نزیک بێت لە داب و نەریت و کەلتورو ڕادەی هوشیاری خەلکی ئەو ولآت و دەوڵەتەو هەروەها خواستی مرۆڤ بۆ ئازادی و دیموکراسی لەگەشەکردندایە.


سەرچاوەکان

کتێب بەکوردی

*کۆمەڵناسی گشتی، مەنوچێر موحسنی، وەرگێرانی، مسلح ئیروانی.

*زانستی سیاسی، کۆمەڵێک نوسەر، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە ئاوات ئەحمەد.

* د. صادق الاسود، علم الاجتماع السیاسی.

*فەرهەنگی رامیاری (نیگا)، ئامادەکردن و وەرگیرانی: ئازاد وەلەد بەگ

*تیۆری دەوڵەت و سیستەمە رامیاریەکان، بەهادین ئەحمەد محەمەد.

*ئیسماعیل، سیستەمی سیاسی،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

*فەرهەنگی نوێ، وەرگێرانی لەزمانی فارسیەوە بۆ کوردی، بورهان قانع.

سەرچاوەکان بەزمانی ئەلمانی

Wolfgang Jung, Grundbegriffe aus Politik Gesellschaft Wirtschaf .
Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft.
Totalitarismus, Merkmale des totalitären Staats,http://de.wikipedia.org/wiki/Totalitarismus .

ئینتەرنێت

http://de.wikipedia.org/wiki/Politische_Soziologie - 29k
encyclopedie-de.snyke.com/articles/politische_soziologie.

قاموس

Kleines Lexikon der Politik, Dieter Nohlen.

بابەتی نۆیەم

# تۆتالیتاریزم لە سیستەمی سیاسی دا

پێشەکی
باسی یەکەم / پێناسەو زاراوەی تۆتالیتاریزم
باسی دوەم / ڕەگی مێژویی تۆتالیتاریزم
باسی سێیەم / بنەماکانی سیستەمی تۆتالیتێر
باسی چوارەم / خەسەڵەتەکانی تۆتالیتاریزم
باسی پینجەم / سیستەمی تۆتالیتێر، سیستەمی دیکتاتۆرو تەقلیدیەکان
باسی شەشەم / سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە تۆتالیتاریزمدا
باسی حەوتەم / شەش فاکتەری هاوبەشی سەرجەم کۆمەڵگە تۆتالیتێرەکانی هاوچەرخ
باسی هەشتەم / شەش خالەکەو ڕۆلی سەرۆک
باسی نۆیەم / خەسەڵەتەکانی دەوڵەتی تۆتالیتێر
باسی دەیەم / سیستەمی سیاسی تۆتالیتارو میتۆدەکانی دەسەڵات
سەرچاوەکان

## پێشەکی

تۆتالیتاریزم یەکێکە لە شێوازەکانی سیستەمی سیاسی و لە خەسڵەتە تایبەتیەکانی خۆیدا سیستەمێکی سیاسی نوێیە کە لە سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و لە ساڵانی بیستەکان و سییەکان بەکارهات بۆ سیستەمە سیاسیەکانی نازی ئەلمانی و فاشی[1] ئیتالی و یەکیەتی سۆڤیەت. ئەوەی لە توێژینەوەی تۆتالیتاریزمدا گرنگە ئاماژە کردنە بە (پێناسەو خەسەڵەت و سیفاتەکانی تۆتالیتاریزم)، (سیفاتە کۆمەڵایەتیەکانی سیستەمی تۆتالیتاریزم)، (سیفاتە ڕێکخراوەیی و سیاسیەکان) ( لایەنە مێژوییەکەی تۆتالیتاریزم) (لایەنی ئەقلانی ئەم سیستەمە سیاسیە).

[1])فاشیزم بریتیە لەبۆچونێکی تۆتالانە بۆ ژیان.

## باس یەکەم

### پێناسەو زاراوەی تۆتالیتاریزم

زاراوەی تۆتالیتاریزم دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی کۆنی لاتینیtotalitas کەواتای سەرجەم، موتلەق (السلگە الشمولیە) دەبەخشێت. ئەم زاراوەیە لەتیۆری سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی فاشی ئیتالی بێنیتۆ مۆسۆلینی(Benito mussolini) . تۆتالیتاریزم پێناسەیە بۆ شێوەیەک لە دەسەڵات کە دەیەوێ کۆمەڵ و تاکەکانی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەوە.[1]

## باسی دوەم

### ڕەگی مێژویی تۆتالیتاریزم

تۆتالیتاریزم مێژووی خۆی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا کە بریتی بووە لە تۆتالیتاریزمی ئاینی لەژێر ئایدیۆلۆژیای کەنیسەی کاسۆلیکیدا بۆ بەرژەوەندیەکانی پاپای کاسۆلیکەکان. تۆتالیتاریزمێکی ئاینی کە مێژویەکی دوروردرێژ فەرمانڕەوایی کردوەو ئیدعای بەرنامەیەکی نوێیان دەکرد کە پێشتر شتی لەم جۆرە نەبوە[2].

تۆتالیتاریزمی ئاینی لە ئیسلامیشدا لە مێژوی خۆیدا لە زەمەنی جیاوازدا تۆتالیتارانە فەرمانڕەوایی کردوەو لە وڵاتانی وەک ئێران و تالیبان و سعودیەو تورکیاو هاوشێوەکانی پەیڕەو کراوە کە کۆنترۆڵی سەرجەم ژیان و بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کردوەو سنوری توندیان بۆ مامەڵەو ڕەفتارکردن دیاری کردوە[3].

تۆتالیتاریزم لەچەندین وڵاتان هەر هێشتا پراکتیزە دەکرێ. عێراقی بەعس یەکێک بوو لەو دەوڵەتانەی کە سی و پێنج ساڵ تۆتالیتاریزم لەلایەن حیزبی بەعسەوە پراکتیزە کرا کە ئەنجامی قورسی لەئاست بوارەکانی بوارە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری و سایکۆلۆجیش جێهێشت. بەهەمان شێوە لە لایەن حیزبی بەعسی سوریەوە.

[1] Manfred Funke, Totalitarismus, Bonner Schriften, zur Politik und Zeitgeschichte, Düsseldorf, 1978, S. 14 + 105.

[2] Kleines Lexikon der Politik, München, 2001, S. 518.

[3] بسام تیبی پرۆفیسۆری بەڕەگەز عەرەب مامۆستا لە زانکۆی گوێتینگن لە ئەلمانیا. خاوەنی لێکۆلینەوەی بەرچاوە لەبواری ئیسلامدا. پسپۆرە لە پەیوەندیە نیودەولەتیەکان. لە سالی 2006 دا کتێبێکی بەزمانی ئەلمانی نوسیوە بەناوی تۆتالیتاریزمی نوێ .(Der neue Totalitarismus) لێرەدا نوسەر مەبەستی لە ئاڕاستەی جیهادە لەنێو ئیسلامی سیاسیدا کەدەیەوێ دەسەلاتی خودا لەدەولەتێکی ئاینیدا بەڕێگەی تیرۆر بەدەست بهێنێت و دەسەلاتی تۆتالیتاریزمی ئاینی دابمەزرێنێت.

باسی سێیەم

بنەماکانی سیستەمی تۆتالیتێر

سیستەمی تۆتالیتێر لەسەر بنەماکانی تیرۆر دامەزراوە. تەنیایی و تەریک کردنی مرۆڤەکان لە یەکتری لەگەڵ تیرۆردا دوو تایبەتمەندی تری ناسینی تۆتالیتاریزمن. ئایدیۆلۆژیای ئەم سیستەمە لەڕێگەی گۆشەگیرکردنی مرۆڤەکانەوە لەگەڵ تیرۆری بەردەوامدا درێژە بەمانەوەی رژێمەکەی ئەدات. تیرۆر لای سیستەم و دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان تەواوبوونی بۆ نیەو هەمیشەییە چونکە ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاریزم بەرگەی دایەلۆگی عەقلی ناگرێت، هەربۆیە بەردەوام تیرۆری پێویستە. گۆشەگیرکردنیش ئەو زەویە بەپیتەیە کەتیرۆری تێدا گەشە دەکات. گۆشەگیرکردن وتەنهاکردنی مرۆڤەکان کردەیەکی پێشینەیە بۆ حەلال کردنی تیرۆر، یان راستتر بۆ شەرعیەتدان بەتیرۆر. ژیانی تایبەتی لێرەدا بوونی نیە و کۆمەڵگەی مەدەنی لەم سیستەمەدا جێگەی نابێتەوە. کەسی تاک لەم سیستەمەدا وەک تاک جێگەی نابێتەوە وماف و ئازادی تاک نیەو پێویستە ببێت بە بەشێک لە کۆمەڵ (الکل). کۆمەڵە"نوێیە" کەی تۆتالیتاریزم، ئەوەی کە ئەم دەیەوێ تاکی نوێ خەسڵەتی وەلاو وەفای بۆ سەرۆکی تۆتالیتێر وئایدیۆلۆژیاو سیستەمە تۆتالیتارەکە هەبێت لە تیۆری و پراکتیکدا. ئەم سیستەمە نایەوێ بۆشایی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵدا هەبێت. کۆمەڵ پێویستە لێرەدا بەشێک بێت لە دەوڵەت و دەوڵەت دەست وەردەداتە ناو ژیانی تاک و کۆمەڵەوە. شوێنێک بۆ جیاوازی سیاسی نیە. سیستەمی تۆتالیتێر کۆنترۆلی بیروفیکری تاک و کۆمەڵ دەکات و تۆتالیتاریزم وەک تەواوی سیستەمە دیسپۆتیزم و ستەمکارەکان ناتوانێت خۆی رابگرێت بێئەوەی بواری ژیانی گشتی و توانا سیاسیەکانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکەی تێک نەشکێنێت. تۆتالیتاریزم ئینتیمای بۆ رژێمێکی وەسفیکراوی نوێ هەیە کەتەنها پشت بە (گۆشەگیرکردن) نابەستێ بەڵکو لەهەوڵی ئەوەشدایە ژیانی تایبەتی مرۆڤەکانیش کۆنترۆل بکات. بەم پێیە مانەوەی دەسەڵاتی ئەم سیستەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی کەتۆ هەست نەکەیت بەوەی کە کەمترین ئینتیمات هەیە بۆ جیهان. قەناعەت پێکردن بەتاکەکانی کۆمەڵ، تیرۆرکردنی نەیارەکان، شەرعیەتدان بەدەسەڵات بەڕێگەی جەماوەرو تیرۆری بەردەوام بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆی. کۆمەڵ بەپێی ئایدیۆلۆژیای سیاسی سیستەمی تۆتالیتێر بەسیاسی دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش حیزب و دامەزراوەکانی و رێکخراوە حکومیەکان بەسەر کۆمەڵگەوە دەبنە چاودێر. قسەو بریار بەناوی گەلەوە دەدرێ و دەردەکرێ بەلام بێ بەشدار بوونی گەل لە هیچ کام لە بریارە سیاسیەکاندا[1].

[1] Totalitarismus, Merkmale des totalitären Staats, http: //de.wikipedia.org/wiki/Totalitarismus,   S. 2 von 7.

باسی چوارەم

خەسەڵەتەکانی تۆتالیتاریزم

ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کەسیستەمی تۆتالیتێر دروستی دەکات دەلکێندرێت بەدیکتاتۆریەتی تۆتالیتێرەوەو دەخرێتە ناو ئەو بازنەیەوە کە لەلایەن (کارل فریدریش، CARL J. FRIEDRICH)ریزبەندی کراوە بە شەش خالی بریاردەر: (ئایدیۆلۆژیایەکی رەسمی) (یەک تاک حیزبی جەماوەری) (سیستەمێکی تیرۆر) (مۆنۆپۆل کردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن) (کۆنترۆل کردنی سوپا لەلایەن حیزب) (ئابووریەکی ناوەندیی قیادەکراو[1]).

باسی پێنجەم

سیستەمی تۆتالیتێر، سیستەمی دیکتاتۆرو تەقلیدیەکان

سیستەمە سیاسیە دیکتاتۆری و تەقلیدیەکان ئامانجیانە کە کۆمەڵ قبولیان بکەن و دەسەڵاتیان نەخەنە بەر مەترسی. بەشێوەیەکی وورد دەست خستنە ناو ژیانی کۆمەڵ و تاکە کەسەوەو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ و گۆرینی ئەو کۆمەڵە کۆنە بەنوێ ئامانجی سیستەمە دیکتاتۆریە تەقلیدیەکان نەبوە. بەڵام نەهێشتنی تەواوی ئازادی مەبەستی تەواوی دەسەڵاتی تۆتالیتاریزمە. لێرەدا ڕێگە نادرێت بەشی کۆنترۆل نەکراو هەبێت چونکە هەر بۆشاییەک لە بواری کۆنترۆلدا لەم بۆچونەوە دەبێت ببێتە دروستکردنی مەترسی بۆ دەسەڵاتی تۆتالیتێر. کەواتە حیزب وسیستەمی سیاسی تۆتالیتێر سیستەمی سیاسی تاک حیزبەو سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی تاک حیزبێکدا چەق دەگرێ و تووشی کێشەی کێبرکێ نابێتەوە لەسەر کورسی دەسەلات. پێچەوانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرەوە دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم نەک بەتەنیا دوژمنەکانی بەڵکو دۆستەکانیشی لەناو دەبات. کوشتنی سەرکردە بۆلشەفیکەکان لە لایەن ستالین، یان ئەوانەی ناو نازیەکان لە لایەن هیتلەرەوە.... هاوڵاتیانی دەوڵەتی تۆتالیتێر ڕوبەڕوی کۆنترۆڵی هەمیشەیی بونەتەوە بە ڕێگەی جاسوس و دەزگای هەوالگری و هەروەها ئیرهابی بێسەروبەر بۆنمونە گرتن و بە ندکردنی خەڵکیی بە شێوەیەکی عەفەوی.

[1] هەمان سەرچاوە، ل. 101 .

## باسی شەشەم
## سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە تۆتالیتاریزمدا

لەبەر ئەوەی سیستەمی تۆتالیتێر کۆمەڵێکی نوێی کردۆتە ستراتیجیەتی خۆی کە لەگەڵ بۆچوونە ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیدا تەبا بێ هەربۆیە هەموو ئەو بەهاو نەریتانەی کۆمەڵ کە ڕابوردوەو مێژوییەکی درێژیان هەیە لەناو کۆمەڵدا لەلایەن ئەم سیستەمەوە سیستێماتیک وێران و لەناو دەبرێن. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا تەنیایی و تەریک کردنی مرۆڤەکان لە یەکتری، تەریک کردنی لەڕابوردوی خۆی و لەنەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانی، لەو بەهاو یاسایانەی کە کۆمەڵ باوەڕی پێی هەبوەو کاریشی پێکردوە. ئامانجی سیستەمە تۆتالیتێرەکە تواندنەوەی تاکە لەناو کۆمەڵداو پەیڕەوکەری تەنیا فەرمانە دیاریکراوەکانی سیستەمەکە بێت بۆی. لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە تۆتالیتاریزم بەتەنیا سیستەمێکی سیاسی نیە بەڵکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیشە[1].

## باسی حەوتەم
## شەش فاکتەری هاوبەشی سەرجەم کۆمەڵگە تۆتالیتێرەکانی هاوچەرخ

بە بیروڕای نوسەری ئەلمانی (CARL J. FRIEDRICH) شەش فاکتەر هەن کە سەرجەم کۆمەڵگە تۆتالیتێرەکانی هاوچەرخ هاوبەش هەیانە:

(1) ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەسمی کە لەلایەن سیستەمە تۆتالیتێرەکەوە شەرعیەتی دراوەتێ کە سەرجەم بەشەکانی ژیانی مرۆڤەکان بگرێتەوە. لەناوبردنی بەکۆمەڵی یەهودیەکان لەلایەن نازیەکانەوە پالپێوەنەری ئایدیۆلۆژیشی هەیە. هیتلەر ڕەگەزی ئاری بە ڕەگەزێکی تایبەت و پاک دادەنا کە لەسەرو هەموو ڕەگەزەکانی ترەوەیە. تۆتالیتاریزم بەرگری لە دەسەڵاتەکەی بەڕێگەی ئایدیۆلۆژیاوە دەکات، حیزبی تۆتالیتێر لەو ئامانجە دروستبوە ئەهدافەکانی ئایدیۆلۆژیا بەدی بهێنێت. لێرەدا ئایدیۆلۆژیا بۆ حیزب دوو واتایە: بۆ ئامانجی شەرعیەتدان و وەک ئامرازی دەسەلات.

(2) ئیحتیکاری حیزب: لەلایەن تاک حیزبی جەماوەریی فەرمانڕەوایی بکرێ. لێرەدا تەنیا یەک حیزبی سیاسی بوونی هەیە کە سەرجەم سیاسەتی گرتۆتە چنگی خۆی و بریارەکان بەتەنیا ئەنجام ئەدات. نە لەناو، وە نە لەدەرەوەی حیزب ئۆپۆزیسیۆنی قبوڵ نیە. لەبەر ڕۆشنایی قەدەغەکردنی تەکەتولات بەتەنیا سەرووی حیزب فەرمان دەردەکات. حیزبێک لەژێر دەسەڵاتی

[1] Thomas Woody, Prinzipien totalitärer Erziehung, Darmstadt, 1968, S.101.

تەنیا یەک سەرکردەدا دەبێت کە بەشێوەیەکی هیراکی و هەرەمی و ئۆلیگارشی رێکخراوە. دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیەکە مەرکەزیەو ڕێگە نادرێت بە هیچ شێوازێکی دەستوری و هەڵبژاردن دەسەڵاتیان لێبسەندرێتەوە. ئەم دەسەڵاتە کۆنترۆلی هەر سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکانی دەوڵەت دەکات کە بریتین لە دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری).

(3) مۆنۆپۆل و کۆنترۆلی تەواوی ئامرازەکانی جەنگ کە لەدەستی حیزب وکادرەکانی بیرۆکراتی ژێر دەستی حیزب وسوپادایە.

(4) مۆنۆپۆل و کۆنترۆل کردنی موتلەقی حیزب بەسەر سەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندنداو سەرکردایەتی کردنی.

(5) سیستەمێکی تیرۆر لەسەر بنچینەی فیزیکی و دەرونی کە لەلایەن حیزب و پۆلیسی نهێنیەوە کۆنترۆل و پراکتیزە دەکرێ. حیزبیش بۆ سەرکردەکەی نەک هەر چاودێر بەڵکو دژایەتی "دوژمنانی" ڕژێم دەکات و سەرکوتی ڕاپەرینی عەفەوی دانیشتوان دەکات و تیرۆری سیستێماتیک دژ بەو لایەنانەی کە بەنەیاری ڕژێم ناو دەبرێن و هەروەها دژ بەو گروپە کۆمەلایەتیانەی کەعەفەوی دروست دەبن[1]. ئەوەی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن ئەوا شوناسی دوژمنی سیستەمەکەی ئەدرێتێ و دەبێت لەناو ببرێت. ئازادی لەم سیستەمەدا لەناو دەبرێت چونکە ئازادی بنچینەی سەرەکی هەر سیستەمێکی سیاسیە ئەگەر بیەوێ بەرەو دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم گەشە نەکات. لەم سیستەمەدا ئیحتیکاری رێکخراوەیی هەیە، رێکخراو و گروپی ئاوتۆنۆم نیە. گشت ئەمانە لەژێر کۆنترۆلی حیزبدان. حیزب شێوە ئەدات بە گروپەکان و بەرێوەیان دەبات، بەجۆرێک کە گشت مرۆڤەکان چەند جارێک چاودێری دەکرێن بۆنمونە سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان، بە جۆرێک کە کەسی تاک وەک تاک، نەک وەک گروپ هەمیشە ڕووبەڕووی بەرەی داخراوی حیزب و ئایدیۆلۆژیاکەی دەبێتەوە کە ئەم بەرامبەری بێدەسەڵاتەو لەم دیدو جیهانبینیەوە دەبێت هەرواش بمێنێتەوە. رێکخستن لە سیستەمی تۆتالیتێردا خەسڵەتی خۆی هەیە بەڵام لەم بوارەدا تاک و کۆمەڵ و گروپە کۆمەلایەتیەکان سەربەخۆیی خۆیان وون دەکەن لەبەر ئەوەی رێکخستن لەسەر ڕۆشنایی جیهانبینی سیستەمی تۆتالیتێر دادەنرێ ئەمیش بەنەخشەی مەرکەزی ئەنجام ئەدرێ.

CARL J. FRIEDRICH (6باس لە فاکتەرێکی تری تۆتالیتاریزم دەکات کە بریتیە لە چاودێری کردن و سەرکردایەتی کردنی مەرکەزیی ئابووری لەلایەن دەوڵەت وحیزبەوە[2].

* لەپاڵ ئەو خەسڵەتانەی سەرەوەدا ئەم سیستەمە ئیحتیکاری زانیاری و ڕاگەیاندنیش پیادە دەکات. ئەم شتە لێرەدا پەیوەند نیە بە مەسەلەی سانسۆر یان ئازادی میدیا زۆر بەتوندی

---

[1] C. Friedrich J. / Brzezinski, Z. Totalitarismus im 20. Jahrhundert, Bonn 1996; Aus: Kleines Lexikon der Politik, München, 2001, S. 518 + Wege aus der Totalitarismus-Forschung, Hrsg.: Bruno Seidel und Siegfried Jenkner, 1968, S. 185-186.

[2] Reinhard Kuhn, Welt der Politik, Berlin, 1971, S. 35-36.

سنوردار بکرێت بەڵکو ئامانجی تێکدانی سەرجەم بیروڕای ئازادە، ئەمیش بەڕێگەی کاریگەریی (manipulation)کردنە سەر سەرجەم سەرچاوەکانی زانیاری و پەروەردەو پێگەیاندن لەچوارچێوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە بۆ هەموان بەندە. ئەم سیفەتی سیستەمە لەوەدایە هەموو بیرکردنەوەیەکی لادان لە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدار بخنکێندرێت. بیروباوەڕو ڕای فەرمی سیستەمە سیاسیەکە دەسەپێندرێت، ڕای گشتی و بیروڕای تاک گەرایی لەم سیستەمەدا جێگەی نابێتەوە. ئەم سیستەمە میدیایەکی کۆنترۆلکەری هەیەو کار دەکات لەسەر بەکاریزما کردنی سەرۆک.

باسی هەشتەم

شەش خالەکەو ڕۆلی سەرۆک

تەنیا بەبوونی ئەو شەش سیفەتانەی سەرەوە تۆتالیتاریزم لە سیستەمێکی سیاسیدا بوونی هەیە. لەم سیستەمەدا سەرەکیترین ئەرکی سەرۆک ئەوەیە کە بەرگی دوو ڕۆل بپۆشێت کە بۆ هەموو لایەنێکی بزوتنەوەکە کاراکتەرە وەک دیوارێکی پارێزگاری سیحراوی کە بەرگری لەبزوتنەوەکە دەکات لەبەردەم جیهانی دەرەوەداو هاوکات سەرۆک پردێکە کە بزوتنەوەکە لانی کەم بەرۆکەش پێوەی بەندەو هەرواش دەمێنێتەوە. ئەم شتە بەوە دەبێت کە سەرۆک بەرپرسیارێتی موتلەق بۆ هەموو چالاکیەک، کردارو ناکردار شەخسیی دەگرێتە خۆی و دەگێرێتەوە سەر خۆی کە ئەندامێک، یان بەرپرسێک لە سیفەتی خۆیدا ئەنجامی دابێت. لێرەدا بەشێوەیەکی ڕادیکال خۆی لەهەموو سەرۆک پارتێکی ئاسایی جیادەکاتەوە کە بەپێچەوانەوە هەمیشە هەوڵ ئەدات بەرپرسیارێتی لەگەڵ هەموو ئۆرگان و ئۆرگانەکانی تری ژێرەوەی حیزبدا بەش بکات. خالی جەوهەریی لەم بەرپرسیارێتیە شمولیەدا ئەوەیە کە هەر بەرپرسێک نەک هەر لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێ بەڵکو ئەوەندەش لە پۆستەکەیدا بێت لەبەرگی سەرۆکدا ڕۆل و کاریگەریی و چالاکی دەبینێت. ئەمە ئەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هەموو فەرماندانێک لەلایەن بەرزترین دەسەڵات سزاش دەگرێتە خۆ. ئەم ناسنامەیەی سەرۆک لەگەڵ هەر بەرپرسێکی دانراودا بۆ هەموو مۆنۆپۆلی بەرپرسیاریەکانیدا کە لە ناو بزوتنەوەکەدا دەکرێ نیشانەی ڕونن بۆئەوە کە سەرۆکی تۆتالیتێر بەهیچ شێوەیەک لەدیکتاتۆرێکی ئاسایی ناچێت. جا ئەگەر سەرۆک بیەوێ هەڵەکانی خۆی یان هی تر ڕاست بکاتەوە ئەوا تەنیا ڕێگە لەبەردەمیدا ئەوەیە ئەوانە دەبێت بکوژرێن کە هەلەکانی خۆی بەسەریاندا ساغ دەکاتەوە.

سەرۆکی حیزبی بەعس سەدام حسین نمونەیەکی بەرچاوە. "یاسای حیزب ئیرادەو ویستی سەرۆکە". ئەوە دەڵێت کە سەرجەم هیراکیەتی تۆتالیتاریزم وا ئۆرگانیزە کراوە کە تەنیا یەک ئامانجی هەیە بریتیە لەوەی کە ئەو"ئیرادەو ویستە" و ڕاستەوخۆ لەهەموو ئاستەکانیدا جێبەجێ

بکرێت. ئەگەر گەیشتە ئەم قۆناغە ئەوا سەرۆک بێ بەدیل دەبێت چونکە گشت پێکهاتە ئالۆزەکەی سیستەمەکە بێ فەرمانی سەرۆک یەکسەر دەکەونە بۆشاییەوەو خۆی وێران دەکات. لەو بڕوایەدان کە بەبێ سەرۆک ئیتر هەرچییەک بێت و هەرچۆن بێت هەمووی وون دەبێت و لەدەست دەچێت[1].

باسی نۆیەم

خەسەڵەتەکانی دەوڵەتی تۆتالیتێر

بێنیتۆ مۆسۆلینی دەوڵەتی تۆتالیتاری بەم وشانەی خوارەوە دەست نیشان دەکرد کە دەیووت: "هەمووی بۆ دەوڵەت، هیچ شتێک لە دەرەوەی دەوڵەتدا نیە، هیچ شتێک دژی دەوڵەت نیە"[2]. بەواتا دەوڵەت لەسەرو هەموو شتێکە. ناسیۆنال سۆسیالیزمی (الاشتراكیە القومیە)ی ئەلمانیش تیۆری (نەتەوە، یان {نەتەوە – دەوڵەت}) لەسەرو هەموو شتێکە بە هەمان شێوە بەکاردەهێنا. لەگەل ئەوەشدا لە ئەدەبیاتدا وتووێژی توند هەیە دەربارەی ئەوەی کام دەوڵەتی مێژویی لە ڕاستیدا وەک تۆتالیتێر بتوانرێت ناوببرێت چونکە هەموویان ئەم یان ئەویترێکی لە سیفەتەکان کورتە کە هەردوو توێژەری ناسراو (Carl Joachim Friedrich + Zbigniew Brzezinski)لە باسی دەسەلاتی تۆتالیتاریزمدا ئاماژەیان پێداوە. بۆلشەڤیزمی ژێر کاریگەریی ستالینیزم و هەروەها ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانی (ڕژێمی نازی) هەردوو سەر بە سیستەمی سیاسی تۆتالیتێرن، بەڵام لەژێر دەسەلاتی ستالینیزمدا ئایدیۆلۆژیا لە قورسی و قەوارەی خۆی ونکرد وەک لەوەی لەسەردەمی لینین دا هەبوو. نازیەکانیش نەگەڕانەوە بۆ پڕەنسیپی ئابووریەکی مەرکەزی سەرکردایەتی کراو وەک ئەوەی بۆلشەڤیکەکان ئەنجامیان دا[3]. زانایانی ناسراوی وەک هانا ئارند[4] و کارل فریدریش کاریگەریان لەسەر وێنای تۆتالیتاریزم لە ڕای گشتیدا هەبوو، بووە هۆی دروستبونی چەندین زۆرانبازی لەسەر ئاستی فەلسەفەو کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی. بەواتا ئەو سێ دەزگایەی کە لە دەسەلاتی سەرۆک کۆبۆتەوەو دەسەلاتی سەرۆکیش لەم سیستەمەدا پیرۆز کراوە. ئەم دەزگایانە بێلایەن نین و لەیەک دەستدایە، بەواتا (یەک حزب، یەک دیکتاتۆر)، بەو دیدەی کە ململانێی نێوان دەزگاکان دروست

[1] Hana Arendt, Elemente und Ursprünge totaler Herrschaft, Band III, Totale Herrschaft, Berlin, 1975, S. 123- 124.

[2] Hanna Arendt, Macht und Gewalt, München, 1970, S. 72.

[3]) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 80.

[4]) نوسەری ئەلمانی هانا ئارند لەکتێبەکەیدا باس لە دەسەلاتی (TOTALITARISM) دەکات کە ئەدۆلف هیتلەر و ستالین بەنمونە دێنێتەوە. هانا ئارند لە 14.10.1906 لەشاری لیندن – ئەلمانیا لەدایک بوە، ناوچەیەک سەر بەشاری هانۆڤەرە. ئارند لە 4.12.1976 لە نیۆرک کۆچی دوایی کرد. ئارندتی بەڕەگەز یەهودی ئەڵمان لەساڵی 1933 لەهۆلۆکۆست ڕزگاری بوو وە لەو کاتەوە لە ئاوارەییدا ژیاو لەساڵی 1951 ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرت و بوە هاولاتیەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. وەک ڕۆژنامەنوس و نوسەر ئارند مامۆستای زانکۆش بووەو بلاوکراوەی زۆری هەیە دەربارەی تۆتالیتاریزم و فەلسەفەی سیاسی و...تاد .

نابێت و هەموویان ملکەچی سەرۆکن. لە ڕووی ئابووریشەوە ئازادی ئابووری نیە کە یەکێکە لە مەرجە زۆر گرنگەکان سەبارەت بە بواری ئازادی تاکە کەس و کۆمەڵ. دەوڵەتی تۆتالیتێر دەیەوێ بەڕێگەی پڕوپاگەندەو پەروەردەی ئەو مرۆڤانەی کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەژین بیانخاتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتەوە. ئامانجی ئەمە لەوەدایە کە نەک هەر بەڕوکەش گوێڕایەڵی بەرامبەر بە دەوڵەت زامن بکرێت بەڵکو بە ناوەڕۆکیش ددان بە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدار بنرێت. لەم سیستەمە سیاسیەدا هەست و بیرکردنەوەی هەموو تاکی مرۆڤێک دەبێت بکەوێتە ژێر کاریگەریەوە بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدار بتوانرێت لەبیروهۆشیاندا بڕوێندرێت[1].

باسی دەیەم

سیستەمی سیاسی تۆتالیتارو میتۆدەکانی دەسەڵات

(Carl Joachim Friedrich und Zbigniew Brzezinski) وای بۆ دەچن کە ڕژێمی تۆتالیتێر ئەنجامی بارودۆخی سیاسیە. ئەنجامی قەیرانی سەرانسەریی کۆمەڵایەتیە[2]. بۆنمونە پێش ئەوەی نازیەکانی ئەڵمانیا (حیزبی ئیشتراکی قەومی) بەسەرۆکایەتی ئەدۆلف هیتلەر بگەن بە دەسەڵاتی سیاسی قەیرانی ئابووری و بێکاری و نزمیی موچە بەهۆی حکومەتی ڤایمار (کۆماری ڤایمار) لەئارادا بوو کە سەرانسەری ناو ئەڵمانیای گرتبۆوە. نازیەکان بێتوانایی حکومەتی ئەو کاتەیان (کۆماری ڤایمار) سەبارەت بە نەتوانینی چارەسەر کردنی کێشە ئابووریەکانی ناو وڵاتیان قۆستەوە بە لای خۆیانداو لەدوای 1918 وەک یەکێک لە گروپە زۆر ناسیۆنالیستەکان خۆیان لە شاری میۆنیخی ئەڵمانیا دروستکرد. لە ساڵانی قەیرانە ئابووریە گەورەکەدا 1929-1932 حیزبی نازی توانی بە پشتگیری کارگە پیشەسازیە گەورەکان ببێتە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی. وەک بەرەیەکی گوایە خەڵکانی سادە حیزبی ئیشتراکی قەومی ئەڵمانی (نازییەت) دەرکەوت و بنکە کۆمەڵایەتیەکەی بەر لەهەموو شت لەناو جوتیارانی قەرزدارو توێژی ناوەڕاست و لەناو بەشێکی کرێکارانی پیشەسازی و کرێکارانی کشتوکاڵی بوو. ئەم حیزبە لەساڵی 1928 لە 2.6 % دەنگی هێنا. لەساڵی 1930، 18.3% وە دواتر لە ساڵی 1932، 37.4% دەنگی بەدەست هێنا. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن پارتێکی لەم جۆرە توانی بەم شێوەیە بەرەو بەهێزبوون بڕوات. پارتێک کە لەبارودۆخ و کەش و هەوایەکی

---

[1] Ballenstrem Graf, K., Die allgemeinen Merkmale der totalitären Diktatur, in, Jesse, E. (Hrsg): Totalitarismus im 20. Jahrhundert. Eine Bilanz der internationalen Forschung, Bonn 1996, S. 238

[2] Die allgemeinen Merkmale der totalitären Diktatur, Carl Joachim Friedrich und Zbigniew Brzezinski, in, Jesse, E. (Hrsg): Totalitarismus im 20. Jahrhundert. Eine Bilanz der internationalen Forschung, Bonn, 1996, S. 225.

دیموکراتیدا هەوڵی بەدەست هێنانی دەنگ بدات کە خۆی بڕوای بە دیموکراسیەت نەبێت و بەم ڕێگەیەوە بەهێز بێت و بگاتە دەسەڵاتی سیاسی و دواتر کۆتایی بە کەش و هەوای سیستەمی پەرلەمەنتاریی کۆماری ڤایمار بهێنێت[1].

بەرنامەی حیزبی نازی لەپاڵ ئەلەمەنتی ناسیۆنالیستی و دژەکۆمۆنیزم و ڕاسیزم و دژە سیمیتیزم (دژە یەهود) داواکاری چین وتوێژی خوارەوەی کۆمەڵیشی خستبوە بەرنامەوە کە خۆیان دژ بە گەورە سەرمایەکان گوزارشت دەکرد بەڵام دژایەتیەکەیان بەزۆریی ڕوی کردبوە سەرمایەداری یەهود. بەم شێوەیە توانرا نارەزایی توێژی ناوەڕاست بەدیوی دژ بەیەهود پێچ پێبکرێتەوە بۆ بەرژەوەندی سیستەمە سیاسیەکەی نازی. جەماوەر پەیداکردن ئامانجی گرنگی سیستەمەکە بوو لە سەرەتاداو بۆ ئەم مەبەستەش هەموو میتۆدێک بەکار دەهێنران. لێرەدا دەبینین سیستەمە سیاسیەکە هەرچیەک بێت بۆ بە سەلامەت کردن و مانەوەی لەسەر دەسەڵات پێوانەیەک لە ڕەزامەندی گەلی هەمیشە پێویستە. جیاوازی حیزبی نازی لەگەل پارتە ڕاسترەوەکانی تردا لە میتۆدە سیاسیەکانیدا خۆی دەردەخست. بۆنمونە نازیەکان وای بۆ دەچوون کە باشترین ڕێگە بۆ دژایەتی کردنی کۆمۆنیستەکان لە دژە ئایدیۆلۆجیەتدایە، لەوەی نازیەکان کرێکاران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و بزوتنەوەی کرێکاریی دژ بەکۆمۆنیستەکان ڕێکبخرێت کە بەم شێوەیە بتوانرێ جەماوەر بەلای خۆیاندا ببرێتەوەو مۆبیلیزە بکرێ. ڕژێمی نازی هەر لەسەرەتاوە کاری بۆ جەنگ دەکرد بۆ ئامانجی داگیرکردنی دەرەوەو فراوان کردنی ئەڵمانیا، هەمان شت بەرنامەی ئیقتیسادیەکان و سەربازیەکانیش بوو کە بۆ ئەم مەبەستە پشتگیری و هاوکاری ڕژێمی نازیان دەکرد. تەندەرە ئابووریە گەورەکان ئەدرانە کارگە گەورەو قورسەکان و لەسەر ئاستی وەلاو وپەیوەندی و پشتگیری حیزب و سەرۆک لەسەر ئەم پرەنسیپە دابەش دەکران[2]. زۆرێک لەو کارگە گەورانەی لە سەردەمی نازیەکان هاوکاری ڕژێمی نازی بوون ئێستاش لە ئەڵمانیا یەکێکن لە دەوڵەمەنەکانی ئەم دەوڵەتە، IG FARBENاتەنیا یەکێک لەو نمونانە.

---

[1] Faschismus, Ursachen und politik des deutschen Faschismus, Brigitte Dottke, Hamburg, 1979, S. 5-6.

[2] هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 6



یەکتربینینی ئەدۆلف هیتلەر و بینیتۆ مۆسۆلینی
لە میۆنیج/ ئەلمانیا لە 18.6.1940

## سەرچاوەکان

⁕ Allenstrem Graf, K., Die allgemeinen Merkmale der totalitären Diktatur. Jesse, in: Jesse, E. (Hrsg) .

⁕ Die allgemeinen Merkmale der totalitären Diktatur, Carl Joachim Friedrich und Zbigniew Brzezinski, in: Jesse, E. (Hrsg): Totalitarismus im 20. Jahrhundert. Eine Bilanz der internationalen Forschung, Bonn, 1996.

⁕ Hanna Arendt, Macht und Gewalt, München, 1970.

⁕ Hana Arendt, Elemente und Ursprünge totaler Herrschaft, Band III, Totale Herrschaft, Berlin, 1975 .

⁕P. Pawelka, Herrschaft und Entwicklung, im Nahen Osten, Ägypten, Heidelberg,1985.

⁕Reinhard Kuhn, Welt der Politik, Berlin, 1971.

⁕Totalitarismus im 20. Jahrhundert. Eine Bilanz der internationalen Forschung,
Bonn 1996.

⁕Wege aus der Totalitarismus-Forschung, Hrsg.: Bruno Seidel und Siegfried Jenkner, 1968.

بابەتی دەیەم
دەسەڵات Authority /

باسی یەکەم / دەسەڵات
باسی دوەم / دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتی دەوڵەتە
باسی سێیەم / دەسەڵات لەقۆناغەکانی مێژودا
باسی چوارەم / دەسەڵات فەرمانڕەواییە
باسی پێنجەم / دەسەڵات و یاسا
باسی شەشەم / جۆرەکانی دەسەڵات
باسی حەوتەم / مۆنتسکیۆو پرەنسیپی لەیەکترجیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان
باسی هەشتەم / بەشەرعی کردنی دەسەڵات
باسی نۆیەم / کێشەی بڕوا نەبوون بە دەسەڵات و بە سیاسەت
دەرئەنجام

باسی یەکەم / دەسەڵات

توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن کە بابەتی کۆمەڵناسی سیاسی (دەسەڵاتە) چونکە دەسەڵات گشتگیرترو فراوانترە، چونکە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دەژین و پەیوەندیان لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا هەیەو ئەم کۆمەڵە کۆمەڵایەتیانە رێکخراوەکانیان پێکهێناوە. چۆن ؟ تاکە کەس ئەندامە لە خێزان و پاشان ئەندامیشە لە ناو تیرەو گەڕەک و پارت و سەندیکا و نیشتیمان. هەریەکە لەمانە کۆمەڵە کۆمەڵایەتیەکان و رێکخراوەکانیان پێک هێناوەو خاوەنی دەسەڵاتی تایبەتین وەک: دەسەڵاتی باوک، سەرۆک، سەرۆک هۆز، یان سەرۆکی پارتێک. .تاد. ئەو دەسەڵاتەی کە لەم کۆمەڵە سەرەتاییانەدا (ئەوەلی) هەیە بەهەمان شێوەش بوونیان هەیە لە کۆمەڵە تێکەلاوەکان (المرکبە)و بوونیشی هەیە لە دەوڵەتدا کە ئەمیان ناو دەبرێت بە (دەسەڵاتی سیاسی[1].

باسی دوەم

دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتی دەوڵەتە

جیاوازی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتەکانی تر (دەسەڵاتی دینی، دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی سەربازی..تاد) بەوەدا جودا دەکرێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی ئیدارەی گشت کۆمەڵگەی مەدەنی ئەدات.لە کاتیکدا دەسەڵاتەکانی تر ئیدارەی کاروبارەکانی کۆمەڵانی تایبەت

[1])د. صادق الاسود، علم الاجتماع السیاسی، بغداد، 1990، ص. 35-36.

ئەدەن بەڵام دەسەڵاتی سیاسی بایەخ بە ڕێکخستنی سەرجەم کۆمەڵ ئەدات کە هەموو ئەو کۆمەڵانەش دەگرێتە خۆی[1]. ناتوانرێت لێکۆڵینەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بکرێت تەنها بەبەراورد کردن نەبێت لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی کەبوونی هەیە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی تردا. بەڵام تەنها دەسەڵاتی دەوڵەت ناو دەبرێت بەدەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتەکانی تر ناو دەبرێن بە (دەسەڵات)، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لەنێو دەوڵەتدا پەنگ دەخواتەوەو دەسەڵاتی دەوڵەت زیاتر ڕێکخراوترو باڵادەست ترە[2]. دەسەڵاتی سیاسی وەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەژیانی دەوڵەت و کۆمەڵگە ڕۆڵیکی بەرچاو دەبینێت.بۆیە تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکانی ئەم چەمکە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بتوانین ڕەهەندەکانی دەسەڵات شیبکەینەوە. دەسەڵات پێش دەوڵەت پەیدا بووە، ئەمەش دوبارە دەبێتە هۆی لێکۆڵینەوە لە دیاردەو ڕوون کردنەوەو ئاشکراکردنی سروشتی دەسەڵات لە دەوڵەتیشدا. دەسەڵاتیش لەگشت کۆمەڵ و گروپە سەرەتایی و ئالۆزەکاندا بوونی هەیە کە بوونیان لە دەوڵەتیشدا دیارە، بەڵام دەسەڵات لە دەوڵەتدا ناودەبرێت بە دەسەڵاتی سیاسی یان دەسەڵاتی دەوڵەت. کاتێک لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دوو بابەتە دەکرێت جۆرێک لەبەراورد دەکرێت لەگەڵ بنەما کۆمەڵایەتیەکانی یەکتردا. جیاوازی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە وەک ئاماژەی پێدرا بریتیە لەوەی کە دەسەڵاتی دەوڵەت ڕێکخراوترو پایەدارترو ڕونترە.

باسی سێیەم

دەسەڵات لەقۆناغەکانی مێژودا

هەر قۆناغێکی مێژویی شێوەیەکی دیاری هەبوە لە دەسەڵات و مرۆڤایەتیش بەچەندین قۆناغی مێژویی جۆراوجۆردا گوزەری کردوە. گرنگیی دەسەڵاتیش لە شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتیدا بەدەردەکەوێت. دەسەڵات فەرمانڕەوایی کۆمەڵ دەکات، بەڵام قۆناغ و ڕەوتی مێژویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جۆراوجۆر شێوازی دەسەڵات دیاری دەکات. دەسەڵات لەشێوازێکی سادەوە گەشەی کردوە بۆ شیوازێکی دامودەزگایی. بۆنمونە دەسەڵاتی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆماو یۆنانیەکان کە بازرگانیی کۆیلەی تێدا کراوە جۆرو شێوازێکی تری هەبوە وەک لەوەی قۆناغی مێژویی ئێستەدا لەم دوو دەوڵەتەدا[3]. هەربۆیە گرنگە لە دیدگایەکی ئەکادیمی و زانستیەوە بڕوانینە ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی و شیان بکەینەوە، ئەوکاتەش دەتوانین دەسەڵات بناسین و هەڵس وکەوتی لە گەلدا بکەین.

---

[1] د. عصام سليمان، مدخل الى علم السياسه، بيروت، 1989، ص. 154.

[2] د. صادق الاسود، علم الاجتماع السياسى، بغداد، 1990، ص. 35-36.

[3] د. عصام سليمان، مدخل الى علم السياسه، بيروت، 1989، ص. 163.

## باسی چوارەم

### دەسەڵات فەرمانڕەواییە

دەسەڵات فەرمانڕەوایی کۆمەڵ دەکات. دەسەڵات هەمیشە زەمینە بۆ دەسەڵاتدار دروستدەکات بۆ گوێڕایەل کردنی بەرامبەرەکەی و سەپاندنی فەرمان و ویستی خۆی بەسەریدا دژ بەهەوڵی ڕاپەرینیشی. هەروەها دەسەڵات ئەو ئیمکانیەتە دروستدەکات دژەکان ناچاری هەنگاوی گونجاو بکات، بەڵام گونجاو لەبەرژەوەندی و خواستی (دەسەڵات – داردا)، ڕوو ئەدات بە زەبروزەنگ ناچاری بکات، ئیتر شێوازی ئەو زەبروزەنگە چیەو چۆنە ئەوە سروشت و پێکهاتەی دەسەڵاتە سیاسیەکە دیاری دەکات. ئیتر تاک بێت، یان گروپ، یان دەزگا بێت خاوەن دەسەڵات دەتوانێت ڕەفتار بەسەریدا بسەپێنێت، هەرچەندە مەرج نیە دەسەڵات هەمیشە بەند بێت بە زەبروزەنگەوە، بەڵام دەسەڵات سەلامەت ترو گەورەترە کە بەند بێت بەڕەزامەندیەوەو کەمتر بەڕێگەی ناچارکردنەوە. ئەگەر دەسەڵاتدار نەیەوێ دەسەڵاتەکەی بکەوێتە ژێر مەترسیەوەو بیەوێ لە دەستی نەدات ئەوا دەبێت ڕەچاوی بەرژەوەندی حوکمکراوەکانیش (دەسەڵات بەسەرەکانیشدا) بکات[1]. ئەو کەسەی سیاسەت پیادە دەکات هەوڵ بۆ دەسەڵات ئەدات. دەسەڵات وەک ئامراز لەپێناوی ئامانجی تردا، یان لە پێناوی ئیرادەی خۆییدا بۆ خۆشی وەرگرتن لەو دەسەڵاتە[2]. کەسایەتی ناسراوی فەرەنسی چارلس ماوریس پێش نزیکەی 200 ساڵ لەمەوبەر وتویەتی: "بەقەمەی سەر تفەنگ مرۆڤ دەکرێ هەموو شتێک بکات بەڵام ناکرێ لەسەری دابنیشیت"[3]. مەبەست لەوەدا ڕاستە ناچارکردن و هێزو زەبروزەنگ ئامرازە بۆ دەسەڵات و مانەوەو بەردەوام بوون لە دەسەڵاتدا بەڵام ناشتوانرێت هەتا سەر خاوەن دەسەڵات بەکاری بهێنێت. ڕاستیەکی تریش هەیە کە بریتیە لەوەی ئەگەر مرۆڤ هەموو شت دەربارەی نەریت و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و باری ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژی کۆمەڵگەی خۆی بزانیت ئەوا دەتوانێت کاریگەرتر بەمیتۆدی جیاواز فەرمانڕەوایی ئەو کۆمەڵگەیە بکات بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ زەبروزەنگ لەدژی بەکار بهێنێت[4].

## باسی پێنجەم

### دەسەڵات و یاسا

دەسەڵات هەمیشە پێویستی بە یاسا هەبووەو هەیە بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵ و دەستنیشان کردنی ئەرک و مافی تاکەکانی کۆمەڵ. یاسا هەمیشە ئامرازی دەسەڵات بووە بۆ

---

[1] Reinhard Kuhn, Totalitäre Herrschaft, in: Welt der Politik, Frankfurt, 1971, S. 35.

[2]) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 35.

[3]) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 35.

[4]) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل.35.

بەڕێوەبردنی دەسەڵات و کۆمەڵ و بەردەوام بوونی دەسەلات و بەپێی پێویستیش گۆڕانکاری تێدا دەکرێ. ئەو گۆڕانکاریانەش لە یاسادا دوبارە بەندە بە سروشت و شێوەی دەسەڵاتەوە[1]. بۆنمونە یاساکانی ئیمپراتۆریەتی جەنگیزخان وەک سەرجەم دیکتاتۆرە تاکەکانی مێژوو یاسایەک بووە کە لەلایەن دەسەڵاتدارێکی بێسنوری موتلەقی تاکەوە فەرمانڕەوایی کردوەو هیچ تاکێکی کۆمەڵ نەیتوانیوە سەرپێچی بکات و تەنیا ڕێگە یاخی بوون بوە لێی. فەرمانڕەوایی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەگشتی بریتی بووە لە دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵەو هۆز. خەلکی ئەو وڵات و ناوچەیە ئەم شتەیان بە شەرعی بینیوەو سەردەمی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەشیان هەر ئەوەندەشی هەلگرتوە. بەواتا تێڕوانینی شەرعی و ناشەرعی بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتدار بەیاساشەوە لەسەر ئەم ریالیزمە بەند بووە. لەکۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتیدا دەسەڵات لەلایەن گەلەوە ئەدرێ. کەس لەسەرو یاساوە نیەو هەموو تاکێکیش دەبێت دەستی بگات بە دەسەلات. دەسەڵاتدارانی حکومەت بەیاسا سزا ئەدرێن و حکومەت خۆیشی دەکەویتە ژێر دەسەڵاتی یاساوەو دەسەڵاتەکان بەپێی یاساو دەستور سنوردار دەکرێ. هەربۆیە یاسا و پڕۆسەکانی داڕشتنی یاسا دەبێت ڕوون بن. گەل سەرچاوەی ڕەوایەتی سیاسیە. گەل خزمەتی حکومەت ناکات، بەڵکو حکومەت خزمەتی گەل دەکات. حکومەت تەنها ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە گەل پێی بەخشیوە.

باسی شەشەم

جۆرەکانی دەسەڵات

کۆمەڵناسی ئەلمانی ماکس ڤێبەر (Max Weber) باس لە سێ جۆر دەسەڵات دەکات: دەسەڵاتی تەقلیدی، دەسەڵاتی یاسایی، دەسەڵاتی کاریزما.

(1 دەسەڵاتی تەقلیدی (کلاسیکی): بۆنمونە سیستەمی دەرەبەگایەتی.

بە پێچەوانەی دەسەڵاتی یاسایی کە کارمەندان بەپیشە کارەکانیان دەبەن بەڕێگەوە، لەوەی دەسەڵاتی تەقلیدیدا دارودەستە (دەست و پێوەند) بەم ئەرکە هەڵدەستن. بەم پێیە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی تەقلیدی بەم شێوە تەقلیدیە بەڕێوە بچێت گەرنا دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکە دەکەوێتە بەر مەترسی. هەربۆیەش لێرەدا یاسا تەقلیدیەکان حوکم دەکەن[2].

لێرەدا ماکس ڤێبەر دەنوسێت:

[1] تیۆری دەولەت و سیستەمە ڕامیاریەکان، بەهادین ئەحمەد محەمەد، سلێمانی، 2002، ل.32.

[2] Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 130.

"بەم هۆیەوە ئابووری خزمایەتی و بارودۆخی پابەند بوون و پەیوەندی شەخسی دروست دەبێت و ڕۆل دەبینێت. بەم شێوەیە گەشەکردنی ئابووری گێڕ دەبێت و لێرەدا ڕێگەی یاسایی بۆ ڕێکەوتنامە نیەو دەسەلاتەکە دەسەلاتێکی کلاسیکیەو هوشیاری کۆمەڵ وەک پێویست لە ئارادا نیەو دەسەلاتداری تەقلیدی و کلاسیک سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ و دەشیەوێ ئەتمۆسفیرە (کەش و هەوا) کۆمەلایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە بمێنێتەوە لە شێوەی داب و نەریتە تەقلیدیەکان، لە ئاین و ئەفسانەی دروستکراو. هەموو پێشکەوتن و هوشیاریەکی کۆمەلایەتی دەبێتە لاواز کردن و گۆڕینی ئەو نەریتە تەقلیدیەی کە دواتر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەسەلاتی دەسەلاتدارە تەقلیدیەکەدا (کلاسیکیەکەدا)، هەربۆیە بەگشت شێوەیەک ئەم لایەنە هەولی لەناوچونی پێشکەوتن ئەدات و دەیەوێ کۆمەڵگە کۆنەکە کۆمەڵگەیەکی داخراو بێت و بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەلاتدار جێگەی یاساش دەگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر کۆمەڵ هیچیتر نەبینێت و بەم شێوەیە کۆمەڵ بێبەش دەکات لە مێژووش. خاوەن پڕۆژەو لایەنە ئابووریەکان دەبێت لێرەدا هەمیشە حیساب بۆ بڕیاری هەڕەمەکی و بێسەروبەرو تەقلیدی بکەن کە بەم جۆرە کەپیتالیزمی مۆدێرن لەم شێوە دەسەلاتەدا ناتوانێ گەشە بکات. کەم و زۆری و شێوەی گۆڕانکاریەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتیەی کە ئەو کۆمەڵەیەی تێدا دەژی.

)ڕاینهارد بێندیکس) دەنوسێت کە خەلکانی ئەم کۆمەڵە لەم شێوەی دەسەلاتەدا ڕاپەڕین دژ بە سیستەمەکە ناکەن بەڵکو دژ بە ئاغاو سەرۆکەکە دەکەن ئەگەر سەرۆک خۆی سنوری دەسەلاتە تەقلیدیەکە پێشێل بکات[1]. Wolfgang Latkowskiدەنوسێت کە دەسەلاتی تەقلیدی و کلاسیکی هەر هێشتا بەربلاوترین شێوەکانی دەسەلاتە چونکە دەسەلاتی یاسایی و ئەقلانی لەگەشە مێژوییەکەیدا زۆر درەنگ هاتۆتە دروستبوون. ئەم شێوە دەسەلاتە خۆی لە پاتریاشالیزم گوزارشت دەکات کە دەسەلاتدار لەناو کۆمەڵ و کلانەکەدا (بنەماڵەکەدا) خاوەن دەسەلاتەو هەروەها لەناو پاتریمۆنیالیزمدا. لە هەردوو حالەتەکەدا پابەند بوون و پەیڕەوی فەرمان و وەلا هەیە[2].

(2 دەسەلاتی شەرعی ( یاسایی )

بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە شێوە دەسەلاتی تەقلیدی گرنگە باس لە دەسەلاتی یاساییش بکرێ. دەسەلاتی شەرعی (یاسایی) بریتیە لە دەسەلاتێکی هەڵبژێردراوی دیموکراسی چونکە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەنجام دەدرێت و لە هەمانکاتدا گشتاندنی پێوە دیارە. دەسەلاتە یاساییەکەی ماکس ڤیبەر بەندە بە یاساو مافەوو ئازادە لە بەند بوونی بە تاکە کەس و سەرۆکەوە.

[1] Reinhard Bendix, Max Weber – Das Werk, München, 1964, S. 127-128.

[2] Wolfgang Laskowski, Macht und Herrschaft, Seminararbeit, WS 2001/02, Manuskript, S. 23.

سەرجەم دانیشتوان و تاکەکانی کۆمەڵ و چین وتوێژە جیاجیاکانی ناو دەوڵەت دەبێت پەیڕەویی یاسا بکەن. پیشەو چۆنایەتی و بەرهەم لێرەدا خاڵی بریاردەرە. فەسادی ئیداری و ئابووری خزمایەتی لێرەدا نابیت ڕێگەی پێ بدرێ. لەسیستەمی(دەسەڵاتی یاسا) دەسەڵاتدار تەنیا بەڕێگەی دەستورو یاسای نوسراوی دیاریکراوەوە شەرعیەتی خۆی وەردەگرێ. ئەم دەستورو یاسایە دەبێت لەلایەن هەموو تاکێکی بواری دەسەڵاتی دەوڵەت پەیڕەوی بکرێت[1].

لێرەدا ئیتاعەی دەسەڵاتدار وەک شەخس ناکرێت بەڵکو هی یاسا دەکرێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ هەموو تاکێک دیاریکراوە. دەسەڵاتدار تەنیا نوێنەرایەتی یاسا دەکات. مرۆڤ لێرەدا یاسا دەرکەر وەک کەسی لێپرسراو دەبینێ. ئەم شێوەی دەسەڵاتە بەگشتی بەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، (یان بەناوبردنی "دەسەڵاتدارێکی" تر کۆتایی دێت[2]). تاک پێویستە لێرەدا هەست بەبوونی خۆی و بەشدار بوونی خۆی بکات لەناو دەزگاکانی کۆمەڵ و دەوڵەت و دەسەڵاتی یاسادا. لێرەدا کەسە زانستخوازو پێشکەوتوخوازەکان ڕۆلی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی لەدایک بوونی یاساداو دروستبوونی دەسەڵات و دەوڵەتی یاسایی. هەربۆیە ڕادەی هوشیاری تاکی کۆمەڵ دەبێتە هۆی بەرز بونەوەی ئاستی هوشیاری کۆمەڵ و کاریگەرییان بەسەر یەکتردا هەیە. هوشیاری کۆمەڵ کاریگەریی بەسەر گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵ هەیە. دەسەڵات لە دەوڵەتی یاسایی دا بەگشتی بریتیە لە دەسەڵاتی دیموکراتی. پێچەوانەی شێوازەکانی تری دەسەڵاتەوە گەل بەشێوەی خۆی بەشدارە لە حکومەتدا، کاریگەریی هەیەو دەتوانن بەڕێگە یاساییەکان کۆنترۆلی بەرپرسەکان بکەن. بۆنمونە لەهەڵبژاردندا دەنگیان بۆ نەدەن[3].

لەدەسەڵاتی ئەقلانی/دیموکراسیدا کەسەکان هەڵدەبژێردرێن، کاری خۆیان دەکەن و دێن و دەڕۆن و بەندن بەیاساوە. یاسایەک کە دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵ، لە دەسەڵاتدار هەتا بێدەسەڵات بخرێتە بەردەم لێپرسینەوە بۆهەر گەندەڵیەکی ئیداری، دارایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەم جۆری سیستەمە سیاسیەدا حکومەت بە پراکتیک بوونی هەیەو دادگا دەبێت سەربەخۆ بێت. وڵات دەستوری هەیەو پەڕلەمان گەورەترین دەسەڵاتە کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە. لەکاتی گۆڕانی حکومەتیشدا مووچەخۆر لەجێگەی خۆی دەمێنێتەوەو موچەو پلەی بەدەست حیزب و ڕەحمەتی کەس و تاکەوە نیە. هەربۆیە ئازادەو دەتوانێت بێ ترس بێت لەبیروڕاو شوێنی کارو ژیانی ڕۆژانەیدا. حیزب مووچە نادات بە حکومەت، بەڵکو حکومەت بەپێی دەستوور بوجە بۆ خەرجیەکانی حیزب تەرخان دەکات.

---

[1] M. Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 551.

[2] W. Laskowski, Macht und Herrschaft, Seminararbeit, WS 2001/02, Manuskript, 22.

[3] هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل. 22

3) دەسەڵاتی کاریزما

دەسەڵاتی کاریزما بریتیە لە دەسەڵاتێکی هەیبەتدار کە لەلایەن کۆمەڵگاو کەسانی ناو کۆمەڵگەوە دیاری دەکریت، چونکە جۆریک لە پیرۆزی و قودسیەتی پێوە دیارە بۆ ئەو کەسەی کە دەسەڵاتەکە وەردەگرێت. کەسایەتیەکی وەک غاندی تا ئێستاش ناوبانگی بەردەوامەو نەوەکانیشی هەر هەمان ناوبانگیان هەڵگرتووە چونکە ئەو ناوبانگیە لەلایەن خەڵکیەوە پێیان بەخشراوەو لە کەسانی ئاسایی جیاکراونەتەوە.

دەسەڵاتی کاریزما بەرێگەی سەرۆکەوە پراکتیزە دەکرێ کە هەندێکیان شەرعیەتەکەیان بەوە چنگ دەکەوێ کە ئەم لەلایەن خودا، یان بە هۆی قودرەتێکی تایبەتەوە نێردراوە، و هەڵبژێردراوەو دەسەڵاتی دراوەتێ، بەواتا کاریزمای نەگەتیفیش هەیە. سەرکردەی کاریزما دەبێت لە پراکتیکدا توانای خۆی نیشانبدات بۆ ئەوەی شەرعیەتەکەی بپارێزێت. بەر لەهەموو شتێک پێویستە بایەخ بە باشگوزەرانی داروەدستەکەی بدات. بەرێوەبەرانی ئیداری لەم شیوە کاریزمایەدا بەتەنیا لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێت. هەروەها سەرجەم نمونە تەقلیدیەکان لەڕاستیدا بەو شێوەیە چارە دەکرێن کەدەڵێت: "هەرچەندە نوسراوە، بەڵام من پێتان دەڵیم...".بەم هۆیەوە دەسەڵاتی کاریزمایی هەمیشە سیفاتی شۆڕشگێری هەیەو دەتوانێت بەتایبەت لەبارودۆخی قەیراندا خۆی بسەپێنێت و جێگە پێی خۆی بکاتەوە ئەگەر بێتو لەسەرۆک چاوەڕێی باشگوزەرانیەک بکرێ کەپێشتر نەبوو بێت. هەر بۆیە لەم شێوە دەسەڵاتەشدا، لە کاریزمای نەگەتیفدا پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە[1].

سەرکردەی کاریزمایی یەکەم جار وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، لەچوارچێوەی بزوتنەوەو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیدا، کەدواجار سەرکردە ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و کۆمەڵیش لەژێر دەسەڵات و چوارچێوەی کەسێتی خۆیدا دەهێڵێتەوەو بەکاریان دێنێ بۆ بیروبۆچونەکانی خۆی لە پرۆژەیەکی دارێژراودا. واتا دەسەڵاتی کاریزمایی کە گشت بە وەلائی ڕەهایی پیرۆزیەکی دیاریکراوی وەک پاڵەوانێتی دەبەستێ ئەو دەسەڵاتە پابەندی بارودۆخی هەنوکەیی نیە بەڵکو بەهوشیاری و ئیرادەی بەهێزەوە ڕەوتی مێژوو لەبەرچاو دەگرێ. ئەم جۆری دەسەڵاتە (کاریزمی) لەسەر ئەو بنەمایە دروستدەبێت کەسی فەرمانڕەوا کۆمەڵێک خەسڵەتی نائاسایی و ناسروشتی تێدایە کە بەهۆیەوە خەلکی ملکەچی فەرمان و دەسەڵاتەکەی دەبن. راڤەکردنی ڤیبەر بۆ مێژوو لەسەر ململانێی نێوان کاریزما (ڕەوتێکی ناعەقلانی و سۆزگەرایە).

کاریزما بەو واتایە دێت کە گروپێک بڕوایان وایە کەسێک هەیە کە خاوەنی چەند خەسڵەتێکی نائاسایی و لەڕادەبەدەرو ڕزگاریی کۆمەڵگەیە. دەشێت ئەم کەسە چاکەخواز بێت و ویرانکەریش بێت. کەسێتی ئەم دەسەڵاتە (کاریزمی) بەئازایی و حیکمەت و پاڵەوانێتی

[1] M. Weber: Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 654

جیادەکرێتەوەو تاکەکانی کۆمەڵ لە دەوری خردەبنەوەو دەبنە شورایەک بۆی و دەیکەنە دەم ڕاستی خۆیان. هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرکردەی کاریزمایی زۆر جار هەستێکی تەواوی بەباوەڕ بەخۆ بوونێکی ڕەهاو باوەڕی بە شکۆیی ئامانجەکانی و قەناعەت پێهێنانی خەلکانی دیکە بە ئامانجەکانی و توانای گۆرینی داب و نەریت و یاسا کۆنەکانی کۆمەڵەکەی هەیە بێ ئەوەی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵ یان لایەنگرانی یەوە ڕووبەڕووی کێشەو گرفت بێتەوە، چونکە هەر فەرمانێک لەلایەن ئەو سەرکردەیەوە دەربچێ بە یاسایەک دادەنێ و دەبێت کۆمەڵ جێبەجێی بکات و لەو فەرمان و یاسایانە لانەدەن. تاکی دەسەڵاتدار لەچەقی دەسەڵاتداریتی و فەرمانڕەوایتی دا پێویستە بەردەوام سەرنجی گشتی بەهۆی ئەنجامدانی کاری پاڵەوانانە و نمونەیی و خاوەن پیرۆزی و بەهرەیی زۆر زیاتر لەئاسایی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت (سەدام حسێن و هەڕەشەکانی بەرامبەر بە ئیسرائیل و کوێت). لەو کۆمەڵگەیانەی کە کاریزما ڕۆل دەبینێ بەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لاواز دەبێت، هەرچەندە ئایدیۆلۆجیەتیش لێرەدا هەروەک حیزب و ئاین و جەنگ و ئابووری دەبنە ئامراز بۆ ڕاگرتنی سەقامگیریی سیاسی و دەکرێ بە خزمەتی سەرۆکی کاریزما بگەرێتەوە[1].

باسی حەوتەم

مۆنتسکیۆو پرەنسیپی لەیەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

مۆنتسکیۆ یەکێکە لەو بیرمەندە گەورانەی فەرەنساو ئەوروپا کە لە سەردەمی خۆی و دوای خۆشی جێ پەنجەی دیارە لە مەیدانی فیکری سیاسی و یاسای سەردەمی نوێ دا. لای بیریاری گەورەی ئینگلیزی و لایەنگری تیۆری دەستوری (جۆن لۆک) باس لەیەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کراوە. لۆک باسی لە سێ دەسەڵات کردووە: (دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی فیدرالی، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن). ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەین جۆن لۆک دەسەڵاتی یاسادانانی لەسەرو هەموو دەسەڵاتەکانی تر دادەنا[2]. بەڵام ئەوەی مۆنتسکیۆ خستیە ڕوو سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان شتێکی تازەو ڕێکخراوتر بوو. واتا توانی فۆرمێکی وون و ئاشکرای بۆ دارێژێت و بنەماکانیشی دیاری بکات. ئەگەر چی لەناوەڕۆکدا بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لە (جۆن لوک) وەرگرتوە بەڵام بەجیاوازی لەگەڵیدا، چونکە مونتسکیۆ دەسەڵاتی جێبەجی کردنی لەشوێنی دەسەڵاتی فیدراڵ داناو دەسەڵاتی

---

[1]) سۆسیۆلۆژیا،گۆڤارێکی فکری کۆمەلناسی،ژمارە 3،2005،سلیمانی،ل. 76-77.

[2]) فکری سیاسی خۆرئاوا لە ماکیاڤیلیەوە تا مارکس، د. موسا ئیبراهیم، وەرگیرانی شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم 2005،سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ل.184.

قەزایشی لە شوێنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دانا لەلای لۆک، هەربۆیە بەپێی ئەم ڕیزبەندیەی خوارەوە دەسەڵاتەکانی ڕێک خست:

-1دەسەڵاتی یاسادانان.

-2 دەسەڵاتی جێبەجێ کردن.

-3 دەسەڵاتی دادگایی یاخود قەزایی.

کاروئەرکی هەریەک لەم دەسەڵاتانە جیاوازە (دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەستی بە دانانی یاساکان، دەسەڵاتی جی بەجی کردن هەڵدەستی بە پراکتیک کردنی یاساکانی ڕاگەیاندنی حاڵەتی شەڕو ئاشتی و دەستەبەر کردنی ئاسایش و ئاسودەیی هاوڵاتیان...تاد. دەسەڵاتی قەزاییش ئەرکی سزادانی تاوانباران و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هاوڵاتیانە. مۆنتسکیۆ پێی وایە مادام کارو ئەرکی هەریەک لەم سێ دەسەڵاتە جیاوازە، لەبەر ئەوە دەبێ هەر دەسەڵاتێک لەلایەن ستافێک یان دەستەیەکی جیاوازەوە بەڕێوەببرێت، نابێت لەیەک کاتدا نوێنەریک یان ئەندامێک لەدوو دەستەدا ئەرک ببینێت، یاخود لەیەک کاتدا هەرسێ دەسەڵاتەکەی لەدەست دابێت. لەو بارەیەوە مۆنتسکیۆ دەڵێت (هەر کاتێک دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەکەوێتە دەستی تاقەکەسێک یاخود ستافێکەوە،ئەوا ڕێگە لە ئازادی دەگرێت، چونکە ئەو کەسە مۆنارکییە، یان ئەو دەستەیە هەڵدەستن بە دانانی یاسا گەلێکی زۆردارانەو لە هەمانکاتیشدا بە شێوازی زۆردارانە پیادەی ئەو یاسایانە دەکەن. بەهەمان شیوە دیسان دەرگا لەبەردەم ئازادیدا دادەخرێت، کاتێک دەسەڵاتی قەزایی یەکدەگرێت لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتەکەی تر. ئەگەر لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان یەکیگرت، ئەوا ژیان و ئازادی هاوڵاتیان دەکەوێتە ژێر سایەی حوکمی زۆرداریی، چونکە دادوەر هاوکات ڕۆلی یاسادانەریش دەبینێت، یاخود ئەگەر لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یەکی گرت دیسان دادوەر بەو پەڕی ستەم و زۆرداریەوە هەڵسوکەوت دەکات[1]. بەم پێیە مەبەستی سەرەکی مۆنتسکیۆ لە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتیە لە پاراستن و قوڵکردنەوەی ئازادیەکان، بەشێوەیەک هەر دەسەڵاتێک لەگەڵ دەسەڵاتەکەی تردا لەپەیوەندی تەواوکەری دابێت بۆ ئەوەی تریان، واتا دەسەڵاتەکان لەیەک کاتدا دەست وەرنەدەنە کاروباری یەکتری و لەلایەکی تریشەوە ببنە چاودێر بەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکان. پرەنسیپی لەیەکتر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدنیای ئەمڕۆدا بنەمایەکی گرنگی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە دیموکراتیەکان پێک دینیت، بەجۆریک وایکردووە دەسەڵاتی سیاسی لە فۆرمە گشتیەکەیدا، بە باشترین شێوە ڕۆلی خۆی ببینێت لە دوو لاوە، هەم لەلایەنی پاراستن و قوڵکردنەوەی ئازادیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لەلایەکی تریش لە مەسەلەی ڕێکخستنی کارو ئەرکی دام و دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکان، بەو شێوەیەی هەموان لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵدا هەماهەنگی و کاربکەن.

---

[1] الفکر السیاسی الغربی، علی عبد المعگی محمد، گبعە 1988، میر- اسکندریە ، دار المعرفە الجامعە، ی 312 - 313.

## باسی هەشتەم

### بەشەرعی کردنی دەسەڵات

شەرعیەتدان بە دەسەڵات بابەتێکی تری گرنگی تێماکەیە. دەسەڵات کە لەگەڵ یاساو نەریتەکاندا یەکبگرێتەوە پێی دەوترێ دەسەڵاتی شەرعی. لێرەدا مەرج نیە دەسەڵاتەکە دیموکرات بێت، بەڵام شەرعیەتی دراوەتێ ئیتر بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان لایەنی دەسەڵاتدار بەدەستی هێنابێت. ئەگەر خواستی دەسەڵاتدار لەگەڵ بۆچونەکانی حوکمکراوەکانی (دەسەڵات بەسەرەکانی) کۆمەڵدا سەبارەت بە شەرعیەت یەکنەگرێتەوە ئەوا ململانێ دروست دەبێت. لەهەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی 18 و 19، دانیشتوان بۆچونیان وابوو دەسەڵات تەنیا لەلایەن گەلەوە دەتوانرێ بدرێت، جیهانبینیەک کە ململانێ و شۆڕشی بەرپا کرد بەرامبەر بە پاشاو مەلیکەکان، چونکە ئەمەی دوایی وای بۆ دەچوو کە دەسەڵاتیان لەلایەن خوداوە پێ دراوەو شەرعیەتی دەسەڵاتەکەیان لەم لایەنەوە بۆ دروستبوەو دەستکاری ناکرێ. دەسەڵات بۆنمونە لەسەر ئاستی پەیوەندی شەخسی بە سەرۆکەوە، بە یاساوە، یان بە تیرۆرەوە بەند بێت، هەمیشە پێوانەیەک لە ڕەزامەندی گشتی بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت پێویستە، ئەگەر بێتو دەسەڵات بیەوێ بەخۆڕاگیراوی بمێنێتەوە. بەڵام دەسەڵات دەکرێ لەلایەن دەسەڵاتی دژ، یان بەهۆی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و ئاین و مافەوە بکەوێتە ژێر کاریگەریەوە[1].

## باسی نۆیەم

### کێشەی بڕوا نەبوون بە دەسەڵات و بە سیاسەت

لەزۆر لە.وڵاتاندا کە دەسەڵات لە لایەنێکەوە، یان دوا بەدوای یەکدا خراپ بەکار هێنرا خەڵکی وای دەبینێ کە دەسەڵات شتێکی خراپەو بێ بەختەو خەلکانی تریش بێ بەخت دەکات، ئیتر هەر لایەنێک بەکاری بهێنێت. ئەم بیروڕایە ئەوەندە کاریگەر بووە کە کۆمەڵانی خەلکی ئەو وڵاتە لە مەسەلەی دەسەڵاتدا ئیتر سیاسەتیش لەگەڵیدا بە شتێکی خراپیان بینیوە.

[1] Hans Ritscher (Hg.), Welt der Politik, Frankfurt, 1971, S. 3.

بابەتی یازدەهەم
سیستەمی سیاسی و شێوەکانی
بەشی یەکەم
باسی یەکەم / سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی
باسی دوەم / سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی
باسی سێیەم / هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە
باسی چوارەم / سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەی تەقلیدی
باسی پێنجەم / کۆمەڵگە پێویستی بە ڕێکخستن هەیە
باسی شەشەم / کاریگەری کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب وسیستەمی سیاسی

بەشی دووەم
شێوەکانی سیستەمە سیاسیەکان
باسی یەکەم / سیستەمە مەرکەزیەکان
باسی دوەم / سیستەمە سیاسیە لامەرکەزیەکان

بەشی یەکەم
باسی یەکەم
سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی

سیستەمی سیاسی دەوڵەتێک بە دەستور و کەلتوری سیاسی و ئەلیتە سیاسیەکەیەوە دیاری دەکریت. لە دابەشکردنی دەسەڵاتە واقعیەکانە لەنێوان ئۆرگانەکانی دەوڵەتدا[1].

سیستەمە سیاسیەکان و دامەزراوەکانی وەک (پەڕلەمان، حکومەت، دادوەری)، دەوڵەت، حیزب و ڕێکخراوەکانی و ڕای گشتی و هاوبەشیی هاولاتی لەحکومەت و کارگێریدا، هەروەها ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان، دەسەڵات و هێزو پێشبرکێیەکانی هەڵبژاردن[2] هەموو ئەمانە لەژێر چەتری سیستەمی سیاسیدا کۆدەبنەوە. سیستەمی سیاسی داینەمۆی دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگەیە، هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ دەگرێتە ئەستۆ. سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بەڕێکخستنی شێوازو کاری دەسەڵات وکۆمەڵ و کۆمەڵە سیاسیەکان و ڕەفتاری سیاسی. سیستەمی سیاسی چەند دامودەزگایەکە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا کە کاروباری بەڕێوەبردن

[1] de.wikipedia.org/wiki/Politisches_System.

[2] Wolfgang Jung, Grundbegriffe aus Politik Gesellschaft, Wirtschaft, Frankfurt, 2005, S. 203-204.

دەگرنە ئەستۆ لە ڕێگەی ئەو یاساو ریاسا مولزیمانەی کە لەئارادان، یان دانراوون لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراود ا [1].
بەڵام سیستەمی سیاسی بەتەنیا بریتی نیە لە دامەزراوە حکومیەکان بەڵکو لەهەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەهەموو لایەنە سیاسیەکانیەوە، بۆنمونە پێکهاتە تەقلیدیەکان کەلەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون[2]. "سیستەمی سیاسی ئەو دیاردانەیە کە بەهەمویانەوە سیستەمێک پێک دێنن[3]".

باسی دوەم
سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی
سیستەمی سیاسی لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا پەیدا دەبێت. هەموو گۆڕانێک لەسیستەمی کۆمەڵایەتی کار لە سیستەمی سیاسی دەکات و ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی تاڕادەیەک بریتیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێک لە سیستەمی سیاسیشدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی. لەم بوارەدا حیزب و رێکخراوی سیاسی بە تایبەت گرنگیدان بە ئایدیۆلۆژیای ئەو حیزبە ڕۆلی گرنگ دەبینێت و هێزێکی بەتوانایە بۆ گۆڕین و بەمۆدێرن کردن. پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی پێویستی بە هوشیاری کۆمەڵایەتی هەیە کە یارمەتی کۆمەڵ ئەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیستەمەکە. هوشیاری کۆمەڵایەتی ڕێگە بۆ هاوڵاتیان خۆش دەکات لەزۆر لایەنەوە چاودێری ژیان بکەن لەبواری کۆمەڵایەتی، کەسایەتی، ئەخلاقی..تاد. کێشەی لەسەرخۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەمێکە لەلایەن زاناکان و کۆمەڵناسەکان بایەخی پێدراوە. مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستیەی بەڕوونی نیشانداوە کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی پرۆسەیەکی حەتمیە. هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی لەئاستی نزمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدان دەبێت بەو ڕێگەیانە تێپەرن کە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان پێیدا تێپەریوون. هەربۆیە دەوڵەتی عێراقیش بەهەرێمی کوردستانیشەوە بێبەش نیە لەم یاسایە. بەڵام دیارە هەر کۆمەڵگەیەک بەگوێرەی خەسڵەتی نەتەوەیی خۆی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕ دەبێت. بەم پێیە پێکهاتەی سیاسی حیزبی سیاسی و سیستەمی سیاسی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە خۆیەتی. بەواتا بەرهەمی واقعی کۆمەڵایەتیە. سەدام حسین هیچی تر نەبوو لە بەرهەمی واقعی کۆمەڵگەی عێراق خۆی هەربۆیە توانیشی دیکتاتۆربێت، دیکتاتۆرتر لەدیکتاتۆرەکانی تر.

---

[1]) بەهادین ئەحمەد محەمەد، تیۆری دەولەت و سیستەمە رامیاریەکان، سلیمانی، 2002، ل. 139.
[2] Holtmann, Politisches System, allgemeine Definition, 1994, S. 517.
[3]) بەهادین ئەحمەد محەمەد، ل. 135 + 137.

## باسی سێیەم
## هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە

بێگومان هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە. بیروبۆچوونی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی دەربارەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی لەگەل ئەوی تردا دەگۆڕێ ئەویش بەپێی ڕەوشی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی مێژوویی و ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستی هوشیاری و جیۆپۆلەتیکەوە کە بە هەمویانەوە باری سایکۆلۆجی و کۆمەلایەتی و هوشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکەن[1]. ئەم فاکتەرانە بۆنمونە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆی جۆرێکی ترە بەبەراورد لەگەل وڵاتێکی تری دواکەوتوو، یان تازەگەشەکردوو. واتا سیستەمی سیاسی پەیرەوکراو لەوڵات و دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، لەهەر دەوڵەتێکدا ڕادەی هوشیاری سیاسی کۆمەڵ و بیروبۆچوونی مرۆڤەکانی دەبارەی دەسەڵات لەسەر بنچینەی قۆناغە مێژوویە جیاجیاکان بەخۆوە وەردەگرێ کە دەوڵەتی پێدا ڕۆیشتوە.

## باسی چوارەم
## سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەی تەقلیدی

خەسڵەتی کۆمەڵگەی تەقلیدی بریتیە لەکردەوە تەقلیدیە کۆمەڵایەتیەکان. واتا ئەو کردەوانەی کە لەسەر بنەمای ئەقلچ و مەنتق دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کەسەردەمانێک کاری پێکراوەو جێگیربوەو بەمیرات ماوەتەوە وەک شتێکی تەقلیدی. یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی بریتیە لە پێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری بەتایبەت بەمۆدێرن کردنی هەرەمی سەرەوەی. زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە سەربەخۆییان نیە، واتا بەستراونەتەوە بەنەریتی گشتی کۆمەڵگەکە. لێرەدا هوشیاری ئاینی زالە بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکە. دەسەڵاتی سیاسیش خەسڵەتێکی حوکمی فەردیە تێیدا. بۆیە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە هەروەک ئاماژەم پێدا بەپێی سروشتی خۆی، خۆی کەمتر دەداتە دەست بەمۆدێرن کردن. زیاتر لەشوێنی خۆی دەچەقێ و گۆڕانیشی کاتێکی درێژی دەوێ کە ئەمیش بەندە بەکۆمەڵێک فاکتەرەوە. لەم سیستەمە

[1]) بەهادین ئەحمەد محەمەد، ل. 158.

تەقلیدیەدا ئابووری خزمایەتی و بارودۆخی پابەندبوون و پەیوەندی شەخسی دروست دەبێت و ڕۆل دەبینێت. بەم شێوەیە گەشەکردنی ئابووری گیر دەبێت و دەسەلاتەکە دەسەلاتێکی کلاسیکیەو هوشیاری کۆمەڵ لە ئارادا نیەو دەسەلاتداری تەقلیدی و کلاسیک سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ و دەشیەوێ کەش و هەوا کۆمەلایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە بمێنێتەوە لە شێوەی داب ونەریتە تەقلیدیەکان. هەموو پێشکەوتن و هوشیاریەکی کۆمەلایەتی دەبێتە لاوازکردن و گۆرینی ئەو نەریتە تەقلیدیەی کە دواتر دەبێتە ریگر لەبەردەم دەسەلاتی دەسەلاتدارو سیستەمە سیاسیە تەقلیدیەکەدا. هەربۆیە بەگشت شێوەیەک ئەم لایەنە هەولی لەناوچونی پێشکەوتن ئەدات و دەیەوێ کۆمەڵگە کۆنەکە کۆمەڵگەیەکی داخراو بێت و بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەلاتدار جێگەی یاساش بگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر کۆمەڵ هیچی ترنەبینێت و بەم شێوەیە کۆمەڵ بێبەش دەکات لەمێژوش[1]. لەو کۆمەڵگەیانەی کە هوشیاری سیاسی هاولاتیان کزو لاوازەو هەروەها ڕەوشی ئابووری و کۆمەلایەتی تیایاندا لاوازە، ئەوا سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو لە دەوڵەتدا سیستەمێک دەبێت کە لەسەر زەبروزەنگ و خۆسەپاندن بنیاد دەنرێت. لێرەدا پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەڵ و سەربەستیەکانیان و بوارنەدان بەگروپی سیاسی جۆراوجۆر لە دەوڵەتدا شتێکی ئاسایی دەبێت. واتا لە دەوڵەتدا سیستەمی دیکتاتۆری پەیڕەو دەکرێت، ئیتر ئایا ئەو سیستەمە دیکتاتۆریە سیستەمی دیکتاتۆری تاکە کەسی بێت، یان سیستەمی دیکتاتۆری ڕێچکەیی بێت[2]. بەلام پەیڕەوکردنی هەر شێوەیەک ل ەسیستەمی دەسەلات لە دەوڵەتدا شتێک نیە بەزۆر بسەپێندرێ، یان هەتا سەر بربکات و نەگۆڕ بێت. بەلام ئەگەر سیستەمە سیاسیە پەیڕەوکراوەکە لەگەڵ باری سایکۆلۆجی و فیکریی و کۆمەلایەتی خەلکی ولاتدا گونجاو نەبوو ئەوا ئەو سیستەمە سیاسیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنیش پەیڕەو بکرێت بەلام وەکو ئەنجام هەر هەرەس دێنێت و ئامانجی ڕێکخستنی دەوڵەت ناپێکێ کە لەڕاستیدا پێویستە بۆ خۆش گوزەرانی و سەقامگیرکردنی ڕەوشی سیاسی و کۆمەلایەتی وئابووری هاتبێتە کایەوە. ڕوداوەکانی ئەم دواییەی ولاتە عەرەبیەکان نەک هەر بەلگەیەکی بەرچاوی ئەم بۆچونەیە بەلکو پەیامێکی گرنگیشە بۆ دەسەلاتداران. مێژووی سیاسی بۆ فێربوونە لێوەی. دەسەلاتی تەقلیدی و کلاسیکی هەر هێشتا بەربلاوترین شێوەکانی دەسەلات و سیستەمە سیاسیەکانە چونکە دەسەلاتی یاسایی و ئەقلانی لە گەشە مێژوییەکەیدا زۆر درەنگ هاتۆتە دروستبوون[3].

سیستەمە سیاسیە دیکتاتۆری و تەقلیدیەکان ئامانجیانە کۆمەڵ قبولیان بکەن و دەسەلاتیان نەخەنە بەر مەترسی. بەشێوەیەکی وورد دەست خستنە ناو ژیانی کۆمەڵ و تاکە کەسەوەو

[1] Max Weber, Wirtschaft und Gesellschaft, Tübingen, 1980, S. 130.

[2]) بەهادین ئەحمەد محەمەد، ل، 168.

[3] Wolfgang Laskowski, Macht und Herrschaft, Seminararbeit, WS 2001/02, Manuskript, S. 23.

دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ و گۆرینی ئەو کۆمەڵە کۆنە بەنوێ ئامانجی سیستەمە دیکتاتۆریە تەقلیدیەکان نەبوە. بەلاَم نەهێشتنی تەواوی ئازادی مەبەستی تەواوی دەسەلاَتی تۆتالیتاریزمە. لێرەدا ڕێگە نادرێت بەشی کۆنترۆل نەکراو هەبێت چونکە هەر بۆشاییەک لە بواری کۆنترۆلدا لەم بۆچونەوە دەبێت ببێتە دروستکردنی مەترسی بۆ دەسەلاَتی تۆتالیتێر.

باسی پێنجەم
کۆمەڵگە پێویستی بە ڕێکخستن هەیە

کۆمەڵگە بەبێ دەسەلاَتی سیاسی ڕێکخراو مەحالە، لەبەر ئەم هۆیە پێویستی بەدەسەلاَتێکی سیاسی، بە سیستەمێکی سیاسی ڕێکخراو هەیە تاوەکو بنەماکانی ژیان و گوزەران ڕێک بخات. دەزگاکانی دەوڵەت کە سیستەمە سیاسیەکە پێکدەهێنن وەک پەرلەمان و حکومەت و دادوەری ڕۆلی گرنگ دەبینن تێیدا. لێرەدا حیزبی سیاسیش گرنگ و پێویستە بۆ سیستەمی سیاسی کەبریتیە لەشێوازێک بۆ بەیەکەوە گرێدان و بەستنەوەی گشت پەیوەندیە سیاسی و کۆمەلاَیەتی و ئابووریەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەوها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ و ڕۆلی بەرێوەبردن لەرێگەی ئەو یاسایانەی کە هەن لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا دەگرێتە ئەستۆ[1]. ئەو کۆمەڵگەیانەش کەپەیکەری دەوڵەتیان نیە دەکرێ دابنرێن کە سیستەمی سیاسیان هەیە. زاراوەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو لە زانستی سیاسیدا بریتیە لە کۆمەڵێک پەیکەرو پرۆسەو دەزگا کە لەنێوان خۆیاندا کارلێک دەکەن. لەبەر ئەوەی زاراوەکە بەفەرمانەکانیەوە دەناسرێت ئەوا دەکرێت ئاماژە بدات بەو ڕێکخستنە سیاسیانەی دەوڵەت ونادەوڵەتیش[2].

باسی شەشەم
کاریگەری کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب وسیستەمی سیاسی

یەکێک لە کێشەکانی سیاسەت و کۆمەڵ بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان تەنانەت لەهەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دیموکراسیەت تەنیا ڕوکەش بووە. ئەم دەسەلاَتدارە تەقلیدیانە هەرگیز ئامادە نەبوون دەستبەرداری دەسەلاَت بن، ئەمەش بەزیان گەڕاوەتەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش. لەبەر ڕۆشنایی دواکەوتویی کۆمەڵ بەگشتی و کەلتورە

[1])ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، سیستەمی سیاسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، شوێن نادیارە، 2003، ل. 55.
[2])نیگا، فەرهەنگی رامیاری، 2005، ل. 141– 142.

سیاسیەکە هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنەکان ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوچەرخ نین و هەموو بە دەسەڵاتیشەوە بەرهەمی واقعی کۆمەڵگەکەی خۆیانن هەربۆیە پەرینەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنتر هەروا ئاسان نیەو پڕۆسەیەکی ئاڵۆزو درێژخایەنە

بەشی دووەم
شێوەکانی سیستەمە سیاسیەکان

شێوازی سیستەمە سیاسیەکان و پیادەکردنی لەمێژوودا زۆرن و هاوشێوە نین. ئەو سیستەمە سیاسیانەی لە مێژووی سیاسیدا فەرمانڕەواییان کردوەو لە خوارەوە ئاماژەم بەهەندێکیان داوە لە هاوکێشەی کۆتایدا سەرجەمیان دابەش دەبن بەسەر دوو جۆر لە سیستەمی سیاسی کە بریتین لە سیستەمی ناوەندی و ناناوەندی (مەرکەزی و لامەرکەزی). سیستەمە مەرکەزیەکان ناکرێ لەگەل دیموکراسیەتدا کۆک بن. تەنیا دەسەڵاتی لامەرکەزی خەسڵەتی دیموکراسی پێوە دیارە. لامەرکەزی پاریزگاکان و فیدرالیزم وەک سیستەمێکی سیاسی دەچنە خانەی لامەرکەزیەوە.

باسی یەکەم
سیستەمە مەرکەزیەکان

(1 مۆنارشی: دەسەڵاتی دەوڵەت لەدەسەت تاک دەسەڵاتێکدایە. مۆنارشی پەڕلەمانی و مۆنارشی موتلەق هەیە. لەهەندێ لە وڵاتاندا کە مۆنارشی پەڕلەمانی تێدایە کەسی مۆنارش دەسەڵاتەکەی زۆرتر ڕوکەشە[1].

(2 ئۆلیگارشی: شێوەیەکی دەسەڵات کە گروپێکی بچووک (زۆربەی کات خزم و بنەماڵەن) دەولەمەندو دەسەڵاتدارن. ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانی (ئۆلیگارکیا) وەرگیراوە کە لە سەردەمی کۆنی یۆناندا بەمانای حکومەتی تاقمێکی کەمیان وتوە. زاراوەی ئۆلیگارشی لەزۆربەی زمانە ئەوروپیەکاندا بەکار دەهێنرێ و بەواتای دەسەڵاتداریی کۆمەڵێکی دیاریکراو ئەگرێتەوە. دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چەند کۆمەڵێک لە خاوەن سامانە بە دەستەلاتەکانە. ئەم شێوە دەسەڵاتە لە سەردەمە جیاوازە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆیلەداری و فیودالی و سەرمایەداریدا هەبوە. ئەو کاتە بوە کە تاقمێک خاوەن سامان و بەدەسەڵات هەموو ئامرازەکانی بەرهەم هێنانیان گرتبوە ژێر دەستی خۆیان و فەرمانڕەواییان بەسەر کۆمەڵانی خەلکدا کردوە.

(3 ئەریستۆکراتی: تێیدا توێژێکی کۆمەڵایەتی بچووک خاوەن دەسەڵاتە.

---

[1] http://de.wikipedia.org/wiki/Monarchie.

4) دیسپۆتیزم: فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی هەوەسی تاک. بەو دەسەڵاتە دەوترێت کە هیچ سنورێکی یاسایی و نەریتی نەبێت و خۆی سەرپشکی هەموو کاروبارێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئیداری و دارایی بێت. کۆمەڵناسی ئەڵمانی ڤیتفۆگل (K. A. WITFOGEL) تێگەیشتنێکی نوێی بۆ دیسپۆتیزم دانا لەژێر ناونیشانی دیسپۆتیزمی ڕۆژهەلات. لێرەدا مەبەستی لەو کۆمەڵگەیانەیە کە ئەم سیفەتانەی خوارەوەی تێدا بێت:

- حکومەتی تاکە کەسی (ئاوتۆکراسی).
- شیرازەی وڵات بەسترابێت بەناوەندی دەوڵەتەوە.
- نەبونی یاسایەکی هەمیشەیی.
- لەو کۆمەڵگەیەدا پلەوپایەی بازرگانەکان نزم بێت.
- بایەخ نەدان بەکۆیلەداری.
- کشتوکاڵ بە ئاودێری فراوان بێت.

5) ئاوتۆریتاریزم: سیستەمێک لەسەر دەسەڵاتی شەخسی و ئاوتۆریتێر دروست بوبێت.

6) ئاوتۆکراسی: شێوە دەوڵەت وحکومەتێک لەژێر فەرمانڕەوایی تاک دەسەڵاتدارێکدا.(ئاوتۆکرات: تاک دەسەڵات)

7) دەسەڵاتی سەربازی (میلیتاریزم): کاریگەریی دەسەڵاتی سەربازی لەکۆمەڵگەدا، یان بەسەر سیاسەتدا. خونتای سەربازی کە تەنیا لە دەسەڵاتی سوپا پێک هاتبێت. (میلیتەر ئۆلیگارشی).

8) فەناتیزم: دەمارگیری و بەدواکەوتنێکی کوێرانە (بۆنمونە: فەناتیزمی ئاینی لەئێران و لە فەرمانرەوایی تالیبان لەئەفغانستان).

9) دەسەڵاتی فیودالیزم (دەرەبەگ).

10) دیکتاتۆر: شێوەیەکی دەسەڵات کە گەل تێیدا مافی دیموکراتی نیەو دەسەڵاتی دەوڵەت دەسەڵاتی زەبروزەنگەو دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی تێیدا دەسەڵاتێکی سنوردار نەکراوە.

11) ئەبسۆلوتیزم (ئیستیبداد): بونیاتنانی سیاسیە، کە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابێت: دەسەڵاتی دەوڵەت هیچ سنورێکی یاسایی، یان نەریتی بۆ دانەنرێت (دەسەڵاتی بێسنوری موتلەقی مۆنارشێک).

12)سیستەمی سیاسی مەرکەزی: بەپێچەوانەی سیستەمی فیدرالی یان لامەرکەزی هەموو بریارێک لەلایەن مەرکەزەوە دەردەکرێت، بۆنمونە قۆناغی فەرمانڕەوایی حیزبی بەعس لە عێراق[1]. دەسەڵاتی مەرکەزی و دیموکراسیەت دوو شتی نەگونجاون پێکەوە.

[1] سۆسیۆلۆژیای سیاسی، وانەی سۆسیۆلۆژیای سیاسی کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکانی زانکۆی سلێمانی لەلایەن د.سالار باسیرە، لێکچەری چاپ نەکراو، 2007.

13) فاشیزم: شێوەیەک لەدەسەڵاتی ناتسیۆنالیستی دەمارگیرو ڕاستڕەوی ڕادیکالی دژە دیموکراتە، دیکتاتۆرەو زۆربەی کات ئاوتۆکراتە. (دەسەڵاتی فاشی مۆسۆلۆنی لە ئیتالیا، فاشیزم لە ئەڵمانیای نازی). دەسەڵاتێکە هیراکیە، ڕێکخراوێکی حیزبی و پڕەنسیپی سەرۆک. دژی هەردوو ئەفکاری لیبەرالیزم و سۆسیالیزمە. ئامانجی پێکهێنانی ڕژێمێکی ئاوتۆریتێر، یان دەوڵەتێکی تۆتالیتێرە (دەسەڵاتی شمولی). پراکتیزەکردنی تیرۆر وەک ئامرازی سیاسەت و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ. پەنابردنە بەر مامەلەی سەربازی بە شێوەی ڕێکخراو[1].

14) تۆتالیتاریزم: یەکێکە لە شێوازەکانی سیستەمی سیاسی و لە سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و لە سالانی بیستەکان و سیەکان بەکارهات بۆ سیستەمە سیاسیەکانی نازی ئەڵمانی و فاشی ئیتالی و بۆلشەڤیکەکانی یەکێتی سۆڤیەت. ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کە سیستەمی تۆتالیتێر دروستی دەکات دەلکێندرێت بە دیکتاتۆریەتی تۆتالیتێرەوەو دەخرێتە ناو ئەو بازنەیەوە کە لەلایەن (کارل فریدریش، CARL J. FRIEDRICH)ریزبەندی کراوە بە شەش خالی بریاردەر: (ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەسمیی) (یەک تاک حیزبی جەماوەریی) (سیستەمێکی تیرۆر) (مۆنۆپۆل کردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن) (کۆنترۆل کردنی سوپا لەلایەن حیزب) (ئابووریەکی ناوەندیی قیادەکراو)[2].

باسی دوەم

سیستەمە سیاسیە لامەرکەزیەکان

1) سیستەمی لامەرکەزی پارێزگاکان

2) سیستەمی فیدرالی

جیاوازی مەرکەزیەت لەگەل فیدرالیەتدا لە دوو خالدا خۆی دەبینێتەوە:

- لە مەرکەزیدا یەک دەوڵەت هەیە بۆ یەک گەل. لە یەک نیشتماندا کاروباری ئیدارەی دەسەڵات ڕێکدەخات. یەک دەستوری تێدایەو دەسەڵات لەنێوان مەرکەزو یەکەکان یان ناوچەکان دابەش دەکات.
- لەکاتێکدا لەفیدرالیەتدا چەندین هەرێم و ویلایەت دەچنە نێو ئیتحادێکەوە کە هەر ویلایەتێک (هەرێمێک) دەست لە بەشێک لە سیادەی ناوخۆی خۆی و هەروەها لەسەرجەم سیادەی دەرەوە بۆ بەرژەوەندی کیانە ئیتحادیە فیدرالیەکە هەڵدەگرێت. دەوڵەتی ئیتحادی بەرپرسە لە سیادەی دەرەوەو هەندێ لایەنی نێوخۆش وەک بەرگری، دراو، سنوری

[1] Kleines Lexikon, S. 120-121

[2] هەمان سەرچاوە، ل. 101 .

نێودەوڵەتی، لەکاتێکدا بەشەکانی تری ئیتحاد ( هەرێمەکان، ویلایەتەکان) سەربەخۆیە بۆ کاروبارەکانی تری نێوخۆ.

- لە لامەرکەزیدا یەک دەسەڵات دابەشە لەنێوان مەرکەزو ناوچەو پارێزگاو یەکە ئیداریەکانی یەک دەوڵەتدا.

- هەرێمەکان یان ویلایەتەکان لە دەوڵەتی فیدرالی یەکەی دەستورین، نەک یەکەی کارگێڕی هەروەک ئەوانەی پارێزگاکان لەدەوڵەتی یەکگرتودا هەیانە.

- سەرجەم کاروبارەکانی دەسەڵات لە ناوچە لامەرکەزیەکاندا لەلایەن دەستوری نیشتمانیەوە رێکدەخرێت و هەر هەرێمێک حوکمداریی خۆی دەکات کە لەسەر رێکەوتنامەو تێگەیشتنی نێوان مەرکەزو دانیشتوانی ئەقلیمەکەیە. (دەوڵەتە ئیتحادیە فیدرالیەکان) هەر یەکێکیان دەستورە تایبەتیەکەی خۆی دەپارێزێت و تەنازولیش لە کیانی نێوخۆی ئیتحاد لە هەندێ لەبەشەکانی دەسەڵات دەکات بۆ بەرژەوەندی کیانی ئیتحادی[1].

بابەتی دوازدەهەم

به هەرێم (کانتۆن) کردنی پارێزگاکانی باشوری کوردستان لە ناو یەکێتییەکی نەتەوەیی‌و نیشتیمانیدا

ناوەڕۆک

- پێشەکی
- ئەم پرۆژەیە بۆچی؟
- سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە
- پارێزگای سلێمانی وەک نمونە
- باری ئابووری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم (کانتۆن)
- ئەزمونی سویسرا
- مۆدێلی بەلجیکا
- ڕێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان
- دەستوری عێراق (ماددەی 119)
- فیدرالی بۆ عێراق، مەرکەزیەت بۆ کوردستان
- سیستەمە سیاسیە لامەرکەزیەکان

[1] نبیل عبدالرحمن حیاوی، اللامرکزیە و الفیدرالیە، بغداد،2006، ص. 48. مۆدیلی بە موئەسەسە کردن تەنانەت لە پێشکەوتوترین دەولەتی عەرەبیدا دژە قورساییەک بەرامبەر بە دەسەلاتی ئۆتۆکراسی دروست نەبووە.

پێشەکی

ئەو دنیابینیە خۆسەپێنەی کە لەپشت ویستی دەسەڵاتە بۆ حوکمو بەڕێوەبردنێکی مەرکەزی دەمێکە بۆتە ستراتیژێکی سیاسییو تائێستاش، ئەگەرچی لە رواڵەتدا پەرلەمانو حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمیی هەیە، بەڵام بەکردارو لە بنەڕەتدا پرۆسەی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان دابەشبوونە ئیدارییەکەی سەردەمی شەڕی ناوخۆی وەک خۆی هێشتۆتەوە، هەڵبەت ئەو پرۆسە دابەشکارییەی شەڕی ناوخۆ ئەو راستیەی یەکلاییکردەوە، ئێستاش بەچەشنێکی تر درێژەی پێدەدرێ.

لەژێر رۆشنایی ئەو راستییەو وەک پێویستییەکی ژیارییو سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووری و ئیداری، هەروەک بەشێک لە ئەزموونی پەیڕەوکراوی جیهانییو چارەسەرێکی لۆژیکیی، دەشێت ئەگەرەکانی بە (کانتۆن) کردنی ـ فیدرالی سەربەخۆ، وەک ئەگەرێکی پێویست لە کوردستان و بۆ پارێزگاکان پەیڕەو بکرێت، بەتایبەت لەدۆخێکدا، کە قۆناغی دابەشکاریی ئیداری، بەتەنها نەبۆتە هۆی دابەشکردنی کوردستان لەروویی کارگێڕییەوە، بەڵکو هاوکات دنیابینی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریشی لەگەڵ خۆیدا دابەشکردووەو هەریەک خستنەوەیەک لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە شکستخواردووەی ئێستا جگە لە قەیرانی سیاسییو ئابووریی هیچی تری لێناکەوێتەوە، هەربۆیەش بەهەرێم کردنی (سلێمانی)، (هەولێر)، (هەڵەبجە)، (دهۆک) دەشێت لەو چارەسەرییە نوێیەی لە ئەزموونی وڵاتان سەرکەوتنی هێناوە بکرێنە کانتۆنی سەربەخۆ، لە راستیدا ئەو مۆدێلە بۆ پارێزگای کەرکوکیش هەر راستەو لیرەدا دەکریت و بۆ رەوینەوەی هەندیک ترس و بیرکردنەوەی سیاسیش کەرکوک و سلیمانی، یان هەلەبجەش لەکەلیدا بکریتە هەریمیکی سەربەخۆ، و پایتەختی هەریمەکە ش کەرکوک یان سلیمانی بیت.



هەروەها دەکرێ هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک بکرێتە یەک هەرێم، هەرچەندە ئەوە بە هۆی واقیعە جیاوازەکانی نێوان ئەم دوو پارێزگایە بە دوور دەزانرێت.




ئەو فرە هەرێمییەش بێگومان لەناو جوگرافیایەکی (فیدراسیۆنێکی) سەربەخۆی کوردستان، تەنانەت لە ئایندەدا لەناو دەوڵەتێکی کوردیدا، کە خواستێکی ریالیستانەی نەتەوەی کوردە، مۆدێلێک بێ ئەوەی کاریگەریی خراب لەسەر یەکێتیو هەستی نەتەوەییو نشتیمانی دروست بکات.

لەراستیشدا بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی جددیو بەجێ لەبەرامبەر ئەگەرەکانی سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە بکرێت، دەبێت لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەزموونی دیکەی وڵاتان قسە بکرێت، ئەو ئەزموونانەی کۆمەڵگەی فرە چەشنو جوگرافیای جیاوازیان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی گرنگترو گەورەتروە گۆڕیووە.

ئەم پرۆژەیە بۆچی؟

قەیرانە کەڵەکەبو و هەمەچەشنەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی بیستو هەشت ساڵی رابردوودا، نەک هەر ئاسۆی چارەسەرییان بەو شێوە دابەشبوونو بەڕێوەبردنە نییە، بەڵکو رۆژ بەرۆژ تادێت قەیرانەکان ئاڵۆزتر دەبنو بەرەنجامی ئەو قەیرانانەش دابەشبوونو سنوورە دەستکردە سیاسییەکە گەورەتر دەکەن. لای هەندیک دەستبردن بۆ دابەشکردنێکی کارگێڕیانەی هەرێم لەسەر بنەمای لامەرکەزیەت و بەکانتۆکردنی پارێزگاکان وەک مەترسی دابەشکردنی کوردستان لێک دەدرێتەوە، لەکاتێکدا ئەوەی سیاسەت و سیاسییەکان لەرابردو و ئێستادا دابەشیانکردووەو دابەشی دەکەن، ئەو پرۆژەو دنیابینیە بۆ بە کانتۆکردنی پاریزگاکان جارێکی تر پرۆسەی یەکخستنەوەی کوردستان لەچوارچێوەی فیدراسیۆنێکی نەتەوەیی راستەقینەدا

دروست دەکات. ئەوە سەرباری سوودە سیاسییو نەتەوەییەکانی، لەروی کارگێڕییو ئابووریشەوە، چیتر هاوڵاتیو هاونشتیمانی باجی ئەو قەیرانە سیاسییە دروستکراوانە نادەن، کە لە بنەڕەتەوە هۆکەی لە دابەشبوونە سیاسییو دوو ئیدارەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە. خۆئەگەر وەک واقیع بۆی بڕوانین هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیە. هەروەک ئەوەی دوو هەرێمی جیاواز بێت لەیەکتر هەرچەندە بە ناوی یەک پەڕلەمانو یەک حکومەتی هاوبەشەوە قسەدەکرێ.




بادینان (پارێزگای دهۆک) بە کردەوە لە لایەن پارتیەوە مامەڵەی هەرێمێکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێو هەموو شتێکی لە سۆران جودایە تەنانەت ئالوگۆڕی نوسین لە نێوان دائیرەکانیداو خوێندنی قوتابخانە لە بادینان بە زاراوەی بادینیە، کەواتە لێرەدا خاوەنی زمانێکی ستانداریش نین بۆ تەواوی هەرێمی (باشوری) کوردستان.



سودەکانی ئەم فرە هەرێمیە (کانتۆنیە) فیدرالیە:

(1 دەبێتە هۆی دابەشبوونی دەسەلاتو ڕێگر دەبێت لە چڕبوونەوەی دەسەلاتو مەرکەزیەت لە دەستی لایەنێکدا.

(2 فیدرالیەتو فرە هەرێمیی وەک خۆی دەبێتە بەهێزکردنی دیموکراسیەتو سەقامگیریی سیستەمی سیاسیو کەمکردنەوەی گەندەڵی بەلام دیموکراسیەتو سەقامگیریی مەرجی پێشوەختیشن بۆ دروستبوونی سیستەمێکی فیدرالی لامەرکەزی تەندروست.

(3 سودێکی تری ئەم فرەهەرێمیە دروستبونی کێبرکێیە لە نێوان هەرێمەکان (کانتۆنەکان)و بە ڕوونی دەردەکەوێت کام لا توانیویەتی بوارە جیاوازەکانی ژیان ببوژێنێتەوەو ببێتە مۆدێلێکی باشتری حوکمرانی بۆ هەرێمەکەی (کانتۆنەکەی) خۆی.

(4 دەبێتە هۆی ئاسانکردنی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان. هەروەها بەڕێوەبردنی هەرێمەکە لەلایەن خەلکی ناوچەکە خۆیەوە ئەنجام بدرێ کە لە ڕووی کەلتوریو کۆمەلایەتیو سیاسیەوە نزیکە لێوەی.

(5 خەلکی ناوچەکە باشتر ئاشنان بە کەلتورو سیاسیەکانی ناوچەکەی خۆیان وەک لەوەی کە ئاشنا نین بۆنمونە ناوچەی سلێمانیو هەلەبجە بەوانەی دهۆکو بادینانو هەروەها بە پێچەوانەشەوە. دیاردەیەکی خراپ بەلام لە ئەنجامی ئەقڵی دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە خولقێندراوە.

(6 بۆنمونە پارێزگای سلێمانی دەبێتە هەرێمێکی سەربەخۆو دەبێتە خاوەن پەڕلەمانێکی هەلبژێردراوی خۆیو حکومەتی هەرێمی خۆی بە وەزارەتە پێویستیە هەرێمیەکانیەوە.

(7 لەم شێوازی سیستەمەدا دابینکردنی لامەرکەزی بۆ شارۆچکەو ناحیەو قەزاکان لەچوار چێوەی ئەو کانتۆنەدا (هەرێمەدا) بەپیی سیستەمی لامەرکەزی فیدرالی.

(8 هەر هەرێمە (کانتۆنە) توانای بەسەر ئیدارەکەی خۆیدا باشتر دەشکێتو کاری دانیشتوان خێراتر بەڕێوەدەچێتو کێشەو پێداویستیەکان (ئابووری، کۆمەلایەتی، ئیداری، پەروەردە، ژینگە..) باشتر دەبینرێن.

(9 هاوڵاتیان دەتوانن بەهۆی کورتی ڕێگەکان لەم سیستەمی فرە هەرێمیە فیدرالیەی کوردستان زووتر پەیوەندی بە سیاسەتمەدارو دامودەزگاکانەوە بکەنو لە پرۆسەی سیاسی زۆرتردا بەشداربن، هەروەها ڕێگەی فشاری جەماوەرییش کورتترو کاریگەرتر دەبێت. دیاردەیەک دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی زۆرێک لە گرفتەکان.

(10 ئەو تۆمەتبار کردنانەش کە هەن لە نێوان هەولێرو سلێمانیدا کەمتر دەبنەوەو ئەو کات دەردەکەوێ حیزبەکانی ناو ئەو هەرێمە تاچەند توانای دروستکردنی سیستەمێکی سیاسیو هەرێمایەتیو ئیداریی کارای هەیە بۆ چارەسەری کیشەکانی هاوڵاتیانی ناو هەرێمەکەی.

(11 لەم سیستەمی فرەهەرێمیە (فرە کانتۆنیە) فیدرالیە لامەرکەزیەدا مەترسی لایەنێک بۆ سەر ئەوەی تر کەمە.

(12 لەم سیستەمەدا هەریمەکان هەمان ئەو دەزگایانەیان هەیە وەک ئەوانەی لە دەوڵەتی ئیتحاد هەن (پەڕلەمان، حکومەت، دادوەری... تاد). هەلبژێردەر بە پێی بڕیاری پەڕلەمان هەر چوار ساڵ جارێک، لەناو ئەو هەرێمەی تێیدا تۆمار کراوە پەڕلەمانی هەرێمەکەی خۆی هەڵدەبژێرێتو هەروەها توانای چاودێری کردنی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئاسانتر دەبێتو خوێندنەوەی باشتری بۆ دەکرێت.

(13حیزبە سیاسیەکانی ناو هەرێمەکان (کانتۆنەکان) دەتوانن چۆنایەتی سەرکردەبوون لە هەرێمەکانیاندا تاقیبکەنەوەو بەم هۆیەوە دەتوانن مومارەسەی سیاسەت لەسەر ئاستی "ناوەند" بەرز بکەنەوە وەک ئەو پێکهاتە سیاسیە جیاوازانەی هەرێمی کوردستان ئێستە لە بەغدا پیادەی دەکەن. بۆ کورد لە باشوری کوردستان پیادەکردنی فەرمانڕەوایی سیاسیو مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێم ئەزمونێکی گرنگە بۆ مامەلەکردن لەگەل دەولەتی ئیتحادیدا، یان لە دواڕۆژدا لەگەڵ ئەنجومەنی فیدرالی عێراق (ئەنجومەنی هەرێمەکان) هەروەها ڕۆژگارێک لە دەوڵەتێکی کوردیدا.

(14 لەوانەیە زۆرێک لە کێشمەکێشی ناو ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەم ڕێگەیەوە کەم بێتەوە.

(15 بە پێی ئەزمونی دەوڵەتە فیدرالیەکان، هەرێمەکان یان کانتۆنەکان بۆیان هەیە بە پێی پێویستی هەرێمەکەیان هەندێک یاسا دەربکەن گونجاو لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکەی خۆیدا، بۆنمونە لەسەر ئاستی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

(16 ئەم مۆدیلە کێشمەکێشی بودجەو نەوتو وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکرێ کەمبکاتەوە لەوەدا بۆنمونە هەرێمی تازە دروستبووی سلێمانی بودجەی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەغداوە بۆ دێتو هەریم داهات و خەرجیەکانی دەخاتە روو. . ڕێگەیەک بۆ ڕزگار بوون لەو کێشمەکێشانەی پارتی لەگەڵ بەغدا دروستی کردوون بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە بە تایبەت پرسی نەوت. هەرێمە (کانتۆنە) نوێکە دەتوانێت مامەلە لەگەڵ سامانە سروشتیەکانی ناو هەرێمەکەی خۆی بکات بە پێی یاسا فیدرالیەکانی ناوەند. ڕزگار بونێکیش دەبێت لەو تۆمەتانەی ئێستە لە نێوان هەولێرو سلێمانیدا هەیە بەرامبەر بە پەراوێز خستنی پارێزگای سلێمانی.

(17 لێرەدا دەبێت سەرجەم حیزبە سیاسیەکان توانای سیاسیو جەماوەریی خۆیان لە ناو ئەو هەرێمەدا تاقی بکەنەوە بە حیزبە گەورەو بچوکەکانیشەوەو کۆتایی هێنانیکیش بێت بە حیزبەکانی سێبەر.

(18 هەر هەرێمە مامەڵەی خۆی لەگەل ئێتنیکو کەمایەتیە کەلتوریو ئاینیەکانی ناو هەرێمەکەی خۆی دەکات لە پێدانو ڕێکخستنی مافەکانیان و ئەوەش بەپیی یاسا ریک دەخات.

(19 هەرێمی (کانتۆنە) نوێکان، بۆنمونە سلێمانیو هەڵەبجە سیستەمی سەرۆکایەتی لابەرێتو دەسەلاتەکان بەسەر پەرلەمانو حکومەتدا دابەش بکات.

پارێزگای سلێمانی وەک نمونە

سەبارەت بە هەرێم (کانتۆن) بوونی پارێزگاکانی هەرێم پێویستە پەنا بۆ رێکارە مەدەنیو یاساییەکان ببرێت ئەویش وەک هەنگاوی یەکەم بە رێگەی ئەنجومەنی پارێزگاوە بە پێی یاسا نوسراوەکانی دەستوری عێراقی. رێگەیەک بۆ بە دەست هێنانی ئارامیو ئاشتیو دادپەروەری کۆمەلایەتیو ئاسایی کردنەوەی دۆخی پارێزگاکە و پارێزگای سلێمانیش سوودمەند دەبێت لەم بیرۆکەیە. بەم رێگەیەوە دەکرێ مەترسی شەڕی ناوخۆش دوور بخرێتەوەو بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، و هەڕەشەی لایەنێکی تر بۆ سەری دەکرێ پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی سلێمانی، یان هەریمە نوێکان بڕیاری خۆی بەرامبەری دەربکات وەک ئۆرگانێکی یاساییو دەستوریی وشەرعیەتی یاساییو جەماوەریی بدات بە خۆی بۆ هەر بەرگریکردنێک لە بەرژەوەندی هەرێمەکەی.




هەر پارێزگایەک دەتوانێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئەم مافە لەماددەی 115ی دەستوری عێراقدا هاتوەو دەلێت: "هەر پارێزگایەک یان زیاتر مافیان هەیە هەرێمێک پێکبێنن لەسەر داوایەک کە راپرسی لەسەر بکرێت، بە یەکێک لەم دوو رێگەیانە پێشکەش دەکرێت:

یەکەم: داوایەک لەسێ یەکی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێک لە ئەنجومەنەکانی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت هەرێم پێک بهێنن.

دووەم: داوایەک لە دەیەکی (10/1)ی دەنگدەران لەو پارێزگایانەی دەیانەوێ هەرێم پێک بهێنن. دواتر لە ڕاپرسیەکداو بەپێی دەستور دەکرێ ئەم داوایە ببێتە واقع. پارێزگای سلێمانیو...هتد. دەتوانن سوودمەند بن لەم یاسا نوسراوەی پەڕلەمانی ئیتحاد کە کورد خۆشی دەنگی پێداوە. ئەوە ڕەفتاری چەوتی حیزبە کوردیەکانە بەرامبەر بە کەرکوک بووە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی هەرێمی سەربەخۆ لای کەرکوکیەکانیش.

باری ئابووری پارێزگای سلێمانی بۆ بوون بە هەرێم (کانتۆن)

لە راپۆرتێکی تایبەتی ڕێکخراوی دۆر سەبارەت بە نەوتو گازی پارێزگای سلێمانی کە لە مسای 2015 بلاوکراوەتەوە، هاتوە: پارێزگای سلێمانی خاوەنی 70% ی نەوتی هەرێمەو 15% یەدەگی نەوتی عێراقە. دوەم پارێزگای عێراقە دوای بەسرە لە ڕووی یەدەگی نەوت و گازی سروشتیو بەشێکی زۆری ئەم ڕێژەیە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیان. کەواتە پارێزگای سلێمانی لە ڕووی ئابووریشەوە، نەوت و بواری کشتوکالو پیشەسازی محەلیو. . تاد. لە توانایدایە کێشە ئابووریو داراییەکانی خۆی چارەسەر بکاتو دانیشتوانی هەرێمەکەی خۆی خۆش گوزەران بکات ئەگەر دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو خاوەنی سیستەمێکی سیاسیو ئابووری ئەقلانی بێت.
پاریزگای سلێمانی پەراوێز خراوە هەروەک پارێزگاکانی بەسرەو ئەنبار هەربۆیە کاردانەوەکانیش لای ئەمانە بەهێزە بۆ دروستبوونی هەرێمی سەربەخۆ.

ئەزمونی سویسرا
سویسرا کە لەچەندین نەتەوەو ئێتنیک پێکهاتوە خاوەنی 26 کانتۆنە (شەشیان نیو کانتۆنە). زۆرینەی دانیشتوانی سویسرا لە ناوچەی زمان ئەڵمانەکان دەژی کە شارو شارۆچکەکانی دابەشکراوە بەسەر 18 کانتۆندا (هەرێمدا، خۆبەرێوەبەریدا). وەک ئەوە وایە بوترێ پارێزگاکانی باشوری کوردستانو شارۆچکەکانی وەک گەرمیان (کەلارو کفری)، ڕانیەو کۆیەو قەلادزەو چەمچەمالو سۆرانو زاخۆو. .تاد. لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کە فیدرالیزمی کردۆتە دروشمی خۆی بەسەر کۆمەڵێک کانتۆندا دابەش بکرێتو ئیدارەو خۆبەرێوەبەری لامەرکەزیو بودجەی خۆیان هەبێت بێئەوەی کاریگەریی لەسەر کورتهینانی هەست و هوشیاری نەتەوەییو نیشتیمانی هەبێت، باشترین مۆدێل بۆ ئیدارەو چارەسەری کێشەکانیان کە خۆیان باشتر لیی تێدەگەنو ڕێگە بیرۆکراتیەکانیش کورت دەکاتەوە.

دانیشتوانی هەریمی (کانتۆن)ی Zürich بریتیە لە ملیۆنو نیوێک بەلام کانتۆنی Uri دانیشتوانەکەی بریتیە لە 35.000 کەسو هەردوکیشیان کانتۆنی سەربەخۆنو سیستەمەکەش دەڕوات بە ڕێگەوە. ڕێژەی کەمە نەتەوەو ئاینی ریتۆرۆمانیش کە دەکاتە 0.5% ی دانیشتوانی سویسرا بچوکترین گروپی زمانی سویسریە (وەک تورکومانو مەسیحیەکان لە عێراقو لە کوردستان) بەلام خاوەنی ئاوتۆنۆمی کەلتوریی خۆیانن.

پەرلەمانەکانی کانتۆنەکان کە ژمارەی ئەندامەکانی لە نێوان 49- 180 یە، بە پێی ژمارەی دانیشتوانی دیاری دەکرێت. ئەمانە ئاسایی لەلایەن گەلەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەلام لە کانتۆنەکانی Freiburg und Waadt بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

لەم تێڕوانینەوە دەکرێ ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی کانتۆنی (ئیدارەی) سلێمانی، هەولێرو دهۆک یان هەڵەبجە دیاری بکرێت. حکومەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی یاساکان. ئەو یاسایانەی کە پەرلەمانو گەل بڕیاریان لەسەر داوە. لێرەدا دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە بە کانتۆن کردنی ناوچەکانی تری وەک شەنگال و گەرمیانیش لەگەل پێویستی بوون و لۆجیکدا یەکدەگرێتەوە.



ئامادە کردنی لە لایەن نوسەرەوە




هەرێمەکانی (کانتۆنەکانی) سویسرا

مۆدێلی بەلجیکا:

بەلجیکا دەوڵەتێکی فیدرالیو فرەنەتەوەیەو لە دوو فیدراسیۆنی هۆلەندی زمانو فەرەنسی زمان پێکهاتوە کە بریتین لە ناوچەی فلاندەرن (هۆڵەندی زمان) و سنوریان بە هۆڵەنداوە هەیە. ناوچەی ڤالۆن (فەرەنسی زمان)، سنوریان بە فەرەنساوەیە. هەر فیدراسیۆنێکیش لەم دووانە پێنج پارێزگای هەیەو کراون بە پێنج هەرێمی سەربەخۆ لە ناو فیدراسیۆنە یەک نەتەوەییەکەدا، لەناو دەولەتێکی ئیتحادی بەلجیکادا.

بەم جۆرە دەکرێ باشوری کوردستانیش، لانی کەم لەم دۆخەی ئێستەدا هەرێمی کوردستان بکرێتە فیدراسیۆنێکی کوردیو لەناو ئەم فیدراسیۆنەدا پارێزگاکانی بکرێنە هەرێم یان کانتۆنی سەربەخۆ. ئەڵمان زمانەکان لە بەلجیکا لە ناوچەیەکی ئاوتۆنۆم ئەژینو سنوریان بە ئەڵمانیاوە هەیە، بەلام وەک هەرێمێکی تایبەت دیارینەکراوەو بە "کۆمەڵەی زمان ئەڵمانەکان" ناودەبرێن. ژمارەیان تەنیا 76 هەزار کەسەو لە ناوچەیەکی جوگرافی بچوکدا دەژین لە ڕووبەرێکی 854 کم دوجا. ژمارەی پەرلەمانتارەکانی بریتیە لە 25 و حکومەتیش لە 4 وەزیر پێکهاتوە. ئەم ناوچەیە

هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بە بەلجیکا نەبوو، بەلکو سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیا بوو. دیارە فاکتەری ژمارەی دانیشتوانو بچوکی شوێنە جوگرافیەکەیان هۆیەکە کە بەناوچەی چوارەمی بەلجیکا ناونەبراوە. رێژەی دانیشتوانی بە بەراورد بەدانیشتوانی سەرجەم بەلجیکا 1% کەمترە بەلام خاوەنی پیادەکردنی مافەکانی خۆیەتی. ئەزمونی ئەم کەمایەتیەی بەلجیکا دەشێت وەک مۆدێلێک وەربگیرێت بۆ تورکمانو مەسیحیو ئێزیدیو هەموو ئاینو ئاینزاو پێکهاتە ئیتنییەکانی تری عێراق بە باشوری کوردستانیشەوە، بەلام بێگومان لێرەدا گرنگە ژمارەی ئەو کەمایەتیانە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیدا ئەو مەرجە بەدی بهێنێت. ڕاستە، بۆنمونە مەسیحیەکان، یان تورکومانەکانی کوردستان پەرشوبلاون، بەلام ئەگەر بڕوانینیە مۆدێلەکەی سویسرا ئەوا چارەسەر هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەو کەمایەتیە پەرشو بلاوانەش. کەواتە لێرەدا هەمان مۆدیلی سویسراشمان هەیە.

ڕێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان

رێگری یاسایی نیە بۆ بە هەرێم بوونی پارێزگاکانی باشوری کوردستان. لە بەشی پێنجەمی دەستوری عێراقدا لە ماددەی 116دا هاتوە: "هەرێم دەستورێک بۆخۆی دادەنێت کە دەسەلاتو ئەرکەکانو شێوازەکانی کارپێکردنیان دیاری بکات بەجۆرێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستورەدا"، بەواتا لەگەل دەستوری عێراقدا.

(1 بەلام ئەگەر هەردوو دەستوری هەرێمی کوردستانو ئەوەی دەسەلاتی فیدرالی ئیتحاد لە بەغدا بەراورد بکەین بە یەکتر ئەوا سەبارەت بە دەسەلاتەکانی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆنمونە گرێبەستە نەوتیەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێمی کوردستان لە دەستورەکەیدا مافێکی تری بەخۆیداوە لەسەر ئەم ئاستە وەک لەوەی دەسەلاتی فیدرالی ئیتحادی بەغدا نەیداوە پێی. (بڕوانە ماددەی نۆی دەستوری هەرێمی کوردستان). لەوانەیە ئەوەش یەکێک بێت لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان بەغداو هەولێر. ئەوە دەکرێت بۆنمونە لە هەرێمی سلێمانیدا چارەسەر بکرێتو ببێتە هۆی چارەسەریکی بەرچاو لەو کێشە لەسەرانە.

لێرەدا حکومەتیکی هەرێمی (کانتۆنی) سلێمانی بەلام گونجاو لەگەڵ دەستوری عێراق بۆی هەیە هەندێک لە پەیوەندیە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکانی خۆی دروست بکات بۆنمونە لەسەر ئاستی بازرگانیو نەوتیش.

(2 خالێکی تری گرنگ بۆ پتەوکردنی پێگەی هەرێمو پارێزگاکانی عێراق کردنەوەی نوسینگەیە. .. لە مادەی 118ی دەستوری عێراقدا هاتوە: "نوسینگە بۆ هەرێمو پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵیۆزخانەو قونسولگەریەکاندا بۆ بەدواداچوونی کاروباری کەلتوریو کۆمەلایەتیو گەشەپێدان". هەرێمی (هەرێمەکانی، کانتۆنەکانی ئایندەی کوردستان) دەتوانن سوود لەم یاسایە وەربگرن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە دبلۆماسیو کەلتوریو ئابووریەکانی خۆی. کارێک کە

دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەنجامی نەداوە. لەبری ئەوە نوێنەری حیزبو حکومەتی هەرێم هەن لە دەرەوە کە تەنیا نوینەرایەتی حیزبو خیزان و سەرۆکەکانیان دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان خۆی لە دەستورەکەیدا ئاماژەی پێداوەو لەماددەی 10، فەقەرەی 2 دا هاتوەو وەک مافێکی دەستوریو بنچینەیی هەرێمەکە ئاماژە پێدراوەو دەڵێت: "هاوبەشی کردنی لە پۆستو فەرمانبەرایەتیەکانی فیدرالی بە شێوەیەکی هاوشانو ڕێژەیی". ئەو کاتە هەریمە نوییەکان بۆنمونە هەریمی سلێمانی دەتوانن بەم کارە دەستوریە هەستن، بە تایبەت کە ئێستە تەواوی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لە دەستی (پ. د. ک) دایە. بەلام هەموو ئەوانە ئەگەر دەسەلاتی سیاسی هەرێمە نویکان دەسەلاتێکی تەندروست بن، نەوەک دوبارە کردنەوەی هەمان مۆدیلە تەقلیدیەکەی ئێستای هەریمی کوردستان.

(3 ڕێگری دەستوریی نیە بۆ کردنەوەی قونسولگەریو نوێنەرە دبلۆماسیە نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمە نوێکاندا، دیاردەیەک نەک هەر کاری وەرگرتنی فیزە ئاسان دەکات بۆ هاولاتیانی ئەو هەرێمە بەڵکو پەیوەندیە دبلۆماسیەکانی هەرێم (کانتۆنە) نوێکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش دروستدەکات، ئەوە لە کاتێکدا شاری سلێمانی خاوەن فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتیە دیاردەیەک کە بە گشتی بە سوودی نەتەوەیی دەگەرێتەوەو پەیوەندیەکانی دەرەوەش بۆ کورد بەهێزتر دەکات.

(4 ئاسایی لە دەوڵەتی فیدرالیدا ناوەند بەرپرسە لە بابەتی جەنگو پاراستنی تەواوی دەوڵەت لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی، بەلام لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستەی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەیە خاوەن هێزی چەکداری خۆیەتی بە تایبەت کە هێزە چەکدارەکان لە کرداردا نیزامی نین بەڵکو بە پێوەری حیزبی بەرێوە براوە تەنانەت لە شەڕی دژ بە داعشیشدا، هەربۆیە ئەو لایەنانە دەتوانن لە هەرێمە نوێکەی خۆیاندا هەروەک ئەوەی ئێستە هەیە ناوچەکەی، هەرێمەکەی خۆیان بپارێزن.. بەلام دەکرێ لە نێوان هەرێمە (کانتۆنە) کوردیەکاندا ئەوەندەی غیابی ناوەند هەبێت ڕێکەوتنی هاوبەش هەبێت بۆ بواری ئاسایشی نەتەوەییو نیشتیمانیو پاراستنی کوردستان، لێرەدا خالێکی ئیجابی هەیە لە کوردستان بەوەی شەڕی تائیفیو مەزهەبی تێدا نیە بە پێچەوانەی خواروی عێراق.

(5 هەر پارێزگایەکیش نەیەوێ ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەوا دەتوانێت بە پێی دەستوری عێراقی فیدرالی وەک پارێزگا بە سیستەمی لامەرکەزی بمێنێتەوە، بەلام پارێزگاکانی ئێستەی هەرێمی کوردستان بێ دەسەلات و مەشلول کراوون.

دەستوری عێراق، ماددەی 119

بەپێی دەستوری عێراق (ماددەی 119) هیچ ڕێگریەک نیە لە بریاری بە هەرێم بوونی پارێزگایەک بۆنمونە بەهەرێم بوونی پارێزگای سلێمانی. عێراق دەستورێکی هەیەو لەو

دەستورەدا مافی فیدرالیزم بۆ پارێزگاکان چەسپێندراوە. لە دەستوری عیراقدا هاتوە : "هەر کاتێک پارێزگاکان هەست بکەن کە مافو ئیرادەیان زەوت دەکرێت دەتوانن پەنا بۆ فیدرالی بەرن". بەلام بە پێی برگەی 3 ماددەی 2 ی ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان هاتوە "نابێت هەرێمێکی نوێ لەناو سنوری هەرێمی کوردستاندا دابمەزرێت". بریارێک پێچەوانەی دەستوری عێراقە، ئەو دەستورەی کورد خۆی دەنگی پێداوەو لە دەسەلاتەکەشی بەشداری کردوە لە دروستبونەوەی ئەم دەوڵەتە دوای ڕوخانی دەوڵەتی بەعس. ئەوە لە کاتێکدا کە دەستوری هەرێم کێشەی لەسەرەو ڕاپرسی گەلی لەسەر نەکراوە بەواتا شەرعیەتی نیە. لێرەدا پێویستە برگەی 3 ماددەی 2 لە دەستووری هەرێمدا لابرێت. بۆنمونە ئەگەر پارێزگای سلێمانی بیەوێت ببێتە هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ ئەوا بەپێی ماددەی 120ی دەستوری عێراقی بۆی هەیە دەستوری هەرێمیی خۆی هەبێتو هەروەها بە پێی ماددەی 121 ببێتە خاوەنی هەر سێ دەسەلاتەکان. بەم پێیەو بە پێی برگەی 3 ی ئەو ماددەیە دەبێتە خاوەن بودجەی خۆی لەلایەن حکومەتی ئیتحادیەوە ئەوەش بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمەکە. سامانە سروشتیەکان هی ئەو هەرێمە خۆیەتی. بەلام ئەوەندەی سامانە سروشتیەکان زۆر جیاواز بەسەر هەرێمەکاندا دابەش بووبن دەبێت ناوەند یەکسانیەک بەدەست بهێنێت بۆ ئەو هەرێمانەی تر کە ئابوورییان کورت دەهێنن، ئەوەش بەشێکە لە سروشتی دەوڵەتی فیدرالی. دروستبوونی هەرێمی زۆرتری فیدرالی لە عێراقدا فشارێک دەبێت بۆسەر دەسەلاتی ئیتحادیش (ناوەند) بۆ دروستکردنی ئەنجومەنێکی فیدرالی / هەرێمەکان (ئەو ئەنجومەنەی کە هەرێمەکان تێیدا نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن) و هەروەها دەبیتە هۆی دابەشبوونی دەسەلاتەکانیشو لاواز بوونی دەسەلاتی ناوەندو دوور کەوتنەوەیە لە دەسەلاتی مەرکەزی. ئەوە ئەوەندەی کورد بیەوێ لە ناو دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە.

ئەو بۆچوونەی ئەگەر پارێزگای سلێمانی ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێتە هۆی پەرتبوونی قورسایی کورد لە عێراقداو کاریگەریی لەسەر سەنگی نەتەوەیی دەبێت، لێرەدا دەبێت بوترێت کورد بە هۆی جۆری جیاوازی پەیوەندیە دەرەکیەکانیەوەو ململانێی حیزبی، لە بەغداش یەکگرتوو نەبووە. بوونی فرەهەرێمی لە کوردستان نابێتە ڕێگر بۆ قورسایی کورد لە بەغدا ئەگەر خاوەن ستراتیژیەکی نەتەوەییو نیشتیمانی هاوبەش بێت.




سیستەمی لامەرکەزی ئەمڕۆکە لە جیهانی هاوچەرخدا مۆدێلێکی گونجاوی فەرمانڕەواییەو جیهان لە سیستەمی مەرکەزیی بێزار بووەو داوای حوکمو بەڕێوەبەرایەتی لۆکالی دەکات.
مەرکەزیەت نەک تەنها کۆی ئەقلی سیاسیو سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراقی تەنیوە بەلکو لە هەرێمی کوردستانیشدا هێشتا لە ژیانی حوکمرانیو سیاسیو حیزبیشدا ئەقڵیەتو سیستەمی مەرکەزیو کەلتوری مەرکەزی زاڵە. کارەکانی هاوڵاتیانو پارێزگاکان ئەمڕۆکە لە سایەی ئەو دەسەلاتەی ئێستەدا لە هەرێمی کوردستانو بەپێی ئەزمونەکان لەسەر سیستەمی لامەرکەزی ناڕۆن بەڕێگەوەو سیستەمەکە سیمای سەنترالیزمی هەلگرتوە. ئەوە ناکۆکە بەخۆی دەسەلاتی کوردی ئیدیعای ئەوە بکات گوایە حوکمرانی مەرکەزیی لە عێراقدا قبوڵ ناکات کەچی لە کوردستاندا خۆی مەرکەزیەت پەیڕەو دەکات.

مەرکەزیەتو دیموکراسیەت دوو شتی ناکۆکن بە یەک. هەتا ئەمڕۆکەش هەندێک لە لایەنە عێراقیەکان بە کوردیشەوە کار بۆ دەسەلاتی مەرکەزی دەکەنو دژ بە دروستبوونی هەرێمی فیدرالین. کورد لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا گرفتاری سیاسەتی مەرکەزیەتو بەو هۆیەوە ڕوبەرووی زیان بۆتەوە. هەربۆیە مەرکەزیەت لە بەرژەوەندی کوردیشدا نیە. فکری مەرکەزیەت لە عێراقو لە کوردستاندا بە تەنها بۆ بەرژەوەندی نوخبەیەکی دیاری دەسەلات بووە.

سیستەمە سیاسیە لامەرکەزیەکان
(1 سیستەمی لامەرکەزی پارێزگاکان.
) 2 سیستەمی فیدرالی.
جیاوازی لامەرکەزی پارێزگاکان لەگەل ئەوەی فیدرالیەتدا لەم خالانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- لە لامەرکەزی پارێزگاکاندا یەک دەولەتو پارێزگاکان هەیە کە یەک دەستوری مەرکەزیی تێدایەو یەک دەسەلات دابەشە لە نێوان مەرکەزو ناوچەو پارێزگاو یەکە ئیداریەکانی یەک دەولەتداو کاروباری ئیدارەی دەسەلات رێکدەخات و لامەرکەزی پارێزگاکان هەیە.
- لە کاتێکدا لە فیدرالیەتدا چەندین (هەرێم /، کانتۆن، ویلایەت) دەچنە ناو ئیتحادێکەوە کە هەر هەرێمێک / کانتۆنیکی ناو ئیتحادەکە دەست لە بەشێک لە سیادەی ناوخۆی خۆیو هەروەها لە سەرجەم سیادەی دەرەوە بۆ بەرژەوەندی کیانە ئیتحادیە فیدرالیەکە هەڵدەگرێت. دەوڵەتی ئیتحادی (حکومەتی فیدرالی ناوەند) بەرپرسە لە سیادەی دەرەوەو ئەرکی سیاسەتی دەرەوە، دارایی، دراو، جەنگ، سنور، پاسپۆرت، ئاسایشی نەتەوەیی...تاد. لە کاتێکدا هەرێمەکان بەرپرسن لە بواری پەروەردەو ئاسایشی ناوخۆو پۆلیسو پەسەندکردنی بودجەی دارایی هەرێمو ژینگەو خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی... تاد.
- هەرێمەکان، کانتۆنەکان یان ویلایەتەکان لە دەوڵەتی فیدرالی یەکەی دەستورین نەک یەکەی کارگێری هەروەک ئەوانەی پارێزگاکان لە دەوڵەتی یەکگرتودا هەیانە. هەموو هەرێمێک دەستورێکی هەریمیی خۆی هەیەو هەروەها فیدرالیزم بە تەنیا بنچینەیەکی سیاسی نیە بەلکو ئابووریو کۆمەلایەتیو کەلتوریشەو فیدرالیزمیش بە گشتی وەک بەشیک لە سیستەمی سیاسی پێویستی بە ڕیفۆرم کردنو هەموار کردنەوە هەیە.
- سەرجەم کاروبارەکانی دەسەلات لە ناوچەی لامەرکەزی پارێزگاکاندا لەلایەن دەستوری نیشتیمانیەوە رێکدەخرێتو ڕێگە بەهەر پارێزگایەگ ئەدرێ کاروبارەکانی (الحکم المحلی) رێکبخات کە لەسەر ڕێکەوتنامەو تێگەیشتنی نێوان مەرکەزو دانیشتوانی ئەقلیمەکەیە. لە کاتێکدا دەوڵەتە ئیتحادیە فیدرالیەکان هەر یەکێکیان دەستورە تایبەتیەکەی خۆی دەپارێزێتو بریتیە لە دەستهەلگرتنی ئیتحاد لە هەندێ لە بەشەکانی دەسەلات بۆ هەرێمەکانو هەروەها هەرێمەکانیش بەهەمان شێوە بۆ بەرژەوەندی کیانی ئیتحادی.
- فیدرالی بۆ باشوری / هەرێمی کوردستان گرنگترە چونکە لامەرکەزی پارێزگاکان بە پێچەوانەی فیدرالی هەرێمەکان ئاسانتر هەڵدەوەشێتەوەو مەشلولو بە حیزبی دەکرین.
مۆدێلی خۆبەرێوەبەرایەتی هەریمیی (کانتۆنی) لامەرکەزی لۆکالیو پارێزگاکانو فیدرالیەت بۆتە چارەسەرێکی پێویست بۆ تەواوی دەوڵەتەکانی ناوچەکەش، تەنانەت بۆ هەر گەلێک تەنانەت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی، سیستەمی لامەرکەزی گرنگە بۆی.

بابەتی سیازدەهەم / سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیاو ئایندەی بەرەو کوێ

باسی یەکەم / سیستەمی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک وانەیەک
باسی دوەم / تورکیا لە سیستەمی پەڕلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی
باسی سێیەم / دەزانرێ دەنگ بە کێ دراوە بەڵام نازانرێت بە چی دراوە
باسی چوارەم
هەموار کردنی هەژدە یاساکەو سیستەمە سەرۆکایەتیەکەی ئاکەپە
باسی پێنجەم / سیستەمی دادوەریی لە تورکیای ئاکەپەدا
باسی شەشەم / چارەنوسی 80 ملیۆن لە یەک دەستدا
باسی حەوتەم / ئیرهابی دەوڵەت
باسی هەشتەم / پەل هاویشتن بۆ دەرەوەو دۆزینەوەی وێنای دوژمن
باسی نۆیەم / دین و عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی لای ئاکەپە
باسی دەیەم / وانەیەک بۆ هەرێمی کوردستان
وشەی کۆتایی

باسی یەکەم

سیستەمی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک وانەیەک

ئەو دیموکراسیەتەی سیستەمی سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پیادەی دەکات و لە وڵاتانی دیکە دوبارەکراوەتەوە جگە لە دۆزەخی سیاسی شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێناوە. باشترین نمونەش ئەزمونی وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەزمونی سەرۆکایەتیەکانی وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە لە ئێستادا یەک بەدوای یەکدا هەرەس دەهێنن.

"لە ویلایەتە یکگرتوەکانی ئەمریکا ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی یاسایی هەیە کە دەبنە قەلغانێکی یاسایی لەبەردەم هەژمونی دەسەڵاتخوازی سەرۆکدا. کۆنگرێس کە گوزارشت لە دامەزراوەی پەڕلەمان دەکات و لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران پێکهاتوە، دوو دامەزراوەی بەهێزو سەربەخۆن. دوو ئیستگەی سەرەکین لەبەردەم دەسەڵاتەکانی سەرۆکدا. ئەمە جگە لە دادگای باڵاو دادگای دەستوری، هەروەک میدیاش یەکێکی دیکە لە دامەزراوەکانی ڕاگرتنی دەسەڵات لە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەمریکادا. سەرباری ئەوانەش کۆمەڵگەی مەدەنی و گروپەکانی فشارو جولانەوەی شەقام یەکێکی دیکەن لەو ڕوبەرانەی باڵانسی دەسەڵاتیان ڕاگرتوە لە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەمریکادا. لێرەدا مۆدێلی سەرۆکایەتی ئەمریکی زادەی

کۆمەڵگەو مێژووی سیاسی ئەمریکایەو دوبارەکردنەوەی لە کۆمەڵگە تازە گەشەسەندوەکاندا موجازەفەیەکی گەورەیە بە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەوە[1]".

ئەزمونی دیموکراسی سیستەمی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە مەسەلەی فیدرالیەت و ئەو دەستورەوە کە زیاتر لە 200 ساڵە بونیادی حوکمرانی ئەمریکای ڕاگرتوە. لاسایی کردنەوەی ئاکەپەی تورکیا بۆ سیستەمێکی سەرۆکایەتی وەک ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەک ئەو مریشکە وایە کە دەیەوێت لاسایی قاز بکاتەوە.

سیستەمی سەرۆکایەتی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یان فەرەنسا بۆیە تەندروستە چونکە ئەو دەوڵەتانە دەوڵەتی قانونین و پەرلەمان تێیاندا خاوەن دەسەڵاتەو خاوەن دادوەریەکی سەربەخۆی بەهێزن کە دەتوانن لێپرسینەوە لە سەرۆک و وەزیرەکانی حکومەت بکەن. ئەم دەوڵەتانە دەوڵەتی کۆمەڵگەی مەدەنین و هەروەها خاوەن میدیای بەهێزو تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆن کە توانای کاریگەریی دروستکردنیان هەیە بەسەر حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی. کەلتوری دیموکراسی مێژووی هەیەو ڕای گشتی بوونی هەیە. هەموو ئەمانە لە تورکیای ئاکەپەدا نامۆیە.

باسی دوەم

تورکیا لە سیستەمی پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی

ئەردۆگان بە هەموو تواناو هێزەوە کاری بۆ گۆرینی سیستەمی پەرلەمانی کردوە بۆ سیستەمێکی سەرۆکایەتی. ئەوە یەکەم گۆڕانکاریە لە سیستەمی سیاسی تورکیا لە دامەزراندنەیەوە لە ساڵی 1923 لە سیستەمێکی پەرلەمانیەوە بەو هەموو ڕوکەشی و کەموکوڕیەوەی بۆ سیستەمێکی سەرۆکایەتی.

باسی سێیەم

دەزانرێ دەنگ بە کێ دراوە بەڵام نازانرێت بە چی دراوە

زۆربەی هەڵبژێردەرانی ئەم سیستەمە دەزانن دەنگیان بە کێ داوە بەڵام نازانن دەنگیان بە چی داوەو گومان دەکەم لە بابەتی دەستوور وەک خۆی تێگەیشتبن کە لێرەدا ئەردۆگان بەتەنیا بەرگی دەستورو حکومەت و حیزب و ئایدیۆلۆژیاش لەبەر دەکات و لە کەسێکدا کۆی دەکاتەوە. پاشکەوتوەکانی ئەردۆگان وا تێگەیەندراوون کە تورکیا ( لەم کاتی تیرۆرو قەیرانانەدا کە زۆریەیان دەرئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی تورک خۆیانن)، پێویستی بە سەرۆکێکی کاریزمایی بەهێز هەیە بۆ ڕاگرتنی سەقامگیری و ئارامی ئەگەر لەسەر حیسابی دیموکراسیەتیش بێت.

[1] ئیۆرت: فرمان عەبدولرەحمان، وڵات لەنێوان سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا، بەرواروشوێنی چاپ نادیارە.

زۆرێک لە تورکەکان باس لەو باری ئابووری و خزمەتگوزاریانە دەکەن کە لە سەردەمی ئەردۆگان کراوون (بێگومان ناوچە کوردیەکان ناگرێتەوە) بەڵام بیرکردنەوەو هوشیاری سیاسییان کورتی هێناوە لەوەدا کە ئازادی و مافی مرۆڤ و ئازادی فیکرو کەرامەتی تاک وەک هەوا وایە بۆ ژیان. نان و ئازادی دوو شتی پێکەوە گرێدراوون. زۆرێک لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لە سەردەمی دەسەڵاتدا زۆرێک شتیان بۆ وڵاتەکانیان کردوە بەڵام هاوکات ڕژێمی ناسیۆنالیست و فاشی و تۆتالیتێرو شۆڤێنی بوون و گەلەکەیان دواتر بەرەو قەیرانی گەورە بردوە، هیتلەر وەک نمونە.

سیستەمی سەرۆکایەتی لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی خاوەن کەلتوری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەژارن و ناهوشیارن دواجار بە دیکتاتۆریەت کۆتایی هاتوە. تیرۆر لە سەردەمی ئاکەپەدا لە بەرزبونەوەدایەو ئابووریەکەشی بەرەو سەرەولێژی دەڕوات و شوێنێک بۆ دیموکراسیەتیش نەماوەتەوەو وەبەرهێنەران سەرمایەکانیان دەکێشنەوە چونکە باری سیاسییش جێگیر نیە. دەکرێت بوترێت دەوڵەتی تورکیا بۆتە دەوڵەتێکی پۆلیسی.

باسی چوارەم

هەموار کردنی هەژدە یاساکەو سیستەمە سەرۆکایەتیەکەی ئاکەپە

ئەو پاکێجەی کە 18 یاسای پێشنیاز کراوی لە خۆ گرتوە کە دەکاتە زیاتر لە 70 خاڵ بۆ گۆڕانکاری لە دەستوری تورکیاو لەوانە 50 ی گۆڕدراوەو و 21 شی لادەبرێت. زۆرترین گۆڕانەکانیش لە ساڵی 2019 دەبنە یاسا. ئێستە ئەردۆگان دەیەوی ئەو هەڵبژاردنەی پێش خست بۆ ساڵی 2018 بۆ تەسبیت کرنی دەسەڵاتەکانی خۆی بووە. بۆ هەموار کردنەوەکانیش بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی بریتین لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارو دەسەڵاتی یاسادانان و هەروەها دەسەڵاتی باڵای دادوەری و دادگای دەستوری و بوونە خاوەن دەسەڵاتدارێکی تاکی موتلەق.

ئەوەی پەیوەندی بە سیستەمی یان ڕژێمی سەرۆکایەتی هەیە لە تورکیا لە ژێر سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هیچی تر نیە بەم ڕێگەیەوە لە گەیشتنی ئەردۆگان بە دەسەڵاتێکی موتلەقی دیکتاتۆری و تۆتالیتێری تاک. ڕیفەڕەندۆمیش بەو هەموو ساختەکاریەوە بە ڕێژەی 53% ناتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات چونکە نەک هەر یەکریزی نیشتیمانی لاواز دەکات بەڵکو بارودۆخی دوای ڕیفەڕەندۆمەکەش سەخت دەکات. لێرەدا دەبینرێت ئەو رێژە دەنگانەی دراوە بە ئەردۆگان بەو هەوو ساختەکاریەشەوە برتیە تەنیا لە نیوەی گەلانی تورکیا.

بەپێی ئەم دەستورە سەرۆکایەتیە ئەردۆگان دەبێتە باڵاترین دەسەڵات لە وڵاتدا. بە پێچەوانەی سیستەمی سەرۆکایەتی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یان نیمچە سەرۆکایەتی لە فەرەنسا،

ئەردۆگان لە ڕاستیدا خاوەن هەموو دەسەڵاتەکانەو چارەنوسی گەلانی تورکیا دەکەوێتە دەست بڕیاری تاکە سەرۆکێک بە بیانووی ئەوەی دەسەڵاتی لەلایەن گەلەوە پێدراوە، بۆیە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات و هیچ دەزگایەکیش ناتوانێت لە دەسەڵات لای بەرێت. ئەردۆگانی ئاکەپەو بیرکەرەوە هاوشێوەکەی لە تورکیا هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و ئاسایش و ئارامی کۆمەڵایەتی. لەبەر ڕۆشنایی ڕاستیە ئاماژە پێکراوەکان ئەو دەسەڵاتانەی ئەردۆگان بەخۆی داوە دەیەوێت ببێتە فیرعەونێکی نوێ، ئایدیۆلۆژیاو ڕەفتاری دیکتاتۆرێک ڕوبەڕووی جۆرێک لە قەیرانی دەرونی و کەسایەتی بوبێتەوە.

سەرۆک دەبێتە فەرماندەی یەکەمی گشتی هێزە چەکدارەکانی وڵات لە کاتێکدا متمانەی بە سوپاش نەماوە. بوونی ئەردۆگان بە فەرماندەی سوپا دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانی لە ململانێ سیاسیەکانداو سەرکووت کردنی نەیارەکانی. ئەردۆگان هەروەها سەرۆکی دەسەڵاتی دامەزراندن و دیاریکردنی سەرکردەکانی سوپاو دەزگای هەواڵگری لەدەست خۆیدا دەبێت. خۆی لە خۆیدا واتای ئیفلیج کردنی یەکجاری و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دامەزراوەیی ئەمنی و سوپا دەگەیەنێت لە دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی تورکیادا. ئەم دەستورە نوێیەی سیستەمی سەرۆکایەتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەبەخشێتە سەرۆک، ئەمەش خاڵێکی دیکەیە بۆ زیاتر گوێڕایەڵ بوون و قۆڵبەست کردنی پەرلەمان لەبەردەم سەرۆکدا[1].

ئەردۆگان دەبێتە سەرۆکی حکومەت و لێرەدا سەرۆکی حکومەت وەک ئەوەی لە سیستەمی پەرلەمانیدا هەیە بە کردار بوونی نامێنێت و ئەردۆگان خۆی دەبێتە ئەنجامدەری کۆبونەوەی وەزیران و خۆی وەزیرو نوێنەرە تایبەتیەکانی خۆی، بەواتا ئەندامانی کابینەکەی هەڵدەبژێرێت و ئەوانەش دادەنێت کە جیهانبینی ئەوون و سەر بە بازنەکەی خۆی بن. سەرۆک دەتوانێت بە ڕێگەی دەرکردنی بڕیار وەزارەت دابنێت و هەڵی بوەشێنێتەوە یان گۆڕانی بەسەردا بکات. لە یاسا گۆڕاوەکانی تر دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدان دەبێت گەر بۆی بچێتە سەر، بەڵام سێدارەدان بۆ کێ دەبێت؟ لەم دەوڵەتەدا لە مادەی دووی دەستورەکەیدا هاتوە: "تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتی، عەلمانی و قانونی و سۆشیەلە کە بەختەوەری کۆمەڵگەو. .. عەدالەت و مافی مرۆڤ. .. و بە ناسیۆنالیزمەکەی ئەتاتورکەوە بەندە."

سەرۆک بە بڕیاری یاسای سەرۆکایەتی حوکم دەکات و کاریگەریی تەواویشی هەیە بەسەر دەسەڵاتی دادوەریەوە. بەسەر وەزیرەکان و بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت و خۆی هەڵیان دەبژێرێت و بۆ ئەوەش ئەردۆگان پێویستی بە بڕیارو پشتگیریی پەرلەمان نیەو پەرلەمانیشی لە دەستدا دەبێت چونکە سەرۆکی حیزبی ئاکەپەشە وەک گەورەترین حیزبی ناو پەرلەمان کە زوو یان درەنگ بە ئامرازی جۆراوجۆر هەولی جێگە پێ لەق کردنی ئەوانی تری ناو پەرلەمان

[1] بۆ زانیاری زیاتر بروانە سبەی، 2017/13/04.

دەدات و بۆی هەیە وەک سەرۆک حەلیشی بکات کە لە تورکیا پێچەوانەی سیستەمە سەرۆکایەتیەکەی ئەمریکا تەنیا لە یەک کابینە پێک هاتوە. بەوە دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتێکی تاک حیزبییش.
هەرچەندە پەڕلەمان دەتوانێت ئەو بڕیارانەی سەرۆک بە یاساکان ڕەد بکاتەوەو لە دژی بڕیارەکان ڕوو بکرێتە دادگای باڵا بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە ئەردۆگان بە هەزاران دادوەرو داواکاری گشتی و بەرپرسە دادوەریە باڵاکانی لە شوێنی کارەکانی خۆیان دەرکردوەو دوور خستۆتەوەو بە کەسانی حیزبیی و وەلاو وەفا بۆ سەرۆک پڕی کردونەتەوە لێرەدا هیچ واتایەک بۆ دەسەلاتی دادوەری و پەڕلەمانیش نامێنێتەوە هەروەک مجلس وەتەنیەکەی سەردەمی سەدام حسێنی لێدێت. بۆ بەدەستهێنانی زۆرایەتی لە پەڕلەمان سیستەمە سەرۆکایەتیەکەی ئەردۆگان ژمارەی پەڕلەمانتاران لە 550 وە کراوەتە 600 کە بە کەسانی سەر بە خۆی پڕیان دەکاتەوە.
حکومەتی مەرکەزیی لەژێر سێبەری سەرۆکدایەو سەرۆک خۆی شارەوانیەکانی 81 پارێزگاکانی تورکیا دادەنێت و پێویستیشی بە ڕەزامەندی هیچ دەزگایەکی تری دەوڵەت نابێت. جگە لەوانە سەرۆک ڕەشنوسی بودجەش دەخاتە بەردەم پەڕلەمان.

## باسی پێنجەم
## سیستەمی دادوەری لە تورکیای ئاکەپەدا

ئەوەی پەیوەندی بە دادوەریەوە هەیە ئەردۆگان کاریگەریی تەواوی بەسەریەوە دروست دەکات. ئەو بۆی دەبێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شەش لەو سیازدە ئەندامانەی ئەنجومەنی دادوەرەکان و داواکاری گشتی دەست نیشان بکات کە بەرپرس دەبن لە دانان و لابردنی دادوەرو داواکاری گشتی. حەوت ئەندامەکەی تر پەڕلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، ئەو ئۆرگانەی کە سەرۆک وەک سەرۆکی حیزبیش کە لێرەدا ئاکەپەیە کاریگەریی تەواوی لەسەری دەبێت. سەرۆک جگە لەوە دەتوانێت دوازدە لە پازدە دادوەرەکانی دەستور دەست نیشان بکات کە ماوەکەی بۆ دوازدە ساڵ دەبێت.

باسی شەشەم
چارەنوسی 80 ملیۆن لە یەک دەستدا

تەنانەت کەمال کلیچدار ئۆغلۆ کە سەرۆکی دووەم گەورە پارتی تورکیایە (جەهەپە) لە بارەی ڕیفەڕاندۆمەوە دەڵێ "بە بەڵێ دەنگ نەدەن چونکە لە ئەگەری پشتیوانی کردنیان دەسەڵاتێکی ڕەهاو بێ سنور دەدەنە تاکە کەسێک کە توانای هەموو شتێکی دەبێت و دەڵێت بەپێی هەمواری 18 ماددەی دەستوری تورکیا لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆک و جێگران و وەزیرانیش ناکرێت. وڵاتێک نەتوانێت لێپرسینەوە لە دەسەڵاتدارانی بکات دوچاری قەیرانی قوول دەبێتەوە. ئەم پاکێجە هەموار کراوە جگە لە پشێوی هیچ شتێکی دیکە بەدی ناهێنێت و ناکرێت چارەنوسی 80 ملیۆن کەس بخرێتە ژێر دەستی تاکە کەسێک."
لەبەر ئەوەی تورکیا دەوڵەتێکی فیدرالی نیەو پەرلەمان لە دوو دەزگا پێک نەهاتوەو حکومەت لەناو پەرلەماندا دروست نابێت و پەرلەمان مافی قسە کردنی نیە تێیدا. ئەو پەرلەمانەی بە زۆرینەی دەنگ ڕێگەی بۆ ئەردۆگان کردەوە بۆ بوون بە سەرۆک و بەوەش دەنگی بۆ لاواز کردنی خودی پەرلەمان خۆی دا.
"هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمارو پەرلەمانی تورکیا لە یەک ڕۆژو بەرواردا بەڕێوە دەچن. بێگومان ئەوەش ڕێگە خۆشکەرە کە سەرۆکی یەک پارتی سیاسی لە یەک کاتدا پۆستی سەرۆک کۆمارو زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی تورکیاش مسۆگەر بکات. لێرەشەوە پەرلەمان دەبێتە سێبەرو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرۆک."
بەڵام بە پێی ڕێژەی سەدیی دەنگەکانی نەخێر ئەو ڕاستیە دەبینرێت تورکیا بووە بە دوو بەشی دژ بە یەکترو دوور نیە ئەم سیستەمە لە ئایندەدا ببێتە تەلەیەک بۆ خودی ڕژێمەکەی ئەردۆگان خۆی. بە دوریشی نازانم کە ئەردۆگان و ڕژێمەکەی لە ئایندەدا بەهۆی لاساریەکانیەوەو دژایەتی کردنی بەرژەوەندی زل هێزەکان و هەڵەی کوشندەوە ڕوبەڕووی هەمان چارەنوسی سەدام حسێن ببێتەوە.
زۆربەی سیستەمە دیکتاتۆرەکانیش خاوەن دەستورو پەرلەمانن بەڵام ئەم ئۆرگانە دەوڵەتیانە لێرەدا بێکاریگەرو بێ واتان و بەپێی خواستی تاک دەسەڵاتدار لە قالب دەدرێن. بە پێی یاسا پێشنیاز کراوەکان ئەردۆگان بۆی دەبێت بە فەرمی سەر بە حیزبێک بێت کە ئەویش ئاکەپەیەو دەبێتەوە بە سەرۆکی. جگە لەوەش دادگا سەربازیەکان نامێنێت. بە پێچەوانەی سیستەمی پەرلەمانی سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ وڵاتانێکی دیکتاتۆرو فرە نەتەوەو ئەتنیک و فرە کەلتور گونجاو نیەو نزیک یان دوور بەرەو هەڵدێر دەڕوات. ئەو حکومەتەی پشتیوانی زۆرینەو متمانەی پەرلەمان بەدەست نەهێنێت ئەوا دەکرێت هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە ئێستە لە

سایەی سیستەمی سەرۆکایەتیەکەی ئەردۆگان چیتر پێویست نیە چونکە سەرۆک سەرۆکی حکومەتیشە.
لەم جۆری سیستەمی سەرۆکایەتیەی ئەردۆگانی ئاکەپەدا سەرۆک بەم سروشتە ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەیەوە توندوتیژتر دەبێت و کاردانەوە جەماوەریەکان و لایەنە پۆپۆزیسیۆنەکان بۆ بەلادا خستنی ململانێکان توندتر دەبێت، یان هێزە سەربازیەکان بە حوکمی هێزو کودەتا سەرۆک لابدەن وەک ئەوەی لە میسر ڕویدا بۆ لابردنی مورسی، هاوڕێکەی ئەردۆگان.
ئەردۆگان لە خواستەکانی خۆی تێگەیشتوە هەربۆیە پێشوەخت پەنای بردە بەر پاککردنەوەی سوپا بەناوی کودەتاوە هەروەک دەستگیر کردنی هەزاران ئۆپۆزیسیۆن و قەدەغە کردن و دەستگیر کردنی هێزو حیزبە سیاسیەکانی وەک هەدەپەو حیزبەکەی فتح الله گولەن، هەروەها گروپەکانی فشارو میدیا ڕەخنەگرەکان، ئەوەش وەک ڕێگە خۆشکەرێک بۆ دەسەڵاتە موتلەقە تاکرەویەکەی ئەردۆگان. ئەوەی تەواوی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتێرەکان پیادەی دەکەن.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم فاکتانە سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیاو هاوشێوەکانی تەنیا دەتوانێت تاکرەوی و دیکتاتۆریەت و ستەمکاری بەرهەم بێنێت و ڕێگر دەبێت لەبەردەم کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادیە سیاسیەکان و ئەگەری پێکدادانی جەماوەری و کودەتاو کاردانەوەی توند زیاد دەکات.

باسی حەوتەم

ئیرهابی دەوڵەت

تەنیا ڕێگەیەک بۆ رژێمەکەی ئەردۆگان ماوەتەوە ئەوەیە وەک ڕژێمی سەدام حسێن و بەشار ئەسەدو قەزافی و هاوشێوەکانی بە ڕێگەی میکانیزمی ئیرهاب بیەوێ کۆنترۆلی موتلەقی دەوڵەت بکات کە دەبێتە کۆماری ئیرهاب. لەوە دەچێت ئەردۆگان و حیزبەکەی لە مێژووی ئەو مۆدێلە فاشیلانە هیچ فێر نەبوبن. بۆ زەمەنێکی دیرایکراو دەکرێ بەم میتۆدە سەقامگیری دەسەڵات ڕابگرێت بەڵام ئەزمونە مێژوییەکان پێمان دەڵێت ئەو شێوە سیستەمە لە کۆتایدا سەری خۆی دەخوات. ئەم ڕژێمە بە ڕێگەی بە ناسیۆنالیست (نەتەوە پەرستی) کردن و بە فاشی کردنی هەوادارانی دەیەوێت جەماوەرێک گۆش بکات هاوشێوەی ئادیۆلۆژیاکەی خۆی بێت.
ئەدۆلف هیتلەر توانی گەلێکی فاشیستانە بەرهەم بهێنێت بەڵام لە ئەنجامدا تووشی وێرانی و داڕمانی کرد. هەولی ئەسەدو سەدام بۆ بە بەعسی کردنی گەلەگەیان لە کۆتاییدا شکستی هێنا، ئیمپراتۆریە سولتانیەکەی تورکیی / عوسمانی دوای 500 ساڵ فەرمانڕەوایی هەرەسی هێنا.

ڕژێمی ئەردۆگان کار لەسەر دەوڵەتێکی تۆتالیتاری نوێ دەکات و دەیەوێت ببێتە خەلیفەو سولتانێکی نوێی تورکی و بچێتە مێژووەوە. بەڵام کام مێژوو؟

باسی هەشتەم

پەل هاویشتن بۆ دەرەوەو دۆزینەوەی وێنای دوژمن

لێرەدا ئەزمونەکان ئەوەمان پێ دەڵێت بوون بە سولتان ئەردۆگان دەبێت کاری پالەوانانە نیشانی گەل بدات. بۆ ئەمەش سەرکەوتن بەسەر نەیارەکانیداو جەنگ بەشێک دەبێت لەو کارانەی و پەل بۆ دەرەوەی سنورە جوگرافیاکەی خۆی بهاوێژێت و دەیەوێ ببێتە هێزێکی ئیقلیمی و ناو دەرکردن و دەگەڕێت بە دوای کارتی سیاسیداو هاوکات هەول دەدات بە ڕێگەی جەنگ و دۆزینەوەی وێنای دوژمن وەک یەکێک لە ئامرازە باوەکانی سیاسەت ناکۆکیەکانی ناوخۆ بگوازێتەوە بۆ دەرەوە. هەمان ئەوەی هەردوو ڕژێمی بەعسی عێراق و دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە جەنگی یەکەمی کەنداودا پراکتیزەیان کردو بۆ ماوەیەکیش سەرکەوتو بوون تێیدا. ئەو جۆرە ڕژێمانە سوود لە نەبوونی هوشیاری سیاسی خەلکەکانیان بۆ مەبەستی دەسەلات بەکار دەهێنن و سیاسەتی بە گەوج کردنی کۆمەڵگە دەگرنە بەرو درۆ کردن یەکێک دەبێت لە میتۆدەکان و بەشێکە لە سیستەمەکە.

بۆ ئامانجەکانی دەبێت ئەردۆگان پێش هەموو شت سەقامگیری ناو دەوڵەتەکەی ڕابگرێت، ئەو سەقامگیریەش بۆ کۆمەڵگەیەکی پلورالیستی وەک تورکیا تەنیا لە ڕێگەی میتۆدەکانی ئیرهابی سیاسی و فیزیکی و ترس و تۆقاندن دەبێت، بەڵام هیچ گەلێک، هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی هەتا سەر کۆت و زنجیری کۆیلایەتی و ڕوتاندنەوە قبول ناکات و زوو یان درەنگ لە دژی ڕادەپەڕێت.

ئایدیۆلۆژیای ئەردۆگان لەسەر بنەمای ڕەت کردنەوەی هەموو فیکرێکی سیاسی ترە جگە لەخۆی. تیۆری یان لەگەلمدای یان لە دژمی پیادە دەکات. لێرەشدا بۆ ئەردۆگان حیزب ئامانجە نەک ئامراز. هەروەک ئاماژەم پێدا دەیەوێ گەلەکەی لەسەر بنەمای فیکری ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم و فاشیزم گۆش بکات دژ بە گەلانی تری غەیرە تورک و تورک بە ڕەگەزێکی سەروتر پێناسە دەکات. لە دەستوری تورکیادا تەنیا ناوی تورک بوونی هەیە (بڕوانە ماددەی 5ی دەستوری تورکیا). کەواتە دەوڵەتی تورک جەنگ دژی گەلێکی وەک کورد ئەنجام ئەدات کە لە دەستوری تورکیادا بوونی نیە هەروەک ئەتنیکەکانی تری ناو تورکیا. ئاشکرایە هەروەک دەسەلاتەکانی پێش خۆی بە ناوی دیموکراسیەتەوە دیموکراسیەت لەناو دەبرێت.

باسی نۆیەم
دین و عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی لای ئاکەپە

"پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) دوای دامەزراندنی لە ساڵی 2001 کە ئەردۆگان یەکێکە لە دامەزرێنەرانی، خۆی وەک حیزبێکی ئیسلامی نەناساند بەڵکو مانیفێستەکەی بریتی بوو لە بڕوابوونی بە "ئازادیە ئاینی و کەسییەکان" لەگەل ڕەت نەکردنەوەی سیستەمی عەلمانیەت و ئەو بنەمایانەی کە کۆماری تورکیا لەسەری دامەزراون[1]".

بە بیروڕای شارەزایان ئاکەپە کار لەسەر تەواوی بە ئیسلامی کردن و بە تۆتالیتاریزە کردنی تورکیا دەکات. هاوکات مەزهەبی سونەی کردۆتە ئاینی دەوڵەت. لە ساڵی 2004 حکومەتی ئاکەپە ویستی بە یاسا سزا بۆ خیانەتی زەوجیی دابنێت بەڵام بەهۆی ناڕەزایی توندی ڕای گشتی لێی دوور کەوتۆتەوە. ئەم جۆری یاسایانە لە لایەن چاودێرانەوە وەک دانپیانانێکی ئاکەپە وایە بەرامبەر بە هەلبژێردەرە ئیسلامیەکانیەوە.
ئەردۆگان بەهۆی تاڕادەیەک سەرکەوتنە ئابووریەکەیەوە بەشێکی خەلکی تورکیای هێنایە بەرەی خۆیەوە، هاوکات بەهۆی بە ئیسلامی کردنیش بەشێکی بەرچاوی لایەنە ئیسلامیە توندڕەو و کۆنزەرڤاتیڤەکانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو دەیەوێ نەوەیەکی ئاینیی پەروەردە بکات هەروەک ئیمامە سعودیەکان مندال لەدوای تەمەنی سێ ساڵیەوە بخرێتە بەردەم وانەی ئاینیی. نزیکەی هەزار ئیمام لە ئەلمانیا کە لە لایەن تورکیاوە نێردراوون خەرجیەکەی لەلایەن حکومەتەکەی ئەردۆگانەوە دەکرێت ئەوە جگە لەو هەموو مزگەوتە گرانانەی لە ڕۆژئاوی ئەوروپاو وڵاتانی تر سەرقالی دروست کردنیەتی، لێرەدا ئەردۆگان خەو بە خەلیفە بوونی ئیسلامەوە دەبینێت و دیارە دەشیەوێ ببێتە ڕابەری ئیسلامیەکانی جیهان.

بە پێی دەستور تورکیا هەر هێشتا دەوڵەتێکی سێکولارە، بەڵام ئەردۆگان هەروەک زاراوەی سێکولاریزم ئاینیش بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکار دەهێنێت، و لێرەدا پشتگیری لایەنە ئیسلامیە توندڕەوەکانیش دەکات بۆنمونە داعش. بەڵام سێکولاریزم وەک سیستەمێکی سیاسی بێ دیموکراسیەت مەحالە، ئەوەی لە تورکیا هەرگیز بوونی نەبووە. لێرەوە دەکرێت ڕوون بێتەوە کە سیاسەتی ئاکەپە لەسەر سێکوچکەی ئیسلام و "سێکۆلاریزم" و کەمالیزم (نەتەوە پەرستیی) بونیات نراوە. ئاکەپە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان تێگەیشتوە هەربۆیە توانیویەتی هەر یەکێک لە ئاین و سێکولاریزم و نەتەوە پەرستی ئاڕاستەی شەقامە جیاوازەکانی تورکیا بکات. ڕژێمەکانی وەک کەمال ئەتاتورک و ستالین و هیتلەرو کۆریای باکور و هاوشێوەکانی دین و

[1]) خەلەف غەفور ، کیشەی کورد و ئایندەی تورکیا ، سلیمانی ، چاپخانەی یاد ، 2013 ، ل.17.

دەوڵەتیان لە یەکتر جودا کردۆتەوەو خۆیان بە سێکولار پێناسە کردوە لە دەستوردا بەڵام دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی بوون و دەسەڵاتی تۆتالیتاریستین، هەربۆیە سێکولاریزم بۆ مەبەستی سیاسی بەکار هێنراوەو هاوکات ڕێگەش نادەن ئاینییش دەست بخاتە ناو کاروباری دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. من قەناعەتم وایە کە ئەردۆگانی ئاکەپە نەک هەر کار لەسەر بە ئیسلامی کردنی کۆمەڵگەی تورکی دەکات بەڵکو هەنگاو بەرەو تۆتالیتاریزمێکی نوێی ئیسلامی دەنێت بەڵام سیستێماتیک.

باسی دەیەم

وانەیەک بۆ هەرێمی کوردستان

پێویستە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان (پ.د.ک) دوور بکەوێتەوە لە بیرۆکەی سیستەمی سەرۆکایەتی ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەی لەم وتارەدا ئاماژەیان پێدراوەو پیادە کردنی سیستەمێکی پەرلەمانی فیدرالیی تەندروست لەسەر بنەمای دیموکراسی و فرەیی مۆدێلێکی گونجاوی حوکمرانیە بۆ هەرێمی کوردستان. بە ڕوکەش هەرێم خاوەنی پەرلەمان و دەستورە، بەڵام دەستورو پەرلەمانەکی فرێدراوەتە تەنەکەی خۆڵەوە، بەڵام لە جەوهەردا پیادەی دەسەڵاتی سیستەمێکی سەرۆکایەتی دەکات. بە پێی دەستور بەناو سەرۆکی هەرێم 42 دەسەڵاتی پێدراوەو پێگەکەی لە سەروو پێگەی پەرلەمانەوەیەو هیچ دەزگایەکیش توانای لێپێچینەوەی لە سەرۆک نیەو دادگاش بێ واتا کراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێت بۆچی لایەنێک دەیەوێ سیستەمی سەرۆکایەتی لە هەرێمی کوردستان پێک بهێنێت لە کاتێکدا سیستەمی سەرۆکایەتی لەم شێوە هەرێم و وڵاتانەدا تەنها دیکتاتۆریەت و تاکڕەویی بەرهەم دێنێت.

وشەی کۆتایی

تورکیایەک بە سیستەمێکی فیدرالی هەرێمایەتی لامەرکەزیی کە دەسەڵاتەکان بەسەر هەرێمەکاندا دابەش بن وەک مۆدێلی سویسرا چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئەم قۆناغە مێژوییە بەڵام بۆ بە فیدرال بوون دیموکراسیەت و سەقامگیریی مەرجێکی گرنگە ئەوەی لە تورکیای ئێستەدا چاوەڕوان ناکرێت گەرنا دەوڵەتی تورکیا بەم شێوەیەی ئێستەی دوور یان نزیک دەبێتە سوریایەکی تر.

# سیستەمی سیاسی تەقلیدی و کۆمەڵگەی دواکەوتو
# هەرێمی کوردستان وەک نمونە

د. سالار باسیرە

ناوەڕۆک


•سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی
•سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگەی تەقلیدی
•دەسەلات و سیستەمی سیاسی نەگۆڕ نیە
•سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەلایەتی
•هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە
•کۆمەڵگە پێویستی بە رێکخستن هەیە
•سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان
•بۆ پرۆسەی بەمۆدێرن کردن دەرکەوتەیەکی قۆناغی ئینتیقالیە
•هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەڵێم
•دەزگای بیرۆکراسی و ئیرهاب وەک ئامرازی سەقامگیری
•گەندەڵی لە بیرۆکراسیەتی ئەم سیستەمەدا
•پیادەکردنی دەسەلاتی سیاسی هەرێم مەرکەزیە


## سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی

سیستەمی سیاسی دەولەتێک بە دەستورو کەلتوری سیاسی و ئەلیتە سیاسیەکەیەوە دیاری دەکرێت، هەروەها لە دابەشکردنی دەسەلاتە واقعیەکانە لەنیوان ناوەندەکانی بریاردا. سیستەمە سیاسیەکان و دامەزراوەکانی وەک (پەڕلەمان، حکومەت، دادوەری)، دەوڵەت، حیزب و رێکخراوەکانی و ڕای گشتی و هاوبەشیی هاولاتی لەحکومەت و کارگێریدا، هەروەها رێکخراوە کۆمەلایەتیەکان، دەسەلات و هێزو پێشبرکێیەکانی هەلبژاردن هەموو ئەمانە لەژێر چەتری سیستەمی سیاسیدا کۆدەبنەوە. سیستەمی سیاسی داینەمۆی دەولەت و ژیانی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەرکی رێکخستنی کۆمەل دەگرێتە ئەستۆ. سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بەرێکخستنی شێوازو کاری دەسەلات و کۆمەل و کۆمەلە سیاسیەکان و چەند داموەزگایەکە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کاروباری بەریوەبردن دەگرنە ئەستۆ لەرێگای ئەو یاساو ریاسا مولزیمانەی لە ئارادان، یان دانراوون لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا. بەلام سیستەمی سیاسی بەتەنیا بریتی نیە لە دامەزراوە حکومیەکان بەلکو لەهەموو پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان بەهەموو لایەنە سیاسیەکانیەوە بە پێکهاتە تەقلیدیەکانیشەوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون. کەواتە سەرجەم دیاردەکان پێکەوە سیستەمێک پێک دەهێنن .

**سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگای تەقلیدی**

خەسلەتی کۆمەڵگای تەقلیدی بریتیە لەکردەوە تەقلیدیە کۆمەلایەتیەکان. واتا ئەو کردەوانەی کە لەسەر بنەمای ئەقل و مەنتق دانەمەزراوە، بەلکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی کە سەردەمانێک کاری پێکراوەو جێگیربوەو بە میرات ماوەتەوە وەک شتێکی تەقلیدی. یەکێک لەخەسلەتەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی بریتیە لەپێکهاتەیەکی داخراوی کۆمەلایەتی کە بەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆرانکاری بەتایبەت بەمۆدێرن کردنی هەرەمی سەرەوەی. جگە لەمانە زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە سەربەخۆییان نیەو بەستراونەتەوە بەنەریتی گشتی کۆمەڵگاکە .
لێرەدا هوشیاری ئاینی زالە بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکە. دەسەلاتی سیاسیش خەسلەتێکی حوکمی فەردیە تێیدا. بۆیە ئەم جۆرە کۆمەڵگایە هەروەک ئاماژەم پێدا بەپێی سروشتی خۆی، خۆی کەمتر دەداتە دەست بەمۆدێرن کردن. زیاتر لەشوێنی خۆی دەچەقێ و گۆڕانیشی کاتێکی درێژی دەوێ کە ئەمیش بەندە بەکۆمەلێک فاکتەرەوە.

**ئابوری خزمایەتی و بارودۆخی پابەندبوون**

لەم سیستەمە تەقلیدیەدا وەک نمونەی هەریمی کوردستان پەیوەندی شەخسی دروست دەبێت و ڕۆل دەبینێت و داروەستە کارەکان بۆ دەسەلات دەبەن بە ریگاوە. بەم شێوەیە گەشەکردنی ئابوری گێر دەبێت و دەسەلاتەکە دەسەلاتێکی دواکەوتوی تەقلیدیەو هوشیاری کۆمەل وەک پێویست لەئارادا نیەو دەسەلاتداری تەقلیدی و کلاسیک سوود لەم دیاردەیە وەردەگرێ و دەشیەوێ کەش و هەوا کۆمەلایەتیە دواکەوتوەکە هەر بەم شێوە کۆنە بمێنێتەوە لە شێوەی داب و نەریتە تەقلیدیەکان، هۆزو خیل و عەشرەت و ئاغا دەبوژینیتەوە. هەموو پێشکەوتن و هوشیاریەکی کۆمەلایەتی دەبێتە لاوازکردن و گۆرینی ئەو نەریتە تەقلیدیەی کە دواتر دەبێتە رێگر لەبەردەم دەسەلاتی دەسەلاتدارو سیستەمە سیاسیە تەقلیدیەکەدا. هەربۆیە بەگشت شێوەیەک ئەم لایەنە هەوڵی لەناوچونی پێشکەوتن ئەدات و دەیەوێ کۆمەلگا کۆنەکە کۆمەلگایەکی داخراو بێت و بەهۆی ناهوشیاری کۆمەڵەوە بۆی بچێتە سەرو دەسەلاتدار جێگای یاساش بگرێتەوەو دەیەوێ لەم زیاتر کۆمەڵ هیچی تر نەبینێت .
لەو کۆمەلگایانەی هوشیاری سیاسی هاولاتیان کزو لاوازەو هەروەها رەوشی ئابوری و کۆمەلایەتی تیایاندا لاوازە، ئەوا مەترسی ئەوە زۆرە سیستەمی سیاسی پەیرەوکراو لەدەولەتدا سیستەمێک بێت کە لەسەر زەبرو زەنگ و خۆسەپاندن بونیاد نرابێت. لێرەدا پێشێلکردنی مافی تاکەکانی کۆمەل و سەربەستیەکانیان و بوارنەدان بەگروپی سیاسی جۆراوجۆر لە دەوڵەتدا شتێکی ئاسایی دەبێت. واتا لە ولاتدا سیستەمی دیکتاتۆری پەیرەو دەکرێت، ئیتر ئایا ئەو سیستەمە دیکتاتۆریە سیستەمی دیکتاتۆری تاکە کەسی بێت، یان تاقم و گروپ بێت.

**دەسەلات و سیستەمی سیاسی نەگۆر نییە**

بەلام پەیرەو کردنی هەر شێوەیەک لە سیستەم لەدەولەتدا شتێک نیە بۆ هەمیشە بەزۆر بسەپێندرێ، یان هەتا سەر بڕ بکات و نەگۆڕ بێت. ئەگەر سیستەمە سیاسیە پەیڕەو کراوەکە لەگەڵ

باری سایکۆلۆجی و فکری و کۆمەلایەتی خەلکی ولاتدا گونجاو نەبوو ئەوا ئەو سیستەمە سیاسیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنییش پەیڕەو بکرێت بەلام وەکو ئەنجام هەر هەرەس دێنێت و ئامانجی ڕێکخستنی دەوڵەت ناپێکێ کە لەڕاستیدا پێویستە بۆ خۆش گوزەرانی و سەقامگیرکردنی ڕەوشی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری هاتبێتە کایەوە. ڕوداوەکانی ئەم دواییەی ولاتە عەرەبیەکان پەیامێکی گرنگە بۆ دەسەلاتداران.

مێژووی سیاسی بۆ ئەوەیە مرۆڤ لێوەی فێر بێت. دەسەلاتی کۆنەپارێزو تەقلیدی هەر هێشتا بەربلاوترین شێوەکانی دەسەلات و سیستەمە سیاسیەکانە چونکە دەسەلاتی یاسایی و ئەقلانی لە گەشە مێژوییەکەیدا درەنگ هاتۆتە دروست بوون.

**سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەلایەی**

سیستەمی سیاسی لەناو سیستەمی کۆمەلایەتیدا پەیدا دەبێت. هەموو گۆڕانێک لەسیستەمی کۆمەلایەتی و دۆخی کۆمەلایەتی کار لە سیستەمی سیاسی دەکات و ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی تاڕادەیەک بریتیە لە سیستەمی کۆمەلایەتی بۆیە هەر جۆرە ناسەرکەوتنێک لە سیستەمی سیاسیشدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی دۆخە کۆمەلایەتیەکەو سیستەمە کۆمەلایەتیەکە. لەم بوارەدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بە تایبەت گرنگیدان بە ئایدیۆلۆژیای ئەو حیزبە ڕۆلی گرنگ دەبینێت و هێزێکی بەتوانایە بۆ گۆڕین و بەمۆدێرن کردن. پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی پێویستی بە هوشیاری کۆمەلایەتی هەیە کە یارمەتی کۆمەڵ ئەدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیستەمەکە. هوشیاری کۆمەلایەتی ڕێگا بۆ هاولاتیان خۆش دەکات لەزۆر لایەنەوە چاودێری ژیان بکەن لەبواری سیاسی، کۆمەلایەتی، کەسایەتی، ئەخلاقی..تاد . کێشەی لەسەرخۆ گەشەکردنی کۆمەلگا لەبوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی دەمێکە لەلایەن زاناکان و کۆمەلناسەکان بایەخی پێدراوە. مێژووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستیەی بە ڕوونی نیشانداوە کە گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و سیاسی پڕۆسەیەکی حەتمیە. هەموو ئەو کۆمەلگایانەی لە ئاستی نزمی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیدان دەبێت بەو ڕێگایانە تێپەڕن کە ولاتانی پێشکەوتوی جیهان پێیدا تێپەریوون. هەربۆیە دەوڵەتی عێراق و هاوشێوکانی بە کوردستانیشەوە بێبەش نیە لەم یاسایە. بەلام دیارە هەر کۆمەلگایەک بەگوێرەی خەسڵەتی نەتەوەیی خۆی بەم پڕۆسەیەدا تێپەڕ دەبێت. بەم پێیە پێکهاتەی سیاسی حیزبی سیاسی و سیستەمی سیاسی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەلایەتی ئەو کۆمەلگایە خۆیەتی. بەواتا بەرهەمی واقعی کۆمەلایەتیە. سەدام حسێن هیچی تر نەبوو لە بەرهەمی واقعی کۆمەلگای عێراق خۆی هەربۆیە توانیشی دیکتاتۆربێت، دیکتاتۆرتر لە دیکتاتۆرەکانی تر .

هەر کۆمەلگایەک تایبەتمەندی خۆی هەیە

بێگومان هەر کۆمەلگایەک تایبەتمەندی خۆی هەیە. بیروبۆچوونی هەر کۆمەلگایەکی مرۆڤایەتی دەربارەی دەسەلات و سیستەمی سیاسی لەگەڵ ئەوی تردا دەگۆڕێ ئەویش بەپێی ڕەوشی تایبەتی هەر کۆمەلگایەک لەڕووی مێژوویی و ڕەوشی ئابوری و کۆمەلایەتی و ئاستی هوشیاری و جیۆپۆلەتیکەوە کە بە هەمویانەوە باری سایکۆلۆجی و کۆمەلایەتی و هوشیاری سیاسی و کۆمەلایەتی تاکەکانی کۆمەلگا دیاری دەکەن. ئەم فاکتەرانە بۆنمونە لە ولاتیکی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەپێی تایبەتمەندیەکانی خۆی شێوازێکی ترە بە بەراورد لەگەڵ ولاتیکی تری دواکەوتوو،

یان تازەگەشەکردوو. واتا سیستەمی سیاسی پەیڕەوکراو لە ولات و دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ. لەهەر دەولەتێکدا ڕادە هوشیار سیاسی کۆمەڵ و بیروبۆچوونی مرۆڤەکانی دەبارە دەسەلات لەسەر بنچینە قۆناغە مێژوییە جیاجیاکان بەخۆوە وەردەگرێ کە دەوڵەتی پێدا ڕۆیشتوە.

**کۆمەلگا پێویستی بە رێکخستن هەیە**

کۆمەلگا بەبێ دەسەلاتی سیاسی رێکخراو مەحاڵە، لەبەر ئەم هۆیە پێویستی بەدەسەلاتێکی سیاسی، بە سیستەمێکی سیاسی رێکخراو هەیە تاوەکو بنەماکانی ژیان و گوزەران رێک بخات. دەزگاکانی دەوڵەت کە سیستەمە سیاسیەکە پێکدەهێنن وەک پەڕلەمان و حکومەت و دادوەری ڕۆڵی گرنگ دەبینن تێیدا. لێرەدا حیزبی سیاسیش گرنگ و پێویستە بۆ سیستەمی سیاسی کە بریتیە لەشێوازێک بۆ بەیەکەوە گرێدان و بەستنەوەی گشت پەیوەندیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریەکانی نێو کۆمەلگا، هەروەها ئەرکی رێکخستنی کۆمەڵ و ڕۆڵی بەرێوەبردن لە رێگای ئەو یاسایانەی کە هەن لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیڕەوکراودا دەگرێتە ئەستۆ. ئەو کۆمەلگایانەش کە پەیکەری دەوڵەتیان نیە دەکرێ دابنرێن کە سیستەمی سیاسیان هەبێت. زاراوەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو لە زانستی سیاسیدا بریتیە لە کۆمەلێک پەیکەرو پرۆسەو دەزگا کە لە نێوان خۆیاندا کارلێک دەکەن. لەبەر ئەوەی زاراوەکە بەفەرمانەکانیەوە دەناسرێت ئەوا دەکرێت ئاماژە بدات بەو رێکخستنە سیاسیانەی دەوڵەت و نادەوڵەتیش .

**سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان**

ئایا "سیستەمی سیاسی" هەرێمی کوردستان دەچێتە خانەی کام لە سیستەمە سیاسیەکان و تەنیا لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ خوێندنەوەیەکی زانستیانەی بۆ ئەنجام بدەین، ئایا شتێک هەیە لە هەرێم پێی بوترێت سیستەمی سیاسی؟ یان دەسەلاتی تاقم و گروپێکی سیاسیە؟
سەبارەت بەم شێوە دەسەلاتە سیاسیە کە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نیە لێی دەکرێ باس لە چەند تیۆریەک بکرێ کە لە ئەدەبیاتی زانستیدا بەم رێگایەوە دەکرێ کاراکتەری دەسەلاتی سیاسی لە سەرجەم سیستەمەکەدا دیاری بکرێ، تیۆریەک بەکاردێت بەسەر سیستەمە سیاسیەکانی "جیهانی سێ" بەگشتی .

( مۆدێلی بە موئەسەسە کردن ) هەوڵی ئەوە ئەدات سیستەمە سیاسیەکانی "جیهانی سێ" بەوە جیابکاتەوە تا چ ڕادەیەک توانیویانە سیستەمی سیاسی بە موئەسەسە بکەن. زیندو کردنەوەو گەشە پێدانی خێڵ و عەشرەت و سالانە فێستیڤالی خێڵ و هاوشێوەکانی لەلایەن دەسەلاتدارانی  هەرێمی کوردستان و بە خێڵ و خێزان کردنی سیاسەت و تەوریسی سیاسی دوور کەوتنەوەیە لە سیستەمی بە موئەسەسە کردن. تەنانەت لە پێشکەوتوترین دەوڵەتی عەرەبیدا دژە قورساییەک بەرامبەر بە دەسەلاتی ئۆتۆکراسی دروست نەبووە .

خالێکی تر بریتیە لە . Prätorianism باس لە بەکاراکتەر کردنی سیستەمێکی سیاسی دەکات کە تێیدا سوپاو هێزی چەکداری فەرمانڕەوایی دەزگای جێبەجێکردن دەکات، یان مەیالە بەلایدا پرۆسەی بریارە سیاسیەکان داگیر بکات. لێرەدا دەزگا مەدەنیەکانی نێو ئەم سیستەمە ناتوانن کارا بن. پەڕلەمانێکی کارای دیموکراسی وەک ئەوەی کۆمەڵگە مەدەنیەکان لەم سیستەمەدا هێشتا دروست نەبووە. هەرێمی کوردستان وەک نمونە .
یەکێک لەو تیۆریانەی بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی پێبدەم بریتیە لە سیستەمە پاتریمۆنیالیزمەکەی ماکس ڤیبەر کە بریتیە لە شێوازی دەسەلاتداری کەسی تاک کە بنەما شەرعیەکەی وەلای تەقلیدی و ئینجازی ماددیە. لە کۆمەلگە گەشە کردوەکاندا کە پێکهاتەی مۆدێرنی دەوڵەتیان پێوە دیارە ئەم شێوە فەرمانڕەواییە شێوازێکی تری دراوەتێ کە بە نیوپاتریمۆنیالیزم ناو دەبرێ.
ئەم شێوازی دەسەلاتە بەوە دەستنیشان دەکرێ کە کەسی دەسەلاتدار خاوەنی ئیدارەو دەزگای سەربازی و دارایی و ئامرازی فەرمانڕەوایی خۆیەتی، بەواتا بە مەرکەزیەت کردنی دەسەلات هەیە. ئەم جیهازی دەسەلاتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە کەسانی پابەند دروستبووەو دادوەری و مافە سیاسیەکانی تر لەلایەن دەسەلاتدارەوە وەک شتیکی، مولکێکی شەخسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و توانای بەسەر ئامرازەکانی دەسەلاتدا هەیە هەروەک بەسەر شمەکێکی خۆیدا هەبێت، بەم شێوەیە دەکرێ بکڕدرێ و موزایەدەی پێوە بکرێ، بە قەرز بدرێ و لە وەرەسەدا بەش بکرێت ئەوەی لە لایەن دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە پەیڕەو دەکرێت.
لەم بارودۆخەدا گەل بێ سیاسە کراوە، ئیرادەی سیاسی لێ سەندراوەتەوەو دوور دەخریتەوە لە هوشیاری سیاسی و وەک بتێک لێی دەڕوانرێت، بێ مافی سیاسیەو وەک خزمەتکار سەیر دەکرێ نەک وەک هاولاتی لە دیدگا مۆدێرن و مەدەنیەکەوە. لەلایەن توێژە دەسەلاتدارەکەوە وەک ئۆبجەکتی ڕوتاندنەوە سەیر دەکرێ. ئەمە داگیرکردنی موڵکی گشتیە بە رێگای دەسەلاتداری کەس و دەستەو تاقمەوە. ئەم سیستەمە سیاسیە تەقلیدیە بەهۆی بلۆک کردنی خۆیەوە رێگر دەبێت لە گەشەکردن بە ئاڕاستەی ولات و دەوڵەتێکی مۆدێرن. دەسەلاتدار پشت بە ئیدارەکانی سەر بە شەخسی دەسەلات و سوپاو میلیشیاکانی دەبەستێت. لەم سیستەمەدا سەرجەم پەیوەندیەکانی ناوەوەو دەرەوەی دەسەلات پەیوەندی شەخسیە. لێرەدا جودا کردنەوەی دەزگاکان لانی کەم بە ڕووکەش ددان پێدا نراوە، هەربۆیە دەکرێ لە ڕای گشتیدا ئاماژەی پێ بدرێ، بەلام لە پراکتیکدا بوارە شەخسیەکان و گشتیەکان لەیەکتر جودا جودا ناکرێنەوە .

بەم شێوەیە دوو سیستەم لەتەنیشت یەکترەوە دەبن. پەڕلەمان و حکومەت و دادوەری کە لە یەکتر جودا نەکراونەتەوە، بەلام لە ڕاستیدا دەسەلاتدارە (پاتریمۆنیالەکە) تەقلیدی و خێڵ و خێزان و دەرەبەگ و عەشرەت خۆی دەخنێتە نێو سیستەمە شەرعیە ئەقلانیەکەو فۆرمی دەگۆرێت و کرمێی دەکات و بێکاریگەریی دەکات .

**بۆ پرۆسەی بەمۆدێرن کردن دەرکەوتەیەکی قۆناغی ئینتیقالیە**

ئەم سیستەمە بریتیە لە گرێدانێکی تەقلیدی و ئەلەمەنتی مۆدێرن. هەربۆیە بۆ پرۆسەی بەمۆدێرن کردن دەرکەوتەیەکی قۆناغی ئینتیقالیە بەلام سیستەمە سیاسیە تەقلیدی و خێڵەکیەکانی وەک ئەوەی هەرێمی کوردستان توانای گواستنەوەی ئەو قۆناغە مێژوییەی نیە. ئەم ڕژێمە دەبێت جۆرێکی تر شەرعیەت بدات بەخۆی و تەواو لێرەدایە یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی. ئۆرگانەکانی وەک پەڕلەمان و حکومەت و حیزب ڕووکەش بەکار دەهێنێت بۆ خۆشاردنەوەی لە پشتی ئەمانەوەو

تەنانەت حیزبیش دەبێتە ئامانج نەک ئامراز. هەربۆیە سەقامگیریەکەی بەتەنیا لە پیادەکردنی هێزەوە سەرچاوە ناگرێت هەرچەندە ئەوە ناگەیەنێت بەدوور بێت لە میکانیزمی کۆنترۆڵ و ئیرهاب. شارەزایانی زانستی سیاسی دەگەنە ئەو ڕاستیەی کە دەرئەنجامەکانی لە کۆتایدا دەبێتە هۆی وێران کردنی پێکهاتەکەی خۆی .

خەسڵەتێکی تری بریتیە لە چڕکردنەوەی دەسەلات، ئەمەش لەنێوان دەسەلاتی مەرکەزی و کۆمەڵدا. لەم سیستەمەدا جیهازی دەوڵەت لە هەوڵی ئەوەدایە رێگر بێت لە دروستبوونی رێکخراوی سەربەخۆی کۆمەلایەتی. هەربۆیە لە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی سەرجەم بزوتنەوەو چالاکیە کۆمەلایەتیەکاندایەو
بەردەوام میتۆدو ستراتیجی نوێ گەشە پێئەدات بۆ بەرتەسک کردنەوەو ژێردەست کردنی داواکاریە کۆمەلایەتیەکان. پێکهاتە بیرۆکراسیەکان (دامودەزگاکانی دەسەلات) لەم سیستەمەدا مۆنۆپۆڵی سەرجەم پەیوەندیەکانی نێوان ئەلیتەی سیاسی و کۆمەڵ دەکەن. دەسەلاتی جێبەجێ کردن (سوڵتەی تەنفیزی) لە خودی سەرۆکدا کۆدەبێتەوەو کاریگەر دەبێت بەسەر سیستەمە سیاسیەکەدا. لەنێو دەزگا دەوڵەتیەکەدا (ولاتدا) دەسەلات لە شەخسی سەرکردە سیاسیەکەدا چڕ بۆتەوە (صدام، بارزانی، تالەبانی، قەزافی، ئەردۆگان، بەشار ئەسەد، ئەمیرو شێخەکانی سعودیە ...).

ئەوەی لەم شێوە دەسەلاتەدا بەتوندی پیادە دەکرێ ئەوەیە خەڵکان و کارمەندان لە دەزگاو دائیرەکانی خۆیاندا خاوەن مافی خۆیان نین. ئامرازە ئیداریەکان دەخرێنە خزمەتی دەسەلاتەوە. دادوەری و مافە سیاسیەکانی تر وەک شمەکێکی شەخسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. هیچ بەرپرسێکی بالا بۆ هەر ڕەفتارێکی تیرۆر کردن و بازرگانی ناشەرعی و بەهەدەردانی سامانی گشتی وەک نمونەی باشوری کوردستان ڕووبەرووی دادگاو لێپێچینەوە ناکرێنەوە چونکە سیستەم و دەسەلاتەکە خۆی لەوە پێکهاتوە. ئەم دەسەلاتە توانای رێفۆرمی ڕاستەقینەی نیە چونکە خۆی لەگەندەڵیی دروستبوەو هەر رێفۆرمێکی ڕاستەقینە واتای هەرەسهێنانی سیستەم و دەسەلاتەکە خۆی دەبەخشێت. هەربۆیە خۆی بە ناچار دەبینێت لەسەر پیادە کردنی سیاسەتە ستەمکارانەکەی خۆی بەردەوام بێت .

ئەم دەسەلاتە تەقلیدیە لەلایەن ئەلیتەیەکی سیاسی و بیرۆکراتی دەورە دراوە هەرچەندە مەبدەئیەن بەناوی سەرجەم موئەسەساتەکانی دەوڵەتەوە دەدوێ بەلام لە ڕاستیدا لە هەوڵی ئەوەدایە دەسەلات و کاریگەریی خۆی گەورەو سەلامەت بکات. ( ئەلیتەی سیاسی ئەو کەسانەن یان لە توێژو چینێکی سیاسین کە لەناو رێکخراو و دامودەزگاکانی سیستەمە سیاسیەکەدا خاوەن بریارو پۆزیشنن .(
لە ژێرەوە شەڕی کێبرکێی ئەلیتەکان هەیە کە لەلایەن دەسەلات خۆیەوە دروست دەکرێ بۆ سوود وەرگرتن لەم میتۆدە کە خزمەتی سەقامگیری و دەسەلاتەکە دەکات. کار بۆ لەیەکتر ترازاندن و دابەش کردنی ئۆپۆزیسیۆن دەکات ئیتر ئەوەی شەقام یان پەرلەمان بێت، بەم میتۆدە دەسەلاتدار کار بۆ سەقامگیر کردنی دەسەلاتەکەی دەکات و تەنانەت ڕۆڵی حەکەمی سیاسیش دەبینێت .
کێبڕکێ لەنێوان ئەلیتەی سیاسی هەیە بۆ جێ پێکردنەوەی خۆیان بەلام تەنیا دەسەلاتدارە

تەقلیدیەکە بڕیار ئەدات ئایا ئایدیای سیاسی، بەرنامەو ئامانج و ستراتیجیەت کە لەنێو ئەلیتەکەدا نوێنەرایەتی دەکرێن لە نێو پرۆسەی بریاری سیستەمەکەدا چوونە ژورەوەی هەیە یان نا. شتێکی ئاسایيە ستەمکارێکی لەم جۆرە کە سەربازو کارمەندان لەژێر رەحمەت و بریاری بێسەروبەری ئەمدان لە بارودۆخێکی وادا نین عەرزی ئارەزوەکانی خۆیان بەرامبەر بە دەسەلاتی بێسەروبەر بکەن .

دەسەلاتە سیاسیەکەی هەرێم دەسەلاتێکی ئۆتۆکراسی و ئاوتۆریتێرو تەقلیدی و ناتەکنۆکراتە. دەیەوێ سوود لە کەسە تەکنۆکراتەکان وەرگرێ بەلام رێگا نادات بگەنە دەسەلات. وەک یەکێک لە سیستەمە سیاسیە دیکتاتۆری و تەقلیدیەکان ئامانجیانە کۆمەڵ قبوڵیان بکات و دەسەلاتیان نەخەنە بەر مەترسی. دەرفەتی رەخنە گرتنیش تەنیا ئەوەندەیە نەبێتە مەترسی بۆ سەر دەسەلات. دروستکردنی کۆمەلگایەکی نوێ و گۆڕینی ئەو کۆمەڵگە کۆنە بەنوێ ئامانجی سیستەمە دیکتاتۆریە تەقلیدیەکان نەبوە. تێئالانی کۆمەلگەش لە دین و خێڵەوە بەلگەی وەستانی گەشەی ئەقڵیی ئەو کۆمەلگەیەیە .

دەسەلاتی خێزان و خێل و بنەماڵەی سیاسی کە دەسەلاتی تەقلیدیە خەسلەتی تۆتالیتاریزمیشی پیوە دیارە وەک خواست لە بوونی تاک حیزبی جەماوەریی، سیستەمی تیرۆر، مۆنۆپۆل کردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و رێکخراوە جەماوەریەکان و کۆنترۆڵ کردنی سوپاو دەست گرتن بەسەر ئابوری و سامانی ولاتدا. سیستەمێکی تیرۆر لەسەر بنچینەی فیزیکی و دەرونیی کە لەلایەن حیزب و پۆلیس و دەزگای نهێنیەوە کۆنترۆڵ و پراکتیزە دەکرێ. حیزبیش بۆ سەرکردەکەی نەک هەر چاودێر بەلکو دژایەتی "دوژمنانی"ڕژێم دەکات و سەرکوتی ڕاپەرینی عەفەوی و رێکخراوەیی دانیشتوان دەکات و تیرۆری سیستیماتیک دژ بەو لایەنانەی کە بە نەیاری ڕژێم ناو دەبرێن و هەروەها دژ بەو گروپە کۆمەلایەتیانەش کە دروست دەبن. ئەوەی ببێتە ئۆپۆزیسیۆن ئەوا شوناسی دوژمنی سیستەمەکەی ئەدرێتێ و دەبێت لەناو ببرێت ئەگەر بۆی بکرێت. ئازادیی لەم سیستەمەدا لەناو دەبرێت، هەڵبژاردن گاڵتەجاریەو دیموکراسیەت ساختەیە. ئەوە بنچینەی سەرەکی هەر سیستەمێکی سیاسیە کە بیەوێ بەرەو دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم گەشە بکات. نە لەناو، وە نە لە دەرەوەی حیزب ئۆپۆزیسیۆنی قبوڵ نیە. لەبەر ڕۆشنایی قەدەغەکردنی تەکەتولات بەتەنیا سەرووی حیزب فەرمان دەردەکات.

خاڵی جەوهەری لەم بەرپرسیارێتیە ئەوەیە کە هەر بەرپرسێک نەک هەر لەلایەن حیزب و سەرۆکەوە دەستنیشان دەکرێ بەڵکو ئەوەندەش لە پۆستەکەیدا بێت لەبەرگی سەرۆکدا ڕۆڵ و کاریگەری و چالاکی دەبینێت. جا ئەگەر سەرۆک بیەوێ هەڵەکانی خۆی یان هی تر ڕاست بکاتەوە ئەوا هیچ رێگایەکی تری لەبەردەم نابێت جگە لەوەی کە ئەوانەی فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن دوور بخرێنەوە، سزا بدرێن یان لە ناویان بەرێت، ئەوانە دەبێت لەنێو ببرێن کە هەڵەکانی خۆی بەسەریاندا ساغ دەکاتەوە. ئەوە یاسای حیزب و ئیرادەو ویستی سەرۆکە. وا ئۆرگانیزە کراوە کە تەنیا یەک ئامانجی هەیە بریتیە لەوەی ئەو ئیرادەو ویستە ڕاستەوخۆ لە هەموو ئاستەکانیدا جێبەجێ بکرێت. ئەگەر گەیشتە ئەم قۆناغە ئەوا سەرۆک بێ بەدیل دەبێت چونکە

گشت پێکهاتە ئالۆزەکەی بزوتنەوەکە بێ فەرمانی سەرۆک یەکسەر دەکەونە بۆشاییەوەو خۆی وێران دەکات. لەو بڕوایەدان کە بەبێ سەرۆک ئیتر هەرچییەک بێت و هەرچۆن بێت هەمووی وون دەبێت و لەدەست دەچێت. سەرۆک شوێنی حیزب و ئایدیۆلۆژیاش دەگرێتەوە.

**" هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەڵێم "..**

ئەم دەسەلاتە کار بۆ بەکاریزما بوون دەکات کە بەرێگای سەرۆکەوە پراکتیزە دەکرێ. بەر لە هەموو شتێک پێویستە بایەخ بە باش گوزەرانی داروەدستەکەی بدات. بەرێوەبەرانی ئیداری لەلایەن سەرۆکەوە یان سەرۆکی باڵێکی ناو حیزب هەڵدەبژێردرێن وەک ئەوەی لە ناو یەکێتی و پارتی پراکتیزە دەکرێت. هەروەها سەرجەم نمونە تەقلیدیەکان لە ڕاستیدا بەو شێوەیە چارە دەکرێن کەدەلێت: "هەرچەندە نوسراوە، بەلام من پێتان دەڵێم..". هەر بۆیە لەم شێوە دەسەلاتەشدا کەپیتالیزم ناتوانێ گەشە بکات. بیست و هەشت ساڵی ئەزمونی باشوری کوردستان ئەو ڕاستیەمان بە ڕوونی پێ دەڵێت. ڕاڤەکردنی ماکس ڤیبەر بۆ مێژوو لەسەر ململانێی نێوان کاریزما (ڕەوتێکی نائەقلانی و سۆزگەرایە)، لەگەڵ دەسەلاتی یاسا (ڕەوتێکی ئەقلانیە) دروست دەبێت. کاریزما بەو واتایە کە گروپێک بڕوایان وایە کەسێک هەیە کە خاوەنی چەند خەسڵەتێکی نائاسایی و لە ڕادەبەدەرو ڕزگاریی کۆمەلگەیە. دەشێت ئەم کەسە چاکەخواز بێت و وێرانکەریش بێت. چونکە هەر فەرمانێک لەلایەن ئەو سەرکردەیەوە (کاریزمای نەگەتیڤ) دەربچێ بە یاسایەک دادەنێ و دەبێت کۆمەڵ جێبەجێی بکات و لەو فەرمان و یاسایانە لانەدەن .

**دەزگای بیرۆکراسی و ئیرهاب وەک ئامرازی سەقامگیری**

سەقامگیری ڕژێمی بەعس و ئاکەپە بەر لەهەموو شت ئەنجامی گۆرینی دەوڵەت و کۆمەڵ بوو بەرێگای ئیرهابی بەردەوام. ئیرهاب و زەبروزەنگ تەنانەت دوای سەقامگیری دەسەلاتیش بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵ بە موئەسەسە کراوە، بە شێوەیەک کە بە دەگمەن توانای کاردانەوە بۆ بەرامبەرەکەی بمێنێتەوە. دارِمانی سیستەمی سیاسی سەدام حسێن بە ڕوونی نیشانیدا کە گۆڕانکاریە ڕاستەقینە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیەکانی ئەو 35 ساڵەی فەرمانڕەوایی بەعس بێ ئەنجام و بێکاریگەری نەبوو. هەربۆیە دەسەلاتی بەعس دیاردەیەکی نەگۆڕ نەبوو. لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانە کۆمەلایەتیانە ئەو پرسیارە دێتە پێش چۆن ئەم سیستەمە سیاسیە سەرەڕای ئەم گۆڕانانە کۆمەڵ و دەوڵەتی بەردەوام کۆنترۆڵ کردو بەعسیش ئەو هەموو چەند ساڵە بمێنێتەوە. چۆن یەکێتی و پارتی وەک دوو حیزبی خێزان و بنەماڵە توانیویانە ئەو هەموو سالانە فەرمانڕەوایی بکەن؟

ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان دەزگا بیرۆکراسیەکان و ئەلیتە سیاسیەکە، ئەو دەزگا بیرۆکراسیە ئاوتۆنۆمیەکی زۆر سنورداری پێئەدرێ. هەرچەندە هەوڵێکی بەردەوامی مەدەنی و بیرۆکراسیە عەسکەریەکانیش هەیە دەرفەتی گەمە کردن پێکبهێنن و کاریگەریی لەسەر پرۆسەی بریارەکانی سەرکردایەتی سیاسی دروست بکەن بەلام پابەندبوونی کارمەندە قیادیەکان بە دەسەلاتدارەوە هەیە وەک پرەنسیپێکی پێکهاتەی بیرۆکراسیەتی دەسەلاتە تەقلیدیەکە. لە

بەرژەوەندی ئەم شێوە دەسەلاتە نیە رێگا بە دروستبوونی ئەلیتەیەکی بیرۆکراتی بەهێز بدات. هەربۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە رێگربێت لەم جۆرە ئەلیتانە یان سنووردارىان دەکات. بە کۆنترۆڵ کردن و ژێر دەست کردنی ئەلیتە بیرۆکراتیەکە دەسەلاتدار دەتوانێت قورسایی خۆی لە سیستەمدا بۆ مەودای دوور بەهێز بکات. ئەوەی پەیوەندی بە نێوان بیرۆکراسیەت و کۆمەڵ هەیە لایەنە بیرۆکراسیەتەکە بەو ئاراستەیەدا مەیالە چەقی سەرجەم پرۆسە سیاسیەکە بێت. جیهازە بیرۆکراسیەکە لەم سیستەمەدا هەوڵی مۆنۆپۆل کردن ئەدات بەرژەوەندیە کۆمەلایەتیەکان لەناو پرۆسەی بریاردا قوت بدات و بریارە سیاسیەکان لەسەر ئاستی سەرجەم کۆمەڵدا کاریگەر بکات. بۆ پاراستنی ئەم رۆڵە دەزگا بیرۆکراسیەکەی دەسەلاتدار لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت رێگر بێت لەبەردەم دروستبوونی رێکخراوی سیاسی و کۆمەلایەتی سەربەخۆ. بەلام ئەزمونە مێژوییەکانیش ئەوە نیشان دەدات ئەو سیستەم و دەسەلاتانەش رۆژگارێک بەر هەرەس و دارمان دەبن ئیتر بەهەر هۆکارێکی ناوخۆ یان دەرەکی بێت.

لە جیهانی سێ فراوان کردن و مۆدێرنیزە کردنی جیهازی بیرۆکراسی بوونی نەبووە وەک لەوەی لە گەشەکردنەکانی ئەوروپادا هەبووە. لەبری فراوان بوونی دیموکراسیەت لە جیهانی سێ زۆرتر بە ئاراستەی مەرکەزیەت بوونی دەسەلاتی سیاسی و ئاوتۆنۆمی دەسەلاتدارەاندا رۆیشتوە، نوێکردنەوەو مۆدێرنیزە کردن لە گۆرانکاریەکانی سیستەمدا بۆ ئەم دەزگا بیرۆکراسیەی دەسەلات نامۆیە.
جیهازی بیرۆکراسیەت لێرەدا وەک ئامراز لە خزمەت و مانەوەو پیادە کردنی دەسەلات و کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵ و سامانی گشتیدایە. کەواتە مەیالە بەلای ئەوەدا تەواوی کارلێک کردن (شبکات التفاعل) لە نێوان ئەلیتەی سیاسی و کۆمەڵدا کۆنترۆڵ بکات بە هەردوو دیودا.

**گەندەڵی لە بیرۆکراسیەتی ئەم سیستەمەدا**
خالێکی تری قیادەی سیاسی لەم سیستەمەدا بریتیە لە بواری گەندەڵی. لە کاتی رژێمی بەعسدا دیاردەی گەندەڵی گەیشتبوە لوتکە. لە عێراق بەتایبەتی بازرگانی کردن بە نەوتەوە پێوانەی گەندەڵی بردە لوتکە. بە ملیارد دۆلاری ئەمریکی لە ناوەراستی سالانی حەفتاکانەوە سالانە لە سامانی گشتی و داهاتی دەوڵەت کرایە موڵکی شەخسیی بەمە توێژێکی دیاری ملیۆنەرو ملیاردێری دۆلار دروستبوو. هەروەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستانیشدا هەیە. بەتەنیا سەدام حسێن لە سەرەتای سالانی هەشتاکانەوە ملیاردەها دۆلاری لە بازرگانی نەوت بۆ خۆی لادابوو. بازرگانی کە لەکاتی ئابلۆقە ئابوریەکەی سەر عێراق لە بازاری رەشدا دەکران. ئەم پارەیە خرابوە سەر حیسابی بانکە بیانیەکان. هەروەک لای سەرجەم دیکتاتۆرەکان باوە تەواوی شتە شاراوەکان دوای روخانی ئەم کەسانەو رژێمەکانیان بە دەر دەکەوون. خۆ دەوڵەمەند کردن ئەگەر بگەرێینەوە بۆ نمونەکەی عێراقی بەعس لە نێو ئەفسەرە پلە بەرزەکان و سیاسیە مەدەنیەکان زۆر بەربلاو بوو. لە عێراقی بەعس و سوریاو هەرێمی کوردستانیش گەندەڵی بەشێوەیەکی وا ببوە وە بۆتە شتێکی ئاسایی کە کەس ترسی لە سزادان نەبووە. بیرۆکراسیەتی حیزب و بیرۆکراسیەتی دەوڵەت لە عێراق لەیەکتر جودا نەبوون و دەوڵەت رۆڵی سەیتەرە کردنی نەبووە لە بواری ئابوریدا.
ئەوەندەی ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە مایەوەو ئەوەندەی رۆڵی شەخس شوێنی حیزب و دەوڵەت

بگرێتەوە لەنێو گەلدا بێ بڕوایی بەرامبەر بە حیزب زیاتر دەبێت. خەلکی ڕوو لە سیاسەت وەردەگێڕن و بەدوای ستراتیجیەتی خۆ دەوڵەمەند کردندا دەگەرێن. ژمارەیەک لە کەسەکان و حیزبیەکان لە عێراقی ئێستەو باشوری کوردستان بوونە بازرگانی سەرکەوتوو، هەندێکی تر هەر لەسەر ستایلە کۆنەکە ماونەتەوەو هەژار کەوتوون. کەواتە گەندەڵیی پلانکراو لەم شێوە سیستەمەدا خزمەتی سەقامگیری سیستەم دەکات بەلام دەرئەنجامەکەی دژوار دەبێت بۆ کۆمەڵ و ئابوری ولات .
زەبروزەنگ و هەڕەشە کردن بە شێوەیەکی وا توند بە موئەسەسە کراوە کە بەردەوام خۆی دوبارە دەکاتەوە. دەبێتە هۆی گومان دروست کردن هەر یەکێک بەرامبەر بەوی دی . سەرجەم دەسەلاتی دەوڵەت دەگوازرێتەوە بۆ دەسەلاتدارە تاک و تەقلیدیەکە. دەستورو یاساکان و تەنانەت حیزب نرخی نادرێتێ. ئەم جۆرە دەسەلاتە بە ڕای من چەندین خەسڵەتی دەسەلاتی شمولیی هەیە .

ئەوەی پەیوەندی بە مۆنۆپۆلی حیزبەوە هەیە. دەسەلاتدار لەم سیستەمەدا ئەگەر بۆی بکرێت ئارەزووی تەنیا لە بوونی یەک حیزبی سیاسی هەیە کە سەرجەم دەسەلاتەکانی لەدەستدا بێت و بەتەنیا بریار بدات. نە لە نێو، و نە لە دەرەوەی حیزبەکەیدا ئۆپۆزیسیۆن قبوڵ ناکات. یەکێتی و پارتی هەر یەکەو لە زۆنێکی داگیر کراوی خۆی بۆتە حیزبی قائیدو، حیزبی قائیدیش بە ئاڕاستەی تاک حزبیبدا دەڕوات. ئەم شێوە حیزبانە وەک پێویستیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی دروست نەبوون بەلکو تەنیا ئامرازن لە خزمەتی دەسەلاتدا.

لەبەر ڕۆشنایی قەدەغە کردنی فراکسیۆن بەتەنیا سەرانی حیزب فەرمان دەردەکەن. ئەو کەسەی پیادەی سیاسیەت بکات هەوڵ بۆ گەیشتن بە دەسەلات ئەدات، دەسەلات وەک ئامراز لە خزمەتی ئامانجی تردا. لێرەدا دەسەلاتدارێک لە چەقی سیستەمە سیاسیەکەدایە کە سەرجەم بریارە سیاسیەکان بەرێگای هێلانەیەک لە پەیوەندی ئیداری و جیهازی بیرۆکراسی پیادە دەکات. سیاسیە قیادیەکان و دارودەستەو کارمەندەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە کەسی دەسەلاتدارەوە پابەندن. ئەوەندەشی خۆیان بریار بدەن ئەوا وەک ئیرادەی دەسەلاتدار دەبینرێت. نە دامودەزگا دەوڵەتیەکان وە نە ئینستیتوتەکان وەک نمونە سێ ئۆرگانەکەی دەوڵەت لەم سیستەمەدا خاوەنی قورسایی خۆیان نین .

**پیادەکردنی دەسەلاتی سیاسی هەرێم مەرکەزیە**
ناکۆکە بەخۆی ئەگەر لە بەغدا باس لە فیدرالیەت بکرێت و لە هەرێمیش مەرکەزیەت پیادە بکرێ. بێدەسەلاتکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نیشانەی ئەم بۆچونەیە. مەرکەزیەتیش لەگەڵ دیموکراسیەتدا یەکناگرێتەوە .
دەسەلاتدارانی هەرێم پشت بەدارو دەستەکانی، بە ئیدارەکانی و بە هێزی چەکدارو ئاسایش و دەزگا هەوالگریەکانی دەبەستێت (زێرەڤانی و لەشکری بارزان و گولان و دوو هێزی پێشمەرگەی حیزبی و دەزگای پاراستن، دەزگای زانیاری و دژە تیرۆر و هێزی ئاسایشی حیزبی و بنەماڵە...)، دوو ئیدارەیی ژێر دەسەلاتی سوڵتانیی و هەروەها پیادەی ئابوری بنەماڵەو خێزان تاقم دەبەستێت. لەبری دروستکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیی ئەنجومەنێکی هەوالگری هەیە

لەژێر سەرکردایەتی ئەندامێکی خێڵە سیاسیەکە ("ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم"). هەروەها سەرۆکی هەرێم وەک ئەندامێکی تری خێڵ کە سەر بە حیزبێکی دەسەلاتە .
دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانیدا یەک ناگرێتەوە. سەرۆکی بالای ڕاپەڕاندنیشەو هیچ بالانسێک نیە لەنێوان سەرۆکی هەرێم و حکومەتدا (دەزگای ڕاپەڕاندن). پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت پەیوەندیەکی ناتەندروستەو سێ دەسەلاتەکە بەنێو یەکتردا تواونەتەوەو ئەمەش خەسلەتێکی سیستەمە دیکتاتورەکانە. ئەم دامەزرێنەری بەڕێوەبەرە گشتیەکانە...، هەربۆیە دەکرێ لێرەدا باس لە سیستەمێکی سەرۆکایەتی بکەین لە ولاتێکی دیکتاتوردا. لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش سیستەمی سەرۆکایەتی پیادە دەکرێ بەلام کۆنگرێس (پەرلەمان) بەهێزەو توانای کاردانەوەی هەیەو دەوڵەتی قانونە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئایا ئەم هەرێمە چ پێویستیەکی بە سەرۆک هەیە؟ نمونەی تورکیاشمان هەیە کە سیستەمی سەرۆکایەتی لە ولاتە دواکەوتو وە دیکتاتۆرەکاندا سەرکەوتو نابێت.
هەردوو بنەماڵە گەورەو بچوکەکان بازاڕی هەرێمیان کردۆتە بازاڕی بازرگانی شمەک و نەوت و قاچاقچێتی ناوخۆ بۆ ئێران و تورکیاو بۆ بەرژەوەندی خۆیان و مۆنۆپۆڵ کردنی بازاڕو وێران کردنی سەنعەتی محەلیی ولات و بواری کشتوکاڵی. گەرنا وەلامی ئەو پرسیارە چۆن ئەدرێتەوە کە بە هەزاران میلۆنەرو بە دەیان ملیاردەری دۆلار لە هەرێمی کوردستان دروست بووە ئەگەر بە ڕێگای ڕەفتاری چەتە گەری و ناشەرعی نەبێت. خاوەن پڕۆژەو لایەنە ئابوریەکان دەبێت لێرەدا هەمیشە حیساب بۆ بریاری هەرەمەکی و بێسەروبەر بکەن. ئەوەی ئەم سیستەمە کاری لەسەر دەکات بریتی نیە لە دروستکردنی ژێرخانی ئابوری نەتەوەیی هەرچەندە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانیی یەک ناگرێتەوە لەگەڵ سروشتی ئەو دەسەلاتەدا، تەنیا ڕوو دەکەنە ئەو پڕۆژانەی کە دەستکەوتی ماددی خۆیانی تێدایە .
خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ دروست کردنی ستراتیژیەتی پێچەوانە بەرامبەر ئەو شێوە سیستەمانە.